ئەریک فرۆم

40

قەیرانی دەروونشیکاری

وەرگێڕانی:
هەژار جوانڕۆیی

چاپی یەکەم
2005

قەیرانی دەروونشیکاری

ئەریك فرۆم

وەرگێڕانی: هەژار جوانڕۆیی

چاپی یەکەم

سلێمانی ـــــــــ ٢٠٠٥

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە (٤٠)

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب:قەیرانی دەروونشیکاری

نوسینی:ئەریك فرۆم

وەرگێڕانی: هەژار جوانرۆیی

شوێنی چاپ : چاپەمەنی گەنج

نەخشەسازی: فوادکەوڵۆسی

ساڵی چاپ : 2005

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠دانە

پێرست

پێشەکی

ئەم کتێبە زەنجیرە وتارێك لە خۆدەگرێت کە لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۳۲- ۱۹٦۲ نوسراوە وناواخنی هاوبەشیان پەیوەندی بەرانبەری نێوان هۆکارەکانی کۆمەڵناسی ودەروونناسییە . من بۆ ئەوە بڕیارم دا ئەم وتارانە کە سەرەتا بە زمانی ئەڵمانی بەڵاو کرابوونەوە، دوبارە بڵاو بکەمەوە کە هێشتاش بنج و بناغەی دواین بەرهەمم لەم بوارانەدا بە باشترین شێوە دەخرێنە روو . لە لایەکی ترەوە هێشتاش گفت و گۆیەکی زۆر لەم بارەیەوە، بە تایبەت سەبارەت بە بۆچوونەکانی مارکس و فرۆید لە ئارادایە و بە داخەوە ئەم گفت و گۆیانە ئاماتۆری و پڕلە هەڵە دێنە بەر چاو. من زۆر دەستم وەرنەدایە ناوەڕۆکی ئەم وتارانە ، بەڵام ئەگەر لەم کاتەدا بمنوسیبا، بە گوێرەی تیوری لیبیدۆی فرۆید نەمدەنوسین، بە هەر حاڵ ئەم کارە تا ئەو شوێنەی گرێدراوی پرسی گشتی بێت، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکەدا نییە. لە هەمبەر ئەم فیکرە کە گۆڕانکارییەکی ناوەڕۆکی لەم وتارانەدا ئەنجام بدەم ، خۆڕاگریم کرد . بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی کە بە درێژایی ئەم ساڵانە لە شێوازی بیرکردنەوە وتیورییەکانمدا روویان داوە وەك تێبینی لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا باسم کردون. تەنها گۆڕانکارییەك کە ئەنجام دراوە کورتکردنەوەی وتارەکانە لەو شوێنانەدا کە زۆر بە تێرو

تەسەلی باس کراون و یا خود لەو شوێنانەدا کە هەندێك خاڵی نا پێویست و کەم بایەخ هاتووە کە لەم سەردەمەدا گرنگی خۆیانیان لە دەست داوە. سەرەڕای ئەمەش بڕگەکانی ئەم کتێبە نە تەنها لە لایەنی شێوازی نوسینەوە هەندێك لێك جیاوازن، بەڵکولە هەندێك شوێنیشدا دوپات بوونەوەی تێدایە.

وتاری یەکەم " قەیرانی دەروونشیکاری" تایبەت بەم کۆمەڵە وتارە نوسراوە (هەر وەها وتاری هەشتەم لە بن ناوی گرنگی مافی دایك لەم سەردەمەدا). ئەم وتارە کە سەبارەت بە تیوری چارەسەری دەروونشیکارییە، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی پێگەیشتن و فراوانبوونی دەروونشیکاری لێك دەداتەوە. و هەروەها وتاری دووهەمیش لێك دانەوەیەکە سەبارەت بە "مرۆڤی مودێلی فرۆید".

بڕگەکانی ئەم کتێبە بە گوێرەی ناوەڕۆك لە یەك جیاوازن ،چوونکە لە هەل و مەرجی جۆراوجۆردا نوسراون. هەر بەم بۆنەیەوە لە هەندێك نمونەدا دەستێوەردانی بڕگەکان بەر چاو دەکەوێت، هەڵبەت دەمانتوانی بابەتە تیکرارییەکان بە لاوە بنێین ، بەڵام لەو حاڵەتەدا وتارەکە تێك دەچوو، بە تایبەت کە بابەتە دوپاتکراوەکان یەکچەشن نین و ئەو بۆچوونانە کە سەبارەت بە شتێکی تایبەت باس کراوە زیاتر شرۆڤە دەکەن، لەم رووەوە لە ڕوانگەی شرۆڤەکردنی بابەتەکانەوە تەواوکەری یەکدین.

وتارەکەی "قەیرانی دەروونشیکاری " کۆ کراوەی ئەو ئەندیشەگەلەیە کە بە شێوەی کتێبێکی تێرو تەسەلتر لە بن ناوی "دەروونشیکاری مرۆیی" لە داهاتوودا بەڵاو دەکرێتەوە. هەندێك لە

بەشـەکانی ئـەم کتێبـە لـە لایـەن رێکخـراوی نەتـەوەیی تەندروسـتی دەروونی، گرێدراوی وەزارەتی تەندروستی ئەمریکاوە پەسەند کراون.

لە کۆتاییدا سپاسی جەنابی جۆزف کۆیین دەکەم کە لە هەڵەبڕی دەست نوسـەکانمدا یارمـەتی دام. وهـەر وەهـا سپاسـی دوکتـۆر جـرۆم برامز دەکەم بە بۆنەی ئـەو یارمەتییـە پڕ بایەخـەی کـە لـە دەروونناسـی نەفسدا پێشکەشی کردم.

ئەریك فرۆم

١- قەیرانی دەروونشیكاری

لەم سەردەمەدا دەروونشیكاری توشی قەیران هاتووە. ئاماژەی رواڵەتی ئەم قەیرانە كەمبوونەوەی ژمارەی خوێندكاران و هەر وەها دابەزینی رێژەی چوونی نەخۆشەكانە بۆ لای دەروونشیكار بە مەبەستی چارەسەری. لە هەمبەر دەروونشیكارەكان هەندێك ركەبەر سەریان هەڵداوە كە لافی ئەوە لێدەدەن دەتوانن بە خەرجێكی كەمتر ولە ماوەیەكی كورتتردا نەخۆشینەكان چارەسەر بكەن. دەروونشیكار كە تا ١٠ ساڵ لەمەوبەر تەنها كەسی متمانەپێكراو بۆ چارەسەری تێكچوونە دەروونییەكانی چینی مامناوەندی شارنشین لە قەڵەم دەدرا، هەنووكە لە هەمبەر ركەبەرەكانیان هەڵوێستی بەرگری كردنیان وەرگرتووە و پۆستی قۆرخكراوی خۆیانیان لە دەست داوە.

بە مەبەستی تێگەیشتن لەم قەیرانە دەبێ سەرەتا چاوێك بە مێژوویی چارەسەری دەروونشیكاردا بخشێنینەوە. نیزیكەی نیو سەدە لەمەوبەر دەروونشیكاری سەری هەڵدا و لە لایەنی ئابوورییەوە بازاڕێكی تازەی كردەوە. تا ئەو كاتە تەنها بۆ چارەسەری شێتەكان یاخود نەخۆشینە توندەكانی دەروونی سەردانی دەروونناس دەكرا. چارەسەر كردنی نەخۆشەكانی دیكەی دەروونی لە لایەن پیاوە ئایینییەكان ویاخود دوكتۆری بنەماڵەوە ئەنجام دەدرا، و لە زۆربەی نمونەكاندا نەخۆش ناچار بوو ئازارو نارەحەتی خۆی لە بێدەنگی و گۆشەگیریدا تەحەمول بكات.

فرۆید لە سەرەتای کاری خۆیدا سەرقاڵی هەندێك نەخۆش دەبوو هەرچەند کە گیرۆدەی هەندێك نارەحەتی وەك نیگەرانی، دڵەراوکێ و هیستری بوون، بەڵام ناوی نەخۆشیان لێنەدەنرا وبە نەخۆشی پسیکۆز Psychotic لە قەڵەم نەدەدران. وردە وردە چوارچێوەی دەروونشیکاری پەرەی سەند و سەبارەت بەو کەسانەش کە بە نەخۆش لە قەڵەم نەدەدران بە کار هات. نەخۆشەکان لە نەبوونی هەستی خۆشحاڵی وچێژ وەرگرتن لە ژیان، لە زەواجی سەرنەکەوتوو، لە نیگەرانی گشتی، لە هەست بە ئازارو تەنیایی، لە نەبوونی توانای ئەنجامدانی کار و...هتد گازەندەیان دەکرد. بە پێچەوانەی رابردوو ئەم نارەحەتییانە "نەخۆشی" لە قەڵەم دەدران و"یارمەتیدەرێکی"نوێ کە هەمان دەروونشیکارە، دەبوایە " گرفتەکانی ژیان " ی ئەوان چارەسەربکات. لە حاڵێکدا تا ئەوکاتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە یارمەتی پسپۆڕانە پێویست نەبوو.

ئەم پەرەسەندن وکامڵ بوونە بەشەوێك دروست نەبوو، بەڵام بوو بە هۆکارێکی گرنگ لە ژیانی چینی مامناوەندی شارنشین، بە تایبەت لە ئەمریکادا . تا چەند ساڵ لەمەوبەر بۆخەڵکی چینی ناوەڕاست، سەردانی دەروون شیکار وەك سەردانی کڵێسا یان شوێنێکی پیرۆز کارێکی ئاسایی لە قەڵەم دەدرا .

تێگەیشتن لە هۆکارەکانی گەشەوبرەوی دەروون شیکاری دژوار نییە . ئەم سەدەیە (**سەدەی نیگەرانیەکان**) تەنیایی و گۆشەگیرییەکی زیاتری لە گەڵ خۆی هێناوە . هەڵوەشانەوەی ئایین ، هیچ وپوچی و بێهودەیی سیاسەت، دەرکەوتنی "مرۆڤی رێکخراوەیی لە

خۆ بێگانە"ی(Alienated organizion man) چینی مامناوەندی شارنشینی لە هەڵوێستو هەستی ئاسایش لە جیهانی بێواتاو بێ ناوەڕۆکدا، بێ بەش کردوە. هەر چەند کە ژمارەیەکی کەم هەڵوێست وئاراستەیەکی تازەیان لە سورریالیزم ، سیاسەتی رادیکاڵو زەنی بودیزمدا دۆزیوەتەوە، بەلاّم، بە شێوەیەکی گشتی تاکی لیبراڵی ریالیست بە دوای فەلسەفەیەکدا دەگەڕێت کە لە ئایدۆلۆژیای ئەودا گۆڕانکاری بنەڕەتی دروست نەکات، واتە لە هاوڕێو هاوچەشنەکانی خۆی"جیاواز" نەبێت.

دەروونشیکاری ئەم خواستەی دابین کرد. تەنانەت ئەگەر نەخۆشیش چارەسەر نەدەبوو، گفتو گۆ لە گەڵ کەسێکدا کە بیسەرێکی بە سەبر بوو و کەم تا زۆر بە هەستی هاوخەمی گوێی لە کێشە وقسەکانی نەخۆش دەگرت، دەبووە هۆی هێوربوونەوە و سووکبوونی باری رۆحی ئەو کەسە. و ئەو پارەیە کە بە دەروونشیکار دەدرا زەرەرێکی ئەوتۆ نەبوو، ورەنگە بە زیانیش لە قەڵەم نەدرابا، چوونکە دانی پارە ،خۆی هۆکارێکی جیدیبوون ،رێزدار بوون وهیواداری بە چارەسەری بوو. دیسان سەردانی دەروونشیکار خۆی جۆرە پرستیژێك بوو، چوونکە لە لایەنی ئابورییەوە راقی دەژمێردرا.

دەرونشیکاری ئەلترناتیڤێکی بۆ ئایین، سیاسەتو فەلسەفە خستە روو. فرۆید بە گوتەی خۆی تێکڕای نهێنیەکانی ژیانی دۆزیبوەوە. نەست، گرێی ئودیپ، دوپات کردنەوەی ئەزموونی سەردەمی منداڵی لە هەنووکەدا، ئەگەر لەم شتانە تێبگات ئیدی هیچ شتێك لە ڕوانگەی ئەوەوە گومناوی نییە. و ئەم کەسە دەبوە ئەندامی گروپی (**باتنی**)

کە دەروونشیکار پیاوی ئایینی ئەوە وکەمتر هەست بە تەنیایی و سەرلێشێواوی دەکات .

ئەم کارە بە تایبەت سەبارەت بەو کەسانەی کە نەخۆشییەکی دیاریکراویان نەبوو، بەڵکو ئازاری گشتییان هەبوو راست بوو. ئەوان بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگایەکی راست ودیاریکراو دەبوایە لە چەمکی مرۆڤی لە خۆ بێگانە تێبگەن وبۆیان دەرکەوتبا کە ژیان لە سەر تەوەری **"بوون"** لە باتی ژیان لە سەر تەوەری **"هەبوون"**و**"بەکارهێنان"** چە تایبەتمەندییەکی باشی هەیە ؟ بۆچوونێکی وەها پێویستی بە رەخنەیەکی توند وبنەڕەتی لە کۆمەڵگا هەبوو کە لە پێوەرو بنەما دیار و شارەوەکانی بگیرێت، و بۆ دەستەبەر بوونی ئەم پرسە پێویستە ئەوەندە بوێر بین کە پەیوەندییە هێورکەرەوە وپارێزگاری کەرەکان تێك بدەین و خۆمان بخەینە نێو ریزی کەمینەوە. لە لایەکی ترەوە پێویست بوو رێژەیەکی زۆرتر دەروونشیکارمان هەبێت کە لە نێو تۆڕی دەروونی و رۆحی ژیانی پیشەیی رێکخراوەی قاڵبی وسیبرنتیك[1]دا سنووردا نەبن.

---

[1] cybemtics لە ماشێن و ئاژەڵاندا". ئەم وشەیە بە واتای سیستەمی کاریگەری بەرانبەر لە یەکدی یان گەڕانەوە بۆ کارە کۆنەکانە . بە پەیوەندی بەشە جۆراوجۆرەکانی ماشێنیش سیبرنتیك دەڵێن . لە تێکڕای ئەو بوارانەدا کە کاریگەری بەرانبەری کار و دیسپلین بوونی هەیە ، بە کار دێت . بە تایبەت لە بوارەکانی هونەری ،پزیشکی، دەروونناسی و.... ئەم وشەیە لە لایەن نوربرت وینەرەوە Norbert winer بەم شێوەیە پێناسە کراوە "توێژینەوەی سیستەمەکانی فەرماندەر وپەیوەندی لە نێو ماشێن و ئاژەڵاندا".

بە زۆری دەتوانین "رێکەوتنێکی رێزدارانە" لە نێوان نەخۆش و دەروونشیکاردا ببینین، لە راستیدا ئەم دوانە هیچکامەیان نایانەوێت ببنە هۆی ئەزموونێکی بنەڕەتی تازەی ناسەقامگیر، هەر دوانیان لە چاکبوونەوەیەکی کەمیش رازین وناوشیارانە سپاسی یەکدی دەکەن، چوونکە" رێکەوتنی" نهێنی وناوشیارانەی خۆیان ئاشکرا ناکەن . تا کاتێك نەخۆش سەردان دەکات، قسە دەکات وپارە دەدات ودەروونشیکار گوێی لێ دەگرێت وشرۆڤە ولێکدانەوە دەکات ،یاساکانی **"یاری"**جێ بە جێ کراوە ئەم یارییە بۆ هەر دوو لایەن گونجاو و چێژ بەخشە، بەڵام پێشتر سەردانی دەروون شیکار دەبووە هۆی دورکەوتنەوە لە راستی حاشاهەڵنەگرو ترسناکی ژیان : بریار دان وقەبووڵ کردنی مەترسی . کاتێك کە بڕیاردانێکی دژوار – یان تەنانەت ئازاراویی – حاشا هەڵنەگر بوو ئەو کەسەی کە بەسەردان کردنی دەرون شیکار ڕاهاتبوو ململانێیەکی راستە قینەی دەروونی بۆ "نیروتیك" کە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی زیاترهەیە دەگواستەوە ، ئەم لێکدانەوەیە ئەوەندە درێژەی کێشا تائەو بارودۆخەی کە بۆ بڕیار دان پێویست بوو لە ناوچوو. نەخۆش و دەروون شیکار دژایەتی یەکدیان نە دەکرد، ئەوانەی کە رێکەوتنێکی نهێنی و ناوشیارانەدا بەشدار بوون ، دژایەتی یەکدیان نە دەکرد . تەنانەت بەڵگەیەکیشیان نەدەهێنایەوە ، چونکە نابێ هیچ شتێك ژیانی ئارامی ئەوان تێك بدات . دیسان چوونکە مشتەری دەروون شیکارەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوون ، لەم رودوە زۆربەی دەرون شیکارەکان کەمتەرخەم بوون ولافی ئەوەیان لێدا کە چوونکە **"بەهای بازاری"** یان زۆرە ، دەبێ "بەهای کاری" شیان

زیاتر ببێت . پشتیوانی کردنی **"یەکیێتی ناونەتەوەیی دەروون شیکاری"**[1] فیکرێکی وەهای لە زۆربەی دەروون شیکارەکاندا دروست کردبو کە دوای ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو کرد، لە بوارەکەی خۆیاندا گەیشتونەتە **"راستی"** . لە جیهانێکدا کە گەورەیی و هێزی رێکخراو گەرەنتی راستیە، ئەوانیش لە بۆچوونەکەی خۆیاندا تەنها ئەم راستییە گشتییەیان جێ بە جێ دەکرد.

ئایا دەبێ لەوشتانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد دەرئەنجامێکی وەها دەربخەین کە دەروون شیکاری گۆڕانکاری پێویست و بنەڕەتی سەبارەت بە خەڵك دروست نەکردوە؟ وئایا دەروون شیکاری خۆی ئامانج بووە نەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی بالاّ ؟ قەت وانییە . ئەم بۆچوونە تەنها بۆ ئەو دەروونشیکار و نەخۆشانە راستە کە لە دەروون شیکاری خراپ کەڵك وەردەگرن نەك لە کارە سەرەکەوتوە جیدییەکانی کەسانی دیکەدا . لە راستیدا نکوّڵی کردنی سەرکەوتنی چارەسەری دەروون شیکارانە زیاتر ئامارژە بە گرفت و کێشەی هەندێك نوسەری (مۆدی رۆژ) لە تێگەیشتن لەو زانیارییە ئاڵوز وپێشکەوتوانە دەکات کە دەروون شیکاری پێیەوە خەریك دەبێت ، نەك ئاماژە بەگرفتی خودی دەروون شیکاری بکات . رەخنەی کەسانێك کە لەم بوارەدا خاوەن ئەزموون نین ناتوانێ ئەو شاهیدانە بێ کاریگەر بکات . کە دەروون شیکار لە چارەسەرکردنی کەسانی گیرۆدەی جۆرە ئازارێکی دەروونی لە بەر دەستیان دایە . گەلێك نەخۆش دوای چارە سەری

---

[1] . International Sychoanalytic Association

هەستی خۆشحاڵی وئاسودەیی وچێژیان بەدەست هێناوە کە جگە لەدەروون شیکاری هیچ شێوازێکی دیکە ناتوانێ گۆڕانکاری وەها پێك بهێنێت . هەڵبەت هەندێکیش چارەسەر نەکراون ویا خود گۆڕانکارییەکی کەمیان تێدا دروست بووە، بەڵام ئێرە شوێنی لێکدانەوەی ئامارەکانی سەرکەوتنی چارەسەری دەروون شیکاری نییە .

جێگەی سەر سوڕمان نییە کە گەلێك کەس کەوتونەتە بەر کاریگەری ئەوپڕوپاگەندەیە کە بەڵێنی چارەسەری خێراتر وهەرزان تر دەدات . دەروونشیکاری سووك کردن و هێور کردنەوەو چارەسەر کردنی داماوییەکانی مرۆڤی لە رێگای یارمەتی پسپۆڕانەوە هەموار کردووە. بە گۆڕینی شێواز بە " کارامەیی" زیاتر و "خێرایی" و"چالاکی گروپی "و بەرفراوان بوونی پێویستی بە" چارەسەری"، ئەو کەسانەی کە داهاتەکەیان بەشی کۆبوونەوەی راوێژکاری درێژخایەنی نەدەکرد، بە ناچاری ئەو شێوازە چارەسەرییە نوێیەیان قەبووڵ کرد. و لە ئەنجامدا گەلێك لە نەخۆشەکانی دەروونشێکارەکانیان بەرەو لای خۆیان راکێشا.

تا ئێرە من تەنها ئاماژەیەکی کورتم بە ئاشکراترین و بەرچاوترین هۆکارەکانی قەیرانی دەروونشیکاری کرد: خراپ بەکار هێنانی دەروونشیکاری لە لایەن رێژەیەکی زۆر لە دەروونشیکاران و نەخۆشەکان . هۆکارەکانی قەیران ، لانی کەم لەم ئاستەدا، لە سەداسەد گرێدراوی هەڵبژاردنی وردتری دەروونشیکار ونەخۆشە.

پێویستە ئەم پرسیارە بخرێتە روو: خراپ کەڵك وەرگرتن چۆن بەرێوە دەچێت؟ هەوڵمداوە وڵامێکی زۆر سنووردار بۆ ئەم پرسیارە بخەمە روو، وڵامی تێرو تەسەل تەنها کاتێك ئامادە دەبێت کە هۆکارە رواڵەتییەکان، بە هۆی قووڵبوونی قەیران لە دەروونشیکاریدا لێك بدەینەوە .

هۆکارەکانی ئەم قەیرانە قووڵە کامانەن؟

لە ڕوانگەی منەوە هۆکاری سەرەکی گۆڕینی دەروونشیکاری لە تیۆرییەکی ڕادیکاڵەوە بۆ تیۆرییەکی ریفورمخواز[1]. دەروونشیکاری لە بنەڕەتدا تیۆرییەکی رادیکاڵ و رزگارکەر بوو. بەڵام وردە وردە ئەم تایبەتمەندییەی لە دەست دا و تووشی وەستان هات و نەیتوانی تیۆرییەکەی خۆی لە وڵامی پێگەی گۆڕدراوی مرۆڤ دوای شەڕی جیهانی یەکەم فراوانتر بکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەڵگەڕایەوە بۆ سازشکردن و ملکەچ بوون وگەڕان بە دوای رێز وحورمەتدا.

داهێنەرترین و رادیکاڵترین دەستکەوتی تیوری فرۆید، بونیادنانی "**زانستی دژە عەقڵ**[2]"یان بە دەربڕینێکی دیکە تیوری نەست بوو. بە شێوەیەك کە خودی فرۆیدیش دەیزانی کە ئەم دۆزینەوە درێژە پێدەری کاری کپرنیكو دارڤین ومارکس بوو. ئەوان ئەساسەکانی وەهمی مرۆڤیان سەبارەت بە پێگەی زەوی لە گەردوون وهەروەها پێگەی خودی مرۆڤ لە سروشت وکۆمەڵگادا تێکەڵ کردو فرۆید دوایین

---

[1]. Conformist

[2]. Science of Isrational

سـەنگەری واتـە-ئاگـاهی مرۆڤـی وەك "دۆزراوەی كۆتـایی"[1] لـە ئـەزموونی دەروونیـدا داگیر كـرد. فرۆیـد نیشـانی دا كـە زۆربـەی ئـەو شـتانە كـە ئێمـە وەك زانسـتو زانیـاری خۆمـان لـە قەڵـەمیان دەدەیـن راسـتەقینە نـین و زۆربـەی راسـتییەكان لـە هـ ەسـتی ئێمـەدا نـین. ئیـدەیالیزمی فەلسـەفی و دەروونناسـی نـەریتی رووبـەروی پرسـیارو ڕەخنـە بوویـەوەو هـەنگاوێكی دیكـە لـە زانست بـۆ ئـەوەی "بەراسـتی راستییە" هاوێژرا. (فیزیكی تیوریكیش هەنگاوێكی جیدی لە هێرش بۆ سەر دڵنیاییەكی دیكە، واتە چییەتی مادە، هەڵگرت).

فرۆید نە تەنها هەبوونی پرۆسەكانی ئاگاهی بە گشتی خستە روو (بەر لە ئەویش كەسانی دیكە ئەم بابەتـەیان خستبووە روو) بەڵكو بە شـێوەیەكی كـرداری شـێوازی كارەكـەیانی لـە دیـاردە بابـەتیو بـەر چـاوەكاندا نیشـان دا: ئامـاژەكـانی خـەمۆكی دەروونـی[2]، خـەون وخەیاڵەكان ، كارە بچوكەكانی رۆژانە.

تیـوری نەسـت یـەكێك لـەو هـەنگاوە جیـدیو قورسـانە بـوو كـە بـۆ مرۆڤناسـی ئێمـە، وتوانـای جیاكردنـەوەی ڕواڵەتـەكان (ناڕاسـت) لـە ڕاسـتییەكان لـە هەڵس وكـەوتی مرۆڤـدا هـەڵگیراوە. ئـەم تیوریيـە لـە ڕاسـتگۆییدا ڕەهەنـدێكی تـازەی دروسـتكرد وبـۆ بیركردنـەوەی ڕەخنەگرانە بونیـادێكی تـازەی دامەزرانـد. بـەر لـە فرۆیـد ئاگـا بـوون لـە

---

[1]. Ultimate Datum
[2]. Neurotic symptom

مەبەستی وشیارانەی مرۆڤ بە مەبەستی دادوەری لە راستگۆیی ئەودا بەس بوو، بەڵام دوای ئەو ئەم ئاگاهییە نەتەنها بەس نەبوو ، بەڵکو لاوەکی وکەم بایەخیش بوو. راستی لە پشتی نەستەوە خۆی حەشار داوە، ئەم راستییە هەمان مەبەستی سەرەکی تاکە. بە دەروونشیکاری ئەو کەسە (یان بە بەکار هێنانی دەروونشیکاری لە لێکدانەوەی هەڵس‌وکەوتەکانیدا) پابەندی رێزو حورمەتە باوەکەی ئەو کەسە بۆ بورژوازی ، لە گەڵ دووروویی ودرۆزنی ئەو تووشی هەژان دەکات[1] . ئیدی ئەوە بەس نەبوو کە کاری کەسێك بە گوێرەی مەبەستی باشی ئەو هەڵبسەنگێندرێت. ئەم مەبەستە باشانە تەنانەت ئەگەر خاوەنی پەیوەندی گەرم و گوڕی زەینیی و کامڵیش بن، پێویستیان بە

---

[1] بە گشتی بیروباوەڕێکی وەها هەیە کە شۆڕش‌وئازادی لە پەیوەندی جنسی دەرئەنجامی تیوری فرۆیدە. ئەم بۆچوونە لە ڕوانگەی منەوە جێی پرسیارە، بەتایبەت کە بەشێك لەم ئازادی پەیوەندی جنسییە دەرئەنجامی کۆمەڵگای پیشەسازی هەنووکەیی ئێمەیە بە هەمان شێوە کە "ئالدۆس هاکسلی" بە شێوەیەکی رازی کەرانە لە کتێبی "دونیای دلێری نوێ"دا ئاماژەی پێکردوە . بەڵام بە هەر حاڵ لایەنێکی دیکەی کاریگەری فرۆید بوونی هەیە کە بە زۆری لە بەر چاو نەگیراوە . یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتی دەربڕینی گەنجە ڕادیکاڵەکان رەخنە گرتن لە لاسایی کردنەوەی ساختەو هەڵخەڵەتێنەری بورژوازییە، کە لە کردار ،بیرکردنەوە وزمانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەبینرێت. دەتوانین ئەو راستگۆییەی کە فرۆید خستیەروو ،یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتی گەنجان بە لاسایی کردنەوەی ساختە بزانین.

لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن هەیە. بە شێوەیەك کە دەبێ ئەم پرسیارە سەبارەت بە هەموو کەسێك بخرێتە روو:"لە سەرەوەی ئەوەوە چی هەیە؟" یان ئەگەر باشتر بڵێین "**رووەکەی دیکەی تۆ کامەیە؟**" لە راستیدا فرۆید ئەم دەرفەتەی بە رۆحی ریالیزمی نوێوە ئامادە کرد تا بتوانین بپرسین"ئێوە کێن و من کێم؟"[(1)]

بەڵام سیستەمی تیوریکی فرۆید دوولایەنە بوونێکی قووڵی تێدایە. ئەو فرۆیدەی کە بۆ تێگەیشتن لە "ویژدانی ناوشیاری درۆینە" و خۆ فریو دانی مرۆڤ رێگایەکی تازەی کردەوە، بیرمەندێکی ڕادیکاڵ بوو (هەر چەند شۆڕشگێڕ نەبوو) کە چوار چێوەی کۆمەڵگای سەردەمی خۆی تێپەڕاند. فرۆید تا ڕادەیەك لە کتێبی " داهاتووی بیرکردنەوەیەك" دا ڕەخنەی لە کۆمەڵگا گرتووە. بەڵام لە لایەکی ترەوە بە قووڵی پابەندی پێش داوەرییەکان و فەلسەفەی سەردەم وچینی مێژوویی خۆی بوو. ویژدانی نا وشیاری فرۆید شوێنی ئارەزۆ جنسییە سەرکوتکراوەکان و ئەو راستییەیە کە دەبێ بنج وبنەواکەی لە گۆڕانکارییە لیبیدۆییەکانی سەردەمی منداڵی دا بدۆزینەوەو ڕەخنەکانی لە کۆمەڵگا تەنها لە چوارچێوەی سەرکوتکردنی ئارەزۆ جنسییەکاندا سنووردار دەبێتەوە. فرۆید لە دۆزینەوە گەورەکانی

---

(1) —مەبەستی مارکس لە "ئایدولۆژیا" هەمان دەستەواژەی"لۆژیکی بوونە" . لە چەمکی فرۆیددا ، هەر چەند کە مارکس هەوڵی تاقیکردنەوەو لێکدانەوەی میکانیزمی سەرکوتکردنی نەداوە. سەیری کتێبی ئەو پەڕی زەنجیرەکانی بیرکردنەوەی ئەم نوسەرە بکەن.

خۆيدا بيرمەندێكی بوێرو توندرەو بوو. بەڵام ئەم بيركردنەوە بێ قەيدو مەرجەی ئەو، كە كۆمەڵگا شێوەی كۆتايی پێشكەوتنی مرۆڤە و ئيدی هيچكام لە روخسارەكانی ناتوانێ كامڵ ببێت، لە بەردەم دۆزينەوەكانی ئەودا ئاستەنگی دروست دەكرد.

بە بۆنەی ئەم دژايەتييە سروشتييە لە خودی فرۆيدو تيۆرييەكەيدا ئەم پرسيارە دێتە ئاراوە كە: شوێن كەوتووكانی دەبێ كەسايەتی وياخود تيۆرييەكانی هەڵبژێرن وتەواوی بكەن؟ ئايا دەبێ شوێنی ئەو فرۆيدە بكەون كە درێژە پێدەری كارەكانی كوپرنيك ، دارڤين وماركسە، وياخود فرۆيدێك كە ئەنديشە و هەستی ئەو لە چوارچێوەی بابەتە ئەزموونيەكان وئايدولۆژی بورژوازی‌دا سنوردار ماوەتەوە ؟ ئايا دەبێ تيوری ويژدانی ناوشياری ئەو ، كە گرێدراوی ئارەزۆ جنسييەكانە ، پەرەی پێبدەن و بيكەنە تيۆرييەكی گشت گير كە تێكرای ئەزموونە دەروونييە سەركوتكراوەكان لە خۆ بگرێت ؟ يان دەبێ تيوری ئازادی جنسی ئەو لە رێگەی پەرەپێدانی هەستەوە تا ئازادی گشتی، پەرە پێ بدەين وگشت گيری بكەن ؟ وبە كورتی ئەم پرسيارە هەمەكييە دێتە ئاراوەكە : ئايا شوێن كەوتوەكانی فرۆيد دەبێ بيركردنەوە شۆڕشگەرانەوبە هێزەكانی ئەو، كامڵ بكەين ، يان لەسەر ئەو تيوريانە پێدا گری بكەن كە بەدڵی كۆمەڵگای بەكار هێنەرە؟

شوێن كەوتنی هەردو لايەنەكەی فرۆيد مومكين بوو، بەڵام بڕوامەندانی راستەقينەی ئەو، فرۆيدی ريفورمخوازيان لە فرۆيدی توندڕەو پێ باشتربوو. ئەوان نەيانتوانی دەستكەوتەكانی خۆيان لە تيوری داێژراو، لەسنورداری كات رزگار بكەن ولە چوارچێوەيەكی

ڕادیکالّی فراوانتردا جێگیری بکەن . ئەم شوێن کەوتوانە شەیدای دەرکەوتنی ڕادیکالیزمێك بوون کە دەروون شیکاری بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم خاوەنداریەتی دەکرد. واتە سەردەمێك کە ئاشکراکردنی دو ڕوویی جنسی کارێکی بوێرانەو شۆڕشگەرانە لەقەڵەم دەدرا . بالادەستی و بالابوونی شوێن کەوتوانی ریفورمخواز تارادەیەك کارلێکراوی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی فرۆید بوو . فرۆید نە تەنها بیرمەندودەرمان ناس بوو ، بەڵکو کەسێکی **ریفورم خوازReformer** بوو کە بە ئەرکی سەر شانی خۆی بۆ بونیادنانی بزوتنەوەیەکی چاکسازی ئەخلاقی عاقلانە لە مرۆڤدا بڕوای هەبوو)[1] فروید بیرمەندێك بوو بەلام سەرەڕای حەزو خۆشەویستی بۆ تیوری ، قەت لە "**جولانەوە**" وسیاسەتی گرێدراوی ئەو تیورییە چاوپۆشی نەدەکرد. زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە لایەنی ئەوەوە سەرۆکایەتی بزوتنەوەیان بە دەست هێنا نەیاندەتوانی ڕەخنەی توند تەحەمول بکەن ، فرۆید خویشی لەم پرسە ئاگادار بوو، بەلام تایبەتمەندییەکی دیارو بەرچاوی ئەوان دەبووە هۆی هەڵبژاردنیان بۆ ئەم پۆستە : وەفا داری بێ قەیدومەرج بە کەسایەتی فرۆید وبە جوڵانەوە ، لە ڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆری ئەوانیش وەك هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی دیکە خاوەن تایبەتمەندییەکی بروکراتیزمانە بوون. بۆئەوەی بزوتنەوە، هەم تیوری

---

[1] لە ساڵی ١٩١٠دافرۆید هێشتا بیری لەوە دەکردەوە کە لایەنگرەکانی بۆ ناو" ئەنجومەنی ناونەتەوەیی برایی وئەخلاق"ڕابکێشێت، ئەو ئەنجومەنەی کە دەبوایە لە داهاتوودا ببێتە ڕێکخراوی خەباتکارانی دەروونشیکار. بەلام دواتر ئەم بیرکردنەوەی بە لاوە نا و ویستی"یەکێتی ناونەتەوەیی دەروونشیکاران " دابەرزێنێت.

وهەم کرداری دەرمان ناسی کونترۆڵ دەکرد ، لەم روەوە ئەوجۆرە هەڵبژاردنەی رێبەرەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەپەرەسەندن وفراوانبوونی دەرون شیکاری هەبوو .

هەندێکی دیکە لە لایەنگرانی فرۆید پشتیان تێکرد : وەك (یونگ) Jung کە سەرە ڕای هۆکارەکانی دیکە رۆمانتیستێکی محافزەکار بوو، (ئادلر) ، (هەرچەند کە کەسێکی هۆشمەندوبە توانا بوو) عەقڵگەرایەکی[1] روەکی بوو. (رانك) سەرە ڕای ئەوەی تیۆرییە سەرەتاییە کانی فرۆیدی کامڵ کرد بەڵام دواتر تا ڕادەیەك لە ئەنجامی دوگم بوونی فرۆید ، وزیاتر بە بۆونەی ئێرەیی رەکەبەرەکانی ، پاشە کشەی کرد . (فرنجی) Ferenczi یەکێك لە خۆشەویسترین ولێهاتوترین شوێن کەوتوەکانی فرۆید ، کە نە بیری لە سەرۆکایەتی دەکردەوە ونە دە وێرا لە فرۆید دور بکەوێتەوە ، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا تووشی هەندێك لادان بوو وبە توندوتیژییەوە دەرکرا ، وهەر چەندە -ویان چوونکە – تیوری جنسی فرۆیدی تا دەرئەنجامی کۆتایی پەرە پێدا بوو ، نمونەی سرنج راکێش، ترس لە بورکراتیزمی دەرون شیکاری (بەتایبەت لە خودی فرۆید) لە گواستنەوە بۆ هەڵوێستی ڕادیکاڵ بوو ، کە سەنتەر وناوەندی سیستەمەکەی فرۆید بوو. سەرکەوتوەکان لە قوتابخانەی فرۆیددا بە توندی کونترۆڵیان بەدەستەوەگرت ، هەرچەندە لە نێوان خۆیاندا هەستی ئێرەیی ورکە بەرایەتی بوونی هەبوو . بەرچاوترین سەمبولی ئەم دژایەتیە ناوخۆییە

[1] .Soperficial Rationalist

لە نێوان ئەندامەکانی گروپەکەدا ، لە کتێبی ئێرنست جونز بە ناوی (**بیوگرافی قوتابخانە**) بە دی دەکرێت ، لەم کتێبەدا نوسەر دوکەس لە رکەبەرە سەرەکییەکانی خۆی (فرنجی ورانك) بە توندی دەخاتە بەر شاڵاوی رەخنە وپاشەکەشە کردنیانی بە هۆکاری نەبوونی هاوسەنگی دەروونی ئەوان زانیوە.[1]

زۆربەی دەروون شیکارانی"ئەرزەدۆکس"[2] لە سەر کونترۆڵی بروکراتیزمی شیکردنەوەیی پێداگری دەکەن وملکەچی یاساکانی بوون ویان لانی کەم بە زمان وەفادار بوونی خۆیانیان دەربڕیوە . بەڵام هەندێکیش لە ناو رێکخراوەکەدا مانەوە وگەلێك هاوکاری بنەڕەتی و بەبەهایان لە تیوری دەرماننناسی دەروون شیکاری دا ئەنجامدا . لەوکەسانە دەتوانین رادو، ئەلکساندر، فریدا فرۆم رایشمەن، بالنیت ، سییتنر، ئەریکسۆن و... ناو ببەین . زۆربەی هەرەزۆری دەروون شیکارەکانی نێو رێکخراوەکە تەنها چاوەڕوانی دیتنی ئەوشتەیان دەکرد کە چاوە ڕوان بوون بیدۆزنەوە . یەکێك لە سەرسوڕهێنەرترین نمونەکان ئەمەیە کە لە زۆربەی نوسراوەکانی دەرون شیکارە

---

[1] بەراوردی بکەن لە گەڵنامەکەی Michael Blint بۆ سەرنوسەری Internatinal Journal Of Psycho -Anslysis لە ساڵی ١٩٥٨داهەروەها باسەکەی من سەبارەت بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە هەمبەر فرنجی لە کتێبی Sigmond Freud,s Mission ,Pogma of Christ .

[2] ئەرزەدۆکس بە کەسانێك دەڵێن کە گیرۆدەی دوگمن و سەبارەت بەنەریتوبیروبۆچوونە کلاسیکەکان دەمارگرژن ولە گەڵ فیکرو ئەندێشەی تازە وهەموو جۆرە داهێنانێك دژایەتی دەکەن ..و.

ئەرزەدۆکسەکاندا ئەم راستیە کە بەرلە خرانە رووی گرێی ئودیپی مندالآن چە کوڕوچە کچ، گرێدراوی دایك بوون ، لە بەر چاونە گیراوە . هەندێك لە دەرون شیکارە بیرمەند و بوێرەکان وەك فرنجی لە لێکۆڵینەوەکانی دەروونناسی کەوتەیی خۆیدا ئەم پەیوەندییەی بۆدەرکەوتوە وبەیانی کردوە ، بەڵام لە نوسراوەکانی خۆیدا سەبارەت بە تیوری ، فرموڵەکانی فرۆیدی دوپات کردەوەتەوە ولە لێکوڵینەوە کەوتەییەکانی خۆی کەڵکی وەر نەگرتوە[1]. نمونەیەکی دیکەی کاریگەری ئیفلیج کەری کونترۆڵی بوروکراتیزمی هاوئاهەنگی دەروون شیکارە ئەرزەدۆکسەکان ئەمەیە کە لەوبڕوایەدان ژنان پیاوانی خەسێنراوان، هەرچەندە کە زانیارییە کەوتەیی و زیندەوەرناسی ومرۆڤ ناسییەکان پێچەوانەی ئەم لافەیان سەلماندوە. ئەم پرسە بۆ وتووێژ سەبارەت بە توندوتیژی[2] راستە. چوونکە فرۆید بایەخێکی ئەوتۆی بەتوندوتیژی مرۆڤ نەدەدا، کار بەدەستانی بزوتنەوەی دەروون شیکاریش پشت گوێیان خست . بەڵام دوای دۆزینەوەی "خوغدەی (غەریزە) مەرگ" لەلایەن فرۆیدەوە پرسی وێرانگەری بایەخی پێدرا. لە لایەکی ترەوە هەندێك لەوانە لە قبووڵی چەمکی خوغدە (غەریزە) ی مەرگ توشی هەڵە بوون (چونکە بەبڕوای من، ئەوان ئەوەندە بە تیوری

---

[1] . John Bowlby لە وەتارەکەی خۆیدا بەناوی " چییەتی پەیوەندی دایكومنداڵ " شرۆڤەیەکی تێروتەسەل سەبارەت بەتیوری دەروون شیکاری دەخاتە روو وهەروەها ئامارەی بە ناکۆکییەکانی لێکوڵینەوە کەوتەیی و تیورییەکانی نێوان دەروون شیکارانی کردوە.

[2] Aggression.

خوغدەی میكانیكی پابەند بوون كە نەیانتوانی لە قووڵایی ئەم تیورییە تازەیە تێبگەن). بەڵام ئەم كۆمەڵە هەوڵیان دا بە روون وئاشكرا لە قەڵەمدانی "خوغدەی وێرانگەری " لە ئاراستەی پێچەوانە ودژی خوغدەی جنسی لە گەڵ كەسانی دیكەدا هاوئاهەنگ بن، لەم رووەوە دولایەنە بوونی رابردویان لە نێوان خوغدەی جنسی و پاراستنی زاتیان بە لاوە ناو ولە هەمان حاڵدا چەمكی كۆنی خوغدەیان (غەریزە)پاراست.[1]

---

[1] باشترین نمونەی ئەم شێوازە بۆچوونە لە نامەی (مایكڵ بالینت)بۆ سەرنوسەریInternatinal Journal Of Psyho- Analysis بەر چاو دەكەوێت.

جەنابی سەرنوسەر:

بەرگی سێهەمی بیوگرافی فرۆید لە نوسینی دوكتۆر جۆنز كە بەم دواییانە بەڵاو كراوەتەوە لە ڕوانگەی منەوە كارێكی ناشیانەیە وجوانیی تێدا نییە. لەم بەرگەدا دوكتۆر جۆنز بە توندی ڕەخنەی لە فرنجی گرتووە ، وبە تایبەت لە ساڵەكانی دوایی ژیانیدا بەوە تاوانباری كردووە كە گیرۆدەی نەخۆشی" هەمووان بە دوژمن بین" Paranoia و ڕەشبینی و خواستی قەتڵ ومرۆڤ كوشتن بووە . جۆنز بە كەڵك وەرگرتن لە ڕوانگەی خۆی نوسراوە زانستییەكانی فرنجی لێك دەداتەوە و بە كەسێكی لە قەڵەم دەدات كە بەشداری بزوتنەوەی دەروونشیكاری بووە .

بێ گومان دەتوانین بڵێن كە ساڵەكانی كۆتایی ژیانی فرنجی هەندێك ئاماژەی حەزی Genital Theorie لە ویدا پەیدابوون بە هاوكاری رانك كتێبێكیان نوسی بە ناوی Devlopmental Aims. ئەم كتێبە زۆر توند تیژ بوو ودیسان لەم ساڵانەدا فرنجی هەندێك فیكری تازەی خستە روو كە لەو كاتەدا زۆر خەیاڵی ،شۆڕشگێرانە ، زێدەرەوانە وبێ بنەمابوون. دیسان لە هەندێك نموونەدا خۆی فیكرەكانی كێشایەوە ویا خود گۆڕنكاری تێدا دروست كرد. ودیسان هەمووان دەزانن كە خودی فرۆیدیش بە چاوێكی ڕەخنەگرانە سەیری ئەو فیكرانەی دەكرد.

تێكڕای ئەم شتانە زەمینەیەكی نالەباری خولقاندوە كە ناتوانین سەبارەت بە بۆچوونەكانی فرنجی هەڵسەنگاندنێكی گونجاو ئەنجام بدەین. من بۆ نوسینی ئەم بیوگرافییە تێكڕای

نامەکانی فرۆیدو فرنجیم لە بەر دەستدایە ، ئەگەر لە هەمبەر بۆچوونەکانی دوکتۆر جۆنز سەبارەت بە بارودۆخی دەروونی فرنجی پەرچەکردارم نیشان نەدایە ، بەم جۆرە لێك دەدرایەوە من کە جێگری ئەدەبیو یەکێك لە قوتابی وهاوڕی نزیکەکانی فرنجیم ، لە گەڵ ئەم بۆچوونانەدا هاوڕام. بە دڵنیاییەوە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لایەنگرانی دەروونشیکاری بەم جۆرە بیر بکەنەوە کە نوسینەکانی کۆتایی ژیانی ئەو -واتە ئەو سەردەمەی کە بە بۆچوونی دوکتۆرجۆنز بارودۆخی دەروونی فرنجی تێك چووبوو- جێگای سرنجدان وبایەخ نین. لە ڕوانگەی منەوە پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەیە راستە . دوایین نوسراوەکانی فرنجی نەتەنها ١٥-٢٥ ساڵ لە پێش کاملبوونی تەکنیکی دەروونشیکارییەوە بووە ،بەڵکو هێشتا گەلێك ئەندێشە و فیکری تیدایە کە دەتوانین بڵێین پرسە لێڵو نادیارەکانی هەنووکە وتەنانەت داهاتووش روون دەکاتەوە.

لەم رووەوە پێویستە بڵێم من لە رۆژانی نەخۆشبوونی فرنجیدا بەردەوام سەردانم دەکرد-لە حەفتەیەکدا جارێك یان دوو جار- ئەو تووشی کەم خوێنییەکی کوشندە ببوو کە بە خێرایی سیستەمی دەماری تێکدا. لە ئەنجامدا فرنجی تووشی Ataxie ببوو ، بە شێوەیەك کە لە چەند حەفتەی کۆتاییدا توانای جمو جوڵی نەمابوو و تەنانەت دەبوایە پەرەستارەکەی خواردنیشی پێبدایە . و ئیفلیج بوونی سیستەمی هەناسەدان بووە هۆی مەرگی. سەرەڕای ئەوەی جەستەی رۆژبەرۆژ لاوازتر دەبوو ، بەڵام لە لایەن زەینی وفیکرییەوە تەندروست بوو ، چەندین جار سەبارەت بە ناکۆکییە فیکرییەکانی نێوان خۆی وفرۆید و هەر وەها بەرنامە جۆراوجۆرەکانی سەبارەت بە پێداچوونەوەو پەرەپێدانی دوایین نامێلکەی بە ناوی Congress لە گەڵ مندا بە تێروتەسەلی قسەی دەکرد-هەڵبەت ئەگەر دوبارە بتوانێ قەڵەم بە دەستەوە بگرێتەوە وبنوسێت- من رۆژی یەکشەممە بەر لە مردنی سەردانم کرد، تەنانەت ئەو رۆژەش سەرەڕای لاوازی وئیفلیجبوونی جەستەیی ،زەینو فیکری تەندروستو ئاسایی بوو.

بەڵام فرنجیش،تا رادەیەك گیرۆدەی خەمۆکی دەروونی بوو ،کە دەتوانین بە پێویستی لە رادە بەدەری بە خوشەویستبوون و دەستخۆشی لێکردن ئاماژە بکەین. دیسان ڕەنگە دوکتۆر جۆنز وەك دوکتۆرێك لە کاتی پشکنیندا ئاماژەی هەندێك نەخۆشی دیکەشی بە دیکردبێت. بە هەرحاڵ بە بڕوای من جیاوازی وناکۆکی سەرەکی من ودوکتۆر جۆنز لە بەیان کردنی راستییەکاندا نییە ، بەڵکوو لە شرۆڤە کردن ولێکدانەوەی ئەو

راستییانەدایە . هەرچەند کە ڕەنگە ناکۆکییەکانی ئێمە سەرچاوەیەکیتری هەبێت یان نا ، بەلام پێشنیار دەکەم کە هەر کامەمان هۆکاری دژایەتی کردنەکەمان تۆمار بکەین ودیاری کردنی راستییەکان بۆ جیلەکانی داهاتوو بهێڵینەوە.

مایکڵ بالینت

بۆچوونی دوکتور ئێرنست جۆنز

بە دڵنیاییەوە من خۆم بە هاوبەشی بارودۆخی ئازاراوی دوکتۆر بالینت دەزانم . و لە وەفاداری و وردبینی بۆچوونەکانی هیچ گومانێکم نییە.بەلام ئەو سرنجی نەداوەتە ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوەکانی خۆی، ئامارەکانی نەخۆشییەکی کوشندە دەخاتە روو، چوونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تووشبوانی " هەمووان بە دوژمن بین" ئەمەیە کە هاوڕێیان وکەسانی نزیکی خۆی لە ڕێگای خۆ بە رووناکبین و هوشیار لەقەڵەم دانەوە بە لاڕێدا دەبات.

لە دوکتۆر بالینت چاوەڕوانی ئەوە ناکەم کە لەمەبەستی خێرە، من گومان بکات. ئەوەی کە سەبارەت بە رۆژانی دوایی تەمەنی فرنجی نوسیومە لە سەر بنەمای ئەو شتانە بووە کە بە چاوی خۆم بینیومە. هەروەها کە دوکتۆر بالینت دوپاتی کردوەتەوە کە بەهای دوایین نوسینەکانی فرنجی زێدەرەوانەیە. هاوڕا بوونی من لە گەڵئەودا تەنها لە سەر بنەمای بۆچوونەکانی فرۆید، ئای تین گتۆن Eitington و ئەو کەسانەیە کە لە ساڵەکانی ١٩٣٣دا دەمناسین(ئێرنست جۆنز)

نامەکەی بالینت پێویستی بە لێکدانەوە نییە. ئەو کەسێکی شەریف وهۆشمەندە کە قوتابی و هاوڕێی نزیکی فرنجییەو بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت کەراستییەکان، بەو شێوەیە کە بینیویەتی بخاتە روو و بۆچوونەکانی دوکتۆر جۆنز سەبارەت بە تەندروستی دەروونی مامۆستاکەی راست بکاتەوە(نەخۆشی پارانۆیدۆسکیزوفرنیا).ئەو دوپاتی دەکاتەوە کە فرنجی تا دوایین رۆژەکانی ژیانی خاوەنی زەینییەتێکی روون ووشیار بووە. ئەمە دەربڕینێکی روون وبێ پەردەیە کە ئاماژە بە راست بوونی لافەکەی جۆنز دەکات. بەلام دەبێ بزانین کە بالینت راست کردنەوە وگۆڕینی بۆچوونەکانی خۆی چۆن بەیان دەکات؟ ئەو بەم شێوەیە دەست پێ دەکات کە نوسینەکانی سەردەمی کۆتایی ژیانی فرنجی زۆر جێگای مشتو مڕە ، و شۆڕشگەرانە، خەیاڵی ، زێدەرەوانەو بێ بنەمایە. دواتر ئەڵێ کە ئەم راستکردنەوەیە تەنها بەم بۆنەیەوەیە کە جێگری ئەدەبی فرنجییەو دیسان

رەنگە ئەو بۆچوونانەی سەرەوە بەم شێوەیە پاساو بدرێت کە دەبێتە هۆی نەزۆك بوونی ئەندێشە دەروونشیکارییە راستەقینەکانی فرۆید. بەڵام ئەمە ئەنجام وەرگرتنێکی بێهۆیە. ئەو دەروونشیکارانەی بە ناچاری بەو رێگایەدا نە رۆیشتن بەڵکوو لە بۆچوون وشێوازی تێگەیشتنی خۆیاندا بە تەواوەتی ئازاد بوون. نالەبارترین هەل‌ومەرجێك کە رووبەروی بوونەوە : دەرکردنیان بوو لە رێکخراوەکە. لە راستیدا تەنها رێژەیەکی کەم توانیان هەندێك هەنگاوی بوێرانە هەڵبگرن، جگە لەوەی بروکراتیزمەکەیان لە لایەن دەروونشیکارییەوە

دەیەوێت لە کەم بایەخ لە قەڵەمدانی نوسینەکانی ساڵانی کۆتایی ژیانی فرنجی لە لایەن خەڵکەوە پێشگیری بکات . دواتر باس لە ئامارەکانی خەمۆکی دەروونی دەکات ودەڵێ رەنگە دۆکتۆر جۆنز هەندێك ئامارەی نەخۆشی دیکەی بینیوە بەڵام بەیانی نەکردوە. ودواتر بە خستنە ئەستۆی داوەری بۆ جیلەکانی داهاتوو ناکۆکی نێوان گوتەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەم ئامارەکردنە بە سەرچاوەی بێناو ئیدی چەمك وواتایەك بە دەستەوە نادات . ئەگەر بالینت، کە دەروونناسە، لە تەندروستی فرنجی بە گومان نەبوو، چۆن لەو بڕوایە دایە کە ڕەنگە هەندێك سەرچاوەی دیکە لە گەڵ بۆچوونەکانی ئەودا ناکۆك بن، بوونیان هەبێت، بە تایبەت کە جۆنز هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەم سەرچاوانە نەهێناوەتەوە. ئەگەر سەرچاوەگەلێکی وەها بوونیان هەبوو، دەبوایە بە لانی کەم بە بێ نوسینی ناوەکەی ئامارەی پێبکردایە.

ئەگەرئەم نامە ئاڵۆزە لە لایەن کەسێکی کەم بایەخ، نە بالینتەوە بنوسرابا، یان ئەگەر لە سیستەمێکی دیکتاتۆریدا بە مەبەستی ئاڵۆز نەبوونی کۆمەڵگا ومەترسی بۆ ئازادیو خەیانەت، نوسرابا پاساو دەدرا. بەڵام بە سرنجدان بەوەی کە نوسەری ئەم نامەیە دەروونشیکارەو لە بەریتانیا دادەنیشێت تەنها ئەم دەرئەنجامەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم نامەیە ئامارە بەو گوشارە توندە دەکات کە تەنها ڕەخنەیەکی ئارامو هێدی لە رێبەری(رێکخراو) بە ڕەوا دەزانێت.

قەبووڵ نەکرا ، رووبەرووی ئازارێکی دیکە نەبوونەوە. هۆکاری ئاستەنگ نانەوە لە بەردەم چالاکییە بوێرانەکان چی بوو؟

یەکێك لەو هۆکارانەی کە هەمووان دەیزانن ئەمە بوو کە فرۆیدسیستەمێکی خولقاند کە بووە بابەتی گاڵتەی زۆربەی هەرەزۆری ئاکادمیستە پسپۆڕەکان. چوونکە ئەو سیستەمە لە دژی **"تابۆکان"** وبیرکردنەوە نەریتییەکانی ئەو سەردەمە کاری دەکرد و ئاسایشی دەروونشیکاری رووبەرووی هەڕەشەی دوژمنکارانە دەکردەوە، لەم رووەوە دەروونشیکار ناچار بوو پشت بەو رێکخراوە ببەستێت کە پشتیوانی لێدەکرد وبەم جۆرە لە هەستی تەنیایی رزگاری دەبوو و بە فەرمانبەری تەواو لە رێکخراوەکە ،پاڵپشتێکی بە دەست دەهێنا. هەروەها بە متمانە وبڕواکردن بە رێکخراوەکە، بە شێوەیەکی سروشتی "کاریزما پەرەستی" دروستو بەرفراوان دەبێت.

دەبێ سرنج بدەینە هۆکارێکی دیکەش: دەروونشیکاری لافی ئەوەی لێدەدا کە وڵامێکی بۆ نهێنی و مەتەڵی زەینی مرۆڤ پێیە. و لە راستیدا لایەنێکی ئەم نهێنییەشی روون دەکردەوە. ئەگەر بڕوامان پێبێت. بەڵام بە لە بەرچاو گرتنی فراوانی و بەربەڵاوی ئەم پرسە گەلێك بابەت بوونی هەیە کە هێشتاش روون نەبوتەوە. ئەگەر دەروونشیکار لە پێشێل کردن وپەرژو بەڵاو بوونی زانیارییەکانی خۆی -چە لە لایەنی تیوریکەوە وچە لە لایەنی دەرماننناسییەوە- ئاگادار ببوایە تێدەگەیشت کە بۆ چی بە بۆنەی رەدکردنەوە ویا خودگاڵتە کردن بە زانیارییەکانی، هەڕەشەی لێدەکرێت.

لەم رووەوە ئایا ئاسایتر وعاقڵانەتر نەبوو ئەگەر بەر بەم چیرۆکە ببەستیت: تێکڕای راستییەکان لە لایەن فرۆیدەوە بونیاد نراوە وئەویش بە ئەندامبوونی لەم رێکخراوەدا لەم راستییە دا بەشدارە؟ هەڵبەت ئەو دەیتوانی کەمو کوڕی و تێست بوونی زانیارییەکانی خۆی قەبووڵ بکات، بەڵام ئەم دانپێدانانە نەتەنها پێویستی بە سەربەخۆیی وبوێرییەکی تەواو هەبوو، بەڵکوو بیرکردنەوەیەکی عاقڵانەشی پێویست بوو. هەر دەروونشیکارێك دەبوایە لە هەمان حاڵدا توێژەرەوەیەك بێت، نابێ تەنها کەسێکی پسپۆڕ بێت کە ئامانجی ئەوە بێت بە بە کار هێنانی ئەم تیۆرییانە ژیانی بە سەر ببات.

روون وئاشکرایە کە ئەم پرۆسەی بروکراتیزمو بێگانە بوونی ئەندێشەیە، کە من لە بابەتی جوڵانەوەی دەروونشیکایدا باسم کرد، دەتوانین لە مێژووی گەلێك لە بزوتنەوە سیاسی، فەلسەفی وئایینییەکاندا ببینین. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە مێژووی زانستدا زۆر دەگمەنە، چوونکە لەم حاڵەتەدا زۆربەی بیرکردنەوە زانستییە داهێنەرییەکان دەکەونە قوڵایی تاریکییەوە وجەوهەری بروکراتیزمو دوگماتیزم، گەشە کردنەکەی لە ناو دەبات[1]. من تا رادەیەك چۆنییەتی

---

[1] لەناو چوون ولادانی تیورییەکانی ماکس لە لایەن ستالینیزمەوە وهەروەها وێرانبوونی کاتی زانستی ژنتیك لە لایەن قوتابخانەی Lysenko سەبارەت بە تێکدەری بروکراتیزم لە زانستدا نموونەگەلێکی باشن.

بزوتنەوەی دەروونشیکاریم شرۆڤە کرد، چوونکە هۆکاری بنەڕەتی قەیرانی دەروونشیکارییە[1].

لە راڤەکردنی کاریگەرییە نیگەتیڤەکانی چییەتی بروکراتیزمی دەروونشیکاری، تەنها رووبەروی یەك هۆکاری قەیرانی دەروونشیکاری دەبینەوە. گرنگترین هۆکار، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەیەکە بە شێوەیەکی روو لە زیاد بوون دوای شەڕی جیهانی‌یەکەم روویان داوە. لە حاڵێکدا کە بورژوا–لیبرالیزم لە سەرەتای ئەم چەرخەدا(چەرخی بیستەم) خاوەن هێزی تازەی سیاسی وئابووری بوو. خەڵکی چینی ناوەڕاست بە بۆنەی ئەو هەڕەشەیە کە رووبەروی خۆڕاگری و سەقامگیری هێزە سیاسی و ئابوورییە نوێکان دەبوەوە وزیاتر دەبوونە محافیزەکار، سیبرنتیك، ودەرکەوتنی "مرۆڤی رێکخراوەیی"[2]لە گەڵ لە ناو بردنی تاك ، سەرەڕەوی ودیکتاتۆری لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا،

---

[1] دەبێ لە بیرمان نەچێت کە بروکراتیزمی دەروونشیکاری لەم ساڵانەی دواییەدا لە بەراورد لە گەڵ رابردوودا لیبراڵتر بووە. رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەم پرسە لادانی ئەندامە سەرەکییەکانی لە نەریتەکانی " بیرکردنەوەی دروست"بێت کە ماوەیەکە بە سەریاندا سەپێنراوە. ئەگەر ئەم گەڕانەوە بۆ لیبرالیزم ورزگاری زانستی نەبوو، بزوتنەوەکە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامە سودبەخش وکاریگەر و بەنرخەکانی خۆی لە دەست دەدا و ئیدی نەیدەتوانی درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. هۆکارێکی دیکەی گەڕانەوە بۆ لیبرالیزم ئەو هەڕەشەیە کە لە لایەن دەروونشیکارە سەربەخۆکان وهەروەها رێکخراوەکانی پەروەردە رووبەرویدەبوونەوە. بەم حاڵەشەوە کونترۆڵ کردنی بروکراتیزم بە تەواوەتی لە ناو نەچووە، لەم رووەوە زۆربەی دەروونشیکارەکان یان"رێکخراوی لەندەنیان"بە جێ هێشتووە یان لێی دەرکراون ویاخود وەرنەگیراون. " فیدراسیۆنێکی نانەتەوەیی دەروونشیکاری " کە یەکبوونی تیوری دەروونشیکاری تێدا نەبێت و تەنها ئامانجی گۆڕینەوەی زانیارییە زانستییەکانە لەم ساڵانی دواییەدا دەمەزراوە.

[2]. Organization man

وهەرەشەی شەڕی ناوەکی ئەو هۆکارانە بوون کە چینی ناوەڕاستی ناچار دەکرد هەڵوێستی بەرگری کردن وەربگرن. زۆربەی دەروونشیکارەکان هاوبەشی نیگەرانی چینی ناوەڕاست بوون، ولە هەڵوێستی بەرگریکردن ووشیار کردنەوەی ئەو توێژەدا بەشدار بوون.

له هەمبەر ئەم زۆرینەیە، کەمینەیەکی بچوك لە دەروونشیکارانی ڕادیکاڵ- دەروونشیکارانی چەپ- بوونیان هەبوو کە هەوڵیان دەدا سیستەمی "فرۆیدی ڕادیکاڵ" پەرەپێبدەن، و دویانەویست هاوئاهەنگییەك لە نێوان بۆچوونە دەروونشیکارانەکانی فرۆید وبۆچوونە کۆمەلایەتی ودەروونناسییەکانیدا پەیوەندی دروست بکەن. برنفلد وویلهلم رایش لەو کەسانەن کە هەوڵیان دەدا لە نێوان فرۆیدیزم ومارکسیسزمدا سەنتەزێك دروست بکەن[1] نوسراوەکانی منیش لە هەمان بواردا بە نامیلکەی دەروونشیکاری و کۆمەڵناسی و"بنەماکانی ئایینی مەسیحییەت" دەست پێدەکات.[2] بەم دوایانە لینگ[3] ، یەکێك لە کەسە داهێنەر وبەناوبانگەکانی دەروونشیکاری هاوچەرخ، لە

---

[1] دواتر رایش لەو سەردەمەدا کە لە ئەمریکا دەژیا بە تەواوەتی لە تیورییەکانی مارکسیزم وازی هێنا وتێکڕای پەیوەندییەکەی لە گەڵ سوسیالیزم، کە وەها بیری دەکردەوە لە بەراورد لە گەڵ سیاسەتە لیبراڵەکانی رۆزوڵت وئایزنهاور کەم بایەخترە ،پچراند.

[2] ئەم بۆچوونانە لە بڕگەکانی ٧ و٩ی ئەم کتێبەدا باسی دەکەین.

[3] .R.D. Laing

ڕوانگەی هومانیستی و سیاسی ڕادیکاڵەوە پرسەکانی دەروونشیکاری لێکدەداتەوە.

نابێ گرنگی دزەکردنی دەروونشیکاری لە ئەدەبیات وهونەریشدا لە بەر چاو نەگرین. زۆر سرنجڕاکێشە کە دەرفەتە رادیکاڵەکانی تیوری فرۆید، کە دەروونشیکارە پسپۆڕەکان پشت گوێی دەخەن، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بزوتنەوە ڕادیکاڵەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە. ئەم کاریگەرییە لە نێو سور ریالیستەکاندا زۆر بەر چاوە، هەر چەند کە تەنها بە ئەوان سنووردار نامێنێتەوە.

لەم دە ساڵەی دواییەدا هەندێك لە فەیلەسوفە سیاسییە رادیکاڵەکانیش خۆیانیان بە دەروونشیکارییەوە سەرقاڵ کردوە[1]. ژان پۆل سارتر لە لایەنی پەرەپێدانی ئەندێشەی گرێدراوی دەروونشیکاری لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئیگزیستانیسالیزم دا خاوەن رۆڵێکی گرنگە. جگە لە ئەوو " نورمان ئوبراون" بەناو بانگترین کەسایەتی نێو ئەم گروپە"هربرت مارکۆزە" یە کە لە گەڵ ئەندامەکانی دیکەی " رێکخراوی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفورت"وەك" ماکس هورکهایمر"و"تیودۆر ئادۆرنۆ" لە دەروونشیکاری دا بایەخێکی زۆریان بە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی مارکس وفرۆیددا. هەر وەها کەسانی دیکەش بوونیان هەیە، بە تایبەت لە نێو مارکسیست وسور ریالیستەکاندا، کە لەم ساڵانەی داواییەدا، بایەخێکی زۆریان بە

---

[1] بۆ نموونە رۆژنامەی فەرەنسی L, Homme etla socete ژمارەیەکی تایبەتی لە بن ناوی Freudo- marxisme etsociologie del, alientation بلاو کردەوە.

دەروونشيكارى داوە ولەم بارەيەوە گەلێك وتار وكتێبيان نوسيوە. بە داخـــەوە ئـــەم نوســـەرانە "فەيلەســـووفەكانى دەروونشـــيكارين" وزانيارييەكى ئەوتۆيان لە سەر بنەما كلينيكييەكان نييە. تێگەيشتن لـە تيۆرييەكانى فرۆيد پێويستى بە دەروونشيكاربوون نييە، بەڵكو شارەزا بوون لـە سـەر بنـەما كلينيكييـەكانيان پێويسـتە، ئـەگينا تێگەيشـتن لـە تيۆرييـەكانى فرۆيـد دژوارە و تـەنها قسـەكانى بە بـێ شـارەزابوون لـە سيستەم هەڵدەبژێردرێت.

مـاركۆزە، كـــە لـــە فەيلەســـۆفەكانى ديكـــە زياترســـەبارەت بـــە دەروونشيكارى شتى نوسيوە، نموونەيەكى بەرچاوى ئەو لادانەيە كە " فەلســـەفەى دەروونشـــيكارى" بـــە ســـەر تيـــۆرى دەروونشـــيكاريدا دەيسەپێنێت. ئـەو لافـى ئـەوە لێـدەدات كـە بـوارى كـاركردنى تـەنها لـە چوارچێوەى تيۆريدايە وبە تـەواوەتى لـەو ديسپلينە تەكنيكييـەى كە دەروونشيكارى گيرۆدەى بووە خـۆى دوور گرتووە. ئـەم لافـە قسـەيەكى فريـــو دەرانەيەوبـــەم واتايـــە دێـــت كەدەروونشـــيكارى لـــە ســـەرەتادا سيستەمێكى تيۆريك بووەو دواتر گيرۆدەى ديسپلينى تـەكنيكى بـووە، هەڵبـەت راسـتى ئەمەيـە كـە دەروونشـيكارى فرۆيـد لـە سـەر بنـەماى توێژينـەوە كلينيكييەكان بووە.

مەبەستى ماركۆزە لە" ديسيپلينى تـەكنيكى" چييە؟ هەنـدێك جـار وا ديارە كە بەم دەستەواژەيە ئاماژە بە پرسـەكانى چارەسـەرى دەكـات، بـــەڵام لـــە شـــوێنێكى ديكـــەدا ســـەبارەت بـــە " ئامـــارە"[1] كلينيكـــى وئەزموونييەكان بە كار دێت. ئـەو زانسـتەى كە تيـۆرى وبۆچـوونەكانى

---

[1] .Data

بە بێ گرنگی دان بە دیاردە کلینیکییەکان کە شوێنی دەرکەوتن وکامڵ بوونیانە تێگەیشتنیان دژوار بێت ناتوانێ فەلسەفە وتیوری شرۆڤە کردن لە یەك جیابکاتەوە وجیاوازییەکانیان دیاری بکات." فەلسەفەیەکی دەرونشیکاری" کە نکۆڵی لە بنەما ئەزموونییەکان بکات دەبێتە هۆی گەلێك هەڵەی جیدی لە تێگەیشتنی تیوریدا. دیسان دوپاتی دەکەمەوە کە مشتومڕ لە سەر پرسەکانی دەروونشیکاری پێویستی بە دەروونشیکار بوون یاخود چارەسەربوون لە ڕێگەی دەروونشیکارییەوە نییە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی دەروونشیاری دەبێ بایەخ بەو بابەتە بدرێتو بتوانین بە ئامارە ئەزموونییەکانی تاك وکۆمەڵگەوە سەرقاڵ ببین. مارکۆزە و کەسانی دیکە بۆ کەوتنە نێو هەندێك بابەتی وەك" گەڕانەوە بۆ دواوە"[1] خۆپەرەستی"[2] و "لادان "[3] پێداگری دەکەن بەڵام لە دونیای ئینتیزاعی ڕووت دا ماونەتەوە. ئەوان لە دروست کردنی دونیای خەیاڵیدا "ئازادن" چوونکە زانیاری ئەزموونیان نییە تا بتوانن ئەوەی کە دایدەڕێژن، هەڵیبسەنگێنن. بە داخەوە زۆربەی خوێنەران زانیارییەکانی خۆیان لە هەمان ڕێگای لادانەوە بە دەست دەهێنن، و لادانی فیکری لێدەکەوێتەوە.

لێرەدا ناتوانین سەبارەت بە نوسراوەکانی مارکۆزە لە بواری دەروونشیکاریدا، کە" خۆشەویستیو شارستانی"، "مرۆڤی یەك ساحەتی"و"نامێلکەیەك دەرباری ئازادی"لە خۆ دەگرێت بە شێوەیەکی تێر وتەسەل قسە بکەین، لەم ڕووەوە تەنها چەند تێبینییەك

---

[1]. Regression
[2] .Narcisism
[3] Perversion

دەخەمەروو. لە هەموو گرنگتر ئەمەیە کە مارکۆزە، کە لە هەموو بوارێکدا خوێندنەوەی قوڵی هەیە، لە خستنە رووی فیکرەکانی فرۆیددا تووشی هەڵەی زەق بووە. بۆ نموونە لە باسی"بنەچەی راستی"[1] و"بنەچەیچێژ"[2]"ی فرۆید تێنەگەیشتوە (هەرچەند کە لە نموونەیەکدا بە دروستی بە کاری هێناون) وگریمانەی کردوە کە چەندین " بنەچەی راستی" بوونی هەیە کە یەکێکیان بە سەر شارستانی رۆژئاوادا زاڵە: "بنەچەی جێ بەجێ کردن."[3]رەنگە مارکۆزەش لەم تێگەیشتنە هەڵە گشتییەدا هاوبەش بێت کە : مەبەست کە " بنەچەی چێژ" هەمان رەوتی چێژخوازی[4] (واتە ئەو بۆچوونەیەکە پێی وایە چێژ وەرگرتن لە پێش هەموو شتێکەوەیە.و.کوردی) وئامانجی ژیان تەنها چێژە، و بنەچەی راستی ئاماژە بە نەریتی کۆمەڵایەتی دەکات، بەم واتایە کە هەوڵدان و کۆششی مرۆڤ پێویستە بۆ ئەنجامدانی کار و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی بێت. بەڵام مەبەستی فرۆید بە هیچ شێوەیەك ئەمە نەبوو، لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بنەچەی راستی نەرم کراوێکە لە بنەچەی چێژ ودژایەتی ناکات. بۆچوون وتێگەیشتنی فرۆید لە بنەچەی راستی ئەمەیە کە هەر کەسێك توانای بینینی راستییەکانی هەیە و دەتوانێ لە هەمبەر زیانەکانی سەرچاوەگرتوو لە بەرەڵایی دامرکاندنی غەریزەکاندا خۆی بپارێزێت. ئەم بنەچەی راستییە بە تەواوەتی لە گەڵ نەریتە

---

[1] .Reality principle

[2] .Pleasure principle

[3] .Performance Prnciple

[4] .Hedonism

کۆمەڵایەتییەکاندا جیاوازە: ڕەنگە کۆمەڵگایەك ئارەزۆ جنسییەکانی بە توندی سانسۆر ویاخود کونتڕۆڵ بکات، لە حاڵێکدا بنەچەی ڕاستی لە ڕێگای سەرکوتکردنی ئارەزۆکانەوە مرۆڤ لە زیانەکانی دەپارێزێت. ڕەنگە کۆمەڵگایەکی دیکە بە تەواوەتی پێچەوانە بێت ، لەم حاڵەتەدا ئیدی بنەچەی ڕاستی بۆ سەرکوتکردنی ئارەزۆ جنسییەکان هیچ خواستێکی نییە . لەو چەمکە دا کە مەبەستی فرۆیدە" بنەچەی ڕاستی" لە هەر دوو نموونەکەی سەرەوەدا یەك شتە، ناکۆکی لە بونیادی کۆمەڵگادا ئەو شتەیە کە من بە ناوی "خووی[1] (کاراکتەر) کۆمەڵایەتی" لە کەلتوورێك ویا خود چینێك دا ناودێری دەکەم.(بۆنموونە کۆمەڵگای شەڕکەر کاراکتەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە کە خواستی داگیر کەری پەرە پێدەدات و خواست و ئارەزۆکانی میهرەبانی وخۆشەویستی سەرکوت دەکات، لە کۆمەڵگای ئاشتیخواز وهاوکاریدا ، پێچەوانەی ئەو حاڵەتە بوونی هەیە. یان لەکۆمەڵگای توێژی ناوەڕاستی سەدەی ١٩ خواستی چێژخوازی وبەکار هێنان سەرکوت دەکرا، لە حاڵێکدا کە خواستەکانی پێکەوەنانی سامانی "ئانال"[2] کە سنوورداری لێ دەکەوتەوە وهەستی چێژوەرگرتنی لە کۆکردنەوەدا دەدیتەوە، پەرەی پێدەدرا. هەنووکە کاراکتەری کۆمەڵایەتی حەزی لە بە کار هێنان و دژی کۆکردنەوەیە، و پاشەکەوت

---

[1] وەرگێڕی فارسی بۆ وشەی کاراکتەر"منش"ی داناوە بەڵام منش بە زۆری بە واتای خوو دێت . لە سەر ئەم بنامایەش من (وەرگێڕی کوردی) لەزۆربەی شوێنەکانی ئەم کتێبەدا لە باتی خوو هەمان کاراکتەری ئینگلیزیم داناوە کە بە ڕاستی نزیکتربووە. و.

[2] سەبارەت بە ئارەزۆ جنسییە ئانالی، دەمی و زاوزێکان لە بڕگەی نۆهەمدا لێی دەدوێین.

کردن کارێکی خراپ ودژی خواستەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدرێت. لە حاڵێکدا لە هەر کۆمەڵگایەکدا هێزی گشتی مرۆڤ دەبێتە هێزی تایبەت کە کومەڵگا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی بە کاری دەهێنێت. لەم رووەوە ئەوەی کە پێویستە سەرکوت بکرێت زیاتر پەیوەندی بە سیستەمی خووی کۆمەڵایەتییەوە هەیە تا بە "بنەچە راستی"یە جۆراوجۆرەکان. بەڵام چەمکی کاراکتەر لە واتا دینامیکەدا کە فرۆید بە کاری هێناوە ، بە هیچ شێوەیەك لە نوسراوەکانی مارکۆزەدا نابینرێت ، رەنگە هۆکارەکەشی ئەمە بێت، کە ئەو چەمکە ئەزموونییە، نەوەك فەلسەفی.

لادان لە بەکار هێنانی تیوری فرۆید لە لایەن مارکۆزەوە لە کەڵك وەرگرتن لە چەمکی سەرکوتکردنیشدا جێگای سرنج وبایەخە. ئەو دەنوسێ" دەستەواژەکانی سەرکوت وسەرکوتگەرانە لە لێکدانەوەیەکی ئاماتۆرانەدا پێناسەیەکە لە پرۆسە رێگرەکان و گوشار و سەرکوتکردنی وشیارانەی ناوخۆیی ودەرەکی ."[1] بەڵام لە سیستەمی فرۆیددا سەرکوتکردن لە چەمکی دینامیکی وشەدا بە واتای سەرکوتکراوی ناوشیارانەیە. بە بەکارهێنانی " سەرکوتکردن " لە هەر دوونموونەی وشیارانەو ناوشیارانەدا، تێکڕای تایبەتمەندییەکانی بۆچوون و تێگەیشتنی فرۆید لە سەرکوتکردن وناوشیاریدا لە ناو دەچێت. لە راستیدا وشەی "سەرکوتکردن " دوو واتای هەیە : واتای یەکەم هەمان واتای باو و برەوداره، واتە گوشار خستنەسەر، ئازاردان، یان

---

[1] لە کتێبی خۆشەویستی وشارستانی ، لە نوسینی مارکۆزە.

دامرکاندن ولە ناو بردنە، واتای دوهەم: کە لە دەروونناسییدا لە لایەن فرۆیدەوە بە کار هاتووە (هەرچەند کە پێشتریش لە دەروونناسییدا بە کار هاتووە) واتە دوورکردنەوەی شتێك لە زەینی وشیار"هەست". ئەم دوو واتایە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە. مارکۆزە بە بەکار هێنانی لێڵ ونادیاری وشەی سەرکوتکردن پێگەی سەرەکی و ناوەندی دەروونشیکاری تێك دەدات. ئەو یاری بە هەر دوو واتای وشەکە دەکات، بە شێوەیەك کە هەر دوو واتاکە، یەك واتا دەبەخشن ولە ئەنجامدا واتای دەروونناسانەی وشەکە لە ناو دەچێت —فورمولێکی باش دۆزراوەتەوە، بە لێڵ بوونی واتا ، چەمکی سیاسی ودەروونناسانەی وشەکە تێکەڵ دەبێت.

نموونەیەکی دیکەی شێوازی تێگەیشتنی مارکۆزە لە تیورییەکانی فرۆید چییەتی محافیزەکارانەی "جۆش وخرۆشی ژیان" و غەریزەی ژیانە. مارکۆزە لەو بڕوایە دایە کە فرۆید هەمان چییەتی پاوانخوازانەی جۆش و خرۆشی ژیانی" بۆ غەریزەی مەرگ" یش بە کار هێناوە. بەڵام لەوە دەچێت نەزانێ کە فرۆید دوای گومانەکانی لە کتێبی " بنەماکانی دەروونشیکاری " ئەنجامێکی پێچەوانەی بە دەست هێناوە، بەم شێوەیە کە جۆش و خرۆشی ژیان خاوەن چییەتییەکی محافیزەکارانە نییە.

جگە لەو وشانەی کە لە کتێبی "ئوروس وشارستانییەت" دا بە کار هاتوون، مارکۆزە لەم کتێبە دا ئێدەئاڵی مرۆڤی تازە لە کۆمەڵگای سەرکوتنەکراودا ، بە رەنگدانەوەی ئارەزۆ جنسییەکان بە تایبەت

بۆچـــوونە سادیســـتی وکوپرفیلیکـــەکان[1] دەزانـــێ. لـــە راســـتیدا "ئیـــدەئاڵی" مـــارکۆزە لـــە کۆمـــەڵگای ســـەرکوتنەکراودا لـــە بەهەشـــتە مندالأنەیە دەچێت کە تێدا تێکڕای کارەکان وەك یاریین وهیچ جۆرە ناکۆکی ورووداوێکی ناخۆشی جیدی بوونی نییە . (ئەو قەت باسی لە ناکۆکی نێوان ئیدەئاڵ ورێکخراوی پیشەیی ئوتوماتیك ی نەکردوە).
ئـەم ئیدەئاڵـە گەڕانەوەیـە بـۆ ڕێکخـراوی لیبیـدۆی منـداڵی لـە گـەڵ ناڕەزایـەتی دەربڕین و هێـرش کردنـە سـەر زاڵبـوونی ئـارەزۆ جنسـییە زاوزێ کان بە سەر خواست وحەزەکانی پێشگەیشتنی بەر لە قۆناغی زاوزێ. لـەم کتێبـەدا بـە هەنـدێك وشـە دواکـەوتنی شـەهوەتی دەمـی(بـە دەم)[2] ، پاشـی (بـەپاش)[3] و لـە بـەراورد لـە گـەڵ شـەهوەتی زاوزێی یەك هاوسەری، و ئەم بنەمایە کە چێژی جنسی تەنها کاتێك رەوایـە کـە ئامانج زاوزێ بێت، ئاشکرا دەبێت. مارکۆزە بـە هێرشـی خـۆی بـۆ سـەر زاڵبـوونی شـەهوەتی زاوزێ ئـەم راسـتییە حاشـا هەڵنـەگرە پشـت گـوێ دەخات کـە دامرکانـدنی ئـارەزۆ شـەهوەتییەکان بـە ئەنـدامی زاوزێ هـیچ پەیوەندییەکی بە مناڵبوونەوە نییە، ژن وپیاو هەمیشە لە تێکەڵاو بـوون چێژیان وەرگرتووە بە بێ ئەوەی هەمیشە لەم تێکـەڵاو بوونـە مەبەسـتی زاوزێ یان هەبووبێت. شـێوازەکانی بـەرگرتن لـە دووگیـانی(حاملـەبوون) لـە مێـژوودا بوونیـان هـەبووە. لـە لایـەکی تـرەوە مـارکۆزە دەیـەوێت ئـەم خاڵـە بـەیان بکـات کـە بـۆ ئـەوەی لادانـەکان –وەك سـادیزموکۆپرفیدا–

---

[1]. Coprophilic
[2].Oral
[3] (کوم).Anal

ناتوانـێ زاوزێی لێبکەوێتـەوە، لـەم رووەوە لـە رێگـای ئاسـایی وسروشتییەوە "ئازادانە ترە" لە نزیکبوونە جنسییەکان. لێکدانەوەی شۆڕشگەرانەی مارکۆزە ، تایبەتمەندی نالۆژیکی ونا شۆڕشگەرانەی ئـەو دەشـارێتەوە. ئـەویش وەك هەنـدێك لـە نووسـەر وهونەرمەنـدە پێشڕەوەکان، لـە "دوساد" و"مارینتی" یـەوە تـا هەنووکە. شـەیدایی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی، لادانەکان، وێرانگەری ونەفرەت بووە. لێکدانەوە وڕاڤەکردنی گەندەڵی لە ئەدەبیات وهونەری کۆمەڵگا وهەر وەها شـی کردنـەوەی زانسـتی ئەو دیاردانـە گرنگـە، بـەڵام بەشداری نووسـەر وهونەرمەنـد لـە قـەبوڵ کردنـی گەنـدەڵی کـە خـۆی خوازیـاری گۆڕین ولە ناو بردنیە بە کارێکی ناشۆڕشگەرانە لە قەڵەم دەدرێت.

خـاڵی نزیـك بـەم پرسـە کـە مـارکۆزە لـە "نارسیسـۆس"[1] و "ئورفیـوس"[2] دەریـدەخات، لـە حاڵێکـدا کـە "پرومتـوس"[3] کـە (لـە ڕوانگـەی مارکسـەوە شـەریفترین شـەهیدی مێـژووی فلسـەفەیە) وەك پاڵـەوان و نموونـەی سـەرەتایی چـاو لێـدەکات. ئورفیـك نارسیسـتیك نیشان و هێمایەکە لە جیهانەکەی دیکە ومەرگ. ئورفیـوس بـە گوێڕەی

---

(1) Narcissus لە میتولوژی یونانـدا ئەو گەنجەیـە کـە کاتێك وێنـەی خـۆی لـە ئاودا بینـی شەیدای خۆی بوو ، لە خۆشەویستی خۆیدا لاواز بووەوە بوو بە گوڵی نێرگز.

(2) ORPHEUS لـە میتولـۆژی یونانـدا کـوری ئاپۆلۆیـە کـە گۆرانیبێـژ بـوو و سـازی لێـدەدا،پلۆتر رێگـەی پێـدا کـە بـە دوای تـەرمی هاوسـەرەکیدا بـڕوات بـە مەرجـەی ئـاوڕ نەداتەوە. بەڵام لە دوایین ساتدا لەم فەرمانە سەرپێچی کرد هاوسەرەکەی لێ وون بوو.

(3) PROMETHOUS یەکێك لە پاڵەوانەکانی یونانی کۆنە

نەریتە کلاسیکەکان پەیوەندی بە هاو ڕەگەز بازییەوە هەیە. مارکۆزە دەڵێ " من وەك نارسیس خۆشەویستی وشەهەوەتی ئاسایی رەد دەکەمەوە وئەمە بۆ ئەوە نییە کە باەڕمەند وپاك داوێن بم، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە خۆشەویستی وشەهوەتێکی زیاتر وکاملتر بە دەست بهێنم". ئەویش وەك نارسیس لە هەمبەر دیسپلینی سەرکوتکەری تێکەڵاوی جنسی بە ئامانجی زاوزێ ناڕەزایەتی دەردەبڕێت. ئەم ئارەزۆ شەهوەتیانەی ئورفیك نارسیسیتیك رەتکردنەوەی ئەم سیستەمەیە- سەرپێچی گەورە!؟. دیسان ئەم سەرپێچییە بە واتای خۆ دورگرتن لە جیابوونەوە تایبەتییەکانیش لێك دەدرێتەوە، کە هەمان سەرپێچی کردن لەگەشە کردن، جیابوونەوەی یەکجارەکی لە دایك وخاك وهەر وەها ئەزموونی چێژی جنسییە (ئاسایی نە سادیستیك).(جێگەی سەرسوڕمانە کە لە کتێبی مرۆقی یەك ساحەتیدا سەرپێچی گەورە بە تەواوەتی واتاکەی گۆڕدراوە، بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بەیان بکرێت، واتا تازەکەی لەو کتێبەدا خۆ دورگرتن لە بەکار هێنانی ئەو چەمکانەیە کە کەلەبەری نێوان ئێستا و داهاتوو پڕ دەکاتەوە). روون وئاشکرایە کە ئەم ئیدەئاڵە دژی بۆچوون ومەبەستی فرۆیدە لە گەشەکردن و کاملبوونی مرۆڤدا و گرێدراوی تێگەیشتنی ئەوە لە خەمۆکی دەروونیو پەرێشانی دەروونی. ئەم ئیدەئاڵە رزگار بوونە لە دەسەڵاتی ئاروزۆ جنسییە زاوزێ کان، هەڵبەت دژی ئەو ئازادییەیە کە رایش پێشنیاری کردوە وهەنووکە مشتومڕی لە سەر دەکرێت.

ماركوزه نايەوێت سرنج بدات كە لە ڕوانگەی فرۆيدەوە گۆڕانكاری وكاملبوونی ليبيدۆ لە خۆ پەرەستی سەرتاييەوە بۆئاستی چێژی جنسی دەمی (بە دەم) پاشی (بە پاش)و دواتر زاوزێ گرێدراوی سەركوتی لە ڕادە بەدەر نييە، بەڵكو پرۆسەی بيولۆژيكی پێگەيشتنە كە بەرتری وبالاٌ بوونی چێژی جنسی زاوزێی لێدەكەوێتەوە. لە ڕوانگەی فرۆيدەوە كەسی تەندروست كەسێكە كە گەيشتوەتە ئاستی پێگەيشتنی زاوزێ و لە نزيكی وتێكەلاٌو بوون چێژ وەردەگرێت. تێكڕای سيستەمی كاملبوونی فرۆيد لە سەر گەيشتن بە توانای تێكەلاٌوی جنسييە كە دواين گەشەی ليبيدۆيە. من دژی لادانی ماركۆزە لە ئاستەكەی فرۆيد نيم بەڵكو نەتەنها دژايەتی ئەو هەلاٌنە دەكەم كە لە خراپ بە كار هێنانی مەبەستی فرۆيددا ئەنجامی داوە، بەڵكو ئەو لافانەش ڕەد دەكەمەوە كە دەڵێ بە پێداچوونەوەيەكی كەم ولاوەكی نوێنەرايەتی فيكرەكانی فرۆيد دەكەم. لە ڕاستيدا ماركۆزە هەندێك تيوری دادەڕێژێت كە بە تەواوەتی دژی ئەندێشە سەرەكييەكانی فرۆيدە، ئەم كارە بە بەكار هێنانی هەندێك ڕەستە لە نوسراوە وگوتەكانی فرۆيد كە دواتر لابراون، و بە لەبەرچاو نەگرتنی تەواوەتی پێگە يان مەبەستەكانی ئەو ئەنجامدراوە. كەم تا زۆر ئەو بەلاٌيە كە بە سەر فرۆيددا هێناويەتی بە سەر ماركسيشدا دەيهێنێت. هەر چەندە ئەم ڕەخنەيەش ئاراستەی ماركس دەكات كە نەيتوانيوە ڕاستی تەواو سەبارەت بە مرۆڤی نوێ پەيدا بكات، بەلاٌم بە گشتی خۆی وەك لايەنگری ئامانجەكانی كۆمەڵگای سوسياليستی ئەو نيشان دەدات. بەلاٌم نايەوێت دان بەوەدا بنێت كە مرۆڤە تازە (منداڵگەراكەی) ئەو بە

تەواوەتی پێچەوانەی مرۆڤە بەهرەمەند وبەتواناکەی مارکسە. ئەو مرۆڤەی کە دەتوانێت لە هەموو شتێك حەز بکات و عاشقی تێکڕای شتەکانی دەوروبەری بێت. مارکۆزە لە خۆشەویست بوونی مارکس وفرۆید لە نێو جیلی گەنجی ڕادیکاڵدا بە مەبەستی سرنجڕاکێش نیشاندانی بۆچوونە دژە مارکس و فرۆیدییەکانی خۆی لە مرۆڤی تازە کەڵك وەردەگرێت.

چۆن دەبێ بیرمەندێکی لێهاتووی وەك مارکۆزە بەم شێوەیە وێنەیەکی بە لارێدا براو لە دەروونشیکاری بە دەستەوە بدات؟ لە ڕوانگەی منەوە وڵامی ئەم پرسیارە گرێدراوی ئەو بایەخ وحەزەیە کە — ئەو ورووناکبیرەکانی دیکە— بۆ دەروونشیکاری هەیانە. لە ڕوانگەی ئەوەوە دەروونشیکاری شێوازێکی ئەزموونی نییە بۆ پەردە هەڵماڵین لە ئارەزۆ و خواستە ناوشیارەکانی تاك کە دەمامکی لۆژیکی بوونیان بە سەر خۆدا داداوە، و هەر وەها تیۆرییەکیش نییە کە سەرقاڵی هەڵس‌وکەوت وخوو بێت ووروژاندنی ناوشیاری جۆراوجۆر بۆ کارە بە رواڵەت لۆژیکییەکان نیشان بدات. لە ڕوانگەی مارکۆزەوە دەروونشیکاری کۆمەڵێك ئەندێشەی متاپسیکۆلۆژیکە[1] سەبارەت بە مەرگ، غەریزەی ژیان، پرسە جنسییەکانی منداڵی و.... یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی فرۆید هێنانی هەندێك لە پرسەکانە بۆ ناو چوارچێوەی توێژینەوەی ئەزموونی کە پێشتر لە فەلسەفەدا بە شێوەیەکی ئینتیزاعی لێك دەدرایەوە. مارکۆزە بە گەڕاندنەوەی ئەم پرسیارە بۆ ناو ئەندێشەی فەلسەفی ئەم دەستکەوتەی فرۆیدی بە با دا.

---

[1] .Metapsychological

جگە لە گروپی توێژینرەوانی چەپ کە لە ڕێکخراوەکەی فرۆیددا مانەوە (کە پێشتر باسمان کردن) باسی چوار کەس لە دەروونشیکارەکان دەکەم کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکتر بەشدارییان کردوە و کاریگەرییەکی زیاتریان لە سەر کەسانی دیکە داناوە(دژبەرانی وەك ئادلر، رانكو یونگ بە لاوە دەنێم).

"کارن هۆرنای" یەکەم کەس بوو کە لە دەروونناسی ژنان کە لە لایەن فرۆیدەوە خرابووە روو ڕەخنەی گرت و دواتر شێوازێکی بونیادنا کە بە بەلاوە نانی تیوری لیبیدۆ و پێداگری لەسەر هۆکارە کەلتورییەکان هەندێك بۆچوون وڕوانگەی سودبەخشی خستە روو.

" هاری ستك سالیۆن" لە داننان بە گرنگی کەلتووریدا لە گەڵ هۆرنای دا کۆکە، و لە چەمکە دەرونشیکارییەکەی خۆیدا، بە کەڵك وەرگرتن لە تیوری "پەیوەندی نێوان کەسەکان" تیوری لیبیدۆی فرۆید ڕەت دەکاتەوە. لە حاڵێکدا کە لە ڕوانگەی منەوە تیوری ئەو سەبارەت بە مرۆڤ تا ڕادەیەك بەم راستییەوە کە مرۆڤی مۆدێلی ئەو، نوێنەری مرۆڤی لە خۆ بێگانەی هەنوکەییە، سنووردار دەبێتەوە، دەستکەوتی سەرەکی ئەو بۆچوونەکەیەتی سەبارەت بە جیهانی خەیاڵ وپەیوەندی پرۆسەکان لە نەخۆشە توندەکاندا بە تایبەت تووشبوانی سکیزۆفرێنیا.[1]

---

[1] هەر چەندە کە هۆرنای و سالیۆن ومن لە گروپی فەرهەنگ گەرا وفرۆیدییە تازەکان لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام ئەم ڕیزبەندییە راست نییە. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێکەوە هاوڕێ وهاوکاربووین وهەندێك ڕوانگەی هاوبەشمان هەبوو —بە تایبەت ئەو ڕەوتە ڕەخنەگرانە سەبارەت بە تیوری لیبیدۆ – بەڵام ناکۆکی نێوان ئێمە لە خاڵە هاوبەشەکانمان زیاترە، بە تایبەت لە ڕوانگەی" کەلتوورییەوە "هۆرنای وسالیۆن مودێلە کەلتوورییەکەیان بە واتای مرۆڤ ناسی نەریتی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام بۆچوونەکەی من پشت بە توێژینەوەی هێزە سیاسی، ئابووری ودەروونناسیەکان دەبەستێت کە بنەما وکۆڵەکەی کۆمەڵگان.

" ئەریك ئەریکسۆن" لە تیوری سەردەمی منداڵی وکاریگەری کۆمەڵگا لە گەشەی منداڵدا خاوەن ڕۆڵێکی گرنگە. ئەو بەم تویژینەوە لە سەر پرسەکانی ناسنامە ونوسینی بیوگرافی لوتر وگاندی لە ڕوانگەیەکی دەروونشیکارانەوە، ئەم زانستەی پەرەپێداوە. لە ڕوانگەی منەوە ئەو دەیتوانی لە بواری دەروونشیکاریدا پێشکەوتنی زیاتر بە دەست بهێنێت، بەڵام لە قۆناغی بە دوادا چوونی توندڕەوانەی دەر ئەنجامی تیورییەکانی خۆیدا مایەوە.

" ملانی کلاین" و ڕێبازەکەی بە خستنە ڕووی دژایەتی کردنی قووڵی لە لایەن مرۆڤەوە لە ڕێگای پیشاندانی لە منداڵدا ، کارامەیی ولێهاتوییەکی گەورەی لە خۆی نیشانداوە. لە حاڵێکدا کە بەڵگەکانی ئەو و زۆربەی دەروونشیکارەکان تەنانەت منیشی ڕازی نەکردووە، بەڵام لانی کەم تیورییەکانی ئەو دژە ژەهرێکە لە هەمبەر خواستی عەقڵگەری کە لە بزوتنەوەی دەروونشیکاریدا بە شێوەیەکی بەر بلاو دەبینرا.

خواستی ملکەچ بوون بە داب ونەریت [1] لە نێوان زۆربەی دەروونشیکارەکاندا واتای خۆی لە قوتابخانەیەکدا دەبینییەوە کە بە تێر وتەسەلی شرۆڤەی دەکەم، چوونکە ئەم قوتابخانەیە کاریگەرترین وگرنگترین هۆکارە لە بزوتنەوەی دەروونشیکاریدا. قوتابخانەی دەروونناسی خۆ"من" Ego ئەو قوتابخانەیە [2] کە لە لایەن گروپێك لە

---

[1] .Conformist

[2] دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیەئەمانە بوون

R.M.Loewenstein و E.Kris و H.Hartmann و ئەمانەش نوێنەرەکانی بوون .R. W while- و D rapaport و G. Helein و B .Gill و R.R . Holt

دەروونشیکارەکانەوە دامەرزێنرا، ئەوان بە هاوکاری یەکدی سیستەمێکیان دامەزراند کە تەواوکەری تیوری کلاسیك بوو، هەروەها دەستکەوتەکانی رابردویشان قەبووڵ دەکرد.

ناوی قوتابخانەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دامەزرینەرانەکەی زیاتر سرنجیان بە (خۆ) داوە وپشتیان کردە ناوەندی سرنجی فرۆیدەوە واتە "ناخی مرۆڤ". (چالاکییەکانی دژە عەقڵ کە وروژێنەری مرۆڤن، بەلام ناوشیارانەن " . ئەم سرنج دانە بە "خۆ" شەجەرەیەکی برەوداری هەیە . بە تایبەت کە دابەش کردنەکانی فرۆید لە بن ناوی "ناخی مرۆڤ" بە من ومنی بالاsuperego شوێنی دوو لایەنە بوونی سیستەمی کۆنی واتە هەست ونەست گرتەوە وچەمکی خۆ(من) بو بەچەمکێکی ناوەندی لە دەروون شیکاریدا . شارەزایی فرۆید لە لێکدانەوەی دەستە واژەکاندا ، تا رادەیەك لە زات وجەوهەری وشەکاندا، سەرەرای هۆکارەکانی دیکە بە دۆزینەوەی روخسارەکانی نەستی خۆ(من) کە تارِدەیەك دا بەش کردنەکانی رابردو رەت دەکاتەوە سرنجراکێشترە . وبەرهەمەکەی ئانا فرۆید بە ناونیشانی "منومیکانیزمەکانی بەرگری"[1] . ١٩٦٤بو بە خاڵێکی گرنگی سەلماندی ئەم لافە کە دەروون شیکاری من ، بەلاوبوونەویەکی ئورگانیکە و لە تیوری کلاسیکی فرۆیدەوە سەرچاوە دەگرێت .

دەروون ناسەکانی (من) دوپاتی دەکەنەوە کە قەت نوسراوەکانی ئانا فرۆید یەکەمین بەڵگەی ئەوان نییە ، بەڵکو درێژەپێدەری

---

[1] من و میکانیزمەکانی بەرگری لە لایەن ئەم وەرگێرەوە کراوە بە کوردی.

لێکۆڵینـەوە سـەرەتاییەکانی فرۆیـدە سـەبارەت بەلایەنـە ناوشـیارەکانی "مـن" . بەهـەرحاڵ سـەرەڕای ئـەو قسـانەی کـە فرۆیـدی کـردە بـاوکی دەروونناسـی (مـن) ، پۆسـتی بـاوك بـوونی ئـەو بـەو ئەندازەیـەی کـە هارتمەن وگروپەکەی لافـی لێدەدەن، بەنرخ نییـە. سەرەڕای ئەوەی کە فرۆیـد لـە ڕادە بـەدەر بایـەخی بـە "مـن" دەدا بـەڵام دەروونناسـی شـیکردنەوەیی ئـەو بەهەنـدێك خواسـتی ناوشـیار کـە وروژێنـەری هەڵسوکەوتن گەمارۆ دراوە، لەم ڕووەوە ئەو وەك دەروونناسـی "دەرونـی مرۆڤ " "ویژدان" مایەوە .

دەروونناسـی "خـۆ" (مـن) لـە نامیلکەیەکـدا کـە هارتمـەن ، دامەزرێنەری ئەو ڕێبازە نوسیوەتی وساڵێك دوای کۆچی دوای فرۆید لـە چـاپ دراوە لـەم نامیلکەیـەدا، (دەروونناسـیخۆ و پرسـی پێکـەوە گونجـان)[1]. هارتمـەن سیسـتەمێکی تـازە بـە بایـەخێکی تایبـەت بۆپرۆسـەی پێکـەوە گونجـان بونیـاد دەنێـت. ئـەو بەباشـی ئامـانجی توێژینەوەکـەی خـۆی ڕوون دەکاتـەوە: "دەروونشـیکاری بە لێکۆڵینـەوە لـە سـەر خەسـار ناسـیوئەودیاردانەی کـە لـە سـنوری دەروون ناسـیو سایکۆپاتۆلۆژی Psycho-Pathology دان دەستی پێکرد. لەو کاتەدا کـاری ئـەم زانسـتە لـە سـەر "نـاخی مـرۆڤ " وخواسـتی غـەریزی ورد دەبـوەوە ... بـەڵام ئێسـتا هـیچ گومـانێکم نییـە کـە دەروونشـیکاری بـە

---

[1] Ego psychology and the problof adaptation بۆ ئەوەی کە خستنە ڕووی دەروونناسی"خۆ" کورت بێت لەم ڕووەوە لێرەدا من تەنها نامێلکەکە دەخەمە بەر باس، لەم نامێلکەیەدا سەبارەت بە دەروونناسـی "خۆ" گەلێك بۆچوونی گرنگ خراوەتە ڕوو، بەڵام ئاماژە بەو شتانە نەکراوەکە دواتر هارتمەن وئەندامانی گروپەکەی پێیان زیاد کردووە.

گوێرەی واتای بەرفراوانی وشەوبە گوێرەی تێگەیشتنی ئێمە لەو شێوازانەی کە بەربلاوتر و قوڵتر ودیار ترن"[1]. **دەروونناسیەکی گشتیە .**

چەمکی نوێی دەروونشیکاری بە واتای دەروونناسی گشتی، دەروونناسەکانی (خۆ) ناچار دەکات تا سرنج بدەنە ئەو دیاردانەی کە دەروونشیکارانی ڕابردوو پشت گوێیان خستبوو و لەم ساڵانەی دواییەدا ڕێژەیەکی کەم لە دەروونشیکاران بایەخیان پێداوە: واتە ڕەوت وشێوازەکانی کاری ئورگانی زەین کە هەندێك دەستکەوتی گونجاو وسازگاری لێدەکەوێتەوە.[2] ئەو تیزەی کە بوەتە بنەمای پەرپێدانی زیاتری دەروونناسی "خۆ" ئەمەیە کە هەر جۆرە پێکەوە گونجانێك لە گەڵ ژینگە یان هەر جۆرە فێربوونێك لە گەڵ پرۆسەی پێگەیشتن دژ بە یەك نین. پەرەپێدانی پێگەیشتن ، مەبەسەت، تێگەیشتن لە بابەت ، زمان، بیرکردنەوە، بە بیر هێنانەوە، گرتن، خۆکاش کردن بە سەرزەویدا، ڕۆیشتن وهەر جۆرە پێگەیشتن وهەروەها پرۆسەکانی فێربوون دژ بە یەك نین. دەروونناسی "خۆ" لە سەر ڕۆڵی ئیرادە ولیبیدۆی " داماڵراو لە ئارەزۆ جنسییەکان"[3] و هێزی وێرانگەری "داماڵراو لە هەڵچوون"[4] کە بە "خۆ" هێزی کارکردن وئیرادە دەبەخشێت، پێداگری دەکات.[5] لە حاڵێکدا کە ئەم چەمکانە بە

---

[1] نامێلکەی دەروونناسی خۆ و پرسی پێکەوە گونجان
[2] هەمان نامێلکە

[3] . De-sexwalize
[4] .De- ggressived
[5] R.H . White نیشانیدا کە ناتوانین بە سرنجدان بەو زانیارییانەی کە هەنووکە سەبارەت بە کاری سیستەمی دەماری لە بەر دەستماندایە لە بۆچوونی بە کاریگەرکردن و بێ کاریگەر کردنی هێزی لیبیدۆ بەرگری بکەین. ئەو لە باتی ئەوە، هێزە سەربەخۆکانی "خۆ" پێشنیار دەکات کە لە ڕۆژی لە دایك بوونەوە بوونیان هەیە و لە فراوان بوون و کار وچالاکییەکانی "خۆ"دا بە کار دەهێنرێن.

واتای دڵنیا نەبوونە لە بۆچوونەکانی فرۆید سەبارەت بە هێزە دژە عەقڵەکان، کە ئیرادە دیاری دەکەن و کاری "خۆ" سنووردار دەکەنەوە، وسەبارەت بە" ناخ" و"خۆ" لادانێکی بنەڕەتی زیاتریان هەیە. فرۆید وەك" مەنجەڵێك سەیری ناخ دەکات کە هەمیشە لە حاڵی کولاندایە".
"گیل" وزۆربەی دەروونناسانی "خۆ" لەو بڕوایەدان کە ناخ خاوەن شێوە وبونیادێکە، هەر چەندە کە عەقڵ گەراش نەبێت"خۆ" و ناخ ئیدی دژی یەکدی قەڵەم نادرێن، بەڵکو پێکەوە گرێدراون. لەم رووەوە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە دوولایەنە بوونەکان لە ڕوانگەی فرۆیدەوە لە نێوان چێژ وبنەچەی راستیدا ، هێزە جموجۆڵ دار وپابەندەکان وپرۆسەی یەکەم ودووهەمیش پێکەوە گرێدراون. ئەمانەش وەك " ناخ" و"خۆ" لە گەڵ ئەو زەنجیرە پلەی هێز وبونیادانەدا گرێدراوە کە لە تێکڕای ئاستەکاندا خاوەن زەنجیرە پلەن. بە گریمانەی گرێدراوی وزەنجیرە پلە توخمی دیالیکتیك لە بۆچوون و تیۆرییەکانی فرۆیددا لە ناو چووە. ئامانجی سەرەکی فرۆید لەم نموونەیەش دا وەك نموونەکانی دیکە نیشاندانی ناکۆکی لە نێوان دژبەرەکان ودیاردە تازەکانی سەرچاوەگرتوو لە ناکۆکییە. ئەم شێوازەی دیالیکتیك بیرکردنەوەیەکی تیوریك دەخاتەروو کە بە گوێرەی ئەوە، چەمکی ناکۆکی نێوان دژبەرەکان شوێنی خۆی بۆ گەشە کردن لە نێو ڕێکخراوی زەنجیرە پلەدا چۆڵ دەکات.

تایبەتمەندی پێکەوە گونجانی دەروونناسی "خۆ" لە پێداچوونەوەی دوبارەی فرۆید بە دەروونناسی "خۆ"دا باشتر وشەفافتر لەم خاڵە تیوریکانە نیشان دراوە. فرۆید ئامانجی خۆی بۆ

چارەسەرکردن وگەشەی مرۆڤ بە هەندێك فورمولی بوێرانە وشاعیرانە بەیان دەکات:

" لە هەر شوێنێك کە ناخێك هەبێت، "خۆ"یەکیش بوونی هەیە ".

ئەم ڕەستەیە نیشان دەری باوەڕی فرۆید بە عەقڵ و لۆژیکە وهۆکاری پراکتیزە کردنی شێوازی ئازاد کردنی مرۆڤ لە ڕێگای وشیار کردنەوەی هەستەوەیە. بەڵام هارتمەن دەڵێ کە لە گوتەکانی فرۆید بە زۆری خراپ کەڵك وەردەگیردرێت : "... ئەوە بەم واتایە نییە کە هەمیشە مرۆڤێکی عاقڵ بوونی هەیە ویا ڕەنگە بوونی هەبێت ، بەڵکو ڕەوتێکی کەلتوری ومێژوویی وئامانجێکی چارەسەری بەیان دەکات "[1].

ئەم گوتەیە وەرگێڕانێکی پوزتیڤە لە ئامانجی رادیکاڵ. ئەم خاڵە کە قەت مرۆڤێکی بەتەواوەتی عەقڵ گەرا بوونی نییەو بوونی نابێت، وەسف کردنی ئەو خواستەیە کە بە پشت بەستن بە وشەی "بە تەواوەتی "، دەبێتە راستی ڕەها. ئەوەی لە ڕوانگەی فرۆیدەوە گرنگ بوو، لانی زۆری کامڵ بوونی خۆ نەبووە بەڵکو"ئاستی گونجاو" ی مرۆڤێکی تەواوە. ئەو بنەمایەکی " نەریتی " دامەزراند کە بە گوێرەی تیوری مرۆڤ بوو، واتە مرۆڤ دەبێ هەوڵ بدات تا لە ئاستی گونجاودا" خۆ" لە شوێنی " ناخ" دا بنێت، چوونکە هەر چەندە لەم هەوڵدانەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنێت کەمتر تووشی خەمۆکی دەروونی و نەخۆشیەکانی دیکە دەبێت. لێرەدایە کە ناکۆکی نێوان فرۆید وفەیلەسوفە پوزوتیڤیستەکان روون دەبێتەوە. فرۆید پەیوەندیو پێوەرێك بۆگەشە وکامڵ بوونی مرۆڤ دیاری دەکات لە حاڵێکدا کە

---

[1] هەمان نامێلکە

پوزوتیڤیستەکان قسەکانی فرۆید وەك ڕەوتێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدەن .و نکوڵی لە جەوهەری پێوەری گوتەکەی ئەو- کە وشە دەبێ لەوێوە کونترۆڵ بکرێت-دەکەن.

هەر ئەم خواستە ڕیفورمخوازانە لە گوتەی هارتمەن سەبارەت بە چەمکی تەندروستی دەروونیشدا بەر چاو دەکەوێت. ئەو، ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە نیشانەکانی " تەندروستی هەرە باش"بۆچوونی روەکی دەردەبڕن، ڕەخنە دەکات ولافی ئەوە لێدەدات کە ئەوان ئەو کەسایەتییە جۆراوجۆرانەی کە بە کرداری تەندروست لە قەڵەم دەدرێن و گروپێك لە خەڵك کە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە پێویستن لە بەر چاو ناگرن.

لە قسەکانی سەرەوەدا واتای "کرداری" چییە؟ هارتمەن بەو لێڵی ونادیارییە کە لە قسەکانیدا بوونی هەیە، یەکێك لە پرسە جیٚی مشت ومڕەکانی ئێمە لە بەر چاو ناگرێت، وئەمە هەمان دوولایەنە بوونی تەندروستی دەروونە. یەکێك لەم دوو واتایە ئاماژە بە کاری سیستەمی دەروونی بە گوێرەی گەشەی گونجاو دەکات. من ئەم واتایە بە " هومانیستی" ناو دەبەم، چوونکە ناوەند وسەنتەرەکەی مرۆڤە. فورمولی فرۆید سەبارەت بەوەی کە خۆشەویستی نیشانەی تەندوستییە، تاڕادەیەك گشتییە، بەڵام بە روونی ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە کەسی لێوانلێو لە نەفرەت وویرانگەری خۆشەویستی تەندروستی تێدا نییە. ویا خود فرۆید ئەو کەسە بۆ قۆناغی ئانالی-سادیستیك دادەبەزێنێت و بە تەندروست لە قەڵەمی نادات. بەڵام ئایا کەسێکی وەها لە کۆمەڵگایەکی تایبەت دا ناتوانێت پیشەیەکی هەبێت و ئەرکەکانی

جێبەجێ بکات ؟ ئایا کەسی سادیست لەسیستەمی نازییەکاندا کارامەو سودبەخش نەبو؟ ویان کەسێك کە خۆشەویستی دەر دەبڕێت لەو سیستەمە دا بە ناسازگار لە قەڵەم نەدەدرا ؟ ئایا کەسێکی لە خۆبێگانە بە هەستی خۆشەویستی کەم‌وناسنامەی زیاترلە کەسێکی هەستیاروسۆزدار شایستەی کۆمەڵگای تەکنولۆژیکی هەنوکەیی نییە؟ لە وت‌وویژ سەبارەت بە تەندروستی لە کۆمەڵگایەکی نەخۆشدا چەمکی تەندروستی لە واتای دووهەمیدا، واتا کۆمەڵناسییەکەی بەکار دێت کە مەبەست سازگار بوونە لە گەڵ کۆمەڵگادا . پرسی راستەقینە لێرەدا ناکۆکی نێوان تەندرستی مرۆڤ وتەندروستی کۆمەڵگایە. رەنگە کەسێك بتوانێت لە کۆمەڵگایەکی نەخۆشدا بە شێوەیەکی رێك‌وپێك کاربکات، چوونکە بەناومرۆڤێکی نەخۆشە. لەم رووەوە وشەی"کرداری" ئەوە دەگەیەنێت کە لەڕوانگەی کومەڵگاوە سەبارەت بە کەسێیەتی داوەری دەکرێت، بەڵام تاك لەلایەنی دەروونشیکارییەوە داوەری لە سەر دەکرێت .

هارتمەن لێرەدا گرنگترین وڕادیکاڵترین توخمی سیستەمی فرۆیدی بە لاوە ناوە: ڕەخنە گرتن لە داب‌و نەریتە ئاکارییەکانی توێژی ناوەڕاست و ناڕەزایەتی دەربڕین بە ناوی گەشە وکامڵبوونی مرۆڤ . ئەو بە جیاکردنەوەی تەندروستی" مرۆڤ" و " کۆمەڵگا" لە یەکدی و نکۆڵی ناراستەوخۆ لە زیان ناسی کۆمەڵایەتی لە هەمبەر فرۆید وەستاوەتەوە، کە باسی " خەمۆکی دەروونی هاوبەش" و "زیانناسی کۆمەڵگا شارستانییەکان " دەکات. هارتمەن ئاگای لەوە نییە کە سەرکوتکردنی ئارەزۆ جنسییەکانی توێژی ناوەڕاستی چەرخی"

ڤیکتوریـا" تەندروسـت" نـەبووە. چـوونکە توێـژی ناوەڕاسـت بـۆ کـۆ کردنەوەی سامان، دژی چێژ و دژی بە کار هێنان وەك بونیادی کۆمەڵگا بۆ کەڵەکەی کردنی سەرمایە کە بۆ ئابووری سەدەی ١٩ پێویست بوو، خوویەکی کۆمەلایەتیان لە خۆگرتبوو. فرۆیـد بە نـاوی مرۆڤـەوە قسـەی دەکرد و لـە سـەرکوتکردنی نـەریتیی ئارەزۆ جنسییەکان کە نەخۆشـی دەروونی لێدەکەوێتەوە ڕەخنەی دەگرت.

لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی ٢٠دا ئیـدی گرفـت، سـەرکوتکردنی ئـارەزۆ جنسییەکان نییە، چوونکە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگای بە کار هێنـەر " سـیکس" خـۆی بووەتـە کالایـەکی بـە کـار هێنـەری ، وخواسـتی بەختـەوەری جنسـی بەشـێکی مـۆدێلی بـە کـار هێنانـە کـە شایسـتەی ئـابووری کۆمـەڵگای سـیبرنێتیکە: لـەم کۆمەڵگایـەدا هەنـدێك خواسـت وغـەریزەی دیکـە سـەرکوت دەکـرێن: وشـیاری کـامڵ ، ئـازادی ، خۆشەویستی. لە راستیدا ئەگەر خەڵك، مرۆڤی تەندروست بوون زیـاتر دەیـانتوانی ڕۆڵـە کۆمەلایەتییـەکانی خۆیـان جـێ بـە جـێ بکـەن، دژی کۆمـەڵگای نـەخۆش ناڕەزایـەتیان دەردەبڕی و چـاوەڕوانی گۆڕانکـاری گـەلێکی کۆمەلایـەتی-وئـابووری بـوون کـە بتوانـێ دوولایەنـە بـوون لـە نێوان تەندروستی لە واتای کۆمەلایەتی وتەندروستی مرۆوایەتیـدا کـەم بکاتەوە.

دەروونناسـی "خـۆ" پێداچـوونەوەیەکی جیدییـە لـە سیسـتەمی فرۆیـددا، پێداچـوونەوەیەك لـە جەوهـەری ئـەو سیسـتەمەدا نـەك لـە چەمکەکانیدا. ئەم جۆرە پێداچوونەوەیە چارە نووسی هەر تیۆرییـەکی ڕادیکاڵە. "بڕوای نەگۆڕ" بەرنامەکانی پەروەردەی لە شێوەی سـەرتایی

خۆیدا هێشتوەتەوە ولە دەستدرێژی ورەخنە دەیپارێزێت، بەڵام هەر ئەوانەی دوبارە لێکداوەتەوە، هەندێك شتی تازەی پێ زیاد دەکات لە حاڵێکدا کە لافی ئەوە لێدەدات ئەم زیاد کردنانە گوتەی سەرەکیین. ئەم شێوازەی پێداچوونەوە جەوهەری پەروەردەی سەرەکی تووشی گۆڕان دەکات. جۆرێکی دیکەی پێداچوونەوە، کە پێشنیار دەکەم ناوی دیالیکتیکی لێ بنرێت، پێداچوونەوەیە لە ریزبەندییە" کلاسیکەکان " بە پاراستنی جەوهەرەکەیانەوە. لەم پیداچوونەوەیەدا هەوڵ دەدرێت کە جەوهەری پەروەردەی سەرەکی لە رێگای ئازاد کردنییەوە لە مەرجی بوونەوەی (شەرتی بوونەوە) کاتی، وسنووردار کردنی گریمانە تیوریکییەکان بپارێزرێت، هەر وەها هەوڵ دەدرێت تا ناکۆکییەکانی نێو تیوری کلاسیك بە شێوازی دیالیکتیك چارە سەربکرێت و تیوری لە پرۆسەی بە کار هێنانی لە پرسە تازە ئەزموونییەکاندا چاك بکرێت.

رەنگە گرنگترین پێداچوونەوە سەبارەت بە ئەرك بێت کە دەروونناسی "خۆ" ئەنجامی نەداوە. ئەم دەروونناسییە "ناخی" کامڵ نەکردوە، بەم واتایە کە لەو شتەدا کە ناوەندی سیستەمی فرۆیدە بەشداری نەکردووە. و ئەمە "زانستی دژە عەقڵە"[1]. ودیسان لە پەرەپێدانی ئاگاهی ئێمە بۆ پرۆسەکانی ناوشیار، دژایەتی، خۆراگری، ولۆژیکی کردن و گواستنەوەکان هیچ رۆلێکی نەبووە.

و تەنانەت لەوەش گرنگتر ئەمەیە کە دەروونناسی "خۆ" لە چوارچێوەی خۆیشیدا شرۆڤە کردنی رەخنەگرانەی ئازادکردنی بە کار نەهێناوە. ئەو مەترسییە گەوریە کە هەرەشە لە مرۆڤ دەکات زیاتر لە

---

[1] .Irrationd Science

ڕێگـەی ناتـەوانی لـە ناسـینی تایبەتمەندی سـاختەی "عـەقڵی تەندروست"[1] یان شعوری گشتییەوەیە.

زۆرینـە هێشـتا کۆنـە پەرەسـت و فیکرگـەرا ماونەتـەوە، شـعووری گشـتی بە عـەقڵ لـە قەڵەم دەدەن. دەروونناسـی ڕادیکاڵی "خـۆ" دەبـێ توێژینەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ئاگاهی کۆمەڵایـەتی لـە بەر چاو بگرێت و بە ئامانجی سەرەکی خۆی لە قەڵەمی بدات. بەڵام خۆی بە توێژینەوە ڕادیکاڵەکانەوە خەریك نەکردوە. بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی ئەندێشەی ئینتیزاعی و میتاسایکۆلۆژیدا ماوەتەوە کە هیچ شتێك بە زانیاری کلینیکی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی ئێمە زیاد ناکات.

دەروونناسـی "خـۆ" لـە سـەر لایەنـەکانی لـۆژیکی لـە هـەڤهاتن، پەروەردە، ویستو... پێداگری دەکات.(ئـەم تێگەیشتنە نەریتییـە ئـەم خاڵە لە بیر دەکات کە مرۆڤی ئەم چەرخە لە نەبوونی کاریگەری خۆی لە سـەر داهـاتوو ئـازار دەبینێـت وپـەروەردە لـە بـاتی ئـەوەی وشـیاری بکاتـەوە ، بە زۆری لـە وشـیاربوونی خۆیشـی کـەم دەکاتـەوە.) هەڵبـەت ئەمـە بوارێکی گرنگـە لـە توێژینـەوە کـە تێیـدا هەندێك توێژینـەری وەك پیـاژە، یونسـکی، بـوهلر و هەنـدێکی دیکـە بـە شـێوەیەکی بـاش بەشدارییان کردووە. بوهلر بەم گوتەیە کە ئێمـەش دەزانـین"لیبیـدۆ" لـە "خـۆ"دا نییـە بەڵکو لـە سیسـتەمی مرۆڤدایـە، ڕێزێکـی ئاکـادمیکی بـە دەروونشیکاری بەخشی. بەم دانپێدانانەی ئەوان هەندێك لە زێدەڕەوییە تیوریکییـەکانی دەروونشـیکاری کـەم بویـەوە، بـەڵام هەنـدێك لـە

[1]. Common sense

بیرکردنـەوەکانی ئـەم توێژینەرانـە تـەنها بـۆ کەسـانێك تـازەن کـە لـەو بڕوایەدان تیوری لیبیدۆ هەموو شتێك بەیان دەکات.

پێداچـوونەوە لـە دەروونناسـی "خـۆ" تـەنها بـە توێژینـەوەی دەروونناسی سازگار بوو[1] (پێکەوە گونجان) کە خۆی لێکدانەوەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم وجەوهەری کۆمەڵگای رۆژئاوایە، دەست پێ ناکات. هۆکاری گەڕانەوە وبایەخدان بۆ پێکەوە گونجان لە چـەرخی نیگەرانییـەکان وگونجـانی جـەماوەریدا بـە باشـی دەرك دەکرێـت، بـەڵام ئـەم گەڕانەوەیـە نابێتـە هـۆی پێشـکەوتنی تیـوری دەروونشیکاری، بەڵکو لە پاشکەوتنیدا کاریگەرە. لـە ڕاستیدا پێکەوە گونجان وسازگاری، جۆش‌وخرۆش وجموجۆڵی کە ماوەیەك هۆکاری کاریگەری کەلتووری هەنوکەیی بوو، بێ کاریگەر کردوە.

دەبێ ئـەم پرسـیارە بخرێتـە ڕوو، ئەگـەر شـرۆڤەکەی مـن ڕاستە، بۆچـی ڕێبـەرانی بزوتنـەوەی دەروونشـیکاری، دەروونناسەکانی"خۆ"یان لە خۆ دوور نەخستوەتەوە؟ کوت ومت ئەو کارەی کە گەڵ پێداچوونەوەخوازەکاندا ئەنجامیاندا. و بە پێچەوانەوە دەروونناسـی "خـۆ" بـوو بـە قوتابخانەیـەك لـە نێـو بزوتنـەوەی دەروونشـیکاریدا، ئـەم ڕاستییە ، بـە هەڵبـژاردنی هارتمـەن بـۆ پۆسـتی سـەرۆکی " یـەکیتی ناونەتـەوەیی" لـە سـاڵی ١٩٥١دا بـە شـێوەیەکی هێمایی قەبووڵ کرا.

وڵامـی ئـەم پرسـیارە دوولایەنەیـە. لـە لایەکـەوە دەروونناسـەکانی "خـۆ" دەیانەویسـت ڕاستی خۆیان بە پشت بەستن بە بڕوانامەکانی

---

[1]. Psychology Of Adaptation

خۆیان بە ناوی " فرۆیدیستە راستەقینەكان" بسەلمێنن. لە لایەكی ترەوە وا دەهاتە بەرچاو كە ئەوان خواستە گشتییەكانی دەروونشیكاری رەسمییان سەبارەت بە گونجان وشایستەیی رێزلێنان دابین كردبوو. زانیاری و تواناكاری دەروونناسەكانی "خۆ" بە ڕواڵەت بەرەكەت وخێرێكی گەورە بوو بۆ ئەو بزوتنەوەیە كە هۆكاری هەبوونی خۆی لە دەستدابوو، بەرفراوانبوونی سودبەخشی" دەروونناسی ناخی ' لە بیركردبوو وبە دوای ناساندنی تیوریكدا دەگەڕا. دەروونناسی "خۆ" وڵامێكی هەرەباش بوو بۆ قەیرانی دەروونشیكاری. ئەم هیوایە بۆ ئەمە بوو كە هیوای پێداچوونەوەی ڕادیكاڵ و سودبەخش كە دەبێتە هۆی گێڕانەوەی توانا سەرەكییەكانی دەروونشیكاری بە لاوە نرابوو.

دیسان هەندێك شتی نائاسایی سەبارەت بە قبووڵی دەروونناسی "خۆ" لە لایەن زۆربەی "ئەرزەدۆكسەكانەوە" بوونی هەیە. " ناخت" یەكێك لە دەروونشیكارە لێهاتووەكانی ئەرزەدۆكس، ڕەخنەیەكی لە دەروونناسی گرتووەكە لە ڕەخنەكانی من دەچێت. ئەو لە سەمپۆزیۆمێكدا سەبارەت بە"كاریگەری بەرانبەر لە كامڵ بوونی خۆ وناخدا" دەڵێ :" هەوڵدان بۆ بەرز كردنەوەی دەروونشیكاری بۆ ئاستی دەروونناسی گشتی... بەو شێوەیە كە هارتمەن، سۆسور و كەسانی دیكە مەبەستیان بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەنگاوێكە بەرەو دواوە، ئەگەر ئامانجەكەی شێواز ناسی بێت". هەرچەندە كە من لە گەلێك بواردا دژی

ناختم[١]، بەلاّم لەم بارەیەدا كە قوتابخانەی دەروونناسی لە جەوهەری دەروونشیكاری پاشەكشەی كردوە هاوڕام.

سەرەڕای هەندێك ئاماژەی نارەحەتكەر، دەروونشیكاری لە حاڵەتی لە ناو چووندا نییە. بەلاّم دەتوانین چاوەڕوانی مردنی بین، مەگەر ئاراستەكەی گۆڕانی بە سەردا بێت. مەبەست لە " قەیرانی دەروونشیكاری"ئەمەیە. وەك هەر قەیرانێكی دیكە لەم بارەیەوە دوو لایەن بوونی هەیە: لە ناو چوونی وردەوردەیی یان نوێ كردنەوەیەكی داهێنەرانە. بە شێوەیەكی روو لە زیاد بوون ئاشكرا دەبێت كە قەیرانی هەنووكەیی مرۆڤایەتی پرسێكە كە پێویستی بە تێگەیشتن وچارەسەری وئاگاهی قووڵ لە پەرچەكرداری مرۆڤ هەیە ودەروونشیكاری دەتوانێت لەم بارەیەدا ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت. دیسان ئەگەر كەسێك بە ڕاستی حەزی لە توێژینەوە بێت، دەروونشیكاری گۆڕەپانێكی گونجاوە كە لە زیندەوەرناسی وفیزیا كەمتر نییە. بە تایبەت بۆ ئەوانەی كە دەتوانن توانایی كاریگەری وبیركردنەوەی ڕەخنەگرانە لە گەڵ تواناكاری وردبینی پرۆسە دەروونییەكان تێكەلاّو بكەن.

دەرئەنجام، نوێ كردنەوەی داهێنەرانەی دەروونشیكاری كاتێك ئەنجامدەدرێت كە بە سەر گونجانی پوزوتیڤیستی خۆدا زاڵ ببێت ودوبارە وەك تیورییەكی ڕەخنەگرانە وڕۆحێكی هۆمانیستی ڕادیكاڵ

---

[١] لە قسەكانی ناخت لە سەمپۆزیۆمی "كاریگەرییە بەرامبەرەكان لە كامڵ بوونی خۆ وناخدا " لە كونگرەی ١٧ یەكیەتی ناو نەتەوەیی دەروونشیكاری كە لە ١٩٥١/٨/٨ لە ئامستردام ، هۆڵەندا بەرێوە چوو.

دەرکەوێتەوە. ئەم دەروونشیکارییە چاوپێداخشێندراوە وچاك بووە تا قوڵایی نەست دزەی کردوە ولە تێکڕای داب ونەریتە کۆمەلایەتییەکان کە مرۆڤیان گەمارۆ داوە ولە شێوەی خۆی دوریان خستوەتەوە، ڕەخنە دەگرێت. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم دەروونشیکارییە ئەو پرۆسانەیە کە دەتوانن پێداویستییەکانی مرۆڤ لە گەڵ کۆمەڵگادا بگونجێنن، نەك ئەوەی مرۆڤ وەك کۆمەڵگا لێبکەن. بە تایبەت کە دەروونشیکارییەکی وەها ، دیاردە دەروونناسانەکان کە نەخۆشینەکانی کۆمەڵگای ئەم چەرخەیە، وەك : لە خۆ بێگانەیی، نیگەرانی، تەنیایی، ترس لە هەستی قووڵ، نەبوونی چالاکی ونەبوونی شادی لێك دەداتەوە. ئەم نەخۆشینانە لە دەرئەنجامی سەرکوتکردنی ئارەزۆ جنسییەکانی سەردەمی فرۆیددا رۆلێکی گرنگیان هەبووە، و تیوری دەروونشیکاری دەبێ بە شێوەیەك دابرێژرێت کە لە لایەنە ناوشیارەکانی نەخۆشینە باسکراوەکان وهەل‌ومەرجی چارەسەر کردنیان، لە کۆمەڵگا وبنەماڵەدا، کە سەرچاوەی ئەو نەخۆشینانەن تێبگات.

بە تایبەت دەروونشیکاری لە سەر "زیان ناسی ئاسایی" و سکیزۆفرنیای درێژخایەن وسوك کە بەرهەمی کۆمەڵگای سیبرنتیك وتەکنۆلۆژیکی هەنووکە وداهاتووە ، لێکۆڵینەوە دەکات.

2-مرۆڤی مودێلی فرۆیدو یاسا وڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی

بۆتێگەیشتن لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی بۆچوونەکانی فرۆید سەرەتا دەبێ سرنج بدەین کە ئەو ڕەخنەگەرێکی لیبراڵی کۆمەڵگای بورژوازی بوو ولەم ڕوانگەیەوە تێکڕای ریفۆرم خوازە لیبراڵەکان ڕەخنەگر بوون. فرۆید دەیبینی کۆمەڵگا هەندێك شتی ناپێویست بە سەر مرۆڤدا دە سەپێنێت، کە بە پێچەوانەوەی چاوەڕوانییەوە دەرئەنجامی خراپتری لێدەکەوێتەوە . ئەو دەیبینی کە ئەو دژوارییە ناپێویستە، کە لە بواری ئاکاری جنسیدا بوونی هەبوو، خەمۆکی دەروونی لێدەکەوێتەوە کە لە گەلێك نمونەدا بە لێك بوردن دەتوانێ دوری بخەیتەوە (واتە بە لێك بوردن ڕێگە نەدەێت کە خەمۆکی دەروونی دروست ببێت) دەستە واژە سیاسی وپەروەردەییەکان هاوتەریبن. بەڵام فرۆید قەت ڕەخنەی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری نەگرتوەو قەت بنەمای کۆمەڵایەتی - ئابووری ئەم سیستەمەی نەخستوەتە ژێر پرسیارەوە، ولە ئایدولۆژییەکانی ڕەخنەی نە گرتووە - لەو نمونانەی کە پەیوەندی بە ئارەزۆ جنسیەکانەوە هەبووە.

سەبارەت بە تێگەیشتنی فرۆید لە مرۆڤ ، دەبێ بە بیری بهێنینەوە ئەو، کە شەیدای هۆمانیزمی ڕووناك گەریبوو، بە هەمان گۆشە نیگاوە

سەیری بوونی مرۆڤی دەکرد، – مرۆڤێکی تەواو، نە ئەو مرۆڤەی کە لەکەلتوورەکاندا دەبینرێت، مرۆڤێك شایستەی تێکڕای بەها گشتی وئەزموونییەکان. فرۆیدیش وەك سپینوزا "مودێلی سروشتی مرۆیی" دروست کرد کە نەتەنها لە سەر بنەمای خەمۆکی دەروونی، بەڵکو لایەنە بنەڕەتییەکان، دەرفەت وپێویستەکانی مرۆڤ تێدا دیارو بەرچاو بوون.

مودێلی فرۆید چییە؟

فرۆید وەك سیستەمێکی داخراو سەیری مرۆڤی دەکرد کە بە دوهێز بەرەوپێش دەڕوات: خواستی پاراستنی زات وخواستی جنسی. بنەڕەتی خواستی جنسی لە نێو پرۆسە کیمیایی – فیزیولۆژیکیەکاندایە و بە شێوازێکی قۆناغ بە قۆناغ دەجولێنەوە. قۆناغی یەکەم "گرژی"[1] زیاد دەکات وقوناغی دوهەم گرژی کەم دەکاتەوە دەرئەنجام حاڵەتێك درووست دەکات کە بە شێوەیەکی زەینی لێکدانەوەیەکی هەستی "چێژە". لە لایەکەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی تەنیا وگۆشەگیرە[2] یەکەمین خواست وحەزی ئەوە دامرکاندنی گونجاوی "خۆ" وپێویستیە لیبیدوییەکانیە[3]. مرۆڤی فرۆید (ڕۆبۆتە[4]) کە بە وروژێنەری دەروونی دەکەوێتە جموجوڵ. لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ

---

(1) – گرژی کە وەرگێڕانی Tension ە. لە دەروونناسیدا بە واتای ئامادە بوونە بۆ ئەنجامی کارێك ودابەزینی ئەم ئامادییە دوای ئەنجامی کارەکە دێت. بە دەربڕینێکیتر گرژی بریتیە لە دەرکەوتنی حاڵەتی نا هاوسەنگی لە ئورگانیزمدا وناچار کردنی بە ئەنجامدانی کارێك کە دوبارە هاوسەنگی لێدەکەوێتەوە. و.

(2)- Isolated

(3) – Libido لیبیدۆ بریتیە لە هێزی سەرەکی وژیانی بونەوەرانی زیندو کە لە ڕێگەی غەریزە جنسییەکانەوە دەر دەکەوێت وفرۆید بەناوی غەریزەی ژیان ناوی دەبات. و.

(4) .Homme machine

بوونــەوەرێکی کۆمەڵایەتیشــە. چــوونکە بــە مەبەســتی دامرکانــدنی خواستەکانی لیبیدۆ وپاراستنی زات پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە. منــداڵ پێویســتی بــە دایکــە(لێــرەدا لــە ڕوانگــەی فرۆیــدەوە خواســتە لیبیدۆییــەکان بــە دوای پێویســتییە دەروونییەکانــدا دەڕۆن) وکەســانی پێگەیشــتو پێویســتیان بــە ڕەگــەزی بەرامبــەری خۆیــان هەیــە. هەنــدێك هەستی وەك میهرەبانی وخۆشەویستی ئەو دیاردانەن کە لە خواستە لیبیدۆییەکانــەوە سەرچــاوە دەگــرن. خــەڵك بــۆ دامرکانــدنی خواســتە دەروونییەکانی خۆیان پێویستیان بە یەکدی هەیە. مرۆڤ لە بنەڕەتدا گرێــدراوی کەســانی دیکــە نییــە، پەیوەنــدی لــە گــەڵ هاوڕەگــەزەکان بارودۆخێکی دوهەمینە کە مرۆڤ بە ناچاری قبووڵی دەکات.

"مرۆڤــی جنســی"[1] ڕوویــەکی دیکــەی "مرۆڤــی ئــابووری"[2] کلاسیکە، واتــە ئــەو مرۆڤێکــی گۆشــەگیر وتەنهایــە کــە پێویســتەکانی خۆی دابین دەکات ، دەبێ لە گەڵ کەسانی دیکەدا پەیوەندی گرێ بدات تا لە بەرامبەردا پێویستییەکانی یەکدی دابین بکەن. مرۆڤی ئابووری خاوەن پێداویستی ئابوورییە کە دابینکردنی ئەوانە بە گۆڕینەوەی شت ومــەك لــە بــازاڕدا مــومکین دەبێــت. پێداویســتییەکانی مرۆڤــی جنســی فیزیۆلۆژیکی ولیبیدۆییــە، کــە بــە شێوەیەکی ئاسایی بە پەیوەنــدی لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دادەمرکێت. لــە هــەر دوو جۆرەکــەدا، مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا لــە یەکدی بێگانــە دەمێنێنــەوە، وپەیوەندییەکــەیان لــە گــەڵ یەکــدی تــەنها بــۆ ئامــانج وخواســتێکی هاوبــەش دروســت بــووە. ئــەم پێناســە کۆمەڵایەتییــە لــە تیــوری فرۆیــد بــە ڕۆحــی ئــابووری بــازاڕەوە،

[1]. Home Sexualie

[2]. Homo E conmicus

هۆکاری هەڵەبوونی تیورییەکە نییە، بەڵکو وەك پێناسەی پەیوەندی خەڵك لە کۆمەڵگای بورژوازیدا سەبارەت بە زۆربەی خەڵك راستە.

بۆ شرۆڤە کردنێکی گشتی سەبارەت بە پێناسە کۆمەڵایەتییەکانی فرۆید لە غەریزە وخواستەکانی پێویستە خاڵێك زیاد بکرێت. فرۆید قوتابی " فۆن بۆکە " بوو، دەروونناسێك کە یەکێك لە بەناو بانگەکانی ماتریالیزمی میکانیستیکی تایبەت بە ئەڵمانیا بوو. ئەو جۆرە ماتریالیزمە لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە سەرچاوەی تێکڕای دیاردە دەروونییەکان گرێدراوی هەندێك پرۆسەی تایبەتە لە دەروونناسیدا و ئەگەر کەسێك ئەم سەرچاوانە بناسێت دەتوانێت لەو پرۆسانە تێبگات و پێناسەیان بکات.[1] فرۆید لە گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی نەخۆشی دەروونیدا، ناچاربوو سەرەتا زەمینەی دەروونی بۆ خواست وئارەزۆکان بدۆزێتەوە، دۆزینەوەی ئەم زەمینەیە لە پرسە جنسییەکاندا رێگە چارەیەکی خەیاڵی بوو، چوونکە لە هەمان حاڵدا لە گەڵ ناچارییەکانی شێوازی بیرکردنەوەی میکانیکی-ماتریالیستی پەیوەندی پەیدا دەکرد وهەروەها لە گەڵ هەندێك لە دۆزینەوە کلینیکییەکان لە نەخۆشەکانی سەردەم وکۆمەڵگای ئەودا

---

[1] گرێدراوی ریز بەندی کراوی تیوری فرۆید بە فیکری مامۆستاکەی لە لایەن" پیتر ئاماخر لەPsychological Issyes دا هاتووە و" رابرت هالت" تیزی سەرەکی ئەم نوسراوەیەی بەم شێوەیە کورت کردوەتەوە: نهێنی ترین ورەهاترین بەشی تیوری دەروونشیکاری، سەبارەت بەوەی کە پێشنیارەکان درۆینە وشیاوی تاقی کردنەوە نین، یان گریمانەی شاراوەی بیولۆژیکین ویان دەرئەنجامی راستەوخۆی خودی گریمانەکانە، فرۆید لە مامۆستاکانی خۆی لە زانکۆ فێر بووە. ئەمانە بەشی سەرەکی ئامرازە زانستی وفێکرییەکانی ئەوەو ئەو خۆی بە بیولۆژیکی لە قەڵەم دەدات.

هاوئاهـــەنگ بـــوو.ئەگـــەر ئەندێشـــەکانی فرۆیـــد لـــە چوارچـــێوەی فەلسەفەکەیدا نەبوو گاریگەری قووڵی ئەم دۆزینەوانە شاراوەو نهێنـی دەمایـەوە، بـەڵام بـێ گومـان کـە فەلسـەفەکەی هۆکـارێکی دیـاری کـەری گـرنگ بـوو لـە تیـوری وخواسـت وئارەزۆکـانی ئـەودا. ئـەم کـارە ئـەوە دەگەیـەنێت کە تێگەیشـتنی کەسێك کە لـە سـەر بنـەمای فەلسـەفەیەکی دیکە دۆزینەوەکانی فرۆید لێك بداتەوە لایەنێکی شەکاکی(ئەو کەسەی کە لە هەموو شتێك گومان دەکات) لە خۆ دەگرێت. ئەم شەکاك بوونە بە شێوەی سنووردارکراوی تیورییەکانی فرۆیـد، کە بە گوێرەی ئەوە لـە هەنـدێك لـە ئازارەکـانی خـەمۆکی دەروونیـدا هۆکـاری جنسـی رۆڵێکـی دیاری کەری هەیە، پەیوەندییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو سەبارەت بەم لافەیـە کـە تێکـڕای خەمۆکییـەکانی دەروون وتێکـڕای کارەکـانی مـرۆڤ دەرئـــەنجامی نـــاکۆکی نێـــوان خواســـتی پاراســـتنی زات وخواســـتی جنسییە.

دیسـان تیـوری لیبیـدۆی فرۆیـد ڕەنگدانـەوەی پێگـەی کۆمەڵایـەتی ئـەوە لـە واتایـەکی دیکـەدا. ئـەم تیورییـە لـە سـەر بنـەمای چـەمکی کـەم وکـۆڕی دامـەزراوە، واتـە تێکـڕای هەوڵدانـەکانی مـرۆڤ بـۆ بـە دەسـت هێنـانی شـەهوەت لـە پێویسـتی ئـەو بـۆ ڕزگـاری لـە گـرژی وناکۆکییـە ناخۆشـەکان سەرچـاوە دەگرێـت، نـەك ئـەوەی شـەهوەت دیاردەیـەکی فـراوان بێـت کـە ئامانجەکـەی تونـدی وقووڵبوونـەوەی زیـاتر بێـت لـە ئەزموونەکانی مرۆڤدا. ئەم بنەچەی کەم‌وکۆڕییە تایبەتمەندی شێوازی

بیرکردنەوەی چینی ناوەڕاستە کە کەسانێك وەك ماڵتوس[1]، بنیامین فرانکلین وتاکیکی مامناوەندی سەدەی ١٩ بە بیر دەهێنێتەوە. گەلێك لێکدانەوە سەبارەت بە بنەچەی کەم وکوڕی وبالاّ بوونی کۆکردنەوە بوونی هەیە، بەلاّم ناوەڕۆکی بابەتەکە ئەمەیە کە ڕێژە وچەندایەتی شت ومەکەکان دەبێ سنووردار بێت. لەم ڕووەوە دامرکاندنی یەکسان بۆ هەمووان مومکین نییە، چوونکە زیاد بوونی ڕاستەقینە مومکین نییە، لە سنووورداربوونێکی وەهادا، کەم وکوڕی، بۆ چالاکی مرۆڤ پاڵنەرێکی گرنگ لە قەڵەم دەدرێت.

تیوری پاڵنەرەکانی فرۆید، سەرەڕای هۆکارە کۆمەلاّیەتییەکەی، وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر تیوری لیبیدۆش بە هەمان شێوە کە خراوەتە ڕوو، دروست نەبێت، دیسان دەتوانین بڵێن کە وەسفکردنی سەمبولیکی دیاردەیەکی گشتییە، واتە هەڵس وکەوتی مرۆڤ لەو هێزانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر چەند ناوشیارانەن بەلاّم مرۆڤ دەوروژێنن، دەیخەنە جم وجۆڵ و ناچاری دەکەن دژایەتی بکات. سروشتی تا ڕادەیەك بێ دەنگی مرۆڤ، فریودەرە. هۆکاری بوونی ئەم سروشتە سیستەمی ئەو هێزانەیە کە خۆیان نەگۆڕن وتا هەل ومەرجێك کە ئەم هێزانە دروست دەکات، نەگۆڕێت، سروشتی بێ جم وجۆڵی مرۆڤیش بێ گۆڕان دەمێنێتەوە. بەلاّم بۆ ئەوەی ئەم هەل ومەرجە، کۆمەلاّیەتی یان تایبەتی، بگۆڕدرێت

---

[1] Malthus دامەزرێنەری تیوری زیادبوونی جەماوەر بە شێوەی بەرز بوونەوەی هێندسی وزیاد بوونی مادەی خۆراکی بە شێوەی بەرزبوونەوەی ژمارەیی.

سیستەمی هێزەکان سەقامگیری خۆیان لە دەست دەدەن ومۆدێلی هەڵس و کەوتی بە رواڵەت بێ جم وجوڵیش هاوکات گۆڕانی بە سەرداندێت.

فرۆید بە وەسفکردنی دینامیکی خۆی لە کارەکتەر[1]، دەروونناسی هەڵسوکەوتی لە ئاستی بەیانێکی سادە بۆ ئاستێکی زانستی بەرز کردوەتەوە ودەرونناسی گەیاندە شوێنێك کە درام نوس وچیرۆك نوسە گەورەکان هونەریان گەیاندوەتە ئەو شوێنە. فرۆید مرۆڤی وەك پاڵەوانێکی درامی خستە روو کە ئەگەریش خاوەن تواناکارییەکی مامناوەندیش بێت دیسانیش پاڵەوانە، چوونکە لە پێناوی واتا بەخشین بە لە دایك بوونەکەی خەبات وململانێ دەکات. درامی فرۆید، گریی ئودیپ[2]، ڕەنگە بە تەواوەتی وەرگێڕدراوی بێ زەرەری بورژوازی لەو هێزانە بێت کە لە سێ کوچکەی دایك -باوك- کوڕ باڵاترە و گریی ئودیپ نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام فرۆید چۆنییەتییەکی دراماتیکی ئەفسانەیی بەم سێ کوچکەیە بەخشیوە.

تیوری پاڵنەرەکان تا ساڵی ١٩٢٠، کە قۆناغێکی تازە لە فیکرەکانی فرۆید دەستی پێکرد وبووە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی

---

[1] .Charater

[2] گریی ئودیپ بریتییەلە، حەز وخواستی شەهوەتی وسەرکوتکراوی کوڕ سەبارەت بە دایك. ئودیپ پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بە ناو بانگە. بە گوێرەی ئەم ئەفسانەیە ئودیپ کوڕی لایوس پادشای تەبەس بوو. یەکێك لە فاڵگیرەکان چارەنووسی ئەو پێشبینی دەکات کە ئەو باوکی خۆی کوشتوە و لە گەڵ دایکی زەواجی کردوە . باوکی لە بیابان بەرەڵای دەکات. شوانەکان منداڵەکە دەدۆزنەوە ولە مردن رزگاری دەکەن ودواتر دەیبەن بۆ لای پادشای کورنت.

لە بۆچوونەکانی ئەولە سەر مرۆڤ، بە سەر ئەندێشەی سیستەماتیکی ئەودا زاڵ بوو. لەوە بە دواوە لە باتی ناکۆکی نێوان "خۆ" وپاڵنەرە لیبیدۆییەکان، ناکۆکی نێوان غەریزەی ژیان وغەریزەی مەرگ هاتە ئاراوە. غەریزەی ژیان کە خۆ وپاڵنەرە جنسییەکانی لە خۆ دەگرێت رووبەرووی غەریزەی مەرگ، کە سەرچاوەی وێرانگەری مرۆڤ لە قەڵەم دەدرا ، بەرەو خودی کەسەکە یان بەرەو جیهانی دەرەوە نیشانە دەگیرا، بۆیە ئەم پاڵنەرە بنەڕەتییە تازانە لە چەند لایەنەوە لە گەڵ پاڵنەر وئارەزۆ کۆنەکاندا جیاواز بوو. یەکەم ئەوەی کە ئەوانە لە شوێنێکی تازەی ئورگانیزمدا جێگرنابن، و لیبیدۆ لە هەرێمی وروژێنەرە جنسییەکاندایە. دیسان پاڵنەرە تازەکان پێوانەکانی میکانیزمی ئیدرولیك جێبەجێ ناکەن: گرژی روو لە زیاد بوون نارەزایەتی وەستان رازی بوون گرژیتازەو...، بەڵکوخۆی بەشێکی جیاوەنەبووی بوونەوەری گیانلەبەرە و بە بێ هیچ وروژاندنێکی تایبەت کار دەکات، بەڵام هێزە وروژێنەرەکانیان لەو غەریزانەی کە بە شێوەی ئیدرولیك کار دەکەن لاوازتر نییە. هەر وەها غەریزەی ژیان لە بنەمای پاوانخوازانەوە گەڕانەوە بۆ بارودۆخی سەرەتا، کە فرۆید بۆ هەر غەریزەیەك دایدەنا، جێ بە جێ ناکات. غەریزەی ژیان خوازیاری یەکبوونە، بەڵام خواستی مەرگ پێچەوانەیە وبەرەو وێرانگەری وجیابوونەوە دەڕوات. هەر دوو پاڵنەرە هەمیشە لە ناخی مرۆڤدا کار دەکەن، ئەوانە پێکەوە شەڕ دەکەنو تێکەڵ بە یەك بن، تا لە کۆتایدا غەریزەی مەرگ دەیسەلمێنیت کە بەهێزترە وسەرکەوتنی کۆتایی، کە ، لە ناوبردنی داهاتوویە، ئەو دەستەبەری دەکات. ئەم چەمکە تازەیە لە

وروژێنەرەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی بیرکردنەوەی فرۆید نیشان دەدات و ئێمە دەتوانین ئەم گۆڕانکارییانە گرێبدەن بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکانەوە.

چەمکی تازەی پاڵنەرەکان لە مودێلی بیرکردنەوەی ماتریالیست - مکانیستیك پەیرەوی ناکات، بەڵکو رەنگە بتوانین وەك چەمکێکی بیولۆژیکی لە جموجوڵ و گۆڕانکاری بۆچوونی گشتی لە ئەندێشە بیولۆژیکی ئەو سەردەمە چاوی لێبکەین. بابەتی گرنگتر تێگەیشتنی تازەی فرویدە لە رۆڵی وێرانگەری مرۆڤ . ئەو لە تیوری یەکەمی خۆیدا باسی توندوتیژی کردوەوبە هۆکارێکی گرنگی لەقەڵەم داوە کە فەرمانەکانی وروژێنەر و پاڵنەرە لیبیدۆییەکان وپاراستنی زات جێبەجێ دەکات. لە تیوری تازەی وێرانگەری‌دا رکەبەری پاڵنەری لیبیدۆیی و"خۆ" یە کە لە کۆتایی‌دا بە سەریاندا سەر دەکەوێت. مرۆڤ ناتوانی خواستی وێرانگەری لە خۆی دوربخاتەوە، چونکە خواستی وێرانگەری لە ئورگانی بیولۆژیکی ئەودایە. هەرچەند دەتوانێت تا رادەیەك ئەو خواستە کەم بکاتەوە، بەڵام قەت ناتوانێ هێزەکەی لە ناو بەرێت، هەروەها دەتوانین غەریزەی توندوتیژی تەنها بەرەوخومان یان بەرەو جیهانی دەرەوە ئاراستەی بکەین. مرۆڤ لەم هەل‌ومەرجە کارەسات بارە رزگار نابێت. گەلێك هۆکار بۆئەم گریمانە بوونی هەیە کە رازیمان دەکات بۆچوونەکانی فرۆید لە وێرانگەری ئەزمونەکانی شەڕی جیهانی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت. کوڵەکەکانی خۆشبینی لیبراڵی کە یەکەمین قۆناغی ژیانی فرۆید لە خۆدەگرێت، لە لایەن ئەم شەڕەوە توشی هەژاران هات. تا ساڵی ١٩١٤ خەڵکی چینی ناوەڕاست لەو

باوەڕەدا بوون کە دونیابە خێرایی بەرەو ئاشتی وئاسایش هەنگاو دەنێت. وردەوردە وا دیار بوو کە تاریکی چاخەکانی ناوەڕاست بەرەو کۆتایی دەڕوات، بە شێوەیەك کە دوای چەند هەنگاوێکی دیکە جیهان – یان لانی کەم ئەوروپا _ رووناك دەبێتەوە.

بورژواکانی ئەو"سەردەمە زێرینە" لە بیریان چووبوو کە وێنەی وەها لە جیهان لە نێو زۆربەی کرێکاران وجوتیارەکانی ئەوروپادا راست نەبوو و بارودۆخی خەڵکی ئەفریقا وئاسیاش لەوە خراپتر بوون. شەڕی ١٩١٤ خەیاڵەکانی فرۆیدی سەراوبن کرد، بەتایبەت درێژە کێشانی شەڕوکارە نامرۆڤایەتییانەکانی نێو شەڕبە تەواوەتی ئازاری دەدا. ئەو کە لە کاتی شەڕدا بڕوای بە مافداربوون وسەرکەوتنی ئاڵمانیا هەبوو زیاتر لە خەڵکی ئاسایی تووشی شۆك بوو. ورەنگە هەستی بەوە کردبێت کە هیوا وئەندێشە رووناك کەرەوەکانی جگە لە خەیاڵ هیچی تر نەبوون، وگەیشتە ئەو ئەنجامە کە مرۆڤ لە سروشتدا وێرانگەر خولقاوە، دیسان بۆئەوەی فرۆید کەسێکی ریفۆرم خوازبوو لەم رووەوە شۆکی شەڕلە سەر ئەو زیاترو بەهێزتربوو. وبۆ ئەوەی ڕەخنەگری رادیکاڵ وشۆڕشگەری کۆمەڵگا نەبوو، لەم رووەوە نەیدەتوانی هیوای بە گۆڕانکاری بنەڕەتی کۆمەڵگاهەبێت: ناچاربوو، لە سروشتی مرۆڤدا لە هۆکارەکانی ئەم کارە ساتە بگەرێت[1].

---

[1] . فرۆید ئەم رەشبینیە تازەی خۆیەی بە شێوەکی زۆر کورت لە کتێبی"شارستانی وناخۆشیەکانی " دەربڕیوە ومرۆڤ وەك بوونەوەرێکی تەمبەڵ لە قەڵەم دەدات کە پێویستیان بە سەرۆکی بەهێز هەیە.

لــە ڕوانگــەی مێژوویــیەوە، فرۆیــد لــە ســنوری گۆڕانكارییــەكی ڕادیكـاڵی هەڵس‌وكـەوتی كۆمەڵایەتیـدا بـوو. ئـەو لـەو لایەنـەوە كـە لـە سـەدەی ١٩دا دەژیـا بیرمەنـدێكی گەشـبین وروونـاكبیر بـوو، بـەلام لـەو ڕوانگەوەوە كە لە سەدەی ٢٠دا دەژیا كەسێكی ڕەشبین لە قەڵەم دەدرا كە نوێنـەری بێ هیـوای كۆمەڵگایـەك بـوو كـە گیرۆدەی گۆڕانكارییەكی خێراوچـاوەڕوان نـەكراوببوو. ڕەنگـە ئـەم ڕەش بینیـە بـە نەخۆشـینە بەهێزومەترسیدارەكەی بـەهێزتربوبێت، ئـەو نەخۆشـینەی كـە تـا ڕۆژی مـردن بـە دلێـری وتواناكارییـەوە تەحـەمولی كـرد، ڕەنگـە هەڵگـەڕانـەوەی هەندێك لە شوێن كەوتوە بە تواناكانی، وەك ئادلر، یونگ و ڕانـك – بـوە هـۆی تونـد بوونـەوەی ئـەم ڕەش بینییـە، بـە هـەر حـاڵ فرۆیـد نـەیتوانی گەش بینی لە دەست چووی خۆی بە دەست بهێنێتـەوە. بـەلام ڕەنگـە لـە لایەكی ترەوە ئـەو نـە دەیەویسـت ونەدەیتوانی بـە تـەواوەتی پەیوەنـدی خـۆی لــە گــەڵ ئەندێشــەكانی ڕابــردووی بپچــڕێنێت. ڕەنگــە هەربــەم بۆنەیـەوە بێـت كـە قـەت نـەیتوانی ناكۆكی نێوان چـەمكی تـازە وكـۆنی مرۆڤ چارەسەر بكات، لیبیـدۆی ڕابردو بـە غـەریزەی ژیـان وتوندوتیژی ڕابردو بە غەریزەی مەرگ لێك درایەوە. بەلام بەداخەوە ئاشكرایە كە ئەم لێكدانەوەیە تەنها كۆكردنەوەیەكی تیوریك بوو.[1]

لە مرۆڤی مودێلی فرۆیـددا لـە سـەر دیالیكتیكی عـەقڵ گـەری[2]دژە عــەقلی[3] پێداگرییــەكی زۆر دەكرێــت .تازەبوون‌وگــەورە بــوونی

---

[1] لە كتێبی " دڵی مرۆڤدا" هەوڵمداوە غەریزەی مەرگی فرۆید بە تیوری لیبیدۆی ئانال(بە پاش) پەیوەند بدەم. و لە كتێبی هۆكارەكانی وێرانگەری مرۆڤ پەیوەندی نێوان ئارەزۆ جنسییەكان وغەریزەی ژیان لە سیستەمی فرۆیددا‌ێك بدەمەوە.

[2]. Ratlanality

[3]. Irrationlity

ئەندێشەکانی فرۆید لەم خاڵەدایە. فرۆید جێگری بیرمەندانی سەردەمی رووناك گەری عەقڵ گەرایی بووو بڕوای بە هێزی عەقڵ وهێزی ئیرادەی مرۆڤ هەبوو. بەڵام دواتر عەقڵگەری سادەو بێگەردی خۆی رووبەروی ناکۆکی زاتی ئەو دوبنەمایە کردەوە ولە لایەنی دیالیکتیکەوە سەنتیزێکی تازەی پەیدا کرد. لەم سەتیزەدا ئەندێشەی رووناك گەری عەقڵ گەر و شەکاکی(گومانگەر) سەدەی ٢٠ لە لێك دانەوەی ئەو سەبارەت بە نەست ئاماژەی پێکراوە. ئەگەر تێکرای راستیەکان، راستەقینە بوون، مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵ گەرا لە قەڵەم دەدرا. چوونکە فیکری عەقڵ گەرای ئەو لە لۆژیك پەیرەوی دەکرد. بەڵام بەشێکی گەورەی ئەوئەزموونەی لە ناخدا کەڵەکە دەبێت ناوشیارانەیە، لەم روەوە لە رێگەی لۆژیك، عەقڵوئیرادەوە کۆنترۆڵ ناکرێت. دژە عەقڵی مرۆڤ بەسەر نەستدا زاڵەوعەقڵگەرایی لە سەرهەست. دیسان نەست رێبەری هەستە (وئەمە بابەتێکی سەلمێندراوە) لەم ڕوەوە رێبەرایەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤیش دەکات. ئەم تیورییەی کە مرۆڤ لە رێگەی نەستەوە بە رێوەدەچێت، فرۆید بە بێ ئەوە بزانێت تێزێك دوپات دەکاتەوە کە پێشتر سپینوزا بەیانی کردوە ، بەم جیاوازییە کە سپینوزا وەك لاوەکی سەیری دەکات بەڵام فرۆید وەك سەرەکی.

فرۆید ئەم ناکۆکییەی بە شێوەیەکی نادینامیك کە زاڵ بوون بۆ لایەنێك بێت چارەسەر نەکرد. ئەگەر تاکی وەك سەرکەوتوو و زاڵ رادەگەیاند، وەك فەیلەسوفێکی چەرخی عەقڵ لە قەڵەم دەدرا و ئەگەر رۆڵی سەرکەوتوو و زاڵی بە دژە عەقڵی دەدا، وەك گەلێك لە بیرمەندەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەبووە پاوانخوازێکی رۆمانتیك.

هەرچەند کە هێزە دژەعەقڵەکان وروژێنەری مرۆڤن- لیبیدۆ وبە تایبەت "خۆ" لە قۆناغی گۆڕانکاری سەردەمی بەر لە پێگەیشتن- بەڵام عەقڵ وئیرادەی مرۆڤیش لاواز نییە. هێزی عەقڵ لەمەدایە کە مرۆڤ لە دژە عەقڵ بوونی خۆی ئاگادار دەکاتەوە. فرۆید" زانستی دژە عەقڵ بوونی مرۆڤی"(**تیوری دەروونشیکاری**) دامەزاند. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە پرۆسەی شرۆڤە کردندا دەتوانێ ناوشیاری خۆی بکاتە وشیاری، کەواتە دەتوانێ خۆی لە بن دەسەڵاتی هەوڵدانە نا وشیارەکان ڕزگار بکات ولە باتی سەرکوتکردن، نکۆڵیان لێ بکات، واتە هێزەکان لاواز بکات بیخاتە بن کونتڕۆڵی ئیرادەی عەقڵەوە. فرۆید ئەم کارە بە گونجاو دەزانێ، چوونکە کەسێکی پێگەیشتو خاوەن "خۆ" یەکی بە هێزترە لە منداڵ وەك هاوڕێ وهاوپەیمان. دەروونشیکاری چارەسەری فرۆیدلە سەر ئەم هیوایە دامەزراوەکە دەتوانێ بە سەر توندوتیژییە ناوشیارەکاندا، کە بۆ ئەوەی لە تاریکیدا کار دەکەن لەم رووەوە لە دەرەوەی کۆنتڕۆڵی مرۆڤن، سەرکەوێت و یاخود لانی کەم سنووردایان بکاتەوە. لە لایەنی مێژوییەوە دەتوانین تیوری فرۆید بە سەنتێزی عەقڵ گەرایی رۆمانتیزم لە قەڵەم بدەین. هێزی داهێنەری ئەم سەنتێزە یەکێك لە لایەنەکانی دزە وزاڵ بوونی ئەندێشەی فرۆیدە لە سەدەی بیستەمدا، نەك دۆزینەوەی شێوازی چارەسەری نوێ بۆ خەمۆکی دەروونی ویا خود بەرگری کردنی لە ئارەزۆ جنسییە سەرکوتکراوەکان. بە گوێرەی بەڵگەکانی بەردەستمان گرنگترین هۆکاری کاریگەری فرۆید لە کەلتووردا ئەم سەنتێزەیە کە بەرهەمەکەی هەڵگەڕانەوەی ئادلر ویونگ لە ئەو بوو. ئەو دوو کەسە سەنتێزەکەی فرۆیدیان رەد کردەوە وبوونە

دوو دژبەری سەرەکی ئەو. ئادلر لەو بڕوایەدا بوو کە نەبوونی توانای زاتی مەرجی هێزە وبە تێگەیشتنی وشیارانە لە بارودۆخەکە، مرۆڤ دەتوانێ خۆی رزگار بکات وکارەساتێکی گەورە لە ناو بەرێت.

لە لایەکی ترەوە یونگ کەسێکی رۆمانتیك بوو کە تێکڕای هێزی لە نەستدا دەدیت. ئەو لە فرۆید زیاتر بڕوای بە سەمبول وئەفسانە ومەعنەویەت هەبوو، بەڵام تیۆرییەکەی فرۆید بە تیۆری سکسی سنووردار دەبووەوە. ئامانجەکانی ئەم دوو بیرمەندە دژ بە یەك بوون، فرۆید هەوڵی دەدا لە نەست تێبگات تا لاواز وکونترۆڵی بکات، بەڵام یونگ لەو ناخە وروژاندنێکی زیاتری دەویست. سرنج دانیان بە نەست بوە هۆی ئەوەی ماوەیەك ببنە هاوپەیمان، بە بێ ئەوەی بزانن بە دوو ئاراستەی جیاوازدا هەنگاو دەنێن. لەو ڕێگایەدا کە گرتبویانە بەر راوەستان تا سەبارەت بە نەست قسە بکەن، بە هەڵە وایاندەزانی کە ئاراستە وئامانجەکانیان وەك یەکە.

تێگەیشتنی فرۆید لە هەربوونایەتی روونا کبیری[1](الحتمية الثقافية) ونەمانی هەربوونیەتی[2](انعدام الحتمية) و ئیرادە پەیوەندییەکی نزیکی لە گەڵ سەنتێزی عەقڵ گەری ودژە عەقڵی ئەودا هەیە. فرۆید خۆی کەسێکی هەربوونگەرا بوو و لەو بڕوایەدا بوو کە مرۆڤ ئازاد نییە، چوونکە گیرۆدەی نەست وزات ومنی بالایە. بەڵام –ئەم (بەلامە) بۆ فرۆید گرنگییەکی لە ڕادە بە دەری هەیە– مرۆڤ بە تەواوەتی دیل

---

[1] . Determinism

[2] . Indeterminism

وبەندكراویش نییە. وبە یارمەتی شێوازی شی كردنەوەیە دەتوانێ نەست كونترۆڵ بكات. فرۆید بەم ڕوانگەیەوە كە لە تیورییەكانی سپینوزا وماركسەوە نزیكە، توانی سەنتێزێكی سودبەخشی دیكە بۆ دوو جەمسەری دژ بە یەك بخاتە روو.

ئایا فرۆید هۆكاری ئاكاری وەك بەشێكی بنەڕەتی مرۆڤی مۆدێلی خۆی لە قەڵەم دەدا؟ وڵامی ئەم پرسیارە نەیە. گەشە وكامڵبوونی مرۆڤ بە تایبەت لە بن كاریگەری قازانجی تایبەتیدایە وقازانجی تایبەتی خوازیاری دامركاندنی تەواو وهەرەباشی خواستە لیبیدۆییەكانە، بەو مەرجەی ئەم ئەنگێزە وخواستانە پاراستنی زات نەخەنە بن مەترسییەوە (بنەچەی راستی). پرسی ئاكار كە لە لایەنی نەریتییەوە هەمان ناكۆكی نێوان " ئەویترخوازی"[1] و" خۆخوازی"[2] یە لەناو چووە. خۆگەرایی تەنها هێزی وروژێنەرە، وجیاوازی تەنها لە شێوەكاندایە: لیبیدۆیی ومادی. مرۆڤی خۆ خوازی فرۆید شوێن كەوتووی فیكرەكانی بورژوازییە– بەڵام ئەم تیورییە كە فرۆید نكوڵی لە ویژدان دەكات وەك توخمێكی لێهاتووی سروشتی مرۆڤی مودێلی خۆی لێدەكات، راست نییە. ئەو دان بە هێزی ویژداندا دەنێت، بەڵام لە پێناسەكردنیدا تێكڕای بەها بابەتییەكانی لێ زەوت دەكات. بە گوێرەی پێناسەكەی ئەو ویژدان هەمان" منی باڵایە" كە بریتییە لە كاریگەری فەرمانەكانی(بكە ومەكە)ی باوك(یا منی باڵای باوك) لە سەر منداڵ، كوڕ لە سەردەمی منداڵی تووشی نیگەرانی خەساندن

---

[1] . Altruism

[2] . Egoism

دەبێت" بە سەر نیازە "ئودیپییە"کانی خۆیدا زاڵ دەبێت ولەم ڕێگەیەوە خۆی دەنوێنێت. ئەم پێناسە کردنە ئامـاژە بە هەردو توخمەکەی ویژدان دەکات : بە توخمی شێوەیی[1]– چۆنییەتی دروست بوونی ویژدان، وبە توخمی جەوهەری، کە سەرقاڵی ناواخنی ویژدان دەبێت. بۆ ئەوەی بەشی سەرەکی نەریتەکانی باوك‌ومنی باڵای باوك لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە شەرتی بووە، ویان بەدەربڕینێکی باشتر بۆئەوەی منی باڵاجگە لە تێگەیشتنی شەخسی لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی تر نییە، لەمڕووەوە پێناسەکەی فرۆید دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکڕای نەریتە ئاکارییەکان ڕێژەیی بن. هەرنەریتێك تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، ئەم پێناسەیە پەیوەندی بە بەهای ناوەڕۆکەوە نییە، بەڵکولە سەر بنەمای میکانیزمی دەروونییەکە پەسەند کراوە. ئەگەر "سەرچاوەی دەسەڵاتی ناوەکی بوو"[2]، فەرمانی پێدەدات باشە و ئەگەر ئەو سەرچاوەیە ولامی نیگەتیڤی بۆبداتەوە(نهی بکات)خراپە. تا کاتێك کە زۆربەی خەڵك لەم بڕوایەدا بن کە ئاکار، لە پێوانی بەر بەلاودا، جگە لەو نەریتانە کە لە لایەن کۆمەڵگاوە بە مەبەستی کاری گونجاوو باش ئەو کۆمەڵگایە دادە ڕێژێت هیچێکی تر نییە، بێگومان تیۆرییەکەی فرۆید ڕاستە. لە ڕوانگەی تیوریکەوە ئەو ڕەخنەیەکی گرنگ لە ئاکاری باوی هەنووکەیی دەگرێت، وتیوری منی باڵای فرۆید تایبەتمەندە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا دەکات. بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە کە فرۆید نەیویستبێت لایەنی ڕەخنە

---

[1]. Formal

[2]. Internalized authority

گرانەی تیورییەکەی خۆی بخاتەروو، وڕەنگە هەر بەم بۆنەیەشەوە خۆی نەیویستبێت لایەنی ڕەخنەگرانە بە تیورییەکەی بدات وبەدژواری دەیتوانی ئەم کارە ئەنجام بدات. چوونکە بایەخێکی ئەوتۆی بەم پرسیارە نەدەدا کە ئایا ئەو نەریتانە بوونیان هەیە کە ناوەڕۆکی ئەوانە لە بونیادی کۆمەڵگای سەردەمی ئەوپێشکەوتوتر وزیاتر لە داخوازییەکانی سروشتی ویاساکانی گەشەی مرۆڤ بێت؟

بەبێ ئەوەی سەبارەت بە دوو بابەتی تایبەت، واتە ژنوپیاو ومندالْ قسە بکەیت ناتوانی سەبارەت بە مرۆڤ ناسی فرۆید بدوێت.

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە تەنها ڕەگەزی نێر تەواوە. ژن، پیاوێکی ئیفلیج بوو وخەسێنراوە کە لە چارە نووسی خۆی ئازار دەبینێت وتەنها کاتێك هەست بە خۆشحاڵی ورازی بوون دەکات کە بە مێردکردن ومنداڵبون بە سەر"گرێی خەسێنراوی" خۆیدا سەردەکەوێت. بەلام لە لایەنەکانی دیکەوە بچوك دەمێنێتەوە._ بۆ نمونە لە پیاو زیاتر لە خۆی حەز دەکات وکەمتر لە پیاوی فەرمانەکانی ویژدان جێبەجێ دکات. ئەم تیورییە سەرسورهێنەرە، واتە نیوەی مرۆڤایەتی ئیفلج بووی نیوەکەی دیکەیە، سەردەمی ڤیکتوریا بە بیر دەهێنێتەوە کە تێدا، ئارەزۆی ژنان تەنها زاوزێ وگەورەکردنی منداڵ وخزمەت بە مێرد بوو. فرۆید بە دەربڕینی ئەمە کە "لیبیدۆنێرە" شەفافییەتێکی زیاتری بە تیوریەکەی بەخشی. ئەم بڕوا باوەی سەردەمی ڤیکتوریا کە ژن خاوەنی ئارەزۆو هەستی جنسی تایبەتی نییە، وسف کردنێکی زێدەڕەوانە لە پیاو

سالاری وبالآبوونی سروشتی پیاو بوو[1]. له ئایدۆلۆژیای پیاو سالاریدا ڕەگەزی نێر عەقڵگەراتر و ریالیستتر لە ڕەگەزی مێ یە، لەم رووەوە سروشت، پیاوی وەك رێبەری ژن داناوە. پەرچەکرداری فرۆید لە هەمبەر یەکسانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە لایەن جیمز ستوارت میل، بیرمەندی خاوەن رێز لە لای فرۆید، بەم بۆچوونەوە دەکەوێتە روو. لەم رووەوە ستوارت میل بە شێت لە قەڵەم دراوە، لە ڕوانگەی فرۆیدەوە پەسەند نییە کە بووکە خۆشەویستەکەی لە باتی ئەوەی پشتیوانی لێبکات لە بازاڕدا دەستەو یەخەی بوەستێت.

دەمار گرژی فرۆید سەبارەت بە باوکسالاری دوو کاریگەری گرنگی دیکەشی لە سەر تیورییەکەی داناوە. یەکەم ئەوەی نەیدەتوانی لە چییەتی سۆزی خوشەویستی بگات، چوونکە لە سەر دوو بنەڕەتی نێر ومێ دامەزراوە وتەنها کاتێك پراکتیزە دەبێت کە ژن وپیاو بە

---

[1] .تێگشتنی تەواوەتی لە ئایدولۆژای پیاو سالاری پێویستی بە باسێکی تێر وتەسەل هەیە. هەر ئەوە بەسە کە بڵێن، ژنان چینێکن کە لە تێکرای کۆمەڵگا پیاوسالارییەکاندا لە بن دەسەلآت وزوڵمی پیاوان دان. ڕەگەزی نێر وەك هەر گروپێکی زاڵی دیکە، دەبێ هەندێك یاسا دابرێژێت، تا دەسەلآتەکەی سروشتی، پێویست وپاسادراو لە قەڵەم بدرێت. ژنان وەك چینێکی مەحکوم، ئایدولۆژیای ڕەگەزی نێریان قەبووڵ نەکردوە، هەرچەندەکە لە ناخی خۆیاندا خاوەن فیکریجیاوازو تایبەت بە خۆن. لەوە دەچێت کە ئازادی ژنان لە سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردوە وهاوتەریب لەگەڵ ئەمە، سیستەمی پیاوسالاری لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، هەرچەندە کە یەکسانی تەواوی ژن وپیاو لە هیچ ولآتێکی دونیادا بوونی نییە. بنەمای شرۆڤە ولێکدانەوەی کۆمەڵگە پیاوسالارەکان لە نوسراوەکانی باخ ئۆفن لە ١٨٥٩دا ئاماژەی پێکراوە. بە بێ شارەزا بوون لە بەرهەمەکانی ئەو تێگەیشتن لەم پرسە مومکین نییە.

تەواوەتی یەكسان بن هەر چەند لێك جیاوازیشن. لەم رووەوە تێكڕای سیستەمی فرۆید بەدەوری تەوەری ئارەزووی جنسیدا دەسورێتەوە، نەك سۆزی خۆشەویستی. تەنانەت لە تیوریيەكەی دیكەی خۆشیدا بڕوای بەوە هەیە غەریزەی ژیان تەنها لە هەڵس‌وكەوتی ئورگانیزمە زیندوەكاندا بوونی هەیە، بەڵام تا ڕەهەندی مێ _ نێرپەڕە پێنەدات وغەریزەی ژیان وئارەزووی جنسی بە یەكسان وهاوسەنگی یەك دەزانی . كاریگەریەكەی دیكە ئەمەیە كە لە زۆربەی تەمەنی خۆیدا گرێدراویی سەرەتایی منداڵ (كوڕیان كچ) بەدایك وهەر وەهاچییەتی سۆزی دایكانە وترس لە دایكی لە بەرچاو نە گرتبو. لە سەردەمێكدا كە كوڕ بوەتە میرمنداڵێك دەتوانێ بڵێی گرێدراوی بە دایك لە گرێی‌ئودیپەوە سەرچاوە دەگرێت . لە ڕوانگەی ئەم "پیاوە بچوكەوە"(وەك باوكی) دایك ئامرازی دامركاندنی ئارەزۆ جنسیەكانە وئەو تەنها لە باوكی دەترسێ نەك لە دایكی. فرۆید تەنها لە ساڵانی كۆتایی تەمەنی خۆیدا پەی بەم گرێدراوییە توندە سەرەتاییە برد بەڵام قەت پەیی بەگرنگییەكەی نەبرد.[1] وادیارە سەرەڕای سەركوت بوونی گرێدراوی توندی فرۆید بە دایكی، دەمارگیری پیاوسالارانەی ڕێگەی نەدەدا كە ژنیش وەك كەسێكی بەهێز لە قەڵەم بدات كە منداڵ پێی گرێدراوە.[2] تێكڕای دەروون شیكارەكان تیورییەكانی‌دیكەی فرۆید

---

[1] سەیری نوسراوە پڕبایەخەكەی John Bowlby بكەن كە لە بن ناوی "چییەتی گرێدراوی‌منداڵ (كوڕ) بە دایك" لە ژمارەی ٣٤ی ساڵی ١٩٥٨دا لە گۆڤاری International Journal Of Psycho – Analysis بەڵاو كراوەتەوە.

[2] هەر بەم بۆنەیەوە فرۆید بایەخ بە نوسراوەكانی باخ سەبارەت بە "مافی دایك" نادات، هەرچەند لە چەند نموونە یەكیدا ئاماژەی پێكردوە.

سەبارەت بەکاری جنسی ورۆلی دوهەمی دایك سەرەڕای هەبوونی بەڵگەی دژ، قەبووڵ دەکەن .

لێرەشدا، وەك نموونەکانی دیکە، ئاماژە بە پەیوەندی تیوری لە گەڵ هۆکارو پێداویستیيە کۆمەڵایەتییەکان، هەڵە بوونی تیوریيەکە ناسەلمێنێت، بەڵام ئەگەر بەڵگە کلینیکییەکان بەوردبینیيەوە لێك بدرێنەوە تیوری فرۆید رەت دەکرێتەوە . من ناتوانم لەم بارەیەوە بدوێم، کۆمەڵێك لە دەروون شیکارەکان، بەتایبەت "کارن هۆرنای" هەندێك شتی کلینیکییان خستوەتە روو کە لە گەڵ تیورییەکەی فرۆیدا دژ بەیەکن.[1] بە گشتی دەتوانین بڵێین کە تیوری فرۆید لەم بارەیەوە، هەرچەند بە هۆی لۆژیکی تایبەت بە خۆ هەمیشە خۆش وهەست بزوێنە، بەڵام کەمترین راستی تێدایە، ڕەنگە بەم هۆیە بێت کە فرۆید لە دەمارگرژی پیاوسالارانە لێوانلێو ببوو.

ئەم وێنەیە کە فرۆید لە منداڵ دەیخاتە روو بە تەواوەتی لە گەڵ وێنە نەریتییەکاندا جیاوازە. منداڵیش وەك ژن بە درێژایی مێژوو رووبەرووی زوڵم وسەرکوتکردنی باوك بوەتەوە. ئەویش وەك کۆیلە ووەك دایك موڵکی پیاو- باوك بوو. ئەو کەسەی کە ژیانی پێبەخشیوە دەتوانێ وەك سامانی خۆی هەر کارێکی لە گەڵ ئەنجام بدات. (رێورەسمی قوربانی کردنی منداڵ لە سەردەمێکدا لە زۆربەی جیهاندا باو بووە، یەکێك لە بەڵگەکانی ئەم لافە موڵکدارییەتییە لە قەڵەم دەدرێت).

---

[1] سەیری نوسینەکەی Ashly Montagu بکەن.

منداڵ تەنانەت کەمتر لە کویلە وژنیش توانای خۆ پاراستنی هەیە. ژنان بە شێوازی تایبەت بە خۆیان هەمیشە لە گەڵ پیاوسالاری‌دا شەڕێکی پارتیزانییان هەبووە، کۆیلە کان چەندین جار شۆڕشیان کردوە. بەلام بەدرەوشتی، تۆران ونان نەخواردن، قەبزبوون ومیز بە خۆداکردن ئەو ئامرازانە نین کە بتوانی سیستەمێکی بە هێزی پێ بڕوخێنیت. تەنها دەرئەنجام ئەمە بووە کە منداڵ لە کاتی گەورەییدا، کەسێکی بێ چارە، سەرکوتکراو تەنانەت شەڕەنگێزی لێ دەردەچێت، کە تۆڵەی ئەوەی بە سەریدا هاتووە لە منداڵەکانی خۆی دەیکاتەوە.

زاڵ بوون بە سەر منداڵدا، هەرچەندە بە توند وتیژی وگوشاری جەستەیش نەبێت، بە دادۆشینی دەروونی ئەنجام دراوە. گەورەکان وا چاوەڕوان دەکەن کە منداڵ هەستی خۆ بە زل زانی ولە خۆبایی بوونی ئەوان دابمرکێنن وگوێڕایەڵیان بن وبە گوێرەی خواستی ئەوان هەڵس وکەوت بکەن. لەوەش گرنگتر گەورەکان منداڵان بە هەند وەرناگرن ولەو بڕوایەدان کە منداڵ خاوەن دونیای دەروونی تایبەت بە خۆی نییە، وەك پەڕە کاغەزێکی سپی سەیری منداڵ دەکەن کە گەورەکان مافی ئەوەیان هەیە(ئەرکیان ئەوەیە) شتی پێویست لە سەری بنوسن. ولەم رووەوە دەگەنە ئەو ئەنجامە کە دەتوانن لە گەڵ منداڵدا درۆ بکەن. ئەگەر کەسێك لە گەڵ کەسێکی پێگەیشتودا درۆ بکات دەبێ بە شێوەیەك پاساوی بدات، بەلام درۆ کردن لە گەڵ منداڵدا پێویستی بە پاساودان نییە، چوونکە منداڵ مرۆڤێکی تەواو نییە. هەر ئەم بنەمایە سەبارەت بە کەسانی پێگەیشتوی بێگانە، دوژمن، نەخۆش وتاوانبارویا خود کەسانی چین ورەگەزی نزم ودادۆشراویش بە کار

دێت. بە گشتی تەنها ئەوانەی کە لاواز نین دەتوانن داوای راستی بکەن، ئەم بنەمایە کە بە درێژایی مێژوو لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بە کار هاتووە، هەرچەند کە ئایدۆلۆژیای وشیارانەی کۆمەڵگاکەیانیش نەبووە.

شۆڕشی منداڵ، وەك شۆڕشی ژن، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکردوە. خەڵك بۆیان دەرکەوت کە منداڵ وەك پەڕە کاغەزێکی سپی نییە، بەڵکوو بوونەوەرێکی تەواو، وردبین، بیرکەرەوەو هەستیارە وپێویستی بە وروژاندن هەیە. یەکێك لە نیشانەکانی ئەم تێگەیشتنە تازەیە، سەبارەت بە پەروەردە، شێوازی مونتسوری[1] وئەوی تریشیان تیورییە زۆر کاریگەرەکەی فرۆید بوو. فرۆید قسەکانی خۆی بە بەڵگەی کلینیکییەوە دەسەلماند، کە کاریگەری خراپ لە سەردەمی منداڵیدا لە قۆناغەکانی کامڵبوونی داهاتوودا دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە. فرۆید پرۆسەی سەرسوڕهێنەر وئاڵۆزی زەینی وسۆزدارییەکانی لە منداڵدا شرۆڤە کرد، بە تایبەت لە سەر ئەم ڕاستییە پێداگری کرد(کە بە تەواوەتی نکۆڵی لێدەکرا) کە منداڵ بوونەوەرێکی پڕخۆش وخرۆش، خاوەن وروژێنەر وئارەزۆ وچێژی جنسییە ولەم ڕێگەیەوە بە ژیانی خۆی چۆنایەتییەکی دراماتیك دەبەخشێت.

فرۆید لە تێگەیشتنە ڕادیکاڵە نوێکەی خۆی، لە منداڵ، لەوەش زیاتر رۆیشت. چوونکە لە سەرەتای کاری کلینیکی دا بینی کە

---

[1] Naria Montessori (١٨٧٠–١٩٥٢) مامۆستای خەڵی ئیتالیا ئەم شێوازەی بۆ پەروەردەی منداڵان دارێژاوە. . و.

سەرچاوەی زۆربەی خەمۆکییە دەروونییەکان، هەڵخەڵەتاندنی جنسی منداڵە کە لە لایەن گەورەکانە بە تایبەت دایك وباوکەوە ئەنجام دەدرێت. دوای ئەم دۆزینەوەیە، ئەو دایك وباوکی بە دادۆشینی (ئازادی ویەکبوون) تاوانبار کرد. بەڵام ئەگەر سرنج بدەینە بێ بنەما بوونی سیستەمی باوکسالاری زاڵمانەی فرۆید، لە چاو پۆشی کردنی ئەو لە هەڵوێستە رادیکاڵەکانی داهاتووی سەرمان سوڕ نامێنێت. ئەو بۆی دەرکەوت کە نەخۆشەکانی لە هەندێك نموونەدا خواست وئارەزۆکانی سەردەمی منداڵی خۆ لە دایك وباوکەوە دەزانن، نە ئەوەی کە لە لایەن ئەوانەوە هەڵخەڵەتێنرابن. فرۆید ئەم بابەتەی پەرە پێدا وگەیشت بەو ئەنجامەی کە، بە گوێرەی تیوری لیبیدۆ، منداڵ تاوانبار وبەلارێدا چوویکی بچوکە کە تەنها لە ئەنجامی گۆڕانکاری وکامڵ بوونی لیبیدۆ قۆناغی پێگەیشتنی مرۆڤێکی (تەواو) دەبڕێت. لە ئەنجامدا وێنەیەکی(منداڵی تاوانباری) بە دەست هێنا، کە بە وتەی هەندێك لە چاودێران، لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیدا لەو وێنەیە دەچێت کە لە قوتابخانەی ئاگوستین لە منداڵ کێشابوویان.

دوای ئەم گۆڕانکارییە ئەم دروشمە بەرزکرایەوە: "منداڵ تاوانبارە". وروژێنەکانی بەرەوە دەستدرێژی کردنی رادەکێشن، ئەم دەستدرێژی کردنانە، ئەگەر بە تەواوەتی چارەسەر نەکرێن، نەخۆشی وخەمۆکی دەروونی لێدەکەوێتەوە. لە ڕوانگەی منەوە هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە لە بۆچوونی فرۆیددا، دۆزینەوە کلینیکییەکان نەبوون، بەڵکو بیر وبڕوای ئەو سەبارەت بە دیسپلینی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی وسەرچاوەکانی هێزی ئەو دیسپلینە بوو. من بۆ ئەم بۆچوونە چەند

بەڵگەم هەیە، یەکەم شێوازی ڕەهای فرۆیدە کە رایگەیاند تێکڕای بیرەوەرییە هەڵخەڵەتاندنییەکانی منداڵ لە لایەن باوك ودایکەوە تەنها وەهم وخەیاڵە. ئایا ئەم گوتە جیدی ورەهایە دژایەتی ئەم راستییە ناکات کە ئارەزۆی جنسی دایك وباوك سەبارەت بە منداڵەکەیان کەم نییە؟ هۆکارێکی دیکەی لایەنگری فرۆید لە دایك وباوك لە هەڵسوکەوتی کەسایەتی دایك ئاسا وباوك ئاساکە دەبێ لە مێژووەداپەیدا بکرێت کە فرۆید نوسیویەتی. جێگەی سەرسوڕمانە کە فرۆید وێنەیەکەی درۆینەی لە دایك وباوك بە دەستەوە داوە وهەندێك چۆنایەتییان پێوە دەبەستێتەوە کە بە گشتی دژی ئەو راستییانەیە کە خۆی خستونیەتە روو. هەروەها کە هەوڵمداوە لە چیرۆکی"هانسی بچکۆلە"دا ئامارژەی پێبکەم، بەڵام فرۆید نکوڵی لە هەڕەشەی دایك وباوکی هانس کە بە تەواوەتی حەزیان لە ئاسایشی منداڵەکەی خۆیانە، دەکات، بەڵام هەڵخەڵەتاندن وهەڕەشە بە رادەیەك روون وئاشکرایە کە دەبێ چاوی خۆمان بنوقێنین تا نەیبینین. ئەم نموونەیە لە سەربوردەکانی دیکەدا کە بە قەڵەمی فرۆید نوسراوە، بەر چاو دەکەوێت.

ڕاڤە و شرۆڤە کردنی چۆنییەتی گۆڕانکاری شێوازی فرۆید لە لایەنگری لە منداڵ بۆ بەرگری کردن لە دایك وباوك بە شێوەیەکی ناراستەو خۆ لە لایەن" فرنجییەوە" کە یەکێك لە خۆشەویستترین لایەنگرانی فرۆیدە پشتیوانی لێدەکرێت. فرنجی لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی خۆیدا، لە حاڵێکدا کە قەت وەفاداری خۆی بۆ فرۆید لە دەست

نەدا، ناكۆكی توند لە نێوان ئەو وماموستاكەیدا دەركەوت[1]. فرنجی بیروبڕوایەكی بە دەست هێنابوو كە لە دوو خاڵی گرنگدا لە گەڵ فیكرەكانی فرۆید ناكۆك بوو، فرۆید لەم ناكۆكییە بە شێوەیەك تورە بوو كە لە دوایین دیداریاندا دەستی فرنجی نەگوشی[2]. یەكێك لەو لادانانەی كە لێرەدا بایەخی پێنادرێت ئاماژە بەم خاڵەیە كە نەخۆش بۆ چارەسەركردنی خۆی تەنها پێویستی بە لێكدانەوە نییە، بەڵكو لەم پەیوەندییەدا حەز وبایەخی دەروونشیكاری ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت (مەبەست لە حەز ، خۆشەویستی ناجنسییە). گرنگترین لادان لەم مەبەستەی ئێمە ئەم تیۆرییەی فرنجییە كە فرۆید لە تیوری یەكەم وسەرەكی خۆیدا لە سەر حەق بوو، بەم واتایە كە لە زۆربەی نمونەكاندا گەورەكان منداڵ هەڵدەخڵەتێنن وبە لارێیدا دەبن، وهۆكارەكانی فریودانی منداڵان هەمیشە ئەو وەهمانە نییە كە لە زەینی منداڵدا ریشەی دا كوتاوە.

جگە لە گرنگی ئەزموونەكانی فرنجی، دەبێ ئەم پرسیارە بخەینە روو: كە بۆچی پەرچەكرداری فرۆید بەم شێوەیە توند ودوژمنكارانە بوو؟ ئایا بابەتی گرنگتر لە پرسی كلینیكی لە ئارادا بوو؟دەتوانن دڵنیا بن كە خاڵی سەرەكی گرێدراوی راست بوونی تیوری كلینیكی نەبوو، بەڵكولە هەڵسوكەوتی و حەز وخواست سەبارەت بە سەرچاوەی دەسەڵات بوو. ئەگەر ئەم پرسە راست بێت كە فرۆید لە ڕەخنەی

---

[1] لێكدانەوەی ئەم ناكۆكییە لە كتێبی " پەیامی زیگموند فرۆید" لە نوسینی ئەریك فرۆمدا هاتووە.

[2] لە نامە تایبەتییەكانی خانمی Izzetede forest هاوڕێ وقوتابی فرنجی

ڕادیکاڵی یەکەمجاری خۆی لە دایك وباوك پەشیمان بووبێتەوە- واتە لە سەرچاوەی هێزی کۆمەڵایەتی - وبووبێتەوە " لایەنگری سەرچاوەی هێزی تاك، کە واتە دەتوانین بەم شێوەیە لێکی بدەینەوە کە پەرچەکردارەکەی ئەو لە تێگەیشتنی دوولایەنە سەبارەت بە سەرچاوەی هێزی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، وبۆ ئەوەی فرنجی ئەو بابەتەی کە فرۆید وازی لێهێنابوو، بە بیری هێنایەوە پەرچەکردارێکی توندی نیشاندا، وەك ئەوەی کە بڵێی ئەو کارەی ئەو "خەیانەت" بووە بە منداڵ.

ئەنجام وەرگرتن لە خەیاڵی فرۆید سەبارەت بە مرۆڤ ، پێویستی بە شرۆڤە کردنێك هەیە لە مەبەستی ئەو لە مێژوو. فرۆید ناوەندی سەرەکی فەلسەفەی کامڵ کرد، هەرچەندە کە نەیدەویست بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بیخاتە روو. لە سەرەتای مێژوودا، چاومان بە مرۆڤێکی بێ کەلتوور دەکەوێت کە تەنها لە دامرکاندنی خواستە غەریزییەکانی دەگەڕێت وکە ئەم مەبەستەی بە دەست هێنا رازی دەبێت، بەڵام ئەو وێنەیە لە مرۆڤ پێچەوانەی ئەو وێنەیە کە تەنانەت لە گەڵ قۆناغی سەرەتای رازی بوونی غەریزیشدا ناکۆکە. مرۆڤ دەبێ ئەم بەهەشتە بە جێ بهێڵێت، چونکە دامرکاندنی لە رادە بە دەری خواست وئارەزۆکان ناکۆکی نێوان باوك وکوڕ، کوشتنی باوك بە ناچاری خۆشەویستی حەرامی لێدەکەوێتەوە. کوڕانی یاخی لە شەڕێکدا سەردەکەون، بەڵام شەڕ لە هەمبەر باوك دەدۆڕێنن، چوونکە ماف وپوانی تایبەتی ئەمانە لە رێگەی " ئاکار" ودیسپلینی کۆمەڵایەتییەوە

بـۆ هەمیشـه گـەرەنتی کـراوە.(لێرەشـدا رووبـەڕوی دوولایەنـە بـوونی بۆچوونی فرۆید سەبارەت بە سەرچاوەکانی دەسەڵات دەبینەوە).

بـۆ ئـەوەی لـەم لایەنـەوە لـە ڕوانگـەی فرۆیـدەوە دامرکانـدنی لـە رادەبـەدەری غـەریزە لـە درێژخایەنـدا مـومکین نابێـت، چـوونکە ئـەو تیۆرییەکی دیکەی دارشت کە بە تەواوەتی لە گەڵ تیۆرییەکەی پێشودا جیاواز بوو: دەرفەتی گەیشتن بەو دونیا بەهەشتییە نکۆڵی لێنەکرابوو، بـەڵام دەگـوترا مـادام مـرۆڤ لـەم بەهەشـتە دایـە ناتوانـێ کـەلتوورێك بخولقێنێت. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە یەکێك لە هەل ومەرجەکانی کەلتوور دانەمرکانـدنی وروژێنـەرە غەریزییەکانـە، لـەم رووەوە مـرۆڤ رووبـەڕوی دوو هەڵومـەرجی دژبەیـەك دەبێتـەوە: دامرکانـدنی تـەواوەتی غـەریزە- وەحشـی گـەری- یـان تەحـەمول کردنـی بـێ بـەش بـوون لـە هەنـدێك غـەریزە، لـە گـەڵ پەرپێـدان وکـامڵبوونی فەرهـەنگی وزەینـی. بـەڵام چەندین جار پرۆسەی باڵا بوون رووبەڕوی شکست دەبێتەوە. ومرۆڤ دەبێ نرخی کامڵبوونی فەرهەنگی خۆی بە خەمۆکی دەروونـی بداتـەوە. دەبـێ جـەخت لـە سـەر ئـەوە بکەینـەوە کـە لـە ڕوانگـەی فرۆیـدوە ئـەو ناکۆکییەی کە لە نێوان وروژێنەرەکان وشارستانیدا بوونی هەیە. بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ ناکۆکی نێوان وروژێنەرەکان وسەرمایەداری یان هەر جۆرە بونیادێکی کۆمەڵایەتی سەرکوتکەر، یەکێك نین[1].

---

[1] هربـرت مـارکوزە کـە فرۆیـد وەك بیرمەنـدێکی شۆڕشـگەر پێناسـەی دەکـات هـەوڵی داوە دامرکانـدنی تـەواوەتی وروژێنـەرەکان لـە کۆمەڵگەیـەکی ئـازاددا، لـە هەمبـەر کۆمـەڵگای سەرکوتکەر، نیشان بدات. بە بێ سرنج دان بە بایەخی کارەکەی دەبێ بزانینکە مارکۆزە بەشی هەرە زۆری سیستەمی فرۆیدی رەت کردوەتەوە.

فرۆید لایەنگری فەرهەنگە نەك بەهەشتی سەرەتایی ودواکەوتوو، هەرچەند کە مەبەستی ئەو لە مێژوو توخمێکی خەم هێنەرە. پێشکەوتنی مرۆڤ بە ناچاری سەرکوتکردنی وروژێنەرەکان و خەمۆکی دەروونی لێدەکەوێتەوە. مرۆڤ ناتوانێ هاوکات چێژ وەربگرێت وپێشکەوتنیش دەستەبەر بکات. بەڵام سەرەڕای ئەم توخمەخەمهێنەرە فرۆید وەك بیرمەندێکی ڕووناکگەر دەمێنێتەوە، هەرچەند کە شەکاکە(گومانگەر)، بەڵام لە ڕوانگەی ئەوەوەپێشکەوتن ئیدی خێر وبێر نییە. فرۆید لە قۆناغی دوهەمی کاری خۆیدا، دوای شەڕی جیهانی یەکەم، بیرکردنەوەیەکی کارەسات باری لە مێژوو هەیە. پێشکەوتن، ئیدی بە نرخێکی گران بە دەست نایەت، بەڵکوو بە تەواوەتی نەگونجاوە(نامومکینە). مرۆڤ گۆڕەپانی شەڕی دوو غەریزەی مەرگ وژیانە. مرۆڤ ناتوانێ پێش لەو کارەساتە وێرانگەرە بگرێت کە خۆی وکەسانی دیکە ڕووبەڕوی دەبنەوە.

فرۆید لەو نامە سرنج ڕاکێشەدا کە بۆئینشتاین نوسیویەتی هەوڵی داوە لە توند وتیژی ئەم تیزە کەم بکاتەوە:" **بۆچی شەڕ** ". فرۆید لە هەڵوێستی بنەڕەتی خۆیدا کە لەو کاتەدا خۆی بە لیبراڵ لە قەڵەم دەدا، نەیهێشت خواستەکان ویاخود پەرێشانی سەرچاوەگرتوو لە ڕەشبینی قووڵی خۆی لە دەیەی (١٩٢٠-١٩٣٠) فریوی بدات، ئەو توند وتیژییەی کە بە ڕاستی لە قەڵەم دەدا، نە گۆڕی ونە نەرمیشی کرد. فەیلەسۆفی شەکاکی ڕووناکگەر کە نوقمی بیرکردنەوەی کارەساتی دارمانی جیهان ببوو، بە تەواوەتی بوو بە کەسێکی شەکاك وچارەنوسی مرۆڤی لە مێژوودا بە کارەساتێکی حاشاهەڵنەگر لە قەڵەم

دا، فرۆید جگە لەمە نەیدەتوانی دژکردەوەیەکی دیکە لە خۆی نیشان بدات، چوونکە کۆمەڵگەی ئەو کاتە لە ڕوانگەی ئەوەوە باشترین کۆمەڵگە بوو کە گەیشتبووە ئەو پەڕی کامڵبوون.

لە کۆتایی ئەم باسە لە مرۆڤناسی فرۆیددا دەبێ جەخت لە سەر ئەوە بکەمەوە کە تەنها کاتێك پەی بە گەورەیی کارەکەی دەبەین، چە لە لایەنی مرۆڤایەتییەوە وچە لە لایەنی ئەو کارەی کە ئەنجامی داوە، لەو حاڵەتەدا دەبینین کە لە لایەن ناکۆکییە بونیادییەکانەوە لە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا شەتەك دراوە. ئەم بیر وبڕوایە کە تێکڕای تەعلیماتەکانی ئەو، لە دوای ئەم پەنجا ساڵە، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتی نییە، یان لە باتی ریفورمخوازی تراژیك وەك بیرمەندێکی شۆڕشگێر چاوی لێبکەین، بە گەلێك هۆکارەوە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە قبووڵ ناکرێت. مەرجی پێویست، بەشداری کردنە لەو چەمکانەدا کە فرۆید مەبەستی بووە.

٣- مارکس وناسینی مرۆڤ[1]

بە پێویستی دەزانم لە سەرەتاوە سرنج بدەمە چەند خاڵێك. بەشی مارکس لە ناسینی مرۆڤ ویا خود لە واتای سنووردارتردا، لە دەروونناسی، بابەتێکە کە کەمتر بایەخی پێدراوە. بە پێچەوانەی ئەرەستۆ وسپینوزا کە نوسراوەکانیان سەبارەت بە زانستی ئاکار نامێلکە گەلێکی فەلسەفین، مارکس ئەوەندە سرنجی بە تاك، وروژێنەرەکان وخودی مرۆڤ نەداوە، بەڵکوو ئامانجی ئەو یاساکان وگۆڕانی کۆمەڵگا بووە.

سرنج وبایەخدانی مارکس بە دەروونناسی چەندین هۆکاری هەیە. یەکەم ئەوەی کە مارکس قەت شێوازێکی سیستەماتیکی بە تیورییە دەروونناسانەکانی خۆی نەداوە. بۆچوونەکانی بە شێوەیەکی پەرژوبلاو لە نوسینە جۆراوجۆرەکانیدا هاتووە کە پێویستە لە شوێنێکدا کۆبکرێتەوە تا چییەتییەکی سیستەماتێك بگرنە خۆ. دوهەم لێکدانەوەی قیزەون وهەڵە لە فەلسەفەی مارکس، کە تەنها دەربارەی

---

[1] ئەم وتارە لە سەمپوزیومێکدا سەبارەت بە کاریگەری مارکس لە بیرکردنەوەی زانستی ئەم سەردەمەدا خوێندرایەوە. ئەم سەمپۆزیۆمەلە١٩٦٨/٤/٨دا بە سەرپەرەستی یونسکۆ لە لایەن" ئەنجومەنی زانستی و کۆمەلاییەتی ناونەتەوەیی" و"ئەنجومەنی ناونەتەوەیی فەلسەفەی توێژینەوە مرۆوایەتییەکان" بەرێوە چوو.

دیـارده ئابوورییـەکان ئـەنجام دراوه، ویـا لێکدانـەوەی هەڵـەی چـەمکی ماتریالیزمی مێژوویی، کە بە گوێرەی ئـەوه مارکس لـەو بڕوایەدایـە کـە پاڵنــەره ســەرەتاییەکانی مــرۆڤ ، قــازانجی ئابوورییــە. ڕوخســاری ڕاستەقینەی مـرۆڤ لـە ڕوانگـەی مارکسـەوەو هـەر وەهـا بەشـی ئـەوی لـە دەروونناسـیدا لـێڵ ونادیـار کـردوه. سـێهەم: دەروونناسـی دینـامیکی مـارکس زووتـر لـەو کاتـەی بتوانـێ سـرنج بـە لای خۆیـدا رابکێشـێت، خرایە ڕوو. لە سەردەمی فرۆیددا دەروونناسـی قـووڵ[1] وسیستەماتیك پـەڕەی سـەند ودەروونشیکارییەکەی ئـەو بـوو بـە گـرنگترین سیسـتەمی دەروونناسـی دینامیـك. گشـت پەسـەندی سیسـتەمی فرۆیـد، کـە تـا ڕادەیەك بە هۆی ماتریالیزمە میکانیستیکەکەی بوو، لە بەر دەم ناسینی قووڵایی مرۆوایەتی بوونی مارکس ئاستەنگی دروست کرد. لـە لایـەکی تـرەوە ڕۆڵـی گرنگـی دەروونناسـی پـوزوتیڤ گـەرا لـە بـەردەم چـەمکە دەروونناسانەکانی مارکسدا ڕێگر بوو.

ئایـا جگـە لەمـە بـوو؟ دەروونناسـی مـۆدێرنی ئـەزموونی، کـە تـا ڕادەیــەکی زۆر ســەرقاڵی مرۆڤــی لــە خــۆ بێگانــە دەبــوو، لــە لایــەن توێژینــەرەوه لــە خۆبێگانەکانــەوه لەســەر شــێوازه بێگانەکــەرەکان توێژینـەوه ئـەنجام دەدرا. دەروونناسـی مـارکس کـە لـە سـەربنەمای ئاگاهی تەواو لە، لە خۆ بێگانەیی بوو. دەیتوانی لە جۆره تێگەیشتنەی دەروونناسـیش زیـاتر بـڕوات. چـونکە مرۆڤـی لـە خۆبێگانـە ی بـە مرۆڤێکـی ئاسـایی لـە قەڵـەم نـەدەدا. لـە ئەنجامـدا دەروونناسـی ئەولـە ڕوانگـەی ئەوانـەوه کـە بڕوایـان بـە "ڕەنگدانـەوه ناسـی"وشـەرتی کـردن

---

[1]. Depth Psychology

(مەرجی کردن) بوو وەك دواین گوتە لە ناسینی مرۆڤدا بە کتێبێکی داخراو لە قەڵەم دەدرا. ڕەنگە هەنووکە زیاتر لە سەردەمەکانی دیکە دەرفەتی تێگەیشتن لە بەشی مارکس لە دەروونناسیدا بوونی هەبێت. چوونکە یەکەم: ئیدی دۆزینەوزە سەرەکییەکانی فرۆید بەشێکی جیاوە نەبووی بەشە میکانیستییکە تیورییە کانی ئەونین(بۆ نمونە تیوری لیبیدۆ)، دوهەم رینسانس، رینسانس لە بیرکردنەوەی مرۆڤ ، بناغە وبنەڕەتێکی باشتری بۆ تێگەیشتن لە دەروونناسی مارکس دابین کردوە.

لەم وتارە کورتەدا تەنها دەتوانم کورتە یەك لەوەی کەمن بە ناوەندی بەشی مارکس لە دەروونناسی دەزانم بەیان بکەم، ونناتوانم سەبارەت بە پەیوەندی ئەندێشە دەروونناسیەکانی ئەو لە گەڵ فیکرەکانی سپینوزا، گوتە، هیگل و فویرباخ قسەبکەم. لە وت وویێژ سەبارەت بە دەروونناسی وەك "زانستی سروشتی مرۆڤ" (کە هەمان "زانستی سروشتی مرۆوایەتی"یە)، مارکس لە چەمکی سروشتی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات وتادواین لاپەرەکانی کتێبی "کاپیتاڵی " بەردەوام دەبێت، ولە بەرگی سێهەمی ئەم کتێبەدا هەل ومەرجی پیشەی بە "گرنگترین وبەنرخترین مەرج بۆ سروشتی مرۆڤ دەزانێ". مارکس لە کتێبی "ئابووری ونوسراوە فەلسەفییەکان " لە ساڵی ١٨٤٤ باسی"جەوهەری مرۆڤ"ویان ژیانی جۆرەکانی مرۆڤ دەکات ولە کتێبی ئایدولۆژیای ئەڵمانیدا ئەم جەوهەرە بە دیاردەیەکی نائەبستراکت (ڕەها) وەسف دەکات. لە کتێبی کاپیتاڵ "سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی" لە باتی "جەوهەر" دادەنێت تا لەو سروشتەی مرۆڤ

لە قۆناغە مێژوییەکاندا پێناسە کراوە جیاواز بێت. ئەمە ، لە راستیدا، پالاوتنێکی گرنگە لە چەمکی سروشتی مرۆڤدا، بەلام قەت ئامارەی بەلاوەنانی بەرچاوناکەوێت. ئایا مارکس هیچ پێناسەیەکی بۆ "جەوهەری سروشتی مرۆڤ" و" سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی هەمەکی(گشتی)" هەیە؟ ولامی ئەم پرسیارە پوزوتیڤە. ئەو لە " نوسراوە فەلسەفی"یەکانیدا سروشتی مرۆڤی بە ئازاد، وشیارو ئاکتیڤ(چالاك) وەسف کردوە کە خالی بەرامبەری سروشتی ئاژەلە کە "ناتوانێ لە نێوان چالاکی وبوونی خۆیدا جیاوازی دابنێت.... وخۆی ئاژەلی چالاکی خۆیەتی". مارکس لە نوسینەکانی دیکەی خۆیدا "سروشتی مرۆڤ" بە لاوە دەنێت، بەلام هێشتا جەختی لە سەردەکاتەوە، واتە چالاکی بە تایبەتمەندی سروشتی مرۆڤی ئیفلیج نەبوو دەزانێ. مارکس لە کتیبێی "کاپیتال"دا، مرۆڤ بە "ئاژەلی کۆمەلایەتی ناو دەبات لە ئەرەستوو فرانکلین کە یەکەمیان مرۆڤ بە " ئاژەلی سیاسی" و دوهەمیان بە"ئاژەلی ئامێرساز" ناودەبات رەخنە دەگرێت. دەروونناسی وفەلسەفەی مارکس سەبارەت بە چالاکی مرۆڤە، ومن لەگەل ئەو ڕوانگەیەدا کە گونجاوترین دەستە واژە بۆ بەیانکردنی ئەو وەسفەی کە مارکس لە مرۆڤ کردویەتی، واتە "بوونەوەری کار" {لە هەمبەر تیوری}، بە تەواوەتی هاوڕام. سەبارەت بەم خالە دواتر قسەدەکەم.

هەنگاوی یەکەمی مارکس لە بەکارهێنانی"سروشتی مرۆڤ" لە تێکڕای نوسراوەکانیدا، بە بێ سرنج دان بە هەنگاوی گرنگتری دوهەم کە تیوری دەروونناسی ئەو شرۆڤە دەکات بێ واتایە. من چەمکی

سروشتی مرۆڤی، مەبەستی ئەو وەك سروشتێکی دینامیك وچالاك لە قەڵەم دەدەم. مارکس مرۆڤ بە بوونەوەرێك دەزانێت کە لە رێگەی هەست وسۆز و پاڵنەرەکانەوە دەکەوێتە جوڵەوە، هەرچەند خۆی ئاگای لەم هێزە بزوێنەرانە نییە. دەروونناسی مارکس دەروونناسییەکی دینامیکە. ئەم پرسە لە لایەکەوە لە گرێدانی بە دەروونناسی سپینوزاو خواستی پێشکەوتن لە رێبازی فرۆید، لە لایەکی ترەوە لە ناکۆکییەکەی لە گەڵ هەرجۆرە دەروونناسی میکانیستێك [illegible] وکەوت گەرایانە سەرچاوە دەگرێت. هەروەها کە هەوڵ دەدەم لە لاپەرەکانی داهاتوودا پیشانی بدەم ، دەروونناسی میکانیکی مارکس لە سەر بالابوونی گرێدراوی مرۆڤ بە جیهان بە خودی مرۆڤ وسروشت دامەزراوە، لە حاڵێکدا دەروونناسی فرۆید، بە پێچەوانەوە، پشت بە مودێکی "مرۆڤی ماشێنی" (ربۆت)وگوشەگیر دەبەستێت.

مەبەستی گشتی ترو سود دارتری مارکس لەپاڵنەرەکان ، جیاوازی نێوان و پاڵنەرە هەمیشەیی و پاڵنەرە رێژەییەکانە.پاڵنەرە هەمیشەییەکان" لە هەربارودۆخێك بوونیان هەیە... وتەنها لە ئاستی شێوە و هەل و مەرجی کۆمەڵایەتیدا دەگۆردرێن" مارکس ئارەزۆی جنسیوبرسێیەتی وەك پاڵنەری هەمیشەیی ورق و چاوچنۆکی بە وروژێنەری رێژەیی لە قەڵەم دەدات. جیاوازی ئەودوانە ، پەیوەندییەکی نزیکی لە گەڵ جیاوازی نێوان سروشتی مرۆڤ بە گشتی وتایبەتمەندییەکانی بە تایبەتی هەیە. لێرەدا دەمەوێت بە کورتی روونی بکەمەوە کە ئەم دابەش کردنەی پاڵنەر وغەریزەکان رۆڵێکی گەورەی هەیە، مارکس بە بەیان کردنی ئەمە کە "ئارەزۆ رێژەییەکان"

(دەستەواژەیەكی دیكەیە بۆ پاڵنەرەكان) بە شێكی جیاوەنەبووی سروشتی مرۆڤ نین، بەڵكو لە بونیادی دیاریكراوی كۆمەڵگا وهەندێك هەل‌ومەرجی بەرهەم هێنان وپەیوەندییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو جیاوازییەی كە مەبەستیەتی روون دەكاتەوە ولەم رووەوەبنەڕەتەكانی دەروونناسی دینامیك كە دەڵێ كۆمەڵگە لە زۆربەی ئارەزۆكانی مرۆڤ تێناگات –وبەشی گرنگی ورووژاندنی مرۆڤە– و گرێدراوی پرۆسەی بەرهەم هێنانە، دادەمەزرێنێت. چەمكی "كاراكتەری كۆمەڵایەتی [1]" لە واتا دینا‍ـیكەكەیدا كە من بە كاری دەهێنم لە سەر ئەم بۆچوونەی ماركس بونیاد نراوە.

باسەكەی ماركس سەبارەت بە وپاڵنەرەكانی ئاژەڵ لە هەمبەر چۆنایەتی مرۆیی پاڵنەرە هەمیشەییەكان، لە جیاوازی نێوان وپاڵنەرە هەمیشەیی وریژەییەكان گرنگی كەمترە. جیاوازی نێوان دەروونناسی دینامیكی ماركس ودەروونناسی فرۆید لەم خاڵە دایە. بە سرنجدان بە پاڵنەرە هەمیشەییەكان وبەو گریمانەیە كە(بە بۆچوونی دەروونشیكاران ودەروونناسانی ئاكادمیك) چۆنایەتی ئەو پاڵنەرە لە مرۆڤ وئاژەڵدا وەك یەكە ،ماركس ئەڵێ " خواردن وخواردنەوە وزاوزێ لە كارە سەرەكییەكانی مرۆڤن. بەڵام لە لایەنی ئینتیزاعییەوە، بە چاوپۆشی لە چوارچێوەی چالاكی مرۆڤ ، ئەو كارانە، كاری ئاژەڵن." لە ڕوانگەی دەروونشیكارەكانی قوتابخانەی فرۆیدەوە، لە سەر بنەمای "مرۆڤ رۆبۆتی گۆشەگیر" پاڵنەرە مرۆڤ بە پرۆسە كیمیاییەكانی ناخی

---

[1]. Social Character

مرۆڤ شارژ(شەحن) دەبێتەوە وئامانج کەم کردنەوەی گرژییە تا لانی کەمی دامرکاندنی برسێتی وتینویەتی ئارەزۆ جنسییەکان.

هەنووکە دەتوانین یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی مەبەستی مارکس سەبارەت بە چییەتی پاڵنەرەکان لێك بدەینەوە: "هەست وسۆزەکان بریتین لەو توانا وبەهرانەی لە مرۆڤدا کە هەوڵ دەدات ئامانجی خودی بەهاکان بە دەست بهێنێت". لەم ووتەیەدا مەبەست لە هەست وسۆزەکان" پەیوەندی" یان" نزیکایەتییە"، و بە پێچەوانەی بۆچوونی فرۆید سەبارەت بە غەریزە یان پاڵنەر، هەست وسۆزەکان کۆشش وهەوڵدانێکی ناوخۆییەوله پرۆسەی کیمیاییەوە سەرچاوە دەگرن، کە پێویستی بەئامانجێك بۆ دامرکاندن نییە، بەڵکوو تواناکانی مرۆڤ خۆی چۆنایەتییەکی دینامیکەوله ئامانجێك دەگەڕێن تا لە گەڵیدا یەك بگرن.

ریشەی دینامێك بوونی سروشتی مرۆڤ، لە پلەی یەکەمدا، لە پێویستی مرۆڤ بە دەرخستنی تواناکانی لە جیهاندا سەرچاوە دەگرێت، نەك لە پێویستییەکەی بۆ کەڵك وەرگرتن لە جیهان وەك ئامرازی دامرکاندنی پێویستییە جەستەییەکانی خۆی.

مارکس دەیەوێت بڵێ : بۆ ئەوەی کە چاوم هەیە، کەواتە پێویستم بە بینینە، بۆ ئەوەی گوێچکەم هەیە ، کەواتە پێویستم بە بیستنە، بۆ ئەوەی مێشکم هەیە، کە واتە پێویستم بە بیرکردنەوە هەیە، و بۆ ئەوەی دڵم هەیە، کەواتە پێویستم بە هەست هەیە. پێویستە دوپاتی بکەمەوە کە بە سەرنج دان بە بەرەوی دەروونناسی"خۆ" لە لایەن دەروونشیکارییەوە، مەبەستی مارکس لە تواناکان وئامرازەکانی ئەوان

کوت ومت "خۆ" نییە، بەڵکوو هەست وسۆز وهێزی سروشتی تواناکانە کە وەك، پاڵنەرەکان، خواست وتواناکان لە مرۆڤدا بوونیان هەیە. ویان ئەو وزەو هێزەیە کە هەر توانایەك بە گوێرەی پێویستی دەخاتە روو.

گەلێك گوتەی مارکس بوونیان هەیە کە گۆڕدراوەیەکە لە ناوەڕۆکی هەست وسۆزەکان ولە ریزی پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ خۆی، کەسانی دیکە وسروشت وهەر وەها دەستەبەرکردنی هێزە سەرەکییەکانی مرۆڤدا جێدەگرن. لێرەدا تەنها دەتوانم باسی چەند نمونەیەك بکەم. مارکس مەبەستی خۆی لە" تواناکانی مرۆڤ" کە ئامرازی پەیوەندی سۆزداری لە گەڵ جیهانە بە باشی روون کردوەتەوە:" پەیوەندی مرۆڤی مەبەستی ئەو لە گەڵ جیهاندا– دیتن، بیستن، بۆنکردن، چێشتن، بەریەککەوتن، سەیر کردن، هەستکردن، هیوادار بوون وخۆشەویستی– بە کورتی تێکڕای ئورگانەکانی تاکیەتی.... بە واتای ئامرازی چالاکی مرۆڤ بوونە". بۆ ئەوەی ئامانج لە بوونی مرۆڤ سەمبولیکە، کە واتە چۆنایەتییەکی مرۆیی لە خۆ دەگرێت، ویان بە گوتەی مارکس، " من کاتێك دەتوانم وەك مرۆڤێك خۆم لە گەڵ شتێکدا پەیوەند بدەم، کە خودی ئەو شتە بە شێوەیەکی مرۆیی لە گەڵ مرۆڤدا پەیوەند درابێت."(ئەگەر سرنج بدرێتە لێکچوونی ئەم مەبەستەی مارکس، لە گەڵ بۆچوونەکانی گۆتە، زەن بودیزم وراهیبیەتی مەسیحی زۆر گرنگە).

کە واتە " پاڵنەرەکانی "مارکس دەربڕینێکی پێداویستی بنەڕەتی وتایبەتی نییە، ئەو پێداویستییەی کە گرێدراوی مرۆڤ وسروشتە

ومرۆڤ بەم پەیوەندییە ژیانی خۆی مسۆگەر دەکات. ئامانج "یەکگرتنی مرۆڤ لە گەڵ سروشت، سروشت گەرایی ، دەستەبەر بوونی مرۆڤ ومرۆڤگەرایی دەستە بەر بوونی سروشتە." پێویستی دەستەبەر بوونی نەستی مرۆڤ ریشەی دینامیك بوونی مرۆڤە. مرۆڤی دارا کەسێکە کە "پێویستی بە کۆمەڵێك نیشانەی مرۆیی ژیان هەبێتو دەستەبەر بوونی نەست پێویستی ناخە نەك پێداویستی".

هەروەها مارکس رێژەی نێوان گرێدراوی مرۆڤ بە خۆ وکەسانی دیکەی دەبینی. هەڵوێستی ئەو لەم بارەیەوە لە گەڵ هەڵوێستی گۆتە یەکێکە کە گوتویەتی:(زانیاری مرۆڤ لە سەر خۆ بە هەمان ڕادەی زانیاری ئەو سەبارەت بە جیهانە. مرۆڤ تەنها لەناخی خۆیدا جیهان دەناسێت ولە بوونی خۆی لە جیهاندا ئاگادار دەبێتەوە. هەر شتێکی تازە کە بە دروستی بناسرێت لە ناخی ئێمەدا "ئورگانێکی" نوێ دەکاتەوە). لەم چەمکە دینامیکەی پەیوەندی، دەگەینە ئەو ئەنجامە کە لە ڕوانگەی مارکسە وە" مرۆڤی دارا کەسێکە کە پێویستی بە کۆمەڵێك نیشانەی مرۆیی ژیان هەبێت و دەستەبەر بوونی نەفس لەوێداپێویستییەکی ناخ بێت واتە پێویستییەك". لەم رووەوە هەژاری کۆتێکی نەبینراوە کە مرۆڤ ناچار دەکات پێداویستییەك تاقی بکاتەوە وگەورەترین سامان کۆبکاتەوە وببێتە کەسێکی دیکە".

لەم جۆرە گرێدراوییەدا کێ بە تێکڕای هێزەوە لە هەوڵی نواندنی تواناکانی خۆی دایە ، کرێکار یان بورژوازی سەدەی نۆزدەیەم؟ ئەگەر وڵام نیگەتیڤ بێت- کە نیگەتیڤە-گرێدراوی سروشتی مرۆڤی مەبەستی مارکس لە گەڵ کام مرۆڤدایە؟ ئایا لە گەڵ مرۆڤی چەرخی

زێرینی رابردوو یاخود مرۆڤی سەردەمی سەرهەڵدانەوەی مەسیح لە داهاتوودا؟ وڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزە وراستەوخۆ بەرەو یەکێك لە قووڵترین وپێشکەوتوترین لایەنەکانی فەلسەفەی مارکس دەمانبات. لە هەمبەر نەخۆشی دەروونی کە دەتوانین بڵێن بە شێوەیەکی رێژەیی لە گەڵ نەخۆشی ئاسایدا جیاوازە ولەوە قورستر ومەترسیدارترە، یا خود بە دەربڕینێکیتر نەخۆشییەکە لە بەردەم بەرهەمهێنان یان زاوزێدا ئاستەنگ نابێت، مارکس خەسار ناسی ئاسایی، واتە ئیفلیج بوونی مرۆڤی ئاسایی، لە دەست دانی خۆ ولە دەستدانی جەوهەری مرۆوایەتی خستە روو. بەم واتایە کە مارکس دەڵێت:" ئەگەر شتەکان مرۆیی نەبن ڕەنگە مرۆڤ لە ناویاندا ون ببێت، بە دەربڕینێکی دیکە ئەگەر پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ شتدا پەیوەندییەکی چالاك نەبێت تێیدا وون دەبێت– مارکس زۆربەی ئەم پەیوەندییەی بە " دەست بە سەرداگرتن"(چەمکی مۆڵکداریەتی) ناوزەد کردوە. ئەمڕۆ لە مرۆڤێك کە لە لایەنی جەستەیی ورۆحییەوە لە "مرۆوایەتی داماڵرابێت"[(١)]، یان کرێکاری ئێفلیج بوو ویان " پارچەیەك لە مرۆڤ"[(٢)] لە هەمبەر مرۆڤە کامڵبوو قسە دەکات. و بەم شێوەیە بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی چالاك خۆی بە کەسانی دیکە وسروشتەوە گرێ نەدات، دەیدۆڕێنێت، وپاڵنەرەکانی چۆنایەتی مرۆیی خۆیان لە دەست دەدەن وچۆنایەتی ئاژەڵی لە خۆ دەگرن وبۆ ئەوەی مرۆڤێکی وەك ئاژەڵ نییە، بە ناچاری دەبێتە مرۆڤێکی ئێفلیج، وناچارین بەمرۆڤێکی نەخۆش

---

(١) .Dehumanized

(٢) .Fragment Of Man

و"تێك وپێك چوو " لە قەڵەمی بدەین. ئەو بۆچوونە کوتومت توخمی شۆڕشگێری و چارە سەرییە لە دەروونناسی مارکسدا. مرۆڤ نەتەنها بە شێوەیەکی شاراوە خاوەن تواناکارییە بەڵکوو پێویستی بە پەیوەندی لە گەڵ جیهان هەیە وبۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێك وچاك ببێت دەبێت دووبارە ئەو توانا پوتانسێلە بە دەست بهێنێتەوە، نەك بە دەست هێنانی خەسارناسی کار وئەرکی مرۆڤ.

مەبەستی مارکس لە مرۆڤی ئیفلیج بوولە هەمبەر مرۆڤی کاملبوو بنەمای چەمکێکی تازەیە لە خەمۆکی دەروونیدا. مارکس لە بەشێك لە "ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی " دا ئەڵێ:

"بێ واتایە ئەگەر لەو بڕوایەدا بین کە مرۆڤ دەتوانێ هەڵچوونەکان جیا لە خواستەکانی دیکەی دابمرکێنێت بە بێ ئەوەی **خۆی**، واتە تێکڕای بوونی زیندوی، رازی کردبێت. ئەگەر ئەم هەڵچوونانە تایبەتمەندییەکی ئینتیزاعی وجیاواز بگرنە خۆ، ئەگەر وەك هێزێکی بێگانە رووبەروی خودی مرۆڤ ببنەوە، واتە....دامرکاندنی یەك لایەنەی یەکێك لە هەڵچوونەکان، ئەم کارە بە هیچ شێوەیەك ئامارژە بە شارەزایی ومەبەستی باش ناکات.... بەڵکو بە بۆنەی **هەبوونەوە**، بیرکەرەوە بوون نییە بەڵکوو زیندو بوونە. هۆکاری ئەم گوتەیە کامڵ بوونی وردەوردەیی ودەرکەوتنی ژیانی تاکە.... ئەگەر ئەو هەل ومەرجەی کە ئەم کەسە بە گوێرەی ئەو دەژی رێگەی کامڵ بوونی یەك لایەنەی چۆنایەتییەك بە بەهای چۆنایەتییەکانی دیکە بدات.... ئەم

دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە ک.، ئەم کەسە تەنها کامڵ بوونێکی یەك لایەنەی ئیفلیج بوو بە دەست دەهێنێت".

مارکس لێرەدا لە وروژێنەر یان هەڵچوونە بێگانە بووەکان دەدوێت، ئەو هەڵچوونانەی کە لە کۆتایی دا خۆیان دامرکێنن بە بێ ئەوەی تێکڕای بوونی مرۆڤیان دامرکاندبێت- واتە لە هەڵچوونەکانی دیکە جیان ولەم رووەوە وەك هێزێکی بێگانە رووبەروی تاك دەبنەوە. لە دەروونناسییەکی غەریزی دا، وەك دەروونناسی فرۆید، کە تێیدا هاوسەنگی وتەندروستی دەرئەنجامی دامرکاندنی تەنها یەك غەریزە ، واتە غەریزەی جنسیە، شوێنێك بۆ ئەم ئەندێشەیە نامێنێتەوە. لە چەمکی هۆمانیستیکی هەڵچوونەکاندا کە هێز بەرهەمی هەوڵدانی ئاکتیڤی تێکڕای تواناکانە تا هەڵچوونەکان بە خواستی خۆیان بگەن (ئەم گوتەیەی مارکس ئاماژە بەچییەتی خەمۆکی دەروونی یان نەخۆشی دەروونی دەکات) ئەم کارە نیشانەی زاڵ بوون یان بێگانە بوونی هەڵچوونەکانە.

کلیلی تێگەیشتن لە پاڵنەری بێگانە نەبوو **چالاکییە**، یان بەو جۆرەی مارکس ناوی لێناوە " خۆ-چالاکییە"[1] . هەڵبەت مەبەستی ئەو لە چالاکی ئەو واتا باوەی هەنووکە نییە، وەك ئەنجامدانی کارێك یا خود سەرقاڵ بوون بە پیشەیەکەوە... دیسان مەبەستی ئەو لە چالاکی لە گەڵ چالاکی ئاژەڵ کە تەنها بە گوێرەی ستانداردو پێداویستییەکانی هەڵسوکەوت دەکات، جیاوازە، چوونکە مرۆڤ دەزانێ چۆن بە گوێرەی ستانداردەکانی ئامانجی خۆی کار بکات ویان شتێك بەرهەم بهێنێت.

---

[1] . Self-activity

مەبەستی مارکس لە چالاکی لە بۆچوونی سپینوزاوە نزیکەولێك دەچن، واتە کاری داهێنەرانە وخۆهەڵقوڵاو، کە تەنها بە دابین کردنی هەلومەرجی ئازادی مومکین دەبێت. بۆ نموونە ئەو لە چالاکی خۆهەڵقوڵاوی مرۆڤ ودڵ ومێشکی مرۆڤ دەدوێت. ئەو دەستەواژە هەستی وهەست پێکراوانە کە مارکس لە پێناسەی هەڵچوونەکانی مرۆڤدا، بە تایبەت خۆشەویستی، بە کاری دەهێنێت، چەمکی چالاکی زیاتر روون دەکاتەوە. ئەو دەنوسێت::

" گریمان مرۆڤ ، مرۆڤە وپەیوەندی مرۆوایەتییانەی لە گەڵ جیهان هەیە. لەم حاڵەتەدا خۆشەویستی لە گەڵ خۆشەویستی ومتمانە لە گەڵ متمانەو... دەگۆڕدرێتەوە. ئەگەر دەتانەوێت لە هونەر چێژ وەربگرن دەبێت پەروەردەی هونەریتان هەبێت، ئەگەر دەتانەوێت بچنە نێو دڵی کەسانی دیکەوە دەبێت خاوەن توانستی وروژاندن وحەز وجۆش وخرۆش بن. پەیوەندی ئێوە لە گەڵ سروشتدا دەبێت شوێنە دەرکەوتنێکی دیاریکراوی هەبێت کە گرێدراوی ئامانج وویست وژیانی راستەقینەی تایبەتی ئێوە بێت. ئەگەر خۆشەویستی بنوێنن بە بێ ئەوەی خۆشەویستی بوروژێنن، واتە ئەگەر نەتوانن خۆتان وەك کەسێکی میهرەبان وئەویندار نیشان بدەن وکەسێکی خۆشەویست بن، خۆشەویستییەکەت بێ کەڵکە ونیشانەی بەدبەختییە".

مارکس چۆنایەتی چالاکی خۆشەویستی لە " بنەماڵەی پیرۆز"دا رووتر بەیان دەکات:" جەنابی ئیدگار بە گۆڕینی پیاوی ئەویندار یان ئەوینی پیاو بە پیاوی ئەوین، ئەوینی کردوەتە خوداوەندی ستەمگەری ودەرئەنجام ئەوین لە بوونی پیاو جیا دەکاتەوە. لەم پرۆسە سادەیەدا بە

گۆڕینی " موسند"[١] بە بکەر پیاو دەبێتە (ناپیاو). لە راستیدا ئەوین چالاکی مرۆڤە، نەك کەوتنە بن کاریگەری ئەوین (ئەویندار بوون نەك کەوتنە نێو داوی ئەوینەوە"[٢]). خۆشەویستی مرۆڤ فێر دەکات تا بە شتەکانی جیهانی دەوروبەری خۆی باوەڕی راستە قینەی هەبێت."

مەبەستی مارکس لە پێداویستییە راستەقینەکانی مرۆڤ- پێویستی بە کەسانی دیکەیە، بە ئامێر ودەربڕینی تواناکانی خۆ و بەئامانجەکان- تەنها لە حاڵەتێکدا بە شێوەیەکی کامڵ دەرك دەکرێت کە سرنج بدرێتە مەبەستی ئەو لە پێویستییە دەستکرد وکوێلە کەرەکان. دەروونناسی مـــۆدێرن بایـــەخێکی ئـــەوتۆ بـــە شـــیکردنەوەیی ڕەخنەگرانـــەی پێداویستییەکان نادات، و یاساکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی قەبووڵ دەکات (لانی زۆری بەکار هێنان وسوانی مرۆڤ)، بە پشت بەستن بەم گریمانانە کە ئارەزۆ وخواستە تایبەتییەکان هۆکاری پێویستی ڕەوا بە کالاّ یان ئامانجی دیاریکراوە، دەروونشیکاری ئەرزەدۆکس کە لە سەر پێویستی جنسی ودواتر پێویستی وێرانگەری وپێویستییەکانی مانەوە ورد دەبووەوە، هیچ هۆکارێکی بۆ خۆ خەریککردن بە پێداویستییە بەرفراوانەکان نەبوو. لە لایەکی دیکەوە مارکس بە هۆی چییەتی دیالیکتیکی دەروونناسی خۆی تایبەتمەندی دوولایەنە و وناداری پێویستییەکانی روون کردوەتەوەو لە راستیدا ئەم خاڵەی لە هێرشە توندەکەی خۆی بۆ سەر دەروونناسی خستوەتە روو. مارکس لە "

---

[١] مسند(موسنەد) وشەیەکە لە رەستەدا کە ئاماژە بە ناچاری دەکات بۆ نمونە رۆژ رووناکە واتە رۆژ ناچارە کە رووناك بێت یان مەحکووم بە رووناکییە. و.

[٢] .To be in love rather than to fall in love

نوسراوە فەلسەفی وئابوورییەکاندا " دەنوسێت:" زانستێك کە ئاگای لە کەم وکوڕییەکانی خۆی نییە فایدەی چییە؟ "بەم حاڵەوە دەتوانین واتای بەرەکەتی گەورەی چالاکی مرۆڤ لە وشەیەکدا کورت بکەینەوە:" پێداویستی" . مارکس ئەو پێداویستیانەی کە مرۆیی نین بە شێوەیەکی کورت دیاری کردوە:

" هەر کەسێك بیر لەوە دەکاتەوە کە پێداویستییەکی تازە لە کەسێکی، دیکەدا دروست بکات، تا ناچاری بکات قوربانییەکی تازە پێشکەش بکات، و گرێدراوییەکی تازەی تێدا بخولقێنێت وبە کورتی بیخاتە داوی رابواردن وچێژێکی دیکەوە.... هەر کەسێك هەوڵدەدات بە سەر کەسانی دیکەدا هێزێکی بێگانە بسەپێنێت تا هەستی لە خۆ رازی بوونی خۆی رازی بکات. بۆ ئەوەی شتەکان لە ژمارە بە دەرن، لەم رووەوە هەرێمی بێگانە بوونی ئەوانەی کە ئامانجەکەیان مرۆڤە فروان دەبێت. هەر بەرهەمێکی تازەهێزێکی فریودان ودزییەکی بەرامبەرە. مرۆڤ بە شێوەیەکی روو لە زیاد بوون " هەژار " دەبێت. ئەو پرۆسەیە تا رادەیەك بۆ ئەوەی پەرەسەندنی بەرهەمهێنان وپێداویستییەکان هەمیشە قازانجی نامرۆوانەی لە گەڵدایە، نیشاندەری ئارەزۆی گەندەڵی نائاسایی وخەیاڵییە."

" بەرهەمهێنانی لە رادەبەدەری شتومەکە(برەودارەکان) دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی(**بێ کەڵکی**) لێدەکەوێتەوە. و هەمووان لە بیر دەکەن کە زێدەرەوی وعەقڵی مووچە، ئاسایش ونەداری، وسامان وهەژاری لە گەڵ یەکدا یەکسانن.

بەم جیاوازییە لە نێوان پێداویستییە ڕەسەن وخەیاڵییەکانی مرۆڤ ، دەروونناسی مارکس ئاماژە بە یەکێك لە گرنگترین جیاکردنەوەکان دەکات کە پێویستە لە تیوری پێداویستی وپاڵنەرەکاندا ئەنجام بدرێت. دیاریکردن وجیاکردنەوە لە نێوان پێداویستییە مرۆیی ونامرۆییەکان، ڕاستە قینە وخەیاڵی، سود بەخش وزیان بەخش پرسی سەرەکی دەروونناسییە کە نە دەروونناسی ونە دەروونشیکاری فرۆید تەنانەت نەیانتوانیوە لەم بارەیەوە دەست بە لێکۆڵینەوە بکەن، چوونکە جیاکردنەوەیەك لە ئارادا نەبووە. چۆن دەتوانین جیایان بکەینەوە لە حاڵێکدا کە نموونە ومۆدێلی باو مرۆڤی لە خۆ بێگانەیە، وپیشەسازی مودێرن گەلێك پێویستی دەخولقێنێت ودایاندەمرکێنێت. وئەم پرۆسەیە بە نیشانەی پێشکەوتن لە قەڵەم دەدرێت، وچەمکی ئازادی لە پێوانەیەکی فراواندا، ڕەنگدانەوەی ئازادی کڕیار لە هەڵبژاردنی شت ومەکەکان بە گوێرەی پارەی نێو گیرفانیانە، بەلاّم لە ڕاستیدا شت ومەکەکان جۆراوجۆر نین وهەموویان یەك قوماشن– ئەم ئازادی کڕینە بە تەواوەتی لە گەڵ ئازادی سەرمایەداری سەدەی ١٩دا جیاوازە. تەنها دەروونناسێکی دیالیکتیکی و شۆڕشگەر، کە مرۆڤ وتواناکارییەکانی لە سەرەوەی مرۆڤێکە ئیفلیج بوو دەبینێت، دەتوانێ لەم جیاوازییە گرنگە لە نێوان دوو پێداویستیدا ئاگادار ببێتەوە، ئەو دەروونناسانە دەتوانن ئەم جیاوازیانە لێك بدەنەوە کە ڕواڵەت وجەوهەر پێکەوە تێکەڵ ناکەن. دەبێ سرنج بدەن کە مارکس دوای خستنە ڕووی ئەم جیاوازییە بە ناچاری گەیشتە ئەو ئەنجامە کە هەژاری وسامان وئاسایش ونەداری دژبە یەك نین بەڵکوو هاوتەریب ویەکسانن.

تا ئێره مەبەستی مارکسمان سەبارەت بە پاڵنەر وپێداویستییەکان شرۆڤە کرد، بەڵام ئایا لە دەروونناسی ئەودا بابەتێکی تایبەت سەبارەت بە پاڵنەرەکان بوونی هەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارە پۆزوتیڤە، بەڵام بابەتەکە ئەوەندە سیستەماتیك وکامڵ نییە کە لە قوتابخانەیەکی دەروونناسی چاوەڕوانی دەکەین. پێشتر گوتمان کە بۆچوونی مارکس سەبارەت بە خۆشەویستی، پەیوەندی مرۆڤ لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا جیدی وبێ پەردەیە. دیسان ئەم جیدی بوونە سەبارەت بە پرۆسەی بیرکردنەرەش بەر چاو دەکەوێت، یەکێك لەو ڕەخنانەی کە لە کتێبی" بنەماڵەی پیرۆز"دا ئاراستەی جەنابی ئیدگار کراوە ئەمەیە کە ئەو دەیەوێت لە جۆش و خرۆشی ئەوین رزگار بێت تا ئارام ببێتەوە. لەم زەمینەیەدا مارکس خۆشەویستی بە هاوسەنگ ویەکسان لە گەڵ ژیان، تێکڕای ئەزموونە هەستییەکان و تێکڕای ئەو ئەزموونە راستە قینانەی کە تاك پێشتر ئاگاداریان نییە، دەزانێ. تا ڕادەیەك کە گرێدراوی پەیوەندی مرۆڤ بێت، مارکس لەو بڕوایەدایە کە" پەیوەندی بێ ناوبەر، سروشتی وپێویستی مرۆڤێك لە گەڵ مرۆڤێکی دیکە هەمان پەیوەندی ژن وپیاوە.... پەیوەندی ژن وپیاوسروشتی ترین پەیوەندی مرۆڤێکە لە گەڵ مرۆڤێکی دیکەدا."

بەراورد کردنی ئەم بۆچوونەی مارکس لە گەڵ بوچوونی فرۆید سەبارەت بە ئارەزۆجنسییەکان شایانی بایەخ پێدانە. لە ڕوانگەی فرۆیدەوە ئارەزۆجنسییەکان (بە گوێرەی بۆچوونەکەی دواتر، وێرانگەری) جۆش وخرۆش و هەڵچوونی ناوەندی مرۆڤە. بە هەمان شێوە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد وادیارە ئەم جۆش وخرۆشە هەمان کەڵك

وەرگرتنی پیاو لە ژن بێت بە مەبەستی دامرکاندنی ئارەزۆی جنسی، کە بەرهەمی کاروچالاکییە کیمیاییەکانە. ئەگەر مارکس ئاگای لە تیۆرییەکەی فرۆید بوو وەك تیوری بورژوازی وچەوساندن رەخنەی لێدەگرت. لە ناوەندی مەبەستی مارکس بە پەیوەندی مرۆڤدا غەریزەی ژیان جێیگرتووە، نەك ئارەزۆجنسیەکان کە خۆیان یەکێك لە نیشانەکانی غەریزەی ژیانن. لێرەدا مەبەستی من لە غەریزەی ژیان، راکێشانی نێر ومێ بەرەو لای یەکدییە، کە ڕاکێشانێکی بنەڕەتییە لە هەر بوونەوەرێکی زیندودا.

بابەتێکی سەرەکی دیکە لە دەروونناسی مارکس دا ژیان لە هەمبەر مەرگە، نە لە واتای بیولۆژیکی _ فیزیولۆژیکی بەڵکو لە چەمکە دەروونناسیەکەیدا.(لە زۆربەی لایەنەکانەوە ئەم چەمکە تا ڕادەیەك پەیوەندی بە دو غەریزەی مەرگ‌وژیانی فرۆیدەوە هەیە، بە لاّم نە بە توخمە بیولۆژیکییەکەی، بەڵکو بەوەی کەمن بەناوی جۆشی ژیان‌وجۆشی مەرگ ناویان دەبەم). ڕەنگە گرنگترین پرسیار لە دەروونناسی مارکسدا ئەمە بێت کە ئایا تاك، توێژ، یان کۆمەڵگا بە ڕاکێشەری مەرگ یان ژیان دەوروژێن؟ دوژمنایەتی مارکس لە گەڵ سەرمایەداری وخۆشەویستی بۆسوسیالیزم، کە تاڕادەیەك زەمینەی سۆزداری هەیە،و لە دو لایەنەبوونەوە سەرچاوە دەگرێت. لێرەدا یەکێك لە باشترین قسەکانی مارکس لەم بارەیەوە لە "مانیفستی کومونیست"دەهێنمەوە: "لە کۆمەڵگای بورژوازیدا ژیان جگە لە ئامێرێك بۆکۆ کردنەوەی کار هیچێکی تر نییە. لە کۆمەڵگای کومونیستیدا کاری کەڵەکەبوو تەنها ئامرازێکە بۆ پەرەپێدان،

وبەرزکردنەوەی ئاستی ئەزموونی کرێکار." لەم ڕووەوە لە کۆمەڵگای بورژوازی دا ڕابردو بە سەر هەنووکەدا زاڵە، بەڵام لە کومەڵگای کومونیستدا هەنووکە بەسەر رابردودا زاڵە، یان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: "یاسای سەرمایەداری زاڵ بوونی کالای مردوە بەسەر مرۆڤی زیندودا". غەریزەی ژیان وخۆشەویستی بۆ ژیان دوپاڵنەری سەرەکی مرۆڤی لە خۆ بێگانە نەبووە، ئەم دوانە لە سروشتی مرۆڤدا نویَ گەری دەکەن وئەودەرفەتە بۆ مرۆڤ دەرەخسێنن کە ببێتە ئەوەی کە دەیەوێت. مارکس هەموو جۆرە رق وچاوچنۆکی کە یەدەکی خوشەویستی ونهێنی ژیانن و سامان پێکەوەنان و رەزیلیو کەمتەرخەمی سەبارەت بە خۆ لەو هەڵچوونانە دەزانێ کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا دروست دەبێت وبەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبن... شرۆڤە کردنی وی لە کاراکتەری پێکەوەنانی سامان لە ڕێگەی مورتازییەوە یان (کەم خەرج کردن)ەوە لە بورژوازی سەدەی نۆزدەیەمدا ولە کەمتەرخەمی سەبارەت بە خۆ و کەسانی دیکە کە خاوەن ژیانێکی راقین، خاڵێکی گرنگە لە خووناسی دینامیك لە نێو چینە جۆراوجۆرەکاندا. تێکڕای ئەندێشەی دەروونناسی مارکس دینامیکە، نەك هەڵس وکەوت گەرای وەسف کردنی، ئامازە و چەمکەکانی ئەو کاراکتەرانەی کە ئەو مەبەستیەتی پێویستە لە واتا دینامیکیەکەیدا بە کار ببرێن. ئەمانە تا ڕادەیەك ئەو هەڵچوون وئارەزۆ هەمیشەییانەیە کە هەل ومەرجی ئابووری وکۆمەڵایەتی دەیخولقێنێت. مارکس لێرەدا لە بۆچوونە گەورە کۆمەڵایەتییە دەروونناسییەکەی "بالزاك"، کە لێکوڵینەوە لە سەر کاراکتەر وەك لێکوڵینەوە لە سەرهێزە پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەزانێت، نزیك

دەبێتەوە. کاری بالزاك لە گەلێك لایەنەوە تەواوکەری بنەما دەروونناسییەکانی مارکسە. دەبێ ئەمەش زیاد بکەین کە ئەگەر کەسێك نامەکانی مارکس وئینگلس، بە تایبەت نوسخە ئەڵمانیە کورت نەکراوەکانیان، بخوێنێتەوە بۆچوونی قوڵی دەروونناسی کەسێکیان بۆ روون دەبێتەوە کە، هەرچەند چۆنایەتی هونەری وهێزی وەسفکردنی بالزاکی نییە، بەڵام یەکێك لە باشترین داڕێژەرانی دەروون شیکاری کاراکتەر بە گوێرەی دەروون شیکاری دیالیکتیکی هۆمانیستییە.

ئەم شرۆڤە کورتەی خۆم لە دەروونناسی مارکس سەبارەت بە غەریزە مرۆییەکان بە ئاماژەیەك بۆ تووڕەیی[1] کۆتایی پێدەهێنم، لە ڕوانگەی ئەوەوە تووڕەیی دەتوانێ بۆ خودی کەسەکە بگەڕێتەوە، ئەم بۆچوونە دواتر لە دەروونشیکاری فرۆیددا رۆڵێکی گرنگی گێڕا. مارکس دەنوسێ " شەرم جۆرە تووڕەییەکە کە بۆخودی مرۆڤ گەڕاوەتەوە. شەرمەزاربوونی تێکڕای تاکەکانی نەتەوەیەك وەك ئەوەیە کە شێرێك پەلاماری نێچیرەکەی بدات".

بەشی مارکس لەدەروونناسی قووڵی هومانیستێك بەبێ زانیاری لە تێگەیشتنی ئەولە "ئاگایی[2] (شعور) ومەبەستەکەی لە رۆڵی وشیار بوون بە باشی ناناسرێت. وەسف کردنی کلاسیکی ئەولە " ئایدولۆژیای ئەڵمانی "دا بەم شێوەیە: "ئاگاهی چۆنایەتی ژیان دیاری ناکات، بەڵکو ژیان ئاگاهی دەخوڵقێنێت." مارکس هەر وەها لە پێشەکییەکی خۆیدا بۆ "رەخنەیەك لە ئابووری سیاسی" دەنوسێ:"

---

[1] . Rage

[2] . Consciousness

ئاگاهی خەڵك ئەزموونەكانی ئەوان دیاری ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە بوونی كۆمەلایەتی خەڵك ئاگاهی دەخولقێنێت." ئەوەی كە ماركس لە ڕەستەی یەكەمی خۆیدا بەناوی ژیان ناوی دەبات لە ڕەستەی دوهەمدا بە"بوون" ناوی دەبات. لە بەردەوامی ئەو نەریتەدا كە سپینوزا یەكێك لە شرۆڤە كەرە گەورەكانی بوو ٥٠ ساڵ دواتر لە لایەنی فرۆیدەوە گەیشتە لوتكەی خۆی، ماركس هێرش دەكاتە سەر ئەم بیروبڕوا باوەی كە دەڵێ ئاگاهی سەرچاوەی كۆتایی وچۆنایەتی تێكڕای ژیانی مەعنەویە. ماركس، قووڵتر لە فرۆید، دەیبینی كە ئاگاهی بەرهەمی ئەزموونێكی تایبەتە لە ژیاندا كە ئاماژە بە تایبەتمەندی كۆمەڵگاویان توێژیكی دیاریكراو دەكات كە " دەستپێكی بەرهەم هێنانی كۆمەلایەتییە"، وەك زمان "لە پێویستی بۆ گرێدانی پەیوەندی لە گەڵ هاورەگەزەكانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە حاڵێكدا كە مرۆڤ وادەزانێ فیكرەكانی بڕیاردەر و پاڵنەری ئەوەن، بەلام لە راستیدا پاڵنەر ئەوهێزانەیە كە خودی مرۆڤ ئاگای لێیان نییە." ماركس پێشتر لە دەستەواژەی **"سەركوت كردن"** لە پەیوەندی لە گەڵ چەپاندنی "خواستە بەناوبانگە سروشتیەكان" كەڵكی وەرگرتبو، بەلام لە " ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی " ڕۆزا لوگزامبورگ بە بێ پەردە باس لە دولایەنە بوونی نێوان ئاگاهی ونائاگاهی (وشیاری وناوشیاری) لە ئەندێشەی ماركسدا دەكات. ئەولە وتارێكی تێروتەسەلدا سەبارەت بە ژیانی كۆمەلایەتی وەك خولقێنەری ئاگاهی دەنوسێ: " ناوشیاری پێشتر لە وشیارییە، لۆژیكی پرۆسەی پێش لە لۆژیكی زەینی مرۆڤە كە لە پروسەی مێژووییدا بەشداری دەكات. لە كۆمەڵگای چینایەتیدا

وشیاری مـرۆڤ بـە ناچـاری وشـیارییەکی درۆینەیـە،(ئایـدۆلۆژیا) کـە چوونکە بە بۆنەی ناکۆکییـەکانی کۆمـەڵگاوە، وروژاندەکان راستـەقینەو عاقڵانـە نـین، لـەم روەوە رواڵـەتێکی عاقڵانـە بـە کارەکـانی مـرۆڤ دەبەخشن.

تێگەیشتن وبۆچوونی مارکس لە ئاگاهی وئایدۆلۆژیا دەمانباتە نێو یەکێك لـە گرنگترین بەشـەکانی تیـوری شۆڕشگـەرانەی ئـەو. مـارکس لـە نامەیەکدا لـە سپتەمبەری ١٨٤٣ ئاگـاهی بـە شێوەیە پێناسـە دەکـات:" ئەو شتەی کە دونیا دەبێ هەستی پێبکات وقـەبوڵی بکـات، هەرچـەندکە نەیـــەوێت... لـــەم روەوەدەبـــێ دروشمـــی ئێمـــە ئەمـــە بێـــت: چاکسـازی وگـۆڕانکاری لـە ئاگاهیـدا، نـە بـە بۆچـوونی دوگـم، بەڵکوبـە لێکدانـەوەی ئاگـاهی نهێنـی، چـە لێکدانـەوەی ئـاینی بێـت یـا خـود سیاسی". لە ناو بردنی خەیاڵ و وەهمەکان ولێکدانەوەی ئاگاهی _ واتە ئاگـاهی لـە راسـتی، کـە مـرۆڤ ئاگـاهی لێ نییـە مـەرجی گۆڕانکـاری کۆمەڵایەتییـە. مـارکس ئـەم چۆنایەتییەی بەشـێوەیەکی جـوان وەسـف کـردوە:" مـرۆڤ دەبـێ چـۆنایەتییە "بەسـتوەکان" بـە گـوتنی هەنـدێك گۆرانی تایبـەت بهێنێتـە سـەما، یـان"پێویسـتی بـەلاوەنانی خەیاڵـەکان سەبارەت بە بارودۆخی خۆ، وازهێنـان لـە هەل ومەرجێکە کـە پێویسـتی بە خەیاڵ هەیـە. مرۆڤێك کـە وشیار بوەتـەوە دەبـێ بێ هێوا ببێتـەوە تـا بتوانێ بە دەوری خۆیدا، بەدەربڕینێکی باشتر بەدەوری هەتاوی راسـتی خـۆدا بسـوڕێتەوە....) لـە ڕوانگـەی مارکسـەوە ئاگـاهی لـە راسـتی وەك کلیلـی گـۆڕانکـاری، یـەکێك لـە مەرجـەکانی پـێش کـەوتن و شـۆڕشـی کۆمەڵایەتییە، بە هەمان شێوە کە ئـەم مەرجـە لـە ڕوانگـەی فرۆیدیشـەوە

یەکێك لە مەرجەکانی چارە سەرکردنی نەخۆشە دەروونیەکانە. مارکس کە بایەخێکی ئەوتۆی بە چارەسەری تاك نەدەدا، باسی ئاگاهی وەك مەرجی گۆڕانکاری تاك نەکردوە. بەڵام بە چاوخشاندنێك بە تێکڕای سیستەمی دەروونناسی ئەو، بەوشێوەیە کەمن هەوڵم داوە لێرەدا بیخەمە روو، گرێدانی پەیوەندی نێوان دەروونناسی مارکس وبابەتە باس کراوەکان دژوار نییە[1]

به بڕوای من هەرکە ناوەندی سرنجی مارکس - مرۆڤ - ناسرا بەشی ئەویش لە دەروونناسیدا کە تائێستا نکۆڵی لێکراوە، روون دەبێتەوە.

---

[1] "مەبەستی مارکس لە مرۆڤ " لە ئەو پەڕی زەنجیرەکانی بیرکردنەوە دا بە تێرو تەسەلی باسم کردوە

٤-بەرنامەرێژی هۆمانسیتێك [1]

لە توێژینەوە سەبارەت بە ناوچەکانی هاو ئاراستەیی لە نێوان بەرنامە رێژی بازرگانی و بەرنامەرێژی دەوڵەتی بە باشی بۆمان دەردەکەوێت کە بابەتە کە لە لایەکەوە هاوئاراستەیی لە نێوان دەروونناسی وفەلسەفەی کۆمەڵایەتی ولە لایەکی ترەوە لە نێوان بەرێوەبەری و بەرنامە رێژیش لە خۆ دەگرێت. ئەم نمونەیەی هاوئاراستەیی دو چوارچێوەی گرنگ لە خۆ دەگرێت، یەکەمینیان کە روونوئاشکرایە، کاری دەروونناسی پیشەسازییە. ڕەنگە گرنگترین هەنگاو کە دەتوانین بڵێن بنەڕەتی تێکڕای کارەکانی دیکە بوون لە لایەن "ئاڵتون مایو"[2] بە تاقی کردنەوەیەکی بەناوبانگ لە کارگەی جەنراڵ ئیلکتریك هەڵگیرا، ئەولەو کارگەیەدا لە سەر کاریگەری شێوازە جۆراوجۆرە بەرهەم دارەکان لە بەرێوە بەری و کرێکاری‌دا لێکوڵینەوەی ئەنجامدا. مایو کرێکارانی ژنی تازە کاروناشی هەڵبژارد و ساعەتی حەسانەوە بەدەم کارەوە و نیازەکانی دیکەی بەرز کردەوە ودەرئەنجام قازانجی کارەکە زیادی کرد. دواتر تێکڕای نیازە بە کارهاتووەکانی بەلاوەنا، بەلاّم دیسان بەرهەم هێنان زیادی کرد. بە ناچاری ئەم

---

[1] ئەم وتارە لە کۆبوونەوەی Tims لۆسئانجیلیس لە ١٩٦٨دا خوێندراوەتەوە

[2] .Eiton mayo

بیروکەیەی تێدا پەروەردە بوو کە بیرۆکەی بیرمەندێکی گەورە بوو_ کە تەنها ئەو پاڵنەرانەی کە باسمان کردن هۆکاری زیاد بوونی ئاستی بەرهەم هێنان نین، ئامادە نەبوونی کرێکارەکان کەم دەکەنەوەو وپەیوەندی مرۆیی ودوستانە لە نێوان کرێکارەکاندا زیاتر دەکەن، بەڵکو هۆکارێکی دیکەش بوونی هەیە _ **دروست کردنی حەزوبایەخ بۆ کاری پێسپێرودرا**. ئەو کرێکارانە بە بایەخ وچالاکی زۆرەوە کاریان دەکرد، ولەو تاقی کردنەوەیە کە لەو کۆمپانیایەدا هەیانبوو ولەئامانجە کەیان ئاگاداربوون. لەم روەوە بۆ یەکەم جار بارۆدوخی میکانیکی، تیکراری و بێزارکەری کار ببوبە چۆنایەتییەك کە حەزوبایەخی کرێکارەکانی بە لای خۆیدا ڕادەکێشا. ولە راستیدا ئەم چۆنایەتییە بووبە هۆی زیادبوونی بەرهەم هێنان. تاقی کردنەوەکەی مایو ئەم بنەمایەی سەلماند کە حەز کردن لە کار پاڵنەرێکی بەهێزە، پەیوەندی بە وروژێنەری پارەییەوە نییە.

دەروونناسانی پیشەسازی دوای مایو_ وەك لیکرت، مەك گرگۆر، وایت وکەسانی دیکە_ هەندێك شتی تازەیان بە دۆزینەوەکانی ئەو زیاد کرد. رەنگە مەك گرگۆر هەندێك دەرئەنجامی ڕادیکاڵتری بە دەست هێنابێت، ئەو دوپاتی دەکاتەوە کە نە تەنها دامرکاندنی "خۆ" - واتە لە خۆبایی بوونی تایبەتی و ڕێز دانان بۆ خۆ - بەڵکو ئەوەی کە "کنت گوڵداشتاین" لە دەروونناسی نوێدا بە ناوی "خۆ - دەستەبەرکردنی" ناوزەدی کردوە لە بەرز بوونەوەی ئاستی بەرهەم هێنانەدا گرنگ و کاریگەرە.

بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە تێکرای توێژینەوە ئەنجامدراوەکان ئەم پرسیارەیان بە دواوەیە: "چۆن دەتوانین بە مەبەستی زیادکردنی بەرهەم هێنان خەڵك بوروژێنین؟". یان "ئامرازەکانی (مرۆڤ وەك مەواد) چۆن بە کار بهێنین تا کارێکی سود بەخشتر لە ماشێن وەربگرین؟". رەستەیەکی دیکە سەبارەت بەم پرسیارانە بوونی هەیە کە ناونیشانی کتێبەکەی پرۆفیسۆر مایویە: "پرسی مرۆیی پیشەسازی". ئەو دەیتوانی ناوی کتێبەکەی بکاتە "پرسی پیشە سازی مرۆڤ" بەڵام ئەم کارەی نەکردوە. بەڵام پرسیاری جیدی ئەمەیە : "ئامانجی باڵا کێیە یان چییە، وکێ یان چی ئامرازە؟ " وادیارە کە لە دەروونناسی پیشە سازیدا ئامانج سود بەخشی کار وکامڵبوونی مرۆڤە وئەوەی کە شایستەی مرۆڤە، ئامرازی گەیشتن بەم ئامانجەیە. لە راستیدا زۆربەی دەروونناسانی پیشەسازی لەو بڕوایەدان کە پێشتر جۆرە هاوئاهانگییەك لە نێوان مرۆڤ وحەزە پیشەییەکاندا بوونی هەیە، هاو ئاهەنگییەك کە هەر چییەك تێیدا بۆ مرۆڤ سودبەخش بێت بۆ پیشەسازیش سودبەخشە . بە بڕوای من ئەم پرسە تا ڕادەیەك راستە، بەڵام دەبێ لە خۆمان پرسیار بکەین :" ئەگەر وا نەبێت دەبێ چی بکەین؟" بۆچوونی ئێمە سەبارەت بەم ڕەستەی کتێبی پیرۆزە چییە؟ " ئەگەر مرۆڤ هەموو دونیا وە چەنگ بخات بەڵام رۆحی خۆی لە دەست بدات چە قازانجێکی کردوە؟" ئەو ئایەتە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت " ومرۆڤ چی هەیە کە لە هەمبەر رۆحی پێشکەشی بکات؟" هەڵبەت وڵام ئەمەیە کە رۆح ناگۆڕدرێتەوە".

سەرەڕای ئەو کارە بە نرخەی کە دەروونناسی پیشەسازی ئەنجامی داوە، بە بڕوای من لەم بارەیەوە لێڵی ونادیاری خولقاندوە. گریمان پێشتر لە نێوان حەزە هەمیشەییەکان وبەرزترین بەرژەوەندی مرۆڤ، هاوئاهەنگی هەبووبێت، ئەم پرسیارە سەرەکییە نەخراوەتە روو:" ئەوەی شایستەی بایەخ وحەزی راستەقینەی ئێمەیە چییە؟" ئایا بە پلەی یەکەم حەز لە گەشەی مرۆڤ دەکەین یان ئەوەی جێگەی بایەخ وحەزی ئێمەیە، بەرهەمهێنان، ماشێن (مەکینە) یان رێکخراوە؟"

ناچارین چاوێك بەم ناکۆکییە مشت ومڕ هێنەرەدا بخشێنینەوە. بنەمای کەلتووری ئێمە (ئەمریکا) نەریتە یەهودی ومەسیحییەکانەو ئێمە بە بیرو بڕوا بە دە فەرمان ویاسای زێڕین پەروەردە دەبین. بەلام لە پراکتیکدا دەبینین کە هەر کەسێك کە ئەم دوو یاسایەی جێ بە جێ کردوە تووشی شکست هاتووە . هەڵبەت بێ جگە لە چەند نموونەیەکی تایبەت، ولە هەندێك نموونەی سنووردار ودیاریکراودا ، تێکەلاو کردنێکی لانی زۆری سەرکەوتن وجێ بە جێ کردنی یاسا ئاکارییەکان دژوارە. من وتار بێژ وخەتیب نیم، بەلام دەروونناسێك بە ئاسانی دەبینێت کە ئەم کەلەبەرە لە ناخی ئێمەدا زیانی زۆری لێدەکەوێتەوە. مرۆڤێك کە بەم " کەلەبەرەوە" دەژی رێز بۆ هەندێك بەها دادەنێت، بەلام بە گوێرەی هەندێك بەها هەڵس وکەوت دەکات کە پێچەوانەی ئەو بەهایانەیە کە رێزیان لێدەگرێت، وتووشی هەست بە تاوانێك دەبێت کە هێزەکانی لە ناو دەبات و ناچاری دەکات هەڵوێستی بەرگری کردن وەربگرێت وبە زۆری ناچاری دەکات هەست بە تاوانی خۆ بۆ کەسێکی دیکە بگوێزێتەوە. لەم رووەوە دەبێ دان بەو ناکوکییەدا بنێن کە لە

ژیانی ئێمەدا بوونی هەیە. ئایا فەرمانەکانی ئینجیلی مەتا جێبە جێ دەکەین یان ئەم بنەمایەکە:" ئامانجی کۆششەکانی ئێمە گەشەو سودوەرگرتن لە تەکنولۆژی ئابووری ئێمەیە؟".

سرنجێکی وردبینانەی دیکەش لە دەروونناسی پیشەیدا پێویستە: دەروونناسی پیشەسازیش وەك دەروونناسییە ئاکادمێکەکانی دیکە هەڵس وکەوت گەرایە، بە پێچەوانەی دەروونناسی قووڵ کە چوارچێوەی کارەکەی "من"ە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەوڵ دەدەم کە گرنگی و هۆکاری ئەم ناکۆکییە لە لایەنی کاری شێوازەکانی دەروونناسی لە بەڕێوەبەری و بەرنامە ڕێژیدا شرۆڤە بکەم.

دوهەمین و بنەڕەتیرین خاڵ لە هاو ئاراستەیی نێوان دەروونناسی و زانستی، بەڕێوەبەری هاو ئاراستەیی نێوان دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکردنەوەیی و ئەو بۆچوونانەیە کە لە فەلسەفەی بەڕێوەبەریدا بەیان کراوە، بە تایبەت لە نوسراوەکانی ئوزبەك خان و چرچمەن. ئەم پرسیارە یان کە زۆر شەفاف و بێ پەردەخستوە روو: "بەرنامەڕێژی ئێمە بۆچە مەبەستێکە؟ بەهاکانی بەرنامە ڕێژی ئێمە چییە؟ و دوپاتی دەکەنەوە کە ئێمە دەبێ لەو نەریت و بەهایانە ئاگاداربین کە تێکڕای بەرنامە ڕێژییەکانی ئێمە بەر لەوەی باسی بەرنامە ڕێژی ستراتیژی، یان تەنانەت تاکتێکی بکەین، دیاری دەکەن.

لە پەیوەندییەکی نزیك لە گەڵ ئەو پرسیارەدا، پرسیارێکی بنەڕەتی دیکە بوونی هەیە: "مەبەستی ئێمە لە بەرنامە ڕێژی چییە؟" ئایا مەبەست جێ بە جێ کردنی پرۆژەیەکی دیاریکرا، بەریزبەندییەکی

دیاریکراوە یان بە شێوەیەکە کە ئۆزبەك خان گوتویەتی مەبەست "ئیرادە یان مەبەستێك لە داهاتوویە؟" بۆ نمونە رۆڵی ئەم دواییانەی کومپیوتەر لە هەڵبژاردنی هاوسەر لە چاوبگرن. ئایا ئەو بووکەی کە لەم رێگەوە هەڵبژێردراوە، دەبێ بڵێ "بەرنامەی ئێمە ئەوەیە کە مانگێکی دیکە زەواج بکەین" یان بڵێ بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە کە کومپیوتەر بۆ ئێمەی داناوە مانگی داهاتوو زەواج دەکەین". بە بڕوای من، لە راستیدا ئەم پرسیارە نە تەنها بۆ پەیوەندی بەو جووتە بەختەوەر و یان بەدبەختەوە هەیە، بەڵکو تێکڕای چەمکەکانی بەرنامەرێژی کۆمەڵگای ئێمە لە خۆ دەگرێت. ئایا بە راستی ئێمە بەرنامە دادەرێژین یان بنەمایەك کە پرسیارێك لە چۆنییەتییەکەی ناکەین و بەرپرسیارەتییەکەمان سەبارەت بەوە نییە، بۆ ئێمە بەرنامە دادەنێت.

ئەو بنەمایانەی کە بنەڕەتی بەرنامە رێژی ئێمەن کەمانەن؟ وادیارە کە یەکێك لە نەریتەکانی بەرنامە رێژی کە کۆمەڵگای تەکنۆلۆژیکی ئێمە دایناوە: **هەر کارێك کە لە لایەنی تەکنیکییەوە ئەنجامدانی مومکینە، دەبێ ئەنجام بدرێت**[1]

ئەم بنەما بەهاییە تەکنولۆژیکیە بەم واتایە دێت کە بۆ نمونە ئەگەر دەتوانین بۆ مانگ سەفەر بکەین دەبێ بە بێ هات و هاوار و بێ دەنگی ئەم سەفەرە ئەنجام بدەین. ئەگەر دەتوانین چەکی وێرانکەرتر دروست بکەن، دەبێ دروستی بکەین. لەم دیمەنەدا دەرفەتی فەنی و هونەری

---

[1] lew is mum ford بەر لە من و ئوزبەك خان ئەم بابەتەی خستوەتە روو.

دەبێتـە سەرچـاوەی تێکـڕای ڕێزەبەنـدی بـەهاکان. ئەگـەر لـە ڕاسـتیدا، نـەریت، ئـەنجامی هـەر کارێکی تـەکنیکی بێـت، کەواتـە نەریتـە دینـی و ئاکارییەکان بەلاوە نراون. نەریتە ڕۆحانییەکانی ئێمـە ئەمـە بـوو کارێك کـە بـۆ مـرۆڤ سـود بەخشـە، یـان دروسـتە، یـان جوانـە، یـان گەشـەو بەختــەوەری مرۆڤــی لێدەکەوێتــەوە دەبــێ ئەنجامبــدرێت. ئەگــەر سیستەمی ئـەو نەریتانـەی کـە تـەنها سود بەخشـن قـەبوڵ بکـەین دەبێ هەر شتێك کە لـە لایـەنی تەکنیکییـەوە ئەنجامـدانی مومکینـە، ئـەنجامی بـدەین. لـەم حاڵەتـەدا هەرچـەند بـە شـێوەیەکی زارەکـی بـەرێزوە باسـی سیستەمە نەریتیەکانی خۆمان دەکەین، بەلام لە ڕاستیدا، بەلاوە نراون، هەڵبـەت ئـەم گریمانـە تەکنولۆژیکییـە کـە "هـەرکارێك کـە لـە لایـەنی تەکنیکیـەوە ئەنجامـدانی مومکینـە، دەبـێ ئـەنجام بـدرێت" نـەریتێکی شـەفاف، کـە ئێمـە وەك بنەمایـەکی بـەها ئاگامـان لـێ بێـت، نییـە. بـەلام شـێوازی کـاری ئێمـە دیـاری دەکـات، لـە حاڵێکـدا کـە ئێمـە لەهەسـتی خۆماندا بە نەریتەکانی یەهودی ـ مەسیحی وەفادار ماوینەتەوە.

کەواتە ئایا ڕوو بە ڕووی پێکدادانی حاشاهەڵنەگری نەریتـەکانی هۆمـانیزم و فەرمانـەکانی پیشـکەوتنی تـەکنولۆژێکی بوینەتـەوە؟ بـە خۆشـحاڵییەوە دەرفـەتێکی سێهەمیش بـۆ سیسـتەمی بـەهاکان بـوونی هەیـە، نـە دەرفـەتێك بـە گوێرەی ئیلهام، بـەڵکو لـە سـەربنەمای ناسـینی ئێمـە لـە سروشـتی مـرۆڤ. بنـەمای سیسـتەمی بـەهاکان لـە سـەر ئـەم گریمانەیە کە دەرفـەتی دیـاری کردنـی ئەوەی بۆ مرۆڤ بـاش و یـا خـود خراپـە بـوونی هەیـە بەو مەرجـەی کـە سروشـتی مرۆڤ بناسـین. لێرەدا مەبەسـت لـە "بـاش یـان خـراپ" خواستەکان یـان ناخۆاسـتەکانی مـرۆڤ

یان باش و خراپ بوون شتێك نییە بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی مادی مرۆڤ بێت. بەڵکو مەبەست لە باش شتێکە کە دەبێتە هۆی گەشەی تەواو و کامڵ بوونی تواناکان و هێزەکانی مرۆڤ، و مرۆڤ دەگەیەنێتە گەشەی مرۆیی بەلام بەم شێوازە دەتوانین هەندیك نەریت بە بەهای بابەتییەوە بخولقێنین، بەڵێ ئەوەی پێویستیمان بە پەنابردن بۆ ئیلهام هەبێت، و ئەم نەریتانە وەك نەریتە هاوبەشەکانی تێکڕای ئایینە هۆمانیستەکانی وەك ئیسلام، مەسیحییەت، یەهودی، بودیزم و تائوییزمە.[1] هەرچەند ناتوانم لەم وتارەدا دەرفەتی پراکتیزە بوونی ئەم نەریتانە نیشان بدەم، بەلام چەندین تێبینی پێ زیاد دەکەم کە ڕەنگە لە نێوان چەمکە بەکارهاتووەکان لە ئانالیزی سیستەمەکان و دەروون شیکاریدا پەیوەندییەك گرێ بدات.

مرۆڤ سیستەمێکە ــ وەك سیستەمە سیاسیەکان و یا خود ئوکولۆژییەکان، سیستەمی جەستیە یان سیستەمی خانە یان کۆمەڵگا و ڕێکخراو. لە شرۆڤە کردنی " سیستەمی مرۆڤ"دا بۆمان دەردەکەوێت کە لە گەڵ سیستەمێکی هێزەکاندا دەستە و یەخەین نەك لە گەڵ بونیادێکی میکانیکی بەشە بچوکە ڕەفتارییەکان وەك سیستەمەکانی دیکە. لە ناخی سیستەمی مرۆڤدا گرێدان و پێکەوە بوونێکی گەورە بوونی هەیە و لە هەمبەر گۆڕانکاری خۆڕاگرییەکی توند نیشان دەدات. دیسان گۆڕانکاری لە بەشێکدا کە "هۆکاری" نەخوازراوی گۆڕانکاری لە بەشێکیتر دایە، گۆڕانکاری تێکڕای سیستەمی لێناکەوێتەوە.

---

[1] ئەم سیستەمەی ئاکاری هۆمانیستیم لە کتێبی "مرۆڤ بۆ خۆ"دا شرۆڤە کردوە.

دژواری تێگەیشتن لە "سیستەمی مرۆڤ" لە دو لایەن دا شاراوەیە. گرفتی یەکەم هەمان گرفتی چەمکی سیستەمی ئەندێشە بە شێوەی هەستی گشتییە. گرفتی دوهەم لەم راستییەدایە کە زۆربەی خەڵك تیوری هەبوونی هەندێك هێز لە پشت هەڵس وکەوتی رواڵەتییەوە بە ئاسانی قەبووڵ ناکەن. نموونەیەکی سادە دەهێنمەوە: ئەگەر کەسێك ببینین کە بە روخسارێکی سورۆبوو هاوار دەکات، ئەڵێین " تورەیە" بۆچوونەکەی ئێوە راستە. بەڵام ئەگەر بە وردی لە سیستەمەکەی بڕوانن رەنگە بڵێن " ئەم کابرایە ترساوە" ودیسان ئەگەر وردتر سەیر بکەن رەنگە بەم ئەنجامە بگەن کە "ئەم کابرایە داماوە". هەرسێ بۆچوونەکە راستن، بەڵام ئێمە لێرەدا لە گەڵ پلەیەکی گۆڕاو لە رێژەیی بوون دەستەو یەخەین، چوونکە ئەم بۆچوونە کە ئەم کابرایە داماوە لە راستی سەرەکی ئەو کارەی کە من پێیەوە سەرقاڵم نزیکترە، بەڵام ئەگەر بە تورەیی سەیری بکەم رواڵەتی پرسەکەم لە بەرچاوە گرتووە.

بە زۆری هێزە پاڵنەرەکان ناوشیارن. بۆ نموونە فەرمانبەرێك لە کیوسکی پۆستەدا دانیشتوە، کوت ومت کاتژمێر ٦ی دوای نیوەڕۆیە(کاتی کۆتایی هاتنی دەوام) وسەرەڕای ئەوەی هێشتا سێ کەس چاوەڕوانی ئەون (تا کارەکانیان رایی بکات) ئەو کیوسکە دادەخات. ئەگەر چاودێرێکی باش بن، نیشانەی رازی بوون لە نێوچاوانیدا دەبینن کە چۆن سێ کەسی ناچار کردوە بە بێ ئەوەی بتوانن پوول(Timbr) بکڕن پۆستە خانەکە بە جێ بهێڵن. ئەو خۆی لەم پرسە ئاگادار نییە، بەڵام ئەم دیمەنە ئاگادارت دەکاتەوە کە لە پێگەیەکی زۆر جیاوازدا، لە رژێمێکی تیرۆر وتۆقاندا، ڕەنگە ئەم کەسە

ئەشكەنجەكەرێكی سادیستی لێ دەربچێت. ڕەنگە خواستی سادیستیك لە پێگەیەكدا كە ڕێگەی پێبدرێت خۆی ئاشكرا بكات،وبە روونی سەرهەڵبدات. لێرەشدا بۆمان دەردەكەوێت كە هێزێك، وەك خواستی سادیستیك، بوونی هەیە كە لە كار یا خود هەستدا ئاشكراو بەر چاو نییە، بەڵام ڕەنگە لە هەل‌ومەرجێكی تایبەتدا ببێتە هێزێكی بە هێز لە سیستەمی تاكدا.

توخمێكی دیكە لە شرۆڤەی" سیستەمی مرۆڤدا" پێشبینی كردنیەتی. واباشترە پێی بڵێن" كاراكتەر"تا "سیستەمی مرۆڤ " چوونكە هەموان لەوەی كە پێدەگوترێت " كاراكتەر" هاوبەشین. تەنانەت ئەو كەسانەش كە لە دەروونناسیدا پسپۆڕ نین بە ئەزموون بۆیان دەركەوتوە كە كاراكتەری تاك لە گەڵ هەڵس‌وكەوتە رواڵەتییەكەی و ئەوەی سەبارەت بە خۆی بیری لێدەكاتەوە یەك نین. ڕەنگە سەبارەت بە خەڵك داوەری بكەین، ئەم داوەرییە بە گوێرەی ئەو كارە نییە كە لەو كاتەدا ئەو كابرایە ئەنجامی دەدات، بەڵكوو ئەو هێزانە هەڵدەسەنگێنین كە بە زیرەكی بۆی دەركەوتووە ولەو بڕوایەدایە كە لە كاتی پێویستدا خۆی دەردەخات. تەنانەت سەرەڕای ئەو ناسینە زۆرەی كە ڕەنگە بە دەست هاتبێت، ناتوانین بە جیدیەتەوە هەڵس‌وكەوتی داهاتووی كەسێك پێشبینی بكەین، بەڵكوو ئەم كارە تەنها لە ئاستی ئەگەردا مومكینە. بەڵام بە دڵنیاییەكی زیاترەوە دەتوانین هەڵس وكەوتی جەماوەر پێشبینی بكەین بەو مەرجەی كە بونیادی كاراكتەری گشتی تێكڕای كەسانی گروپ بۆ ئێمە روون بێت.

لە پەراوێزی ئەم بابەتە دا پێویستە بڵێم کە لە ساڵی ١٩٣٢ ئێمە حەزمان کرد بزانین ئەگەر هیتلەر بێتە سەر حوکم پەرچەکرداری کرێکار وفەرمانبەران چۆن دەبێت؟ بیرو بۆچوون وخواستەکانی ئەوانمان تا رادەیەك لە بەر دەستدا بوو، لە سەداسەد دژی نازیزم بوون، بەڵام لەو بڕوایەدا بووین کە ئەو پەرچەکردارە کە نیشانی دەدەن گرێدراوی هێزی رێژەیی هێزە دەسەڵاتگەرا و نادەسەڵاتگەراکانە لە بونیادی کارەکتەری ئەو توێژەدا، کە یان دژی هیتلەر خەبات دەکەن ویا خود بەرەو نازیزم رادەکێشرێن، یان تەنها سەرقاڵی ژیانی خۆیان دەبن بە بێ ئەوەی دوژمنێکی جیدی یان دۆستێکی گەرم‌وگوڕی هیتلەر بن. ئێمە دەمانتوانی بە شێوەیەکی گریمانەیی رێژەی ئەو کەسانەی کە یەکێك لەو سێ شێوازە دەگرنە بەر بە شرۆڤەکردنێك بونیادی کاراکتەری گروپەکان پێش بینی بکەین، پێش بینییەکەی ئێمە دواتر لە گەڵ راستیدا هاوئاهەنگ بوو.

تیوری سەرەکی من ئەمەیە کە شیکردنەوەی "سیستەمی مرۆڤ" دەبێ بەشێکی جیانە بووی شیکردنەوەی سیستەمی کڕین‌وفرۆش لە گەڵ سیستەمی کۆمەڵگادا بێت، بە دەربڕینێکیتر بەشێك لە زانستی مرۆیی یان زانستی بە رێوە بەری بێت. تەنانەت ئەگەر دەرفەتی دروست بوونی بەهای برەوداری بابەتی لە سەربنەمای زانستی مرۆیی قەبوڵ نەکەین، دیسانیش ئەم راستییە لە جێگای خۆیدایە کە ئێمە لە چۆنیەتی بەرنامەرێژی خۆمان بێ‌خەبەرین، مەگەر "سیستەمی مرۆڤ " بناسین ولەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی‌ورێکخراوەی تێکەڵی بکەین. ئەگەر وانەبێت روبەروی شیکردنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبینەوە

بەبێئەوەی یەکێك لە سیستەمە لاوەکییە گرنگەکانی حەسێب بکەین. دیسان دوای ئەوە لە"سیستەمی مرۆڤ " تێگەیشتین، ڕەنگە گرفتی پرسەکە، دیاری کردنی بەها گشتی وبرەودارو بابەتیەکان تاڕادەیەك گرنگی خۆیان لەدەست بدەن.

بەسرنج دان بەم پرسانە ئێمە دەتوانین بۆئەم پرسیارە وڵامێکی گشتی بدۆزینەوە، هەرچەند کە وڵامێکی تایبەت بەگوێرەی برەو وبەهای سیستەمی ئاکاری عەقڵی مومکین نەبێت. پرسیار ئەمەیە: "سیستەمێکی دیاریکراوی بەڕێوەبەری دەتوانێ چەکارێك بۆمرۆڤ ئەنجامبدات ؟ "لەگەڵ ئاگادار بوونەوەمان لە دەرئەنجامەکانی بەرنامەرێژی خۆمان بۆ مرۆڤ، دەتوانین بڕیاربدەین کە ئایا بەگوێرەی ئەم دەرئەنجامانە ئامانجێکی بەرنامە ڕێژی بەلامانەوە گرنگە یان شێوازێکی بەڕێوەبەری لە بەراورد لە گەڵ شێوازێکی دیکەدا. تەنها لە ڕێگەی توێژینەوە لە " سیستەمی مرۆڤ " لە نێو سیستەمی کۆمەڵایەتی کە بەرنامە ڕێژی ئاماژەی پێدەکات دەتوانین لەم دەرئەنجامانە تێبگەین - ئەمە خاڵێکی گرنگە - بەبێ هەبوونی زانیاری سەبارەت بە مرۆڤ تەنها بیر لەوە دەرئەنجامانە دەکەینەوە کەئەو شێوازانەی کە ئێمە حەزیان لێدەکەین ، بەڵام ڕاستە قینە نین، پاساودەدات . لە هەر حاڵدا خاڵی گرنگ ئەمەیە کە نابێ خۆمان بەم پرسیارەوە سنوردار بکەینەوە: "دەرئەنجامەکانی ئەو لە گەڵ بەڕێوە بردنی ٧یان٨ ساعەت کار بۆ هەڵس وکەوتی مرۆڤ چییە؟" بەڵکو دیسانیش دەبێ پرسیار بکەینەوە:" دەرئەنجامەکانی ئەو بەرنامەڕێژییە بۆ هەڵس وکەوتی مرۆڤ لە دەرەوەی پێگەی کارکردنەوەچییە؟ "

نمونەیەکی دیاری کراو لە بەرچاو بگرین:" کرێکارێك بە کارێکی تیکرارییەوە(لە ئەمریکا). ئەم کەسە بێزارونارەحەت و توڕەیەولە کارەکەی هیچ چێژێك وەرناگرێت، بەڵام ئەم نەبوونی چێژە لە کار بەو بەکارهێنانەی کە لە کاتی حەسانەوەوپشوی کۆتایی حەفتە دا ئەنجامی دەدات قەرەبوو دەبێتەوە. بەڵام بەکار هێنانیش هەندێك سنووری هەیە کە ئازاراوییین. ئەم کرێکارە لە جیهانێکدا دەژی کە دەتوانێ ڕێژەیەکی سنوردار لە کالا ڕێکلام کراوەکان بەکار بهێنێت. سەرەڕای ستانداری بالای ژیانی، لە بەراورد لە گەڵ کرێکارەکانی شوێنەکانی جیهاندا، لە بەکار هێناندا سنوردار کراوەتەوە. لە قورسی باری باج، لە جیرانی رەش پێست ویان لە ترسی لە دەست دانی کارەکەی گازندە دەکات ونیگەرانە. ئەم نارەحەتی وتوڕەیی ئەوە چە کاریگەرییەك لە سەر پەیوەندییەکەی لە گەڵ هاوسەرومنداڵەکانیدا دادەنێت ؟ ئەرکەکانی وەك هاوولاتییەك چۆن ڕادەپەڕێنێت؟ ئایا ناکەوێتە داوی فریودانی خەڵکەوە تا لە نارەحەتییەکانی ئەو بۆ دابین کردنی ئەو مەبەستانەی کە بەهیچ شێوەیەك لە گەڵ بەرژەوەندی کرێکارەکاندا نایەتەوە کەڵك وەربگرن؟ ئەوەی دەمەوێت بە شێوەیەکی ساف وسادە بیڵێم ئەمەیە کە ڕەنگە لەو سیستەمە کارییەدا کە بە رواڵەت سەرکەوتوانە ئەنجامی دەدەن هەندێك شتی سودبەخش بخولقێنن، بەڵام لە هەمان حاڵدا ڕەنگە هەندێك شتی زیانبەخش، چە لە لایەنی تاکەوە وچە لە لایەنی کۆمەڵگەوە، لە ئورگانی بوونی مرۆڤدا دروست بکەن کە بەرژەوەندییەکانی هەنووکە بخاتە بن کاریگەرییەوە و وکۆمەڵگا لەوە هەم لەلایەنی مادی وهەم لە لایەنی مەعنەوییەوە زیان ببینێت. تەنها

لێکۆڵینەوەیەکی شیکردنەوەیی ووشیارانە لە مرۆڤ دەتوانێ نیشانی بدات کە کاریگەرییە گشتییەکانی بەرنامەرێژی وبەرێوەبەری تا چە ئاستێکە.

هەڵبەت بە ناچاری رووبەروی چەمکێك لە نەریتەکان دەبینەوە کە لە ڕوانگەی ئەو کەسانەوە کە بە سیستەمەکانەوە سەرقاڵن بەهایەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر پرسیاربکەن کە "کاری گونجاو" ی مرۆڤی سیستەم چییە؟ دەتوانین لە وڵامدا بڵێین کە " کاری گونجاو" بریتییە لە کامڵبوون وگەشەکردنی تێکڕای تواناکانی مرۆڤ، لانی کەمی پێکدادان وبە فیڕۆدانی هێزی ناوەکی مرۆڤ ، لە نێوان مرۆڤ ومرۆڤ ، ومرۆڤ وژینگەی ئەو".

یەك یان دوو نموونە دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرجەستە وهەستپێکراو ئەم بنەما گشتییە روون بکاتەوە. مرۆڤ پێویستی بە نزیك بوونەوە لە کەسانی دیکە هەیە. ئەم نزیك بوونەوەیە چەندین جۆرە- بۆ نموونە نزیکی پیاوێکی فەرمانبەر لە سەرەوەی خۆی. نرخی ئەم جۆرە نزیکییە ، نەبوونی سەربەخۆیی، نەبوونی داوەری یان خواستی یاخی بوونی ناوشیار لە هەمبەر هەمان کەسی سەردەستە. ئەم جۆرەنزیکییە کە لە سەر بنەمای ملکەچ بوون وفەرمانبەرییە، لە بەردەم گەشەکردن وکامڵبوونی تاك رێگرە ودەبێتە هۆی سوان وولە ناو چوونی وزەو خۆشەویستی، مەبەستم لە خۆشەویستی، گەرم وگوڕی ونزیکی تەواوەتی لە نێوان دووکەسە. کە هەر دوانیان سەربەخۆیی تەواوەتی خۆیان، یان لە واتایەکی دیکەدا تاك بوونی خۆیان دەپارێزن. خۆشەویستی لە بنەڕەتدا ناکۆکی هێنەر وبە

فێرۆدەری هێز نییە، چوونکە دوو پێویستی قووڵی مرۆڤەکان پێکەوە تێکەڵ دەکات: نزیکی وسەربەخۆیی. نموونەکانی دیکە بریتین لە هاوسەنگی نێوان هێزە عەقڵی وسۆزدارییەکان، لە نێوان بنەمای لێبووردنی بێ قەید ومەرج وبنەمای بەرپرسیارەتی. گەلێك نموونەی دیکە بوونیان هەیە کە ئەم راستییە دەسەلمێنن کە چییەتی سیستەمی مرۆیی بە شێوەیەکە کە هەندێك رێگەچارەی دیاریکراوی باش وهەندێکیتریش کاری خراپی لێدەکەوێتەوە[1]. دەتوانین ئەم شێوازە بە روونی لە خەسار ناسی خەمۆکی دەروونی[2] وپەرێشانی دەروونی[3]دا ببینین. بەڵام دەبێ خەسارناسی نەریتی لە بیر بکەین، واتە ئەو کەم وکۆرپییانەی کە خاوەن مۆدێلی کەلتوورین ونیشاندەری دژکردەوەی سیستەماتیکن، چوونکە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا تێیدا بەشدارن بە شێوەی خەسارناسی تاقی ناکرێتەوە.

بەم زانیاریانەی ئێمە لە" سیستەمی مرۆڤ" رەنگە بونیادێکی کاراکتەری نموونە کە بۆ کاری باش ولانی کەمی بە فێرۆدانی وزە رێنوێنیمان بکات، بێتە کایەوە. ئەم مۆدێلە ریزبەندییە بابەتییانە بەهاگەلێکی برەودارن. لە راستیدا ئەرەستۆ وسپینوزا ئەم مۆدێلەیان دارشتوە، هەرچەند لە گەڵ ئەم مۆدێلەدا کە ئێستا باسمان کرد جیاوازە. فرۆیدیش هەرچەندە راستەوخۆ وبێ پەردە نەهاتوەتە نێو

---

[1]. Dysfunctioning

[2]. Neuroses

[3]. Psychoses

پرسی بەهاکانەوە، بەڵام نا راستەوخۆ هەندێك بەهای خولقاندوە کە بۆ گەیشتن بە کاری باش بۆ مرۆڤ زۆر یارمەتی دەرە.

کە واتە بەرنامەرێژی ، پێویستی بە تێکەڵاو کردنی " مرۆڤی سیستەم" لە سیستەمی " ئابووری – دەوڵەت-کۆمەڵگە" هەیە. ڕەنگە ئەوەی کە لە لایەنی ئابوورییەوە سودمەندە، لە لایەنی مرۆیی وکۆمەڵایەتییەوە زیانبار بێت، کە واتە دەبێ ئامادەیی ئەوەمان هەبێت کە ئامانجی کۆتایی وراستەقینەی خۆمان هەڵبژێرین: یان گەشەی تەواوەتی مرۆڤ یان لانی زۆری بەرهەمهێنان وبەکار هێنان. ئەم هەڵبژاردنە کاتێك مومکینە کە لەم باوەڕەی خۆمان دەست هەڵبگرین کە: لە کۆنەوە هاوئاهەنگییەك لە نێو ئەم دوو گەشەیە دا بوونی هەیە ویان بە زمانی ئایینی داخوازییەکانی خوا وقەیسەر چوون یەکن. گەلێك بەڵگەمان لە بەردەستدایە نیشان دەدات کە ئێمە، لە ئەمریکا وتێکڕای جیهانی پیشەسازی خۆراوا – کە لە ڕوانگەی منەوە روسیاش لە خۆ دەگرێت- گیرۆدەی قەیرانێکی قووڵین کە ئابووری نییە، بەڵکوو مرۆییە. ئێمە شاهیدی زیاد بوونی دەستدرێژی، بێزاری، نیگەرانی، ونەفرەتین وبەکار هێنانی لە رادەبەدەری ئێمە وڵامی رق وچاوچنۆکی مرۆڤ ناداتەوە.

ئایا ڕێگایەك بۆ دەرچوون لەم قەیرانە مرۆییە بوونی هەیە؟ واباشترە بپرسین: ئایا پێویستمان بە دروستکردنی کەموکوڕییەك لە " مرۆڤی سیستەم" بە مەبەستی دابین کردنی سیستەمێکی سودبەخشی بەڕێوەبردن وبەرهەم هێنانی ئابووری هەیە؟ یان ئایا دەبی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست مرۆڤ نەخۆش بخەین؟ من

گومانم لەوەدا نییە كە دەتوانین كۆمەڵگەیەكی پیشەیی بونیاد بنێن كە ناوەند و ئامانجەكەی گەشە وكامڵ بوونی مرۆڤ بێت، نەك لانی زۆری بەرهەمهێنان وبەكار هێنان. بەڵام ئەم كارە پێویستی بە گۆڕانكارییەكی ڕادیكاڵ لە بونیادی كۆمەڵگای ئێمە، لە ئامانجە هەمە لایەنەكانمان، لە ئەولەویەتەكانی بەرهەمهێنان وشێوازەكانی بەڕێوەبردنی ئێمە هەیە. ئایا ئێمە دەتوانین ئەم گۆڕانكاریانە دروست بكەین ودەرئەنجام لێكترازان ئاستەنگ بكەین؟ شتێكی دڵنیا ومسۆگەر لە ئارادا نییە. بەڵام چەندین هۆكار بوونیان هەیە كە هیوادارمان دەكات. یەكەم وگرنگتر ئەوەی كە ئێمە خاوەن ئامرازی مادی وتەكنیكین و ئاگاهی وشارەزایی تیوریكمان هەیە، كە واتە دەتوانین كۆمەڵگەی تەكنۆلۆژیكی بكەینە كۆمەڵگایەكی مرۆیی. دوهەم : داخوازی وخواستێكی ڕوولە زیادبوون بۆ ئەم مرۆیی كردنە بوونی هەیە، ئەم خواستە نە تەنها لە نێو " هیپییەكان" وخوێندكارانی ڕادیكاڵی زانكۆ، بەڵكو لە نێو ئەو ئەمریكایانەدا كە هێشتا نەریتە مرۆییەكانیان لە بیر نەكردوە وهێشتا ویژدانیان بێ دەنگ نەبووە، لە نێو ئەو كەسانەدا كە ئاگاهییەكی زیاتر سەبارەت بەوەی كە ژیانی ئێمە بەرەو بێزارییەكی ئازاراوی دەڕوات، بە دەستدەهێنن ، بوونی هەیە. بە بڕوای من زانیاری ڕوولە زیاد بوون لە كەم وكوڕی ڕێكخراوی كۆمەڵایەتی ئێمە و بەرنامەرێژی بێ بەهای ئێمە، هۆكارێكی ڕاستەقینەی قەیرانە لە مانەوەی شارستانی ئێمەدا.

٥- گرێی ئودیپ
پەراوێزێك لە سەر سەربۆردەی "هانسی بچکۆلە"[1]

لە ساڵی ١٩٠٥ فرۆید" سێ ناملیکەی سەبارەت بە تیوری جنسی "خۆی بەڵاو کردەوە. ئەو زانیارییانەی کە لە توێژینەوەی دەروون شیکاری کەسانی پێگەیشتو بە دەستی هێنا بوو، پێویستی زانستی ئەوی وروژاند تا متمانە و بڕەوی لێکۆڵینەوەکانی، بە توێژینەوەی راستە وخۆ لە ژیانی منداڵدا بسەلمێنێت. دەرئەنجام چوار ساڵ دواتر "لێك دانەوی ترس لە کوڕێکی تەمەن ٥ ساڵە"[2]ی بەڵاو کردەوە، نوسراوەیەکی لێوانلێو لە خاڵی پڕ بایەخ کە بە بڕوای فرۆید رۆڵی نەخۆشی هێنەری گرێی ئودیپی دەسەلماند.

بە بڕوای فرۆید "هانس" ئودیپێکی بچوك بوو. هانسی بچوك لە خەوتن و حەمام کردن لە گەڵ دایکی چێژی وەردەگرت. لە لایەکی ترەوە وەك رکەبەرێك سەیری باوکی دەکرد. "سەرتا لە، گمونەدەن،

[1] ئەم وتارە لە رێکخراوی دەروونشیکاری میکزیك لە بەردەم ژمارەیەك لە مامۆستایاندا خوێندراوەتەوە.

[2] . Analysis Of Phobia Ina Five Years Old Boy

دەیەویست کە باوکی لەوان دووربێت، و دواتر لە ڤییەنا ئەم خواستە بوو بە ئارەزۆی مەرگی باوکی. ئەو ترسەی کە لە ئارەزۆی مەرگی باوکی دەستە و یەخەی هانس بوو، و دەتوانین بڵێین کە خواستێکی ئاسایی بوو، رێگری سەرەکی لە بەردەم لێك دانەوەی دەروونی ئەو منداڵە بوو، تا دوای گوت و وێژ لە عیادەکەی من ئەوترسە لە ناو چوو[1]"

لە روانگەی فرۆیدەوە ترسی هانس دەر ئەنجامی ئەو خواستە حەرامە بۆ کە لە لیبیدۆی ئەو بۆ دایکی سەچاوەی دەگرت، کە بە لە دایك بوونی خۆشکە کەی توندتر ببوو- ئەو رووداوەی کە بووە هۆی ئەوەی هانس لە لە دایکی دور بکەوێتەوە و بایەخ و سرنج دایکی بۆ ئەو کەم ببێتەوە. دەبێ نەفرەتی ئەو لە باوك وەك رکەبەرێك، ترسی ئەو لە خەساندن لە لایەن باوکییەوە وەك تۆڵەی ئارەزوی مردنی ئەو و گەڕاندنەوەی میهرەبانی، بەو بارودۆخە زیاد بکەین. هانس بە هیوایە کە باوکی بمرێت و لە خەساندن لە لایەن باوکییەوە دەترسا، نیشانەی سەمبۆلێکی ئەم ترسە، ترس لە قەپ گرتنی ئەسپە. لەم روە وە ئەو ترسەی کە لە کەوتنە خوارەوە لە ئەسب تووشی ئەم کوڕە دەبێت نیشاندەری ئارەزۆی مەرگی باوکییە. و هەوڵدانی ئەو بۆ نە دیتنی ئەسپ سەمبۆلی هەڵهاتنە لە هەر دوو ترسە کە.

سەرەڕای ئەم لۆژیکە و عاقڵانە بوونی باسەکەی فرۆید و دەوڵەمەندی بەڵگە کلینیکییەکانی هەندێك پرسیار و گومان دێنە ئاراوە. پرسیاری یەکەم: ئایا دایك و باوکی هانس، بە هەمان ئەندازە

[1] لە کتێبی شیکردنەوەی ترس لە کوڕێکی تەمەن ٥ساڵدا

کە فرۆید دەڵێ، لە هەڵس و کەوتی خۆیان لە گەڵ منداڵەکەیاندا راستگۆن؟

"دایك و باوکی هانس لە لایەنگرانی نزیکی من بوون و خۆیان دانیان بەوە دا دەنا کە لە پەروەردە کردنی یەکەمین منداڵی خۆیاندا دیسپلین پێویستیان بۆ بە دەست هێنان و پاراستنی هەڵس و کەوتی باش و گونجاو بەکارنەهێناوە. و بۆ ئەوەی کە منداڵەکە، کوڕێکی بزیو، شاد بوو سەربەستیان کرد تا گەشە بکات و خۆی بنوێنێت، بە بێئەوەی هەڕەشەیەك لە ئارادا بێت."

و فروید درێژەی پێدا و دەڵێ:

"بە سرنج دان بەو پەروەردەیە کە دایك و باوك بە منداڵەکەیان دابوو، کە هەڵە باوەکانی پەروەردەی ئێمەی تێدا بە لاوە نرا بوو، بێگومان ئەوان هەر لەسەرەتاوە بڕیاران دابوو کە منداڵەکەیان رووبەرووی گاڵتە و کونتڕۆڵ کردن نەبێتەوە[1]"

بەڵام ئایا راستە کە دایك و باوکی هانس لانی کەمی دیسپلین و زۆریان بە کار هێناوە و لە "هەڵە کانی پەروەردەی ئاسایی ئێمە" خۆیان دورگرتوە؟ فرۆید، بیرمەندێکی گەرم گوڕ، هەمیشە زانیاری راست و دروست پێش گەشی ئێمە دەکات و بەڵگەی پێویست دەکاتە روو تا نیشان بدات کە هەڵسەنگاندی ئەو لە شێوازەکانی دایك و باوك دروست نییە.

١- شێوازی پەروەردەکردنی دایك و باوك قەت بێ هەڕەشە نییە. دایك بە ڕاشکاوی لە خەساندن دەیترسێنێت "ئەگەر تۆ ئەم کارە بکەیت

---

[1] هەمان سەرچاوە.

(دەست بە ئەندامی زاوزێ خۆتەوە بدەیت) دەنێرم(ئەلف) بێت و بیبڕیتەوە [1] و دیسان هەڕەشە لە منداڵەکەی دەکات کە بە جێی دەهێڵێت. هانس دەڵێ "دایە گوتی ئیدی ناگەڕێمەوە.[2] "

٢: درۆ کردنیش بە شێوازەکانی پەروەردەی دایك و باوك زیاد بووە. دەبێ بڵێم کە درۆکردن لە گەڵ منداڵدا بەو شێوەیە کە دایك و باوك دەڵێن بێ زەرەر نییە. بە پلەی یەکەم درۆ کردن جۆرە گاڵتە پێکردنێکی فیلاویانەی منداڵە، بە تایبەت ئەگەر نەیتوانی لێی تێبگات-هەرچەند کە ناتوانێت دڵنیا بێت کە قسەی گەورەکان راست نییە. بە پلەی دوهەم درۆکردن لە گەڵ منداڵ شێوازێکی دیکەی بەکار هێنانی زۆرە، منداڵ هیچ شێوازێکی بۆجیاکردنەوەی درۆ لە راست لە بەر دەست دا نییە، دەبێ متمانە بە دایك و باوکی بکات و دیسان هیچ کەرەستە و ئامێر و دەرفەتێکی بۆ بەرگری کردن لە خۆ لە هەمبەر قسەی درۆ لە بەردەستدانییە. خودی فرۆید گوتویەتی کە " دایك و باوك بۆ منداڵ تەنها سەرچاوەی متمانە پێکراو و سەرچاوەی تێکڕای بیرو و بڕواکانن"

لە ڕوانگەی ئێمەوە، هانس، بەو شێوەیەکە دایکی بیری لێدەکاتەوە وڕ وکاس نییە. ئایا بە راستی منداڵ رازی بووە کە حاجی لەق لەق منداڵ دەهێنێت[3]؟ فرۆید بە ئێمە دەڵێ: "ئەوە لاسایی کردنەوە و تۆڵە کردنەوەی هانس لە باوکی بوو". وەك ئەوەی بڵێ: " ئەگەر بە راستی چاوە ڕوانی ئەوە دەکەیت کە من بڕوا بەوە بکەم کە حاجی لەق لەق لە

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە.

مـانگی ئوکتوبـەردا "هانـا"ی هێنـاوە، لـە حاڵێکـدا لـە سـەفەرەکەی گموندندا بینیم کە چۆن زکی دایکم بەرز ببووەوە، منیش چاوەڕوانی ئەوە لە ئێوە دەکەم کە بڕوا بە درۆکانم بکەن[1].

ڕەنگە ئەم میکانیزمە لە پەیوەندی لە گەڵ درۆیەکی دیکەشدا بەکار بێت. دایکی هانس دەڵێ کە ئەو ئەندامی زاوزێی پیاوانەی هەیە و باوکیشی جەختی لە سەر دەکاتەوە. هەندێك هۆکار بوونیان هەیە کە نیشان دەدات هانس لە قبووڵ کردنی ئەم قسەیەدا دودڵە. ئێمە لەو بڕوایە داین کە کاتێك ئەو وڵامدەداتەوە کە بەڵی ئەندامی زاوزێی دایکی بە گەورەیی ئەندامی زاوزێی ئەسپەکەیە، بە شێوەیەکی نێوە وشیار گاڵتەی پێ دەکات.

نمونەکانی دیکەی شێوازی پەروەردەکردنی دایك و باوکی هانس بەلاوە دەنێن، بەڵام ئەم پرسیارە دەخەینە روو: چۆن فرۆید دەتوانێ لەو بڕوایەدا بێت کە ئەوان لە هەڵە باوەکان خۆدوردەگرن بەڵام لە هەمان حاڵدا هەمان شێوازی سزادان و کونترۆڵ کردن بە کار دەبەن کە شێوازی تێکڕای دایك و باوکانە؟ (نەرم و نەهێنی لە توێژی مامناوەندی و سەروتر، توندوتیژو ئاشکرا لە توێژی خواروی کۆمەڵگادا).

فرۆید لە بۆچوونەکانی خۆیدا "خاڵێکی تاریکی" هەیە. بۆچوونی ئەو لە سەر کۆمەڵگای بورژوازی، ڕەخنە گرانە و لیبراڵ بوو نە ڕادیکاڵ. ئەو دەیەویست توندوتیژی لە شێوازەکانی پەروەردەدا کەم بکاتەوە. بەڵام لە قۆناغی ڕەخنە لە ئەساس و بنەڕەتی کۆمەڵگای بورژوازی زیاتر نەرۆیشت: بنەمای زۆر و هەڕەشە. ئەم ڕاستییە کە ئەو تیوری یەکەمی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

خۆی سەبارەت بە ترسی منداڵان گۆڕی بە هۆی هەمان شێوازە بوو. فرۆید لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو ئەنجامە کە ئەم ترسانە بە شێوەیەکی گشتی هیچ بناغە و بنەڕەتێکیان نییە، بەڵکو نیشانەکانی ترسی خۆشەویستی حەرام و هەڵچوونەکانی منداڵی. لە ڕوانگەی ئێمە ئەو پێداگرییەی کە لە سەر ئارەزۆحەرامەکانی منداڵ دەکرێتەوە، تا ڕادەیەك ئاماژە بە بەرگری دایك و باوك دەکات کە لە ئارەزۆ حەرامەکانی خۆیان‌و ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدا رزگار بوون (هەروەها کە دەبینین، لە نمونەی هانس دا، دایك ڕۆلی فریودەرێکی ئاکتیڤ یاری دەکات).

لە گەڕانەوەی بۆ بەڵگە کلینکییەکان ڕووبەڕوی چەمکی نیشانەکانی پەرێشانی هانس بچوك دەبینەوە. بێ گومان هانس لە خەساندن دەترسێت. بەڵام ئەم ترسە بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆیدەوە لە سەربنەمای "وەهمی لاوەکی" نییە. بەڵکو هەمان وەهمیات، هەڕەشە گەلێکی زۆر ڕوون و توندن. بەڵام ئەم هەڕەشانە لە کوێوە سەرهەڵدەدەن؟ ئەوانە لە لایەن باوکەوە دروست نەبوون بەڵکو دەرئەنجامی بەسەردابڕینەکانی دایکن. دایك نەتەنها بە هەڕەشەی خەساندن منداڵ دەترسێنیت، بەڵکو هەڕەشەی جێهێشتنیشی لێدەکات. ترسی هانس لە دایك نیشانەیەکی تریشی هەیە: "لە حەمام دا لە کەوتنە نێو بانیۆ گەورە کە دەترسم". باوك دەڵێ: "بەڵام دایە دەتشوا، دەترسی بتخاتە نێو ئاوەکەوە؟" هانس لە وڵامدا دەڵێ: "دەترسم وازم لێبهێنێت، سەرم بکەویتە بن ئاوەکەوە[١]".

---

[١] هەمان سەرچاوە.

بێ گۆمان هۆکاری ترسی هانس لە ئەگەرەکانی داهاتو دایکییە نەك باوکی.

بیرکرنەوەی ئەم کوڕە سەبارەت بە بۆری چی (ئەوەی ئیشی بۆری دەکات) ترسی ئەو لە خەساندن پەیوەندی بە باوکییەوە نییە، و تەنانەت لێکدانەوە یەکیش لە ترس لە خەساندن بوونی نییە. بەڵکو لانی کەم ئەم ئەگەرە دەگەیەنێت کە ئەم بیرکردنەوە ئارەزۆی هانس بۆ هەبوونی ئەندامێکی زاوزێی پیاوانە بە گەورەیی ئەندامەکەی باوکی بەیان دەکات و یان ئەم ئارەزۆیە بەیان دەکات کە خۆزگە دەیتوانی ئەندامی زاوزێکەی لە گەڵ دانەیەك گەورەتردا بگۆڕێتەوە. بەدەر بڕینێکی دیکە لێك دانەوەی بیرکردنەوەی هانس ئەمەیە کە دەیەوێت گەورە ببێت و پێ بگات (بالّغ بێت): نەك لە خەساندن دەترسێ.

وت ووێژ سەبارەت بە بۆچوونی فرۆید لە بارەی ئەوەی کە منداڵ بە تایبەت لە باوکی دەترسێ (و ئەم ڕەنگدانەوەیە یەکێکی دیکە لە خاڵە تاریکەکانی ئەندێشەی ئەوە) لەم بابەتەدا جێگەی نابێتەوە. فرۆید نەیدەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ترس ژن بێت بەڵام لێکۆڵینەوە کلینیکیەکان بە باشی دەریدەخات کە توندترین و یا نەخۆشی هێنەرترین ترسەکان لە دایکەوە و سەرچاوە دەگرن، و ترس لە باوك لە بەراورد لە گەڵ ترس لە دایك کەمە.

لە باتی ترس لە باوك پێچەوانەکەیمان بۆ روون دەبێتەوە: لەوە دەچێت کە هانس پێویستی بە باوکی هەبێت تا لە دایکی هەڕەشەکەر بیپارێزێت، و سەرکەوتن لە چارەسەریدا ئەوەندەش گرێدراوی لێك

دانەوەی خەون نەبووە، بەڵكو دەرئەنجامی رۆڵی پشتیوانی باوك و "باوەگەورە" واتە خودی پرفیسۆر فرۆیدە.

بە شێوەیەكی كلاسیك، بنەڕەتی گرێی ئودیپ لە خۆشەویستی حەرامی منداڵ بۆ دایكە. فرۆید لەوە بڕوایە دابوو كە ئەم ئارەزۆیە دەرئەنجامی فریودانی دایك نییە. بێ گومان منداڵێكی تەمەن ٥ یان ٦ ساڵ خاوەن ئارەزۆ و حەزی جنسییە و ئامانجەكەی بەزۆری دایكییەتی. بەم حاڵەوە دەپرسین: ئایا ئەم ئارەزۆ جنسییە بە هەمان توندییە كە فرۆید بڕوای پێبوو؟ و دیسان ئایا ئارەزۆی جنسی بە هەمان شێوە كە فرۆید لەو بڕوایەدابوو كە لە نەبوونی فریودانی ئاكتیڤ لە لایەن دایكەوە وە ،خۆی دەوروژێت؟

لێكۆڵینەوە كلینیكیەكانی فرۆید بۆئەم وڵامی پرسیارانە بەڵگەی گرنگ دەخەنە بەردەستمان. لە فریودانی دایكدا گومانم نییە، ئەو دەیەویست هانس لە باوشی خۆیدا بخەوێنێت و لە گەڵ خۆی دا بیباتە حەمام ـ بەڵام سەرەڕای ئەم هەڵس و كەوتە، دایك ئامانجی تایبەتی ئارەزۆی جنسی هانس نییە. ئەو زۆر حەزدەكات لە گەڵ خانمی "ماریدل"دا بخەوێت و بە ئاشكرا دەڵێ كە زیاتر حەز دەكات لە گەڵ ئەودا بێت تا دایكی. هانس ئارەزۆی جنسی بۆ دایكی هەیە، بەڵام تا ئەو ڕادەیە نییە كە نەفرەتێكی توند سەبارەت بە باوكی لە ئەودا دروست بكات و دەرئەنجام لە باوكی دەترسێ.

سەرەڕای ئەمەش نابێ گرنگی گرێدانی كوڕ بە دایك كەم بایەخ لە قەڵەم بدەین و بە پێچەوانەوە ئێمە دەڵێین ئەم گرێدانە زۆر لەوە قوڵترە كە لە سەربنەمای ئارەزۆی جنسی دامەزرابێت. لە ڕاستیدا تەنها حەزی

ان و دورکەوتنەوە لە خەم و دڵتەنگی پێویستە. خۆشەویستی دایك
ۆشە ویستییەکی بێ شەرت و مەرجە و رازی بوون و تەنانەت
ختەوەرەیشی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر ناوەندی ترسی هانس دایکە نەك باوك، کەواتە چۆن
توانین ترسەکەی لێك بدەینەوە؟ ئێمە لەم بڕوایەداین کە توخمەکانی
س ئەمانەن: بۆ ئەوەی هانس گرێدراوی دایکەیەتی، ترس لە دایك بە
ڕەشە لە خەساندن و بەجێهیشتن زیاد دەبێت. ترسەکەی لە یەکەمین
وبەروو بوونەوە لە گەڵ مەرگدا توند دەبێت. بەر لە دەرکەوتنی ترس،
انس رێوەرسمێکی بە خاك سپاردنی لە گموندن بینیوە. دواتر
سپێکی کەوتووی بینی وایدەزانی کە مردوە . یەکەمین روو بە
وبوونەوەی لە گەڵ مەرگ روداوێکی جیدیە لە ژیانی منداڵدا، کە
توانی خەم و نارەحەتییەکی زیادە لە منداڵێکی هەستیاردا، بەبۆنەی
س لە خەساندن، دروست بکات.

کەواتە بەم ئەنجامە دەگەین کە ترس لە ئەسپ دو سەرچاوەی
ەیە: ١) ترس لە دایك بە بۆنەی هەڕەشەی خەساندن ٢) ترس لە
ەرگ. هانس بە مەبەستی خۆدورگرتن لە هەردوو ترسەکە گیرۆدەی
سێك[1] دەبێت کە لە بینینی ئەسپ و ئەزموونی هەردوو دڵەراوکێکە
ور دەخاتەوە.

لێرەدا بۆ قەبووڵ کردنی ئەم گریمانەیە ئامادە دەبین کە بە
گەرێکی زۆرەوە ترسی هانس لە ئەسپی گالێسکە پەیوەندی بە
ایکەوە هەیە و بە پێچەوانەی لێك دانەوەی فرۆید هیچ پەیوەندییەکی

---

[1]. Ohobia

جنسی بنەمای پەیوەندی جنسی بەردەوام نییە. باوك بە ئاسـ
دەتوانێ بابەتی حەزی جنسی خۆی بگۆڕێت، ئەم پرسە سەبارت
کوڕیش راستە. فرۆید لەو بڕوایەدایە کە گرێدانی زاوزێیی بە دا
دوای ئارەزۆی "بەر لە زاوزێ" دێت.[1]

فرۆید لە کتێبی "بابەتەکانی دەروون شیکاری"دا دەنوسێت:

"بابەتی خۆشەویستی سەرەتایی منداڵ سێنگی دایکە
خواردنی پێ دەدات، خۆشەویستی لە ئارەزۆی دامرکاندنی پێویس
خۆراکەوە سەرچاوە دەگرێت. دواتر ئەم خۆشەویستیە سەرەتا
دەگوێزرێتەوە بۆ خودی دایك کە نە تەنها خۆراکی دابین دەکات بە
پارێزگاریشی لێدەکات، دەرئەنجام هەندێك هەستی جەستەیی دیکا
منداڵدا دەوروژێت کە هەندێکیان باش و هەندێکیان خراپن. دایك
پاراستنی جەستەیی، یەکەمین فریودەری منداڵە. ریشەی گرنگ
بێوێنەی دایك لەم دو پەیوەندییەدایە، کە بە شێوەی نەگۆڕ لە گ
یەکەمین و بەهێزترین خۆشەویستی بونیاد نراوە و نمونەی پەیوەن
خۆشەویستی دواتر بۆ هەر دوو ڕەگەزەکەیە.

حەز و خۆشەویستی سۆزداری نێوان منداڵ و دایك، لە راستد
قووڵتر لەوەیە کە بەدەستەواژەی "جێگربوونی پێش - زاوازێ"[2] پێن
بکرێت، بەڵکو حەزێکی زۆر قووڵە کەتێدا دایك نوێنەری گەرمی، یار
پشتیوانی کردنە. لە راستیدا دایك پشتیوانی ژیانە و بۆ بەردەو

---

[1] سەبارەت بە ئارەزۆ زاوزێیی وبەر لە زاوزێیی وپێناسە وچۆنایەتی ئەوانەلە برگە
نۆهەمی ئەم کتێبەدا بە تێر وتەسەلی شرۆڤە دەکرێت.

[2] Paregenital Fixation

بە باوکەوە نییە. ئایا دوژمنایەتییەکی توند و سەرکوتکراو لە گەڵ دایک، بە بۆنەی هەڕەشەکان و "خەیانەتەکەی" دایکی بە هێنانە دونیای کچێك ـ رکەبەرـ و هەروەها ئارەزۆی کوڕ بۆ رزگاری لە گرێدراوی بە وی، بوونی هەیە؟ هەرچەند کە ئەم بابەتە ئەگەری بوونی هەیە بەڵام بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی بوونی نییە. بەم حاڵەشەوە راستیەکمان لە بەردەستدایە کەئاماژە بەم گریمانە دەکات. دەگەڕینەوە بۆ لای هانس، کە کاتێك ئەسپەکەی لە تەویلەکە دەهێنێتە دەرەوە باوکی لێی دەپرسێ: "ئەوت لە تەویلە کە هێنایە دەرەوە؟" هانس لە وڵامدا دەڵێ "هێنامە دەرەوە چوونکە دەمەوێت بە قەمچی لێی بدەم".

باوك دەتەوێت لە کێ بدەیت؟ دایکت، هانا، یان من؟

هانس: دایکم!

باوك بۆچی؟

هانس: حەزدەکەم

باوك: ئایا تا ئێستا کەسێکت بینیوە لە دایکیخۆی بدات؟

هانس: لە ژیانمدا قەت شتی وام نەبینیوە.

باوك: بەڵام سەرەڕای ئەوە تۆ دەتەوێت کارێکی وەها ئەنجام بدەیت؟

هانس: بەڵێ بە کلکە گسك لێی دەدەم (دایکی هەمیشە هەڕەشەی لێدەکرد کە بە کلکە گسك لێ دەدا)[1]

ئەم وت و بێژە ئاماژە بۆ یەکبوونی ئەسپ و دایك و دژومنایەتی لە گەڵ وی دەکات. فرۆید سرنج دەداتە ئەگەری خواستێکی سادیستیکی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

نادیار سەبارەت بە دایك، بەڵام لەم بڕوایە دایە كە توخمێكی دیكە "ورژندانێكی روون بۆ تۆڵە كردنەوە لە باوەكە" [1]ئەم بۆچوونە بنەمای لێكدانەوەی دەروون شیكاری هانسە. بەڵام ئایا بە راستی دوژمنایەتییە كە ئاراستەی باوكی دەبێت، بە هەمان شێوە كە فرۆید جەختی لە سەردەكاتەوە؟ و ئایا ئەم دوژمنییە بە كردار و قسەكردنی هانس سەلمێندراوە؟

لە لێك دانەوەی بەڵگەكاندا، وادیارە فرۆید لەم تیۆرییە پیشتیوانی دەكات. دەبێ لە بیرمان نەچێت كە ئەو خۆی هەندێك شت بە هانسی بچكولە تەڵقین دەكات، بە بێ ئەوەی بەڵگەیەكی بۆسەلماندنی ئەوانە لە بەر دەستدا بێت: "بە كورتی من (فرۆید) پرسیارم لێكرد ئایا مەبەستی پەڵەی رەشی دەوری دەم، سمێڵە؟ دواتر ئاشكرام كرد كە ئەو لە باوكی دەترسێ، كوت و مت بەو بۆنەیەوە كە زۆر لە دایكی حەزدەكات[2]"

بە سرنج دان بە شایستە بوونی مامۆستا وەك (باوەگەورە) دەبوایە ئەم تەڵقینە كاریگەرییەكی زۆری لە سەر منداڵ هەبوایە. دەبێ بپرسین: گەڕانەوەكانی هانس تا چە ڕادەیەك لەم تەڵقینەوە سەرچاوە دەگرێت و تاچە رادەیەك (خۆهەڵقوڵاوە)) [3].

هەست بە هەڵچوون لە هەمبەر باوك لەم وت ووێژەی خوارەوەدا بەروونی ڕەنگدەداتەوە!

باوك: كەواتە بۆچی هەر كاتێك من دایە ماچ دەكەم تۆ دەگریت؟

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] . Spontaneous

هانس: ئیرەیی دەبەم

باوك: ئایا دەتەوێت خۆت باوك بیت؟

هانس: بەڵێ، بەڵێ

باوك: ئەگەر باوك بویت چیت دەکرد؟

هانس: وتۆش هانس؟ حەزم دەکرد هەموو یەك شەمەیەك بتانبەم بۆ "لینز" ـ نە، لە حەفتەیەکدا حەوت رۆژ ئەگەر باوك دەبووم زۆر باش و میهربان دەبووم.

باوك: لە گەڵ دایەدا چیت دەکرد؟

هانس: ئەویشم دەبرد بۆ لینز.

باوك: ئیدی چی؟

هانس: هیچ

باوك: کەواتە بۆچی ئیرەیی دەبەیت؟

هانس: نازانم [1]

لە کۆبوونەوە یەکی دیکە دا ئەم وت وویژەی خوارەوە لە نێوان کوڕ و باوکدا ئەنجام دەدرێت:

باوك: ئایا لە گموندن زۆر لە گەڵ دایەدا دەنوستی؟

هانس: بەڵێ

باوك: و واتدەزانی کە باوکی؟

هانس: بەڵێ

باوك: کەواتە لە باوك دەترسای؟

---

[1] هەمان سەرچاوە.

هانس: تۆ هەموو شتێك دەزانی و من هیچ نازانم!

باوك: كاتێك فریتزل (ئەسپەكەیان) كەوت گوتت خۆزگە باوكم ئاوەها دەكەوت، كاتێك بەرخەكە بە شاخ لێ دای گوتت خۆزگە ئاوەها لە باوكمی دەدا. ئایا رێورەسمی بە خاك سپاردنەكەت لە گموندن لە بیرە؟

هانس: بەڵێ، مەبەستت چییە؟

باوك ئەوكات لە بەرخۆتەوە بیرت لەوەكردەوە كە خۆزگە باوك دمرد و خۆم دەبووم بە باوك

هانس: بەڵێ.[1]

ئایا ئەم وت و وێژە ئەوە دەسەلمێنێت كە هانس لە گەڵ باوكی دوژمنایەتییەكی قوڵی هەبووە؟ هەڵبەت، بەو مەرجەی لەم بڕوایە دابین كە ئەو وت و وێژە باس لە گرێی ئودیپ دەكات، لێك دانەوەیەكی راستە و قسەكانی هانس دەیسەلمێنیت. بەلام ئەگەر كەسێك بابەتەكە بە بێ ئەم بڕوایە لێك بداتەوە، دەرئەنجامێكی دیكە بە دەست دەهێنێت: ئارەزۆی هانس بۆ جێگری باوكی، لە سەداسەد نەفرەتی و ئارەزۆی مەرگی باوك بەیان ناكات. نابێ لە بیرمان بچێت كە یەكێك لە گشتیترین خواستی مندالان، گەورە بوون، رزگار بوون لە ژێر دەستەیی گەورەكان، و گاڵتە پێ نەكردنە. هەر بەم بۆنەویەوە كچەكان حەزدەكەن بە بووكە شوشە یاری بكەن و كوڕ خۆی بە گەورە لە قەڵەم دەدات، یەكێك لە ئارەزۆ گشتیەكان كە پێویستە حەسێب بكرێت، تاقی كردنەوەی بابەتێكە بە شێوەیەكی ئاكتیڤ كە بە شێوەی هەڵچوونی بێ لایەنانە بێت. فرۆید لە كتێبەكەی خۆیدا (ئەو پەری بنەچەی چێژ[2]) بە

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2]. Beyond The Pleasure Pricriple.

خواستی گشتی گۆڕینی بنەمای فەرمانبەری بۆ بنەمای ئاکتیڤ بوون ئاماژە دەکات.

" لە سەرتادا ئەو لە پێگەی فەرمانبەریدا بوو - ئەزموون بە سەریدا زاڵ بوو، بەلام بە دوپات کردنەوەی، هەرچەند کە ناخۆش بوو، وەك پێش برکێی وەزرشی بۆ لایەنی ئاکتیڤ گوێزرایەوە..."

" بۆ ئەوەی منداڵ لە لایەنی فەرمانبەری ئەزمونەوە بۆ لایەنی ئاکتیڤ گوێزرایەوە، ئەزموونی ناخوش بۆ لایەنی بەرامبەری یارییەکە دەگۆیزرێتەوە و لەم ڕێگەیەوە لە جێگرەکەی تۆڵە دەکاتەوە.[1] بە هەمان شێوە کە فرۆید دوپاتی کردوتەوە، ئەزموونی کلینیکی نیشان دەدات کە حەز و خواستی گۆڕین لە بارودۆخێکی فەرمانبەرییەوە بۆ پێگەیەکی چالاك (فەرماندەری) هێزێکی بە هێزە کە لە منداڵان و گەورەکاندا گەلێك داخوازی پێك دەهێنێت. ئارەزۆی بوون بە باوك، کارکردنی چالاك ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمانبەرانە ئەنجام دەدرێت، و ئیرەیی نەرم بە باوك دەتوانێ بە گشتی ڕەوشی هانس بەیان بکات، بە بێ پشت ڕاست کردنەوەی گریمانەی دوژمنایەتی توند لە هەمبەر باوکی ، وەك هۆکاری نیگەرانی و ترسی ئەو، پێویستە هۆکارێکی دیکەش حەسێب بکرێت. ئەگەر کوڕێکی تەمەن ٥ ساڵ دەڵێ: "بەڵێ دەمەوێت باوکم بمرێت" ئەم گوتەیە لە سەدا سەد نەفرەت بەیان ناکات. بەڵکو ڕەنگە ئەو ئارەزۆیە بەیان بکات کە لەو تەمەنەدا منداڵ پێی خۆشە، بە بێ ئەوەی ئارەزۆی مەرگی تێدا بێت. دەروون شیکاری

---

[1] هەمان سەرچاوە.

هانس نیشان دەدات کە ئەو لە باوکی زۆر نەدەترساو بێزاریش نەبوو. ئەگینا بەو شێوەیە سادە و بێ پەردە لە گەڵیدا قسەی نەدەکرد ولامی پرسیارەکانی باوکی پوزتیڤ نەدەدایەوە، بە بێ پشت بەستن بە گرێ ئودیپ بە روونی بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندی ئەم باوك و کوڕە لە سەر بنەمای دروستی ومتمانە دامەزروە.

ئەم پرسیارە دێتەپێشەوە کە: "رزگار بوون لە ترس لە سەر بنەمای گۆڕانکاری نیوە راست بە چەشتێك پاساودەدرێتەوە؟ سەیری ئەم تێبینیانەی خوارەوە بکەن:

١) لێك دانەوەی هەڵەی بەشێك لە ناکۆکییە سەرەکییەکان لە قەڵەم دەدرێت لە حاڵێکدا کە سەمبولێك و لاوەکییە.

٢) سەرەڕای ئەم راستیە کە لێك دانەوە راست نییە بەلام گەڕان بە دوای ئەوشتەدا کە لە ئەوپەڕی رەفتاردا ئاشکرایە خۆی یارەمەتی دەرە.

٣) رەنگە لە هەندێك نمونەدا، وەك ئەم نمونەیە تەڵقینەکان کاریگەربن: مامۆستا کە یارمەتییان دەدات وهم و خەیاڵەکان لە خۆتان دور بخەنەوە. بە تایبەت کە ئەم مامۆستایە وەك فرۆید بە ناوبانگ و متمانە پێکرا و بێت. بە میهرەبانی و رێزوە پەرچەکردار نیشان بدات، بەو شێوەیە کە لە تێکڕای چاوپێکەتنەکاندا لە گەڵ هانس دا هەڵس و کەوتی کرد.

٤) گرنگترین هۆکار- ئەگەر ئەم گریمانەیە کە ترسی سەرەکی هانس لە دایکی بوو راست بێت، بایەخ دان و

پیشتیوانی باوك و مامۆستاکەی منداڵەکەیان هاندا و بوونە هۆکاری ئەوەی تا زیاتر هەست بە هێز بکات و کەمتر نیگەران بێت.

٥) بە کورتی، ئەمە ترسێکی لاوەکییە کە یەخەی زۆربەی منداڵان دەگرێت و رەنگە بۆ خۆی بە بێ چارەسەری پشتیوانی باوك نامێنێتەوە.

بە کورتی :وادیارە فرۆید کە لە بن کاریگەری دەمارگرژی باوك سالارانە و باڵا بوونی رەگەزی نێر دابوو، بەڵگە کلینیکییەکانی یەك لایەنە لێك داوەتەوە و وڵامی ئەو بابەتانەی کە لە گەڵ لێك دانەوەکانی ئەودا ناکۆك بوون نەداوەتەوە.

٦-گرنگی تیوری مافەکانی دایك[1] لەم سەردەمە ئێمەدا

خۆڕاگری و مانەوەی سیستەمی باوك سالاری لە ئەوروپا و ئەمریکا تاکۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم نیشانی داوە کە تیورییەکانی باخ ئۆفن سەبارەت بە مافەکانی دایك و کۆمەڵگا دایك سالارەکان لە سەدەی ١٩ ونیوەی یەکەمی سەدەی ٢٠ بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بە شێوەیەك کە خەیاڵی ژن وەك ناوك و سەنتەری کۆمەڵگا و ئایین و وەك کارێکی هیچ و پوچ و بێ واتا خۆی دەنواند. بە سرنج دان بەم پرسە، ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و دەروونناسیانە کە لەم ٤٠ ساڵەی دواییەدا هاتونەتە ئاراوە، دەبێ هۆکاری ئەم کارە کە بۆ چی پرسی دایك سالاری بایەخ و حەزێکی تازەی وروژاندوە بخاتە روو. بە رواڵەت هونووکە هەندێك گۆڕانکاری رودەدەن کە هەڵسەنگاندنی دوبارە لەو ئەندێشەیەدا کە بە ماوەی سەد ساڵ جێگیر مابوو، پێوست دەکات. بەلام بەر لەوەی سەبارەت بەم گۆڕانکارییانە بدوێم بۆ ئاگاداری ئەو

---

[1]. Mother Right

خوێنەرانەی کە باخ ئۆفن ناناسن کورتەیەك لە بنەما و بەهاکانی ئەو لە کۆمەڵگای دایك سالاریدا دوپات دەکەمەوە[1]:

لە ڕەوانگەی باخ ئۆفنەوە دایك سالاری ژیان، یەکبوون و ئوقرەییە. ژن بە پەروەردە کردنی منداڵ خۆشەویستی خۆی بۆ دەوروبەری خۆی و بۆ مرۆڤەکانی دیکە فراوانتر دەکات و تێکڕای بیرکردنەوە باش و بەکەڵکەکانی خۆی بە مەبەستی پاراستن و جوانکردنی بوونی مرۆڤەکانی دیکە بە کار دهێنێت. بنەمای دایك سالاری پێکەوە بوون و کامل بوونە. بەڵام بە بەرفراوان بوونی کۆمەڵگای باوك سالاری ئەم دەمارە وشك دەبێت. دایك سالاری بنەما و بنەڕەتی ئازادی و یەکسانی گشتی و میهرەبانی مرۆییە. دایك سالاری بنەچەی ئاسایشی مادی و بەختەوەری جیهانییە.[2]

مۆرگان، بەم ئەنجامە گەیشت کە پادشایەتی خەڵکە کۆنەکەی (خۆجێ) ئەمریکا - وەك سیستەمەکانی ئاسیا، ئەفریقا و ئوسترالیا - لە سەربنەمای دایك سالاری دامەزرا بوو، ئەو لاڤ ئەوەی لێداوە کە لە شێوەکانی بالاتری شارشتانییەت دوپات کردنەوی بنەماکانی ئازادی، یەکسانی، برایەتی، لە ئاستێکی بەرزتردایە کە ئاماژە بە تایبەتمەندی بنەماڵەکانی رۆمی کۆن دەکات. تەنانەت ئەم ئاماژە کورتە بە بنەماکانی

---

[1] لە برگەی ٧دا، تیوری دایك سالاری وگرنگی ئەو لە دەروونناسیدا شرۆڤە کراوە. سەبارەت بە لایەنەکانی تری ئەم باسە، کتێبی"زمانی لە بیرکراو " لە نوسینی خودی نوسور بخوێنەوە.

[2] کتێبی"ئەرەستۆی ئایین ومافی دایك" لە نوسینی باخ ئۆفن.

دایك سالاری دەبێ خوێنەرانی تێگەیاندبێت کە بۆچی گۆڕانکارییە کۆمەڵگایەتی ـ دەرونییەکانی خوارەوە ئەوەندە بە لامەوە گرنگن .[1]

١) **شکستی سیستەمی دەسەلاّت خوازی باوك سالاری لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیدا**، داماوی ئەم سیستەمە لە ڕێگرتن لە شەڕی گەورە و وێرانکەر و دیکتاتۆریەتی تیرۆریستی، داماوی لە ڕێگرتن لە کارەساتەکانی داهاتو وەك شەڕی ناوەکی، بیولوژێکی، کیمیایی، مردن لە برسێتیدا لە بەشێکی فراوانی جیهان و ئەنجامی کارەسات باری پیس کردنی رو لە زیاد بوونی هەوار ئاو و خاك.

٢) **شۆڕشی دیموکراتیك**، کە بونیادی دەسەلاّت گەرای نەریتی وێران دەکات و سیستەمی دیموکراتیکی لە باتی بونیاد دەنێت. پرۆسەی دیموکراتیزە کردن هاوکات لە گەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای تەکنولۆژیك و خۆشگوزەران کە پێویستی بە فەرمانبەری تاك نییە بەڵکو لە سەربنەمای کاری گروپی و رازی بوون تەڵقین کراوە.

٣) **شۆڕشی ژنان**، هەرچەند کە کامڵ نییە بەلاّم بۆ پراکتیزە کردنی بیرکردنەوەکانی چەرخی روناك گەری سەبارەت بە یەکسانی ژن و پیاو ڕێگایەکی زۆری بڕیوە.

---

[1] ئەم برگەیە تەنها پێشەکییەکە بۆ برگەی داهاتوو، لەم روەوە بە کورتی باسی دەکەین.

٤) **شۆرشی منداڵان و نەجوانان:** لە رابردودا یاخی بوون و سەرپێچی منداڵان بەم شێوەیە کاریگەر نەبوو – تۆران و نان نەخواردن، خۆقەبز کردن، گریان، میزکردنی شەوانە، پێداگری و سەرپێچی گشتی. بەڵام لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەندێك قسە کەریان پەیدا کردووە، (فرۆید، پستالوتزی[1] و کەسانی دیکە) کە جەخت دەکەنەوە منداڵ خاوەن ئیرادەو خواستە و دەبێ بە هەندوەربگیردرێن. ئەم خواستە بە هێزی روو لە زیاد بوونی رووناکبیری سەدەی ١٩ بەردەوام بوو و دوکتۆر بنیامین سپاك بوو بە کارگەرترین و بە ناو بانگترین قسەکەر ونوێنەری. نەوجوانان و گەنجانیش، هەنووکە چالاکن و ئێدی دەستە مۆو ئارام نین. چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە مافە ڕواکانیان بە هەندوەربگرێت و لە سیستەمی زاڵ بە سەر ژیانیاندا توخمێکی چالاك بن نەك فەرمانبەر (ئەمر بەر)، ئەوان راستە وخۆ و بە توندی ـ هەندێك جاریش بە فێڵ ـ هێرش دەکەنە سەر پلە و پایە باوك سالارییەکان.

٥) **داهاتووی بەهەشتی بەکارهێنان:** کەلتووری بەکارهێنانی ئێمە ڕوانگەیەکی نوێ دروست دەکات، ئەگەر ئێمە ڕێگای پێش کەوتنی تەکنولۆژیکی درێژە پێ بدەین، بە ناچاری دەگەینە خاڵێك کە هەموو جۆرە خواست و ئارەزۆێك بە دی دێت، بە دی هاتنی خواستەکان خێرا دەبێت و

---

[1]. Pesta Lozzi

پێویستی بە هەوڵدان نابێت. لەم داهاتوویەدا تەکنێك ڕۆڵی (دایکی گەورە) دەبینێ، داکی تەکنیکی لە باتی دایکی ئاسایی، کە پارێزگاری لە منداڵەکانی دەکات و بە لایە لایە کردن هێوریان دەکاتەوە و ئوقرییان پێ دەبەخشی (بە ڕادیو و تەلەفیزیۆن). لەم پرۆسەیەدا مرۆڤ لە لایەنی سۆزدارییە دەبێتە منداڵێك، بەم هێوایە کە مەمکەکانی دایك هەمیشە شیرێکی زۆری پێ دەدات هەست بە ئاسایش دەکات. ئیدی بڕیارەکان لە لایەن کەسەکانەوە ناگیرێت، بەڵکو ئامێرە تەکنیکیەکان بڕیار دەدەن و تەکنوکراتەکان لێکی دەدەنەوە و جێ بە جێ‌ی دەکەن، ئەمانە ڕەبەنەکانی ئاییني دایك سالاری تازە سەرهەڵداون و تەکنێك خواوەندی ئەوانە.[1]

٦) هەندێك بۆچوونی دایك سالارانە کەم تا زۆر لە نێو چینە رادیکاڵە گەنجانیشدا دەبیزێت: ئەمە نە تەنها بە بۆنەی دژایەتی توندی ئەوانە لە گەڵ دەسەڵات خوازی، بەڵکو بە بۆنەی قبووڵ کردنی بەهاو شێوازەکانی جیهانی دایك سالارییە کە باخ و مۆرگان شرۆڤەیان کردوە. تیوری پەیوەندی

---

[1] شایانی سرنج دانە کە ئەم خواستە بە دایکسالاری لە نێوان گروپێکدا پەیدا دەبێت کە لە کۆمەڵگەی خۆشگوزەراندا دەژین ولە بەشە ئابوورییە سیبرنتیك بووەکاندا کار دەکەن. چینی مامناوەندی وخواروی کۆن- جوتیاران وبازارییەکان کە لە شارە بچوکەکاندا دەژین- و لە بە کارهێنانی زۆر بێبەهرەن و بەهاکان وپێناسەی خۆیان لە بەردەم هەڕەشەدا دەبینن، لە سەر سیستەمی کۆنی باوکسالاری پێداگری دەکەن ودوژمنی سەرسەختی بۆچوونە تازەکانن، بە تایبەت دوژمنی ئەو گروپانەی‌کە بەها وشێوازە تازەکان بە توندییەکی زیاترەوە جێ بە جێ دەکەن.

جنسی گروپی پەیوەندییەکی نزیکی لە گەڵ پێناسەکەی باخ ئۆفن لە قۆناغی دایك سالاری سەرەتایی مرۆوایەتی هەیە. ڕەنگە ئەم پرسیارەش بێتە ئاراوە کە ئایا خواستی لە ناوبردنی جیاوازییە ڕواڵەتییە جنسیەکان، جل و... و بە دارمانی پێگەی نەریتی ڕەگەزی نێر و هەروەها نزیکترکردنی دو جەمسەری جنسی لە یەك، کە گەڕانەوە (لە لایەنی سۆزدارییەوە) بۆ قۆناغی پێش زاوزێی منداڵی لێدەکەویتەوە، پەیوەندی نییە؟

نیشانەیەکی دیکەشمان لە بەردەست دایە کە ئاماژە بە خواستی رو لە زیاد بوونی دایك تەوەری لە نێو ئەم توێژە لە جیلی گەنج دەکات. وادیارە کە "گروپ" خۆی، ئەرکی دایکایەتی لە ئەستۆ دەگرێت، پێویستی دامرکاندنی خێرای خواستەکان، شێوازی هەڵچوونی وەرگیراو کە لە تووش بوون بە مادەی سڕکەر بەروونی دیارە، پێویستی پێکەوە بوون و بەریەك کەوتنی جەستەیی، تێکڕا ئاماژەی گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندی منداڵ لە گەڵ دایك. لە تێکڕای ئەم نمونانەدا جیلی گەنج جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ جیلی لە خۆی گەورەتر دانییە، هەر چەند کە چۆنایەتی بە کارهێنانی گەنجەکان ناواخنێکی دیکەی هەیە، ئەوان لە دژی بێ بەشکردنی خۆیان بە بێ پەردە وئاشکرا وبە توند وتیژییەوە نارەزایەتی دەردەبڕن . توخمی بەر بەست لەم دایك گەراییە نوێیەدا ئەوەیە، کە خواستی باوك تەوەری رەت ناکاتەوە و گەڕانەوەیەکی راستە وخۆیە بە خەیاڵی منداڵانە، نە پێشکەوتنێك لە ئارستەی خواستی دایك سالاری بالاتر. پشت بەستنی "مارکۆزە" بە

گەنجان لەم راستیە دا شاراوەیە کە ئەوقسەکەری گەڕانەوەی مندالآنەیە بۆ دایك سالاری و ئەم بۆچوونەی خۆی بە هەندێك رەستەی شۆڕشگەرانە، سرنج ڕاکیشتر دەکات.

٧) ڕەنگە پەڕەپێدان و کامڵ بوونی دەروون شیکاری "کە فێکری کۆنی فرۆید سەبارەت بە رۆڵی سەرەکی گرێدراوی جنسی نێوان کوڕ و دایك ودوژمنایەتی لە گەڵ باوك کە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، و تیوری پەیوەندییەکی "پێش ئودیپی"[1]" نێوان منداڵ و دایك بە لە بەرچاوگرتنی رەگەزی منداڵ، چاك دەکات." لە گەڵ ئەو گۆڕانکارییە کۆمەلآیەتییانەدا پەیوەندییان هەبێت. لە بڕگەی یەکەمدا نیشانم دا کە کامڵ بوون لە نوسراوەکانی دیکەی فرۆیدا چۆن دەستی پێکرد و کەسانی دیکە درێژەیان پێدا، بەلآم زۆر بە پارێزەوە: بۆچوونەکانی باخ ئۆفن، ئەگەر لە لایەن دەروون شیکارانەوە بە باشی توێژینەوەی لە سەر بکرێت، بەهای گەورە و فراوانی پەیوەندی ناجنسی لە گەڵ دایك دەسەلمێنن.

ئەم بڕگەیە کە حالەتی پێشەکی هەیە بە تێبینییەکی تیورێك کۆتایی پێ دەهێنم. بە هەمان شێوە کە لە بڕگەی داهاتوودا دەیبینن بنەمای دایك سالاری بنەمای خۆشەویستی بێ قەیدو مەرج، یەکسانی سروشتی، جەخت کردنەوە لە سەر پەیوەندییە خوێنی و نیشتمانیەکان و هەروەها بەزەیی و میهرەبانییە و بنەمای باوك سالاری بنەمای

---

[1] .Preedipal

خۆشەویستی مەرجدار، بونیادی زەنجیرە پلە، ئەندێشەی ئینتیزاعی و یاسای دارێژراو لە لایەن مرۆڤ و حکومەتەوەیە.

وا دیارە بە درێژایی مێژوو هەندێك جار ئەم دو بنەمایە بە توندی روو بەروی یەکدی بوونەتەوە و هەندێك سەنتێزیان دروست کردوە (بۆ نمونە لە کلێسای کاسۆلیك و لە مەبەستی مارکس لە سوسیالیزم). هەر چەند کە ئەو دوانە دژی یەکدین، بەڵام بنەمای دایك سالاری پێکەوە گونجانێکی لە رادەبەدەری دایکانەی لە گەڵ منداڵدا هەیە و لە بەردەم پێگەیشتن تەواوەتی ئەوەدا رێگرە، هێزی باوکانە دەبێتە هۆی زاڵ بوون و کونترۆڵی توندوتیژی کە سەرچاوەی ترس و هەست بە تاوان و هەڵە و سەرپێچی منداڵە. ئەم بارودۆخە لە پەیوەندی منداڵ لە گەڵ دایك و باوك لە بنەماڵە و جەوهەری کۆمەڵگای باوك سالاری و دایك سالاری کە بونیادی بنەماڵە دیاری دەکات بوونی هەیە. کۆمەڵگای دایك سالاری تەواو (بێگەرد) لە بەردەم کامڵ بوونی تاکدا رێگرە، و لەم رووەوە لە بەردەم پێش کەوتنی تەکنولوژیکی، لۆژیکی و هونەریدا ئاستەنگە. کۆمەڵگای باوك سالاری تەواو (بێگەرد) بایەخ بە خۆشەویستی و یەکسانی نادات، بەڵکو تەنها یاسا دارێژراوەکان لە لایەن مرۆڤ و دەوڵەتەوە، بنەما ئینتیزاعی و فەرمانبەرییەکان بە لایەوە گرنگن. ئەم بابەتە لە "ئانتیگۆن" لە نوسینی سۆفۆکل، لە کەسایەتی و سیستەمی کریون دا کە مودێلی رێبەریکی فاشیستە[1] بە جوانی خراوەتە روو.

---

[1] لەم بارەیەوە کتێبی " زمانی لە بیرکراو" بخوێنەوە.

هەرچەند كە دوبنەمای دایك سالاری و باوك سالاری سەنتێزێك دروست دەكەن، بەڵام هەر كام لەم دو بنەمایە رەنگێكی ئەوەی دیكە پێوەیە: خۆشەویستی دایكانە رەنگی دادپەروەری و لۆژیك و خۆشەویستی باوكانە رەنگی بەزەیی و یەكسانی.

هەنووكە خەبات دژی پلەی باوك، بنەمایی باوك سالاری لە ناودەبات و گەڕانەوە بۆ بنەمای دایك سالاری بە شێوەیەكی نادیالیكتیكی تەڵقین دەكات كەواتە رێگە چارەیەكی و مودێرن و هەمیشەیی لە تێكەڵاوەییەك لە دژەكان دا شاراوەیە و ئەوە رێگە چارەیەكە كە یەكگرتنی نێوان میهرەبانی و دادپەروەری لە ئاستێكی باڵاتردا لە باتی ناكۆكی نێوانیان سەقامگیر دەكات.

٧-تیوری مافی دایك وپەیوەندییەکەی لە گەڵ دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا[1]

کتێبی "مافی دایك"[2] لە نوسینی "باخ ئوفن"[3] کە لە ساڵی ١٨٦١لە چاپ درا لە گەڵ دوو کتێبی زانستی دیکەدا کە سێ ساڵ بەر لەوە بڵاو کرایەوە چارەنوسێکی هاوبەشی هەبوو. ئەو دوو کتێبە بریتی بوون لە "منشاءانواع"(بنەچەی جۆراو جۆر) لە نوسینە دارڤین و"ڕەخنەیەك لە ئابووری سیاسی " لە نوسینی مارکس(هەر دوکیان لە ساڵی١٨٥٩دا بەڵاو کراونەتەوە). هەر سێ کتێبەکە نوسراوەی بیرمەندانە وزانستی بوون ورووبەروی هەندێك پەرچەکردار لە لایەن بیرمەندان وخەڵکی ئاساییەوە بوونەوە.

سەبارەت بە دارڤین ومارکس هۆکاری ئەم پەرچەکردارانە ئاشکرایەو پێویستی بە شرۆڤەکردن نییە. بەڵام بە چەند هۆیەك بارودۆخی باخ ئۆفن ئاڵۆزترە. یەکەم ئەوەی کە پرسی دایکسالاری لە گەڵ ئەو پرسانەدا کە بۆ پاراستنی کۆمەڵگای بوژوازی ژیانی بوون کەمتەرخەم بوو. دوهەم: تیوری دایك سالاری لە لایەن دوو جەمسەرەوە

---

[1] ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ١٩٣٤ لە لاپیزیك بەلاو کراوەتەوە

[2] . Mother right

[3] .Bach ofen

قەبووڵ کرابوو کە لە لایەنی ئایدۆلۆژیا وسیاسەتەوە دژبە یەك بوون. باخ ئۆفن یەکەمجار لە لایەنی بلۆکی سوسیالیست– مارکس، ئەنگلس، ببل[1] وکەسانی دیکەوە دۆزرایەوە و دەستخۆشی لێکرا. دواتر، دوای دەیان ساڵ بێ ناوی، لە لایەن چەند فەیلەسۆفێکی دژە سوسیالیست وەك گلاکس[2] و بوملر[3]دۆزرایەوە وبایەخی پێدرا.

لە هەمبەر ئەم دوو جەمسەرە دژ بەیەکە پلەی زانستی ئەو کاتە هەبوو، کە بەرەی هەمیشەیی رەدکردنەوە بوو –لەم بەرەیەدا تەنانەت لایەنگرانی سوسیالیزمیش وەك هاینریش کانۆ[4] بوونیان هەبوو. بە هەر حاڵ لەم ساڵانەی دواییەدا پرسی دایکسالاری لە وتووێژە زانستییەکاندا رۆڵێکی روولە زیادبوونی هەبوە. هەندێك لایەنگری لێدەکەن وهەندێکیتر دژایەتی دەکەن ولە دروست بوونی بۆچوونی گشتی سۆزداریداخاوەن رۆڵە.

دەبێ بزانین کە بۆچی پرسی دایکسالاری پەرچەکرداری توندی سۆزداری دەوروژێنێت وچۆن لە گەڵ بەرژەوەندییە ژیانییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی وگرێدراوی هەیە. هەروەها دەمانەوێت لە هۆکارەکانی لایەنگری کردنی دوو بلۆکی شۆڕشگەر ودژە شۆڕش لە تیوری دایکسالاری پەردە هەڵماڵین، تا بتوانین لە پەیوەندی پرسەکە بە توێژینەوە لە سەر بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکە وگۆڕانکارییەکانی تێبگەین.

---

[1] .Bebel
[2] . Glages
[3] .Baumler
[4] .Heinrich cunow

توخمێكی هاوبەش لە شێوازەكانی دژايەتی دايكسالاری مەودای لێكچوو ويەكسانی ئەوانەيە لە كۆمەڵگای بورژوا- ديموكراتيكدا. بە دڵنياييەوە ئەم مەودايە پێويستە، بەو مەرجەی كە بمانەوێت لە سەر بونيادی كۆمەڵگە لە بەڵگە ئەفسانەييەكان، سەمبوولەكان وبونيادە وێنەييەكان لێكۆڵينەوە ئەنجام بدەين ولێيان تێبگەين- هەڵبەت ئەگەر ئەم كۆمەڵگايە لە گەڵ كۆمەڵگای بورژوازی لە ڕوانگەی لايەنە تايبەتی وئامارەييەكانی دەروونی -كۆمەڵايەتی جياوازی بنەڕەتيان هەبێت. باخ ئۆفن لەم چۆنايەتييە تێگيشتوە، بە شێوەيەك كە لە پێشەكی كتێبەكەی خۆيدا دەنوسێت:

"تێگەيشتن لە ديارەدەی دايكسالاری تەنها بە مەرجێك مومكين دەبێت. لێكۆڵينەر دەبێت بە تەواوەتی بۆچوونەكانی سەردەمی خۆی وئەو بيروبڕوايانەی كە لە رۆحی ئەودا كەڵەكە بووە بە لاوە بنێت، وخۆی بگوێزێتەوە بۆ ناوەندی ئەنديشەيەكی بە تەواوەتی جياواز... ئەو لێكۆڵينەرە كە شێوازی جيلەكانی داهاتوو وەك خاڵی دەستپێك دەگرێتەبەر ناتوانێت لە رابردوی خۆشی تێبگات"[1].

ئەو مەرجەی كە باخ ئۆفن لە مێشكيدا بوو، بە دڵنياييەوە لە كەسانێكدا كە نكۆڵيان لە سەردەم وچاخی خۆيان دەكرد بوونی هەبوو-ئەوانەی كە لە بەهەشتی ون بووی رابردوو دەگەڕان يان هيوايان بە داهاتوويەكی باشتر هەبوو. بەڵام ڕەخنە لەم سەردەمە تەنها شتێك بوو كە ئەو دوو جەمسەرە دژ بەيەكە، بەڵام لايەنگری تيوری

---

[1] لە كتێبی مافی دايك لە نوسينی باخ ئۆفن

دایکسالارییە تێیدا هاوبەش بوون. جیاوازی بۆچوونی دووگروپی دژبەیەك ئەوە دەگەیەنێت کە جۆراوجۆری توخمە لێك نەچووەکان دەبێت لە خودی تیوری دایکسالاری وئەو بابەتانەدا بێت کە پێیەوە خەریکن. گروپێك لایەنە تیوریکەکە وەك توخمی سەرەکی لە قەڵەم دەدات وگروپەکەی دیکە لایەنێکی تر، کە واتە هەردوو گروپەکە دەتوانن بۆ لایەنگری کردنی خۆیان هۆکاریان هەبێت.

نووسەرە محافیزەکارەکانی وەك بوملر، لە رابردوودا بە دوای ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیاندا دەگەڕان. کەواتە هۆکارەکانی ئەوان بۆ لایەنگری لە دایکسالاری چی بوو؟

ئەنگڵس بە ئامارژە – ورەخنە لە- لایەنگرانی باخ ئۆفن لە ئلیین، وڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەداتەوە. باخ ئۆفن سەبارەت بە ئایین دەڵێت:

"تەنها یەك پاڵپشتی بە هێز بۆ شارستانییەتەکان بوونی هەیە کە ئایینە. هەر بەرز بوونەوە یان دابەزینی بوونی مرۆڤ لە بزوتنەوەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەم سەرچاوە باڵایەوە سەرچاوە دەگرێت.[1]

بە دڵنیاییەوە ئەم بۆچوونانە تەنها تایبەت بە باخ ئۆفن نین. بەڵام بۆ تیورییەکەی ئەو گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە چوونکە بڕوای بە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان ژنان وبیروبڕوا ئایینییەکان هەیە:

" ئەگەر پێویست بێت دایکسالاری مۆر ونیشانەی راهیبی بە نێوچاوانەوە بێت، بە هۆی سروشتی زاتی ژنایەتی، ئەو هەستە قووڵە رۆحانیو ونوقم لە خۆشەویستییە، کە بە ژن وبە تایبەت بە دایك،

---

[1] هەمان سەرچاوە

پـیرۆزی ئـایینی دەبەخشـێت لـە سـەردەمەکانی هۆڤایەتیـدا چـالاکتر بوو"[1]

لەم رووەوە باخ ئۆفن تواناکاری ئایینی بە خواستێکی تایبەتی ژنانە وئایین بە نیشانەی تایبەتی دایکسالاری دەزانێت. ئەو ئایین وەك جۆرە عیبادەتێکی ئایینی وئاگاهی لە قەڵەم نادات. یەکێك لە فیکرە پرشنگدارەکانی ئەم خاڵەیەکە هەر بونیادێکی تایبەتی دەروونـی مرۆڤ گرێـدراوی ئـایینێکی تایبەتـە- هـەر چەندە کـە ئـەم پەیوەندییـە بـە پێچـەوانە دەزانێـت وئـەڵێ بونیـادی دەروونـی لـە ئایینـەوە سەرچاوە دەگرێت.

لایەنی رۆمانتیك وشاعیرانەی تیوری باخ ئۆفن لە تێگەیشتنی ئەو لە رابردوو باشتر دەردەکەوێت: ئـەو خۆشەویستی وبایـەخی خـۆی، لـە پێوانـەی فراوانـدا، بـۆ دورتـرین رابـردوی مـرۆڤ کـە دەتوانـێ بـیری لێبکاتـەوە ئاراستە دەکات. تەنانـەت لـەوەش گرنگتر، ئـەو رێزلێنـانی مـردۆ بـە یـەکێك لـە سـەرەکیترین نیشـانەکانی کـەلتوری دایکسـالاری دەزانێـت. بـاخ ئـۆفن لـە باسـی دایکسـالاری بـاودا لـە "لیـد"ێکدا ئاماژە دەکـات کـە" دەتـوانی لـە تێکـڕای شـێوازەکانی ژیـانی نەتەوەیـەك لـە رێگەی شێوازی هەڵس‌وکەوتی ئەوان لە هەمبـەر مردوکانـەوە تێبگـەین. رێزدانان بۆ مردوکان لە رێزدانان بۆ باووباپیران ولە خۆشەویستی بۆ نەریت وئایدۆلۆژیای لاگرتوو بۆ رابردوو جیا نابێتەوە"[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] هەمان سەرچاوە.

باخ ئۆفن لە ئاماژە ئایینییەکاندا " زەمینەیەکی دایکی"بە ریشەی قووڵی پالپشت وجەخت کردنەوە لە سەر بەشی تاریك وکوشندەی ژیان لە سروشتدا لە قەڵەم دەدات، کە لە تایبەتمەندییەکانی ئایدۆلۆژیای دایکسالارییە. بوملر جیاوازی نێوان ئایدۆلۆژیای رۆمانتیك و ئایدۆلۆژیای شۆڕشگەرانە لەم بارەیەدا بەروونی بەیان دەکات.

" ئەگەرکەسێك بیەوێت لە ئەفسانە تێبگات، دەبێ سەبارەت بە هێزی رابردوو هەستێکی قووڵی هەبێت. هەر وەها ئەگەر کەسێك بیەوێت لە شۆڕش تێبگات ومرۆڤی شۆڕشگەر بناسێت دەبێ سەبارەت بە داهاتووی هێزی داهاتوو زانیارییەکی قووڵ بە دەست بهێنێت. بە مەبەستی تێگەیشتن لە چییەتی راستە قینەی ئەم ئایدولۆژیایە تاك دەبێ بە باشی تێبگات کە ئەو تەنها چەمکێك لە مێژوو نییە. لە هەستێکی قووڵ سەبارەت بە داهاتوو دەتوانێ چەمکێکی دیکە لە مێژوو بە دەست بهێنێت، چەمکێك لە هەوڵدانی چالاك وبێوچان، چالاکی وشیارانە وئامانجە شۆڕشگەرانەکان لە خۆ دەگرێت. لەم بۆچوونەی دوایەدا (شۆڕش) مرۆڤی ئازادوبێکۆت وبەند لە هەنووکەدا جێدەگریت وداهاتو لە هیچ دروست دەکات. لە چوارچێوەی یەکەمدا (رۆمانتیك) مرۆڤ لە"تەوەری لە دایك بوون "، لە نێو گواستنەوەی گرێدراوییە خوێنییەکان وداب ونەریتە پێویستەکانی رۆژگاردا گیرۆدە بووە وبەشێك لەو "گشتەیە" کە خۆی لە گوشەیەکی نەناسراوی رابردودا وون کردوە. ئەگەر بەم شێوە ژیان لە برەوو قەدر بکەوێت، مەرگ دێتە ئاراوە. باو و باپیران نەمردون وبۆ هەمیشە لەم دونیایە

کۆچیان نەکردوە، هێشتا بوونیان هەیە ودرێژە بە ئامۆژگاری وکارەکانی خۆیان دەدەن لە کۆمەڵگای رابردوی خۆیاندا "[1]

لە تێگەیشتنی باخ لە بونیادی دەروونی لە دایك سالاری وبڕوا بە رۆح وهۆکاری سەر سوڕهێنەر – کە لە گەڵ ئەوانەدا پەیوەند دراوە – خاڵی سەرەکی روبەرو بوونەوەی هەڵس وکەوتی کۆمەڵگای دایك سالاری لە گەڵ سروشت وئاراستەکەی سەبارەت بە شتە مادییەکان لە هەمبەر راستیە مەعنەوی و رۆحانییەکانە.

"دایك سالاری لەگەڵ ئەو بەشە لە ئایین وپلەی کامڵ بوونی ئایینی پەیوەندی هەیە کە تەنها ئامارژە بە ژیانی جەستەیی دەکات " . . .

" سەرکەوتنی باوك سالاری ئازادی رۆح لە نیشانە کانی سروشت پێش کەش دەکات، کە هەمان بالا بوونی، بوونی مرۆڤە بە سەر یاساکانی ژیانی مادیدا. لە حاڵیکدا بنەمای دایك سالاری لە تێکڕای ژیانی مادیدا بەر بەلاوە، مرۆڤ لە پێگەی بالاتری خۆی کە لەگەڵ هێزی بەرهەم هێنان وخولقاندایە، زەنجیرەکانی گرێدراوی وپەیوەندی خۆی دەپچڕێت ولەو دەنگە بالایە کە بانگی دەکات ئاگادار دەبێتەوە. ژیانی رۆحی لە بوونی جەستەیی بەرزتر دەبێتەوە وپەیوەندی لە گەڵ بەشی نزمی بوون بە جەستە سنووردار دەبێتەوە. دایك سالاری پەیوەندی بە رەهەندی جەستەیی مرۆڤەوە هەیە، تەنها شتێك کە لە هەبوونی دا لە گەڵ گیانلە بەرانی دیکەدا هاوبەشە، بنەمای" دەروونی – باوکی " تەنها

---

[1] . لە کتێبی ئەفسانەکانی رۆژهەلات ورۆژ ئاوا لە نوسینی باخ ئوفن.

مـرۆڤ دەگرێتـەوە. بـەم بنەمایـە مـرۆڤ خـۆی لـە كۆتوبەنـدی خـاك (نیشتمان) رزگار دەكات و چاو دەبڕێتە شوێنە بالآكانی گەردون".[1]

لەم روەوە دو نیشانەی تایبەت پەیوەندی كۆمەڵگای دایك سالاری لە گەڵ سروشتدا دیاری دەكات: قەبووڵ كردنی كاریگەری سروشت، دان پێـدانان وقـەبووڵكردنی بـەها سروشـتی وبیولۆژیكـەكان، یـان دژایەتی لە گەڵ بەها مەعنەوییەكان. سروشتیش وەك دایك كەلتورێكی دایـك سـالارییە ومـرۆڤ هەمیشـە وەك منـداڵێكی دامـاوە لـە هەمبـەر سروشت:

"ئەگەر كەلتوری دایك سالاری بـە مادیات سنوردار بكەینـەوە، لـە كەلتوری باوك سالاریدا گەشـە كـردن وكامڵ بوونی مەعنـەوی ورۆحـی بـوونی هەیـە. لـە یەكەمیانـدا ڕەوا بـونێكی ناوشـیارانەمان هەیـە ولـە دوهەمدا تاك گەرایی. لە یەكەمینیاندا خۆمان دەدەینە دەست سروشت ولە دوهەمیندا لە بەرزبوونەوە لە سروشت هەست بە بالآ بوون دەكەین و لەمپەرە كۆنەكان تێك دەشكێنین، هەوڵدانی پرۆمتوس ئاسا، لە باتی ئوقرەیی هەمیشـەیی دادەنێین، بە بەردەوامی هەسـت بـە چێژی هێور كـەرەوە دەكـەین وهاوكـات لـە گـەڵ گەشـە كردنـدا لـە دونیـای منداڵیـدا پیاسە دەكەین. لێبوردەیی وفیدا كاری دایك لە ئایینی " دیمیتر"[2] كە چارەنووسی تۆوە چاندنییەكانە بەرجەستە كـراوە."پیـاوی یونـانی"[3] ئیدی دەیەوێت هەموو شتێك بە دەست بهێنێت، تەنانەت ئەو شتەی كە

---

[1] . لە كتێبی "ئەفسانەی ئایین ومافەكانی دایك"

[2] . Demeter خوا وەندی بەرەكەتی خاك لە میتولۆژی یوناندا

[3] . Hellenic man

لە ئاسمانە كاندایە، ئەو لەم هەوڵدان وكۆششەدا لە سروشتی پیاوانەی خۆی ئاگادارە وخۆی لە مادە گەرایی كەماویەك جەستە ورۆحی داگیر كردبوو دەرباز دەكات وئێدی بە دوای ئەو ئاوی ژیانە دا ناگەڕێت كە لە ژنەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵكوو هەنووكە لە داهێنەری پیاودا لەو كانییە دەگەڕێت، وئەوە كە ماویەك تەنها هی دایك بوو تەسلیمی باوك دەكات.[1]

سیستەمی بەهای كەلتوری دایكسالاری بەم زانستە هەڵچوون ئامێزە بە دایك، سروشت وخاك رۆڵی سەنتەری هاوئاهەنگی ئەوانە. تەنها ئەو شتە بە نرخە كە سروشتی وبیولۆژیكییە، وئەوەی رۆحی وكەلتووری وعەقلی بێت بە كەڵك نایەت. باخ ئۆفن ئەم هێڵە بیركردنەوەی لە مەبەستی خۆی لە دادپەروەری روونتر وكامڵتر كردوە. بە پێچەوانەی یاسای سروشتی بورژوازی، كە تێیدا سروشت هەمان كۆمەڵگەی باوكسالاری رەها ودیكتاتۆرانەیە، لە یاسای سروشتی دایك سالاریدا بەها غەریزی، سروشتی وخوێنییەكان بالاترن. لە یاسای دایكسالاریدا هیچ هاوسەنگییەك لە نێوان تاوان وسزادا بوونی نییە، بەڵكوو بنەچەی سروشتی (قصاص) بالادەستە. رێزوحورمەتی تایبەتی پەیوەندی خوێنی لە " یاسای سروشتی" دایكسالاری لە لایەن باخ ئۆفنەوە لە شرۆڤەی خۆی سەبارەت بە "ئورسیتا"[2] لە نوسینی "ئاسكیلۆس"[3] بە روونی بەیان كراوە.

---

[1] لە كتێبی میتولۆژی خۆرهەلات وخۆراوا لە نوسینی باخ.

[2]. Oresteia

[3] Aeschylus. شاعیرو درامنوسی یونانی كۆن

کلیتمنسترا[1] بە بۆنەی دۆستەکەی خۆی "ئاگیستۆس"[2] مێردەکەی "ئاگامنمون"[3] ی لە کاتی گەڕانەوە لە تراژان[4] کوشت. ئورستز[5] کوڕی ئاگامنمون وکلیتمنسترا تۆڵەی ئەم تاوانەی بە کوشتنی دایکی کردەوە. ئەرینیس[6] خواوەندی دایکی، کە ئیدی بن کەوتبوو بە بۆنەی ئەم تاوانەوە، ئورستزی ڕاو نا، بەڵام ئیدی ئەم کوڕە لە لایەن خوا تازەکانی باوکسالاری سەرکەوتوو - ئاپۆلۆ وئەسینا- پشتیوانی لێدەکرا، ئەوان لە نێو سەری زیوسدا دروست ببوون نەك لە منداڵدانی دایکدا!! ناکۆکی سەرەکی لێرەدا چییە؟ لە ڕوانگەی یاسای دایکسالارییەوە تەنها تاوانێك ڕووی داوە: سەرپێچی لە یاسای پەیوەندی خوێنی. ئیرینس، خواوەندی دایك، لە ژنە تاوانبارەکە ناگەڕێت چوونکە " ئەو پەیوەندی خوێنی لە گەڵ کوژراوەکەدا نەبووە". خەیانەت بە مێرد هەرچەندەش ناشیرین بێت، ئیرینس بایەخی پێنادات، بەڵام کە کەسێك لە یاسای پەیوەندی خوێنی سەرپێچی بکات، هیچ پاساودانێکی لۆژیکی ناتوانێ تاوانبار لە قصاصی توند وبێ بەزەییانەی سروشت ڕزگار بکات.

حکومەتی ژنان[7] لە هەرێمی خۆشەویستی وپەیوەندی خوێنی، و" حکومەتی پیاوان لە هەرێمی کاری وشیارانە وبە پلاندایە. سنووری

---

[1]. Clytemnestra
[2] .Agisthus
[3] .Agamemnon
[4] . Trajan
[5] .Orestes
[6] . Erinyes
[7] .Gynecocracy

حکومـــەتی ژنـــان نـــەریت، زاوزێ وژیـــان بـــە پەیوەنـــدی خـــوێنی وخولقاندنە."[1] ئەم سنووورە لە واتایـەکی رێك وپێك لـە نوسـینەکانی باخـدا بـە کـار هـاتووە. چـەمکی نادیـاری سروشـت وشـێوازی "سروشـتی" ژیـان شـوێنی خـۆی داوەتـە وێنـەی رێـك‌وپێکی دایـك وسیسـتەمێکی یاسـایی دایکسـالاری کـە لـە لایـەنی ئەزموونییـەوە شایستەی خستنە روویە.

باخ ئۆفن تەنها بەشداری ئایدۆلۆژیای سروشت تەوەری رۆمانتیست نییـە. ئـەو یـەکێك لـە سودبەخشـترین بۆچـوونەکانی رۆمـانتیزمی وەك تەوەری کاری خۆی هەڵبژاردوە ولەوەی کە لە فەلسەفەی رۆمانتیکدایـە بەرزتری کردوەتەوە وکاملی کردوە. وئەو بۆچوونە جیاوازی نێوان نێر ومێ‌یە، کە لەلایەنی چییەتی ئورگانیك، رۆحی، دەروونـی وعـەقڵی دوو چۆنایەتی بە تەواوەتی لێك جیاوازن. بەم چەمك خولقاندنـە، رۆمانتیـك (وچـەند ئیـدەیالیزمی ئـەڵمانی) بـە تونـدی لـە هەمبـەر بۆچـوونە بایەخدارەکانی ڕای گشتی لـە سـەدەی ١٧و١٨بـە تایبـەت لـە فەرەنسا سەری هەڵدا.

خـاڵی سـەرەکی تیۆرییـەکانی رابـردوو لـەم رەسـتەیەدا کـۆ دەبێتەوە:" رۆح ڕەگەزی نییە". لە گەلێك کتێبدا لـە سـەر پەیوەنـدی ژن وپیـاو لێکۆڵینـەوە کـراوە ودەرئـەنجامی هـەموویان چـوون یـەك بـووە. نێرومێ نوێنەری چۆنایەتی گەلێك نین کە بە شێوەیەکی دیاریکراو لـە عەقڵ وناخدا ریشەیان داکوتابێت. هەر جۆرە جیاوازییەکی رۆحـی کـە

---

[1] لە ئەفسانەی خۆرهەلات وخۆراوا

ڕەنگە لە نێوان ژنان وپیاواندا بە دی بکرێت، تەنها وتەنها بە گوێرەی پەروەردە وبارهێنانی ئەوان پێناسە کراوە. هەر ئەم هۆکارەیە کە ژن وپیاوی لێك جیاکردوەتەوە، هەچەند کە ئەم جیاوازی وناکۆکییانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا بێت.

وێنای کۆن سەبارەت بە دوو ڕەگەز لە گەڵ خواستی سیاسیدا پەیوەندیەکی بە تەواوەتی نزیکی هەیە، کە بە ئەو پەڕی پلەی جیاوازییەوە لە شۆڕشی بورژوازی‌دا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. ئەو مەبەستەش ئازادی ژن ویەکسانی کەلتووری، کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو بوو. بە باشی دەتوانین ببینین کە چۆن تیوری وهۆکاری سیاسی لەم بارەیەدا پێکەوە گونجاون. تیوری یەکسان بوونی ژن وپیاو بوو بە بنەمای چاوەڕوانی ژنان بۆ یەکسانی سیاسی لە گەڵ پیاوان. بەڵام یەکسانی ژن وپیاو چە بە شێوەی ئاشکرا چە نائاشکرا، بەم واتایە بوو کە ژن لە کۆمەڵگەی بورژوازی‌دا وەك پیاوە. کە واتە چەمکی ئازادی ئەمە نەبوو کە ژن لە کاملّکردن وفراوان کردنی هێز وتایبەتمەندییەکانی خۆی، کە هێشتا نەناسراو مابوونەوە، ئازادە، بە پێچەوانەوە ژن ئازاد دەکرا تا وەك پیاوێکی بورژوای لێبێت. ئازادی " مرۆیی" ژن لە ڕاستیدا ئازادی ئەو بۆ بوون بە پیاوێکی بورژوا بوو.

لە گەڵ فراوانبوونی سیاسەتی کۆنەپەرستانە گۆڕانکارییەك لە نێوان دوو ڕەگەزەکە و"سروشتدا" هاتە ئاراوە. لە ساڵی ١٧٩٣ یانەکانی ژنان لە پاریس داخران. تیوری بنەڕەتی شۆناسی دەروونی شوێنی خۆی دا بەم بڕوایە کە لە نێوان دوو ڕەگەزدا جیاوازی بنەڕەتی وهەتایی بوونی هەیە.

لە بەرهەمە ڕۆمانتیکەکانی دیکەدا چەمکی جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ژن وپیاودا، بە ئاماژە بۆ پرسە مێژوویی، کۆمەڵناسی، میتۆلۆژی و فیزیۆلۆژیکەکان، زیاتر تویژینەوەی لە سەر کرا. لەم بەرهەمانەدا، بە پێچەوانەی ئیدەیالیزمی ئەلمانیا وڕۆمانتیزمی سەرەتایی چەمکی وشەی ژن تا ڕادەیەك تووشی گۆڕان بوو، لە حاڵێکدا پێشتر وشەی ژن واتای خۆشەویستی لە مێشکدا بەر جەستە دەکرد وزەواج ولێك نزیکبوونەوە گرێدراوی ئەزموونی جەستەیی بوو، ئەم وشەیە وردە وردە بوو بە چەمکی دایك وپەیوەندی لە گەڵ ئەودا گەڕانەوە بۆ سروشت وژیانی پێکەوە گونجان لە منداڵدانی سروشتدا بوو.

چەرخی ڕووناك گەری، نکۆڵی لەجیاوازی جنسی لە ڕۆحدا دەکرد و لافی یەکسانی نێوان دوو ڕەگەزی لێدەدا و مرۆوایەتی لە گەڵ پیاوی بورژوا دا یەکسان دەدیت. ئەم تیۆرییە ئاماژە بە هەوڵدانی ئەو سەردەمە بۆ دانی ئازادی کۆمەڵایەتی بە ژنان ویەکسانی لە گەڵ پیاواندا دەکات. کاتێك کومەڵگەی بورژوازی دەستکەوتەکانی خۆی توکمە کردو لە هەلوێستە سیاسیە پێشکەوتووەکانی خۆی پاشەکشەی کرد ئیدی پێویستی بە یەکسانی ژن وپیاو نەما، بەڵکوو خوازیاری خستنە ڕووی جیاوازی وناکۆکییە سروشتییەکان بوو . تا بتوانێ بنەمایەکی تیۆریکی بۆ نایەکسانی کۆمەڵایەتی دوو ڕەگەزەکە لە بەردەستدا بێت. بەڵام لە حاڵێکدا تیۆری نوێ لە لایەنی دەروونناسییەوە قووڵتر دەبوو، هەندێك وشەی جوان سەبارەت بە

شكۆمەندی ژن بە كار هات كە تەنها بە مەبەستی پاراستنی پێگەكەی لە پۆستی خزمتكاری پیاودا بوو.

هەوڵدەدەم لە لاپەڕەكانی داهاتوودا نیشان بدەم كە بۆچی وچۆن كۆمەڵگەی چینایەتی بەم شێوەیە لە گەڵ حكومەتی پیاو لە بنەماڵەدا پەیوەند دراوە. یەكەم: دەبێ بڵێین كە هەر تیورییەك كە جیاوازی گشتی دوو رەگەز دەخاتە روو، بە توندی پەنا دەباتە بەر پاڵەوانە نێرەكان(یاسای چینایەتی زەنجیرە پلە) یەكێك لە هۆكارەكانی خۆشەویست بوونی باخ ئۆفن لە بلۆكی‌محافیزەكاران لەم خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام پێویستە بەبیری بهێنینەوە كە باخ ئۆفن بە دۆزینەوەی بنەمای جیاوازییەكانی نێوان ژن وپیاو، بە شێوەیەكی رادیكاڵ، وبە دۆزینەوەی بونیادی كەلتووری وكۆمەلایەتی كۆن كە تێیدا بالا بوونی دەسەلاتی ژن دەبینرا، بە شرۆڤە كردنێكی كۆنە پەرەستانە لە تیوری خۆی‌دا سەركەوتنی بە دەست هێنا.

یەكێك لە لایەنە سەرەكییەكانی چەمكی رۆمانتیك ئەمەیە كە جیاوازی نێوان دوو رەگەز وەك ئەو شتەی كە لە كۆمەڵگەدا مەرجی(شەرتی) بوەتەوە یان وردە وردە كامڵ بووە ، نەبوو ، بەڵكوو راستییەكی بیولۆژیكی لە قەڵەم دەدرا كە قەت گۆڕانكاری بە سەردا نەدەهات. تا ڕادەیەك بۆ سەلماندنی سروشتی راستەقینەی چۆنایەتییەكانی نێر ومێ كەمتر هەوڵدراوە، هەندێك، كارەكتەری ژنی بورژوایان وەك نیشاندەری، جەوهەری ئەو لە قەڵەم دەدا. هەندێكی دیكە تێگەیشتنێكی رووەكییان لە جیاوازی نێوان ژن وپیاو هەبوو: بۆ

نموونه" فیختە " لەو بڕوایەدا بوو کە تێکڕای جیاوازییەکان لە سەر بنەمای جیاوازییە (سروشتییە) کانی هەڵس‌وکەوتی جنسی ئەوانە.

رومانتیکە تازەکان"ژن " یان بە"دایك " بوون لە قەڵەم دا، بەڵام ئەوانیش لە دەرئەنجامە گرنگەکان پاشگەز بوونەوە وخەریکی توێژینەوەکانی ئەزمونی بنەچەی دایکانە، لە راستینەی بیولۆژیکی ومێژوویی بوون، و بەم کارەوە قولاییەکی لە رادەبەدەریان بە چەمکی دایك بەخشی. بە تایبەت باخ ئوفن، هەرچەند کە خۆشی تاڕادەیەك پشتی بە " سروشتی بوونی " جیاوازی نێوان ژن‌وپیاو دەبەست بەڵام لە هەمانحاڵدا گەلێك شتی تازەی دۆزیەوە. یەك لەوانە ئەمە بوو: کە سروشتی ژن لە "کار " راستەقینەی ئەو لە ژیاندا سەرچاوەی گرتوە – پاراستنی سەرەتایی منداڵ کە کارێکی بیولۆژیکییە.

ئەم راستیە، وراستیەکانی دیکە کە باسمان لێوە کرد، نیشان دەدات کە زۆر دژوارە کە باخ ئوفن بە رۆمانتیکێکی سەرسەخت لە قەڵەم بدەین – وەك کلاگس وبوملر کە رۆمانییکی سەرسەخت بوون . بە شێوەیەك کە دەبینین لە نێوان کۆمەڵگای "بەختەوەر" ی دایك سالاری باخ ئوفن لە گەڵ ئامانجەکانی سوسیالیزم رێژەیەك لە نزیکی بوونی هەیە. بۆ نمونە بایەخ دان بە ئاسایشی مادی مرۆڤ وخۆشحاڵی دنیایی یەکێك لە بیروبڕوا سەرەکییەکانی کۆمەڵگای دایك سالاری لە قەڵەم دراوە. لە خاڵەکانی دیکەش دا راستینەی کۆمەڵگای دایك سالاری، بە گوێرەی پێناسە کردنەکانی باخ ئۆفن، گریدانێکی نزێکی لە گەڵ ئامانجە کانی سوسیالیزم دا هەیە و دژی ئامانجە کۆنە مێژووییەکان لە قەڵەم دەدرا و تێدا پەیوەندی جنسی لە سوکایەتی مەسیحییەت بەدوور بوو، خۆشەویستی ومیهرەبانی دایکانە یەکێك لە بنەما ئاکارییە

دەسەڵاتدارە کانە و زیان گەیاندن بە هاوچەشن تاوانێکی گەورەیە، لەم کۆمەڵگایەدا هێشتا موڵکییەتی تایبەت پێك نەهاتووە.

کیلس کراتز[١] تایبەتمەندی کۆمەڵگای دایك سالاری بە گەڕانەوە بۆ ئەفسانەی داری پڕ میوە وبەهاری موعجیزە ئاسا وەسف دەکات : هەر کە پیاوان ئەوانیان کردە موڵکی تایبەتی خۆیان دارەکە سیساو وبەهاربوو بە گەڵاریزان.

باخ ئوفن چەندین جار، نەك هەمیشە،بە بیرمەندێکی دیالیکتێك خۆی دەنوێنێت. سرنج بدەنە ئەم ئاماژەیە: " تێگەیشتن لە چۆنییەتی حکومەتی ژنان لە ئایینی دیمیتری‌دا پێویستی بە بایەخ دان بە ڕەوشی نالە بارو نەپڕاوی سەرەتاییە کە دژی بنەماکانی ژیانە لە ڕێبازی "دیمیتر"دا. لەم ڕوەوە ڕاستینەی مێژوویی دایك سالاری شاهیدێکە لە سەر ڕاستینەی مێژوویی " خۆشەویستی ژنان"[٢]. فەلسەفەی باخ ئوفن لە گەلێك لایەنەوە لە فەلسەفەی هیگل نزیکە:

"بەرزو بڵند بوونەوەی مرۆڤ لە تێگەیشتنی دایکانە بۆ تێکەیشتنی باوکانە ، گرنگترین خاڵە لەمێژووی پەیوەندی نێوان دو ڕەگەزدا. ئێمە لە پشت بەستنی خۆمان لە سەر تایبەتمەندییەکانی باوك جەوهەری مرۆڤ لە دیاردەی سروشت جیادەکەینەوە ولە هەڵس وکەوتی بڵندی باوکانەدا، ئێمە بوونی مرۆڤ لە یاسا جەستەییەکانی ژیان بەرزتر دەکەینەوە.[٣]

---

[١] .Kelles Krauz

[٢] Hetaerism خۆشەویستی ژنان بۆ پیاوێکی‌تر جگە لە مێردەکەیان(یان پەیوەندی جنسی لە گەڵ پیاوێکی دیکە)

[٣] کتێبی ئەفسانەکانی خۆرهەلات وخۆراوا لە نوسینی باخ ئۆفن.

بی بڕوای باخ ئۆفن ئامانجی بڵندی مرۆڤ " بەرزبوونەوەیە لە ژیانی خاکی بۆ خۆشی ئاسمانی بنەمای باوکسالارانە"[1]. ئەو سەرکەوتنی بنەچەی رۆحانی بوونی باوك بە سەر بنەچەی مادی دایکدا، کە لە لایەنی مێژووییەوە بە زاڵبوونی رۆم بە سەر خۆرهەڵاتدا – بە تایبەت بە سەر کارتاژ وئورشەلیم دا– دەستەبەر بوو ، دەبینێت.

" ئەندێشەی رۆمی ئەوروپای هاندا کە مۆری خۆیان لە سەر ئەم گۆی زەوییە بدەن. ئەندێشەکە ئەمە بوو: تەنها یاسای ئازادی مەعنەوی، نەك یاسای مادی، چارەنووسی خەڵك دیاری دەکات[2]".

ئاشکرایە کە ناکۆکی قووڵ لە نێوان ئەو باخ ئۆفنەی کە بە دیموکراسی حکومەتی ژناندا هەڵدەڵێ وباخ ئۆفنی ئاریستیوکراسی شاری" بال" کە دژی ئازادی سیاسی ژنان بوو، بوونی هەیە. ئەو لە نموونەیەکدا دەڵێ: " گوشار لە سەر باروذۆخ هەمیشە دیموکراسی دەکاتە دیکتاتۆری، ئامانج کۆمار وحکومەتێکە کە لە رێگەی باشترین خەڵکەوە بە رێوە دەچێت، نەك زۆرترین خەڵك". لە ئاستە جۆراوجۆرەکانیشدا هەندێك ناکۆکی بەرچاو دەکەوێت. لە ئاستی فەلسەفیدا بیروبڕوای پرۆتستانەکان وئیدەیالیستەکان دژی رۆمانتیکەکانە وفەیلەسۆفەکانی دیالیکتیك دژی خواگەرا سروشتگەراکانن. لە ئاستی کۆمەڵایەتی وسیاسیدا دژە دیموکراسییەکان دژی لایەنگری بونیادی کۆمەڵایەتی کومونیست–

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] هەمان سەرچاوە

دیموکراتیکن. لە ئاکاریشدا، لایەنگرانی ئاکاری پرۆتستان-بورژوا، دژی لایەنگرانی رەوشتی کۆمەلایەتین کە تێدا ئازادی پەیوەندی جنسی زالە نەك یەك هاوسەری.

بە پێچەوانەی گلاکس وبوملر، باخ ئۆفن بۆ هاوئاهەنگ کردنی ناکۆکییەکان هەوڵ نادات. ئەم شێوازە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆشەویست بوونیە لە لایەن سۆسیالیستەکاندا کە بە دوای سەراوبن بوونی تەواوەتی کۆمەلایی‌تی و دەروونیدا ودەروونندا دەگەڕێن ، نەك ریفۆرم وچاکسازی .

ئاشکرا کردنی ئەم ناکۆکییانە و نەشاردنەوەیان، پەیوەندی بە هەل‌ومەرجی دەروونی وئابووری ژیانی باخ ئۆفنەوە هەیە. فراوانی رەهەندی مرۆیی وعەقلی ئەو جێگای سرنج وبایەخە، بەلام لایەنگری ئەو لە دایکسالاری رەنگە لە گرێدراوی لە رادەیەدەری ئەو بە دایکی سەرچاوە بگرێت. باخ ئۆفن تا تەمەنی ٤٠ساڵی -تا مردنی دایکی- زەواجی نەکرد. دیسان میراتێکی ١٠ ملیۆن دۆلاری بوو بە هۆی ئەوەی کە لە هەندێك لە ئامانجەکانی بورژوازی دوربکەوێتەوە، ئەم دوورر کەوتنەوەیە پێویستییەك بوو بۆ لایەنگرانی دایك سالاری. لە لایەکی ترەوە ئەم کوڕە دەوڵەمەندەی خەڵکی بال بە شێوەیەك لە سەنگەری نەریتی باوکسالارانەی خۆیدا جێگیر ببوو کە نەیدەتوانی جگە لە ئامانجە نەریتییەکانی پرۆتستان- بورژوا بیر لە هیچ ئامانجێکی دیکە بکاتەوە. رۆمانتیکە نوێکان، وەك شولر، گلاکس، بوملر، تەنها باخ ئۆفنێکیان دەدەیت کە دژە عەقڵ، مل کەچ بە سروشت ویاسای تایبەتی بەها سروشتگەراکانی گرێدراوی پەیوەندی خوێنی وخاکی

بــرەودار بــوو. ئــەوان پرســـی ناكۆكييــەكانی بـــاخ ئۆفنيـــان بــە شرۆڤەكردنێكی يەك لايەنەی تيۆرييەكانی چارە سەركرد[1].

---

[1] كلاگس كـه خۆگـەرايی بـۆ رۆح بـە زيانبـار دەزانـی پرسـەكە بـەم جـۆرە دەخاتـە روو كـە ئامۆژگارييە سروشتگەرايانەكەی باخ ئۆفن ناوك وسەنتەری ئەندێشـەكانی ئەوە وئيدەياليزمی پرۆتستانی ئەو لاوەكييە. بوملر كە شرۆڤەكەی كلاگسـی بە لاوە پەسـەندە ، زيـاتر ئەندێشـەی باخ كـەم وكـورت وناشيرين دەكـات، لـە حاڵێكدا كلاگس لانـی كـەم باخ ئۆفنـی دژی پرۆتسـتان ودژە ئيدەياليزم دەبينـی، بـوملر لـە ڕوانگـەی باوكسالارانەی ئـەوەوە باسـەكەی دەسـتپێكردوە وگـرنگترين كـاری بـاخ ئـۆفن بـە لاوەكـی وكـەم بايـەخ لـە قەڵـەم دەدات. واتـە گوتـە مێـژوويی ودەروونناسـانەكانی ئـەو سـەبارەت بـە دايكسـالاری، وروخسـاری ژن وەك بازنـەی سـەرەكی پەيوەندی نێوان زۆربەی ئورگانە شارستانييەكان ڕەد دەكاتەوە. لە روانگەی بوملرەوە نەبوونی نـەريتی يـەك هاوسـەری لـە دەسـتپێكی مێـژووی مرۆڤايـەتی گومانـاوييـە ودايكسـالاری وەك راستينەيەكی مێژوويی، بابەتێكی لاوەكييە:
"گرنگی ئايينی پەرەستش كردنی خواوەندی خاك بۆ تێگەيشتن لە سەردەمەكانی بەر لە مێژوو هێشتا وەك خۆيەتی، تەنانەت ئەگەريش بسەلمێت كە قەت دايكسالاری هيندو ئەوروپی بوونی نـەبووە. شرۆڤەكانی بـاخ ئـۆفن بـە تـەواوەتی لـە دۆزراوە زانسـتييە كـانی ئاكـار وزمـان ناسـی سـەربەخۆيە، چـوونكە لـە سـەر بنـەمای تيۆرييـە مێـژوويی وكۆمەڵناسـييەكان نييـە...بنـەمای فەلسەفەی مێژوويی باخ ئۆفن لە سەر زانياری ميتافيزيكی وی دامەزراوە. قووڵی ئەم زانيارييە خاڵی سەرەكييە. دەتوانين بە ئاسانی لە هەڵەی ئەو لـە فەلسـەفەی كـەلتوور(هەلـە كۆمەڵناسـيی ومێژوويـيەكانی) تێبگـەين. توێژينـەوەيـەكی زانسـتی بـە تـەواوەتی دوور لـە هەڵەيـە، شـتێك بـۆ راسـتكردنەوە وهەڵـەبڕی ناهێڵێتـەوە، بـەلام دەرئـەنجامێكی بـە نـرخيش بـە دەسـتەوە نـادات. ئەفسانەكانی خۆرهەلات وخۆراوا).
باخ ئۆفن بە گرێدانی پێشكەوتنی سەرەتای مرۆڤايەتی بە ژن لە تيوری خۆيدا زێدەرەويی كرد، بـوملر دەڵـێ: ئەمـە تيۆرييـەكی درۆينەيـە. بابـەتی گـرنگ تێگەيشـتن لـە دايـك وەك دياردەيـەكی گرنگی دەروونی وكۆمەڵايـەتی نييـە، بەڵكوو بـالابوونی ئـاييني دايكـە كـە بـاخ ئـۆفن لـە ڕێگـەی ئەوەوە ئاگاهی مرۆڤايەتی، بە تايبەت فەلسـەفەی مێژوويی، بـەهێز ودەوڵـەمەنـد كـردوە. ئـەگـەر بـوملر ئـارەزۆ جنسـييەكان وەك مـۆدێلێكی خۆرهـەلاتی مـەحكوم دەكـات جێگـای سەرسـوڕمان نييـە، لـە حاڵێكـدا بـاخ ئـۆفن وەك ئامـاژەيـەكی سـەرەكی دايـك سـالاری لـە قەڵـەمی دەدات، بـێ پەرردەيی ئەو لە پرسە جنسييەكان بێ گەردی ئەو بەيان دەكات.

سوسیالیستەکانیش دان بە عیرفانی باخ ئۆفن دادەنێن، بەڵام زیاتر بایەخ دەدەنە باخ ئۆفنی دەروونناس ونەتەوەناس(ئەتنۆلۆژیست)[1].

فردریك ئەنگلس، زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە لە سەدەی ١٩دا کارەکانی باخ ئۆفنی ناساند. ئەو لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی " بنەچەی بنەماڵە وموڵکییەتی تایبەت ودەوڵەت " جەخت دەکاتەوە کە مێژووی بنەماڵە لە مافی دایکی مەبەستی ئۆفنەوە دەست پێدەکات. ئەنگلس لە پێگەی ئیدەیالیستی ئۆفن، کە دەڵێ: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئایینەوە سەرچاوە دەگرێت رەخنە دەکات ودەڵێ:

" بەڵام هیچکام لەمانە لە گرنگی کارە سەرەتاییەکانی ئەو کەم ناکاتەوە . ئەو یەکەمین کەس بوو کە پەیوەندی جنسی دەرەوەی یاسا وریسای لە شوێنی پەیوەندی سەرەتایی نادیار ولێڵ دانا. باخ ئۆفن دوپاتی دەکاتەوە کە ئەدەبیاتی کلاسیکی کۆن نیشان دەدات کە بەر لە یەك هاوسەری شێویەکی دیکە لە نێو یۆنانی وئاسیاییەکاندا باو بووە. لەو بار و دۆخەدا نەتەنها پیاو لە گەڵ زیاتر لە یەك ژن پەیوەندی هەبووە، بەڵکوو ژنانیش لە گەڵ زیاتر لە یەك پیاو پەیوەندی جنسییان هەبووە و ئەم کارە پێچەوانەی ئاکاری گشتی ئەو سەردەمە نەبووە. دیسان ئەو نیشانی داوە کە منداڵان ناو نازناویان لە دایکیانەوە وەرگرتووە نەك لە باوکەوە، ئەم هێڵە تایبەتە تا ماوەیەکی درێژخایەن وەك خۆی مایەوە– تەنانەت لە سەردەمی یەك هاوسەریشدا کە باوك ناسراو بوو، ئەم پێگە سەرەکییەی دایك، کە تەنها بەرپرسی"

---

[1]. Ethnalogist

بێ قەید ومەرجی" منداڵ بوو، بۆ دایکان و"هەروەها ژنان" لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی باشتر وباڵاتری خولقاند کە تا هەنووکە برەوی ماوە. باخ ئۆفن ئەم تیورییە بە ڕاشکاوی بەیان ناکات، چوونکە تایبەتمەندی عیرفانی ئەو ڕێگەی پێنادات. بەڵام ئەو خولقێنەری ئەم تێزەیە کە لە ساڵی ١٨٦١دا هەنگاوێکی شۆڕشگەرانە لە قەڵەم دەدرا".

شانزە ساڵ دوای ئەو لویس مۆرگان، ئەکۆلۆژیستی ئەمریکی، بونیادێکی کۆمەڵگای دایکسالاری دیکەی خستەروو وشێوازێکی بە تەواوەتی جیاوازی لە باخ بە کار هێنا. مارکس وئەنگلس کتێبەکەی ئەویان بە ناوی "کۆمەڵگەی دێرین" بە وردی لێکدایەوە و ئەم کتێبە بوو بە بنەمای کتێبەکەی ئەنگلس سەبارەت بە بنەماڵە.

ئەنگلس لە شرۆڤە کردنێك سەبارەت بە دۆزینەوەی بنەماڵەی دایکسالاری لە لایەن مۆرگانەوە بەم شێوەیە دەدوێت" گرنگی دۆزینەوەکەی مۆرگان بۆ سەردەمی بەر لە مێژوو هاوسەنگی تیورییەکەی دارڤین سەبارەت بە کامڵبوونی بیولۆژیك وتیورییەکەی مارکس سەبارەت بە ئابووری سیاسییە". ئەنگلس بەم قسەی خۆیە ڕێز وپێزانینی لە رادەبەدەری بۆ مۆرگان دەردەبڕێت:" بنەماڵەی دایك سالاری بوەتە تەوەرێك کە تێکڕای زانست وئاگاهی ئێمە بە دەوریدا دەسوڕێتەوە. هەنووکە دەزانین کە دۆزینەوەکانی خۆمان لە کوێدا بە کار بهێنین وچۆن ڕێك وپێك و ریزبەندییان بکەین".

دۆزینەوەی دایکسالاری تەنها ئەنگلسی نەخستە بن کاریگەرییەوە. مارکسیش هەندێك تێبینی ڕەخنەگرانەی لە خۆی بە جێهێشت کە دواتر ئەنگلس لە نوسینەکانی خۆیدا بە کاری هێنان.

بنـەڕەتی کتێبـی پڕفرۆشـی "[1]بیبـل" بە نـاوی " ژن وسوسـیالیزم" لـە سـەر تیـوری دایـك سـالاری دامـەزراوە . هـەروەها زاوەکـەی مـارکس بـە نـاوی(پـۆل لافـارك)[2]کتێبێکـی سـەبارەت بـە ژن بـە نـاوی " ڕۆڵـی ڕێـزداری ژن لـە کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا لـە گـەڵ پۆسـتی پارێزگـاری کردن وڕەبەنی ڕێو ڕەسمە ئایینییـەکان، لـە ئەستۆ گرتنـی ئـەم ڕۆڵـە لـە داهاتوودا "هەیە. کلس کروتز دەڵێ باخ لە رینسانسی بورژوا تۆوێکی بـە نرخـی رینسانسـی شۆڕشـگەرانەی نـوێی وە دەسـت خسـت: رینسانسی جەوهەری کومونیزم.

بنـەمای یارمـەتی دانـی سوسیالیستەکان بۆ تیـوری دایـك سـالاری چـییە؟ یەکـەمین هۆکـار، بـە هـەمان شـێوە کـە پێشـتر سـەبارەت بـە ڕۆمانتیکـەکان شـرۆڤەم کـرد، دوری سـۆزداری ئامـانجی ئەوانـە لـە کۆمەڵگـەی بـورژوازی. بـاخ ئـۆفن ئامـاژە بـە ڕێـژەیی بـوونی پەیونـدی کۆمەڵایەتی سەردەمی خـۆی دەکـات، وجـەخت لـە سـەر ئـەوە دەکاتـەوە کە یەك هاوسەری قـەت ئورگـانێکی هەمیشـەیی" سروشـتی" نییـە. ئـەم بۆچوونـە تـەنها لـە لایـەن ئـەو تیـوری وچالاکی سیاسـییەوە پێشـوازی لێـدەکرێت کـە لـە گـۆڕانکارییـە بنەڕەتییـەکانی کۆمەڵگـەی هەنووکـە پشـتیوانی دەکـرد. لـە هەڵوێسـتی سیاسـی بـاخ ئۆفنـدا ئەمـە خـاڵێکی نادیار ولێڵە:

"پەیوەنـدی دایکانـە بـە شـێوەیەکە کـە ناتوانرێـت چاوپۆشـی لـێ بکرێت وبە شێوەیەکی گەرم وگوڕ بە بنەچەی سروشتی مرۆڤ وپێگـەی

---

[1] F.A. Bebel سوسیالیست ونوسەری ئەڵمانی(١٨٤٠-١٩١٣)

[2] . Paul lafargve

بڵندی مرۆیی پەیوەند دراوە کە زۆربەی خەڵك وەك پرەنسیپی سەرەکی کارەکان چاوی لێدەکەن. ئەم لافە کە لە سەرەتای بوونی مرۆڤدا پەیوەندی بێ مەرج وقووڵ لە نێوان دوو رەگەزدا بوونی هەبوە ، پێشبینییەکی هەڵە وبێهودە لە قەڵەم دەدرا. چە کەسێك ئەم تیوریيە گشت پەسەندە قەبووڵ ناکات تا لە بیرەوەری شەرمەزارکەری سەردەمانی سەرتایی ئاسودە ببێت؟ بەڵام بەڵگە مێژووییەکان ئێمە لە ملکەچ بوون بە لە خۆبایی بوون وخۆپەرەستی، لە دودڵی لە پێشکەوتنی هێدی ودژواری مرۆڤ بەرەو رێورەسمی زەواج رزگار دەکات .[1]

دیسان ناوەرۆکی تیوری دایکسالاری، بە پێداگری لە سەر رێژەیی بوونی شادەماری کۆمەڵگای بورژوازی، لە لایەن مارکسیستەکانەوە بایەخی پێدرا. چوونکە یەکەم: سەردەمێکی دۆزیبوەوە کە تێدا ژن سەرچاوەی دەسەڵات وسەنتەری کۆمەڵگا بووە ، نەك کەنیزی پیاو وکاڵایەك بۆ فرۆشتن، ئەم پێگەیە پشتیوانییەکی گرنگ لە هەوڵدانی ژن بۆ ئازادی سیاسی وکۆمەڵایەتی بوو. خەباتی گەورەی سەدەی ١٨یەم دەبوایە خەڵکێك وەك بەڵگە کەڵکیان لێ وەر بگرتبایە کە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی بێ چین هەوڵیان دەدا.

بونیادی کۆمەڵگای باوکسالاری لە لایەن پابەندییە کۆمەڵایەتی– دەروونییەکانەوە، پەیوەندییەکی نزیك لە گەڵ تایبەتمەندی چینایەتی کۆمەڵگەی هەنووکە هەیە. ئەم کۆمەڵگەیە تا ڕادەیەکی زۆر، لە سەر ئەساسی خواستە دەروونییە تایبەتەکان دامەزراوە کە بەشێکیان لە

[1] لە ئەفسانەکانی خۆرهەڵات وخۆراوا

وروژێنەرە ناوشیارەکاندایە، ئەم خواستانە ناشیرینی رواڵەتی ئورگانی حکومەتی کامڵ دەکەن. بنەماڵەی باوکسالار یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی هەڵسوکەوتە دەروونییەکان وپارێزگاری مانەوەی کۆمەڵگەی چینایەتییە.

هەنووکە دەچمە سەر گرنگترین بابەت. لێرەدا لە گەڵ کۆمەڵێکی سۆزداریدا سەرقاڵین کە تایبەتمەندییەکانی بریتین لەم توخمانەی خوارەوە: گرێدانی سۆزداری بە هێزی باوك، تێکەڵاوییەك لە دڵەراوکێ کان، خۆشەویستی ونەفرەت، منێکی باڵای بەهێز ودوگم، کە ئەرك لە سەرەوەی شادی وخۆشحاڵی دەبینێت، هەست بە تاوان کە لە ناکۆکی نێوان خۆاستەکانی منی باڵاو پێویستییە راستەقینەکان دروست دەبێت وکاریگەرییەکی تەسلیم وملکەچ بوونە لە هەمبەر سەرچاوەکانی دەسەڵات. هەر ئەم هەل ومەرجە دەروونی - کۆمەڵایەتییەیە کە بنەماڵەی لە ئاستی جیهاندا پابەند (یان لانی کەم پشتیوانێکی گرنگی) کۆمەڵگە لە قەڵەم داوە، ودیسان هەربەم بۆنەیەوە کە ناڕەزایەتی تیوریك لە هەمبەر کۆمەڵگە، وەك تیوری باخ ئۆفن، پشتیوانی بیرمەندانی سوسیالیستی بە دەست هێناوە.

لە بەشە گرنگەکانی پرسی ئێمە وێنەیەکە کە باخ ئۆفن ومۆرگان لە تایبەتمەندییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئاکاری وسیاسی باوکسالاری کێشاویانە. لە حاڵێکدا باخ ئۆفن بە نارەحەتییەوە سەیری قۆناغە سەرەتاییەکانی رابردوو دەکات وبە لە ناو چوو لە قەڵەمیان دەدات، مۆرگان لە قۆناغێکی سەروتر لە شارستانی دەدوێت کە لە ڕوانگەی ئەوەوە لە داهاتوو دا پەیدا دەبێت:" دەرکەوتنی ئەو شارستانییە وەك گەڕانەوەی بنەماڵەی دێرینە،(بنەماڵە لە رۆمی دێرین) لە گەڵ ئازادی، برایەتی ویەکسانی لە ئاستێکی بەرزتردا." باخ ئۆفن خۆی ئەم ئامانجانەی ئازادی، برایەتی

و یەکسانییە کە دەبوایە لە کۆمەڵگەی دایکسالاریدا هەبوایە، بنەمای زاڵ بە سەریاندا نەك دڵەراوکێ وملکەچ بوون، بەڵکوو خۆشەویستی ومیهرەبانی بە روونی وەسف دەکات[1].

---

[1] پەیوەندی دایك ومنداڵ سەردێری تێکڕای کەلتوورەکان، هەر چاکە وهەر لایەنێکی بە شکۆی ژیانە. ئەم پەیوەندییە لە دونیای زوڵم وزۆردا وەك یاسای ئاسمانی، خۆشەویستی، یەکبوون وئاشتی وئاسوودەییە. ژن بە پەروەردە کردنی منداڵی خۆی، بەر لە پیاو فێری بەڵاو کردنەوەی خۆشەیستی بۆ دەرەوەی چوارچێوەی خۆی و کەسێکی دی دەبێت ، و تێکڕای چاکە خولقێنراوەکانی خۆیلە پێناو پاراستن وکامڵکردنی بوونی ئەو بە کار دەهێنێت. ژن لەم قۆناغەدا مەخزەنی فەرهەنگ، خێرخوازی، فیداکاری، خۆشەویستی ژیان وخەمی مردنە. ئەو خۆشەویستییەی کە لە بوونی دایکێکەوە بڵاو دەبێتەوەنەتەنها توند بەڵکوو تەواو ورەهایە... چوونکە بنەچەی باوکی لە زاتی خۆیدا سنوور دەخولقێنێت وبنەچەی دایکی تەواوە، کەواتە بنەچەی باوکی گروپگەلێکی دیاریکراو لە خۆدەگرێت، بەڵام بنەچەی دایکی وەك ژیانی سروشت سنوور ناناسێت. وێنای زەینی دایك هەستی برایەتی گشتگیر لە زەینی هەمووان‌دا دروستدەکات کە بە فروانبوونی باوکسالاری لە ناو دەچێت. بنەماڵە بە گوێرەی حەقی باوك ئورگانێکی داخراوە، بەڵام بنەماڵەی دایك سالار خاوەن تایبەتمەندی گەلێکی تەواوە کە لە سەروی تێکڕای کەمالاتەوەیە وژیانی دایکانە لە رێگای ژیانێکی بڵندتری مەعنەوییەوە بێ وێنە دەبێت. منداڵدانی هەر ژنێك وێنەی لە ناو نەچووی ، دیمیتر، خواوەندی بەرهەمدان، بە منداڵان ، برایان وخۆشکان دەبەخشێت، نیشتمان تەنها برایان وخۆشکان دەناسێت وتا رۆژێك کە فراوانبوونی سیستەمی باوکسالاری یەکبوونی جەماوەر لە ناو بەرێت وبنەچەی ناکۆکی لە باتی ئەو سەقامگیر بکات.
کولتوورەکانی دایکسالاری، دەرکەوتن وتەنانەت رێزبەندی گەلێکی حقوقی لەم لایەنەی بنەچەی دایکسالاری دەخەنەروو . بنەچەی باسکراو بنەما وبنەڕەتی ئازادی ویەکسانی رەهای نێوان خەڵکی دایکسالار، خۆشەویستی بۆ هاوڕەگەزەکان وسنووربەزاندنە. ریشەی هەستی دەستخۆشی ئامێزی نزیکی وخزمایەتی، هاودڵی، کە سنوورناناسێت وتێکڕای ئەندامانی نەتەوەیەك بە یەکسانی لە ئامێز دەگرێت، لە هەمان بنەچەی دایکسالاریدایە. وڵاتە دایك سالارەکان بەوە بە ناو بانگن کە کە شەڕ وململانێیان نییە. خەڵکانی دایك سالاررەنج وئازاری مرۆڤ وتەنانەت گیانلەبەرانی دیکەش بە تاوان دەزانن. روخسارێکی دڵسۆزی مرۆیی، تەنانەت لە پەیکەرە میسرییەکانیشدا، ئاماژە بە دونیای کەلتووری دایکسالاری دەکات.

(باخ ئۆفن ،ئەفسانە، ئایین ومافی دایك)

رۆڵــی جیــدی ســرنجدان بــە رازی بــوونی پیــاو لــە کۆمــەڵگای دایکسالاری‌دا هۆکارێکی دیکەی پێشوازی سوسیالیستەکانە لە باخ ئۆفن، هەرچەند کە لە ئاستی تیوریکدا ئەم ماتریالیزمە سروشت گەرایانە، گرێدراوی فیداکاری ووزەی دایك بۆ باشتر کردنی ژیانی پیاو، لە گەڵ ماتریالیزمی دیالیکتیکدا ناکۆکی بنەڕەتی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی چێژ گەراییەکی کۆمەڵایەتییە کە هۆکاری قەبووڵ کردن لە لایەن سوسیالیستەکانە روون دەکاتەوە.

باس کردنی چەند خاڵێکی گشتی سەبارەت بە بنەچەی ئازادی تەواوەتی پەیوەندی جنسی، کە باخ بە کۆمەڵگەی سەرەتایی لە" حکومەتی ژناندا" گرێ‌ی دەدات پێویستە. هەڵبەت ئەگەر بگوترێت سنوورداری لە پەیوەندی جنسی بە شێوەیەکی رەها تایبەتمەندی کۆمەڵگەی چینایەتییە وپەیوەندی جنسی ئازاد کە مەبەستی باخ ئۆفنە تایبەتە بە گۆمەڵگەی بێ چین هەڵەیە. دیسان ئەو رەوشتەی کە چێژی جنسی بە شتێکی خراپ وبێ کەڵك دەزانێت رۆلێکی گرنگی لە پاراستنی کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەیە. وهەر هێرش وناڕەزایەتی دەربڕینێك کە لە هەمبەر ئەم رەوشتە ئەنجام بدرێت وەك هێرشکردنە سەر تیورییەکەی ئۆفن دەبێت بە هۆکارێکی دیکەی خۆشەویست بوونی ئەو لە نێوان سوسیالیستەکاندا.

ئارەزۆ جنسییەکان پێگەگەلێکی سەرەتایی بە هێز بۆ چێژو خۆشی دابین دەکەن. ئەگەر دەرفەتی پێبدرێت تا ئاستی هەرە بەرز(کۆتایی) بۆ گەشەی کەسیەتی مرۆڤ فراوان دەبێت، نەك بە مەبەستی کونترۆڵی جەماوەر سنووردار بکرێتەوە، دەرکەوتنی

خواستی توندی سەبارەت بە دامرکاندنی خواستەکانی دیکەی ژیانی لێدەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی دامرکاندنی ئەم ئارەزۆیانە تەنها بە دەرفەتی مادی مومکین دەبێت، لەم رووەوە دەبێتە هۆی پەرژ وبلاو بوونی سیستەمی کۆمەلایەتی. کارێکی کۆمەلایەتی دیکەش لە چوار چێوەی دامرکاندنی جنسیدا بوونی هەیە. مادام کە دامرکاندنی بێ سنووری هەستی جنسی تاوان لە قەلەم دەدرێت، لە حالێکدا کە ئارەزۆی سیکسی هەمیشە چالاکە، بەر بەستە ئاکارییەکان دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی تاوان کە بە زۆری ناوشیارانەیە ویاخود دەگوێزرێتەوە بۆ زەمینەکانی دیکە.

ئەم هەست بە تاوانە لە لایەن کۆمەلایەتییەوە گرنگە، و ئەویش ئەمەیە کە ئازار دیتن لە تاوانباری، وەك سزا تاقی دەکرێتەوە نەك ئەوەی بە کەم وکوڕی کۆمەلایەتییەوە گرێبدرێت. هەست بە تاوان بە ناچاری ترسی سۆزداری لێدەکەوێتەوە: بەربەلاوی فیکری– بە تایبەت رەخنەگرانەی – خەلك سنووردار دەکاتەوە، بەلام لە باتی ئەوە گرێدانێکی سۆزداری سەبارەت بە ئاکاری کۆمەلایەتی دروست دەکات. ئەم خالە کۆتاییەش زیاد دەکەم کە توێژینەوە دەروونشیکارییەکانی تاك نیشانی داوە کە سەرکوت کردن یان قەبووڵ کردنی دامرکاندنی ئارەزۆی جنسی کاریگەرییەکی گرنگی لە سەر پاڵنەرەکان وکاراکتەری مرۆڤ هەیە.[1]

---

[1] بگەڕێنەوە بۆ بڕگەی ٨

مەرجی کاملبوونی " کاراکتەری زاوزێیی" بێ بەش نەبوون لە پەیوەندی جنسییە، چوونکە بێ بەشبوون دەبێتە هۆی دابەزینی کاملبوونی تاك. یەکێك لە چۆنایەتییەکانی گرێدراوی کاراکتەری زاوزێیی سەربەخۆیی دەروونی وفیکرییە، گرنگی چۆنایەتی کۆمەلایەتی ئەو پێویستی بە جەخت کردنەوە نییە. لە لایەکی ترەوە سەرکوتکردنی ئارەزۆی جنسی زاوزێیی توندبوونەوەی خواستە غەریزییەکانی، ئانال، سادیستیك وهاو ڕەگەزبازی شاراوەی لێدەکەوێتەوە، کە لە بنەمای غەریزی کۆمەلگەی هەنووکەییدا گرنگییەکی حاشا هەلنەگری هەیە.

بارودۆخی توێژینەوەی هەنووکەیی لە سەر دایکسالاری هەر چییەك بێت، بە دلنیاییەوە بونیاد گەلێکی کۆمەلایەتی بوونیان هەیە کە دەتوانین دایك تەوەر ناوزەدی بکەین. وئەگەر بمانەوێت لە بونیادە کۆمەلایەتییەکانی هەنووکە وگۆڕانکارییەکان تێبگەین، دەبێ بە دۆزینەوەکانی هەنووکە وداهاتوو ی ئەم توێژینەوانە بایەخ بدەین. هەولدان وڕاکێشانە لیبیدۆییەکانی مرۆڤ یەکێك لە " هێزە بەرهەم هێنانەکانی" کۆمەلگەیە. بە بۆنەی نەرمبوون وگۆڕانکاری، ئەم هێزانە دەتوانن بە شێوەیەکی بەرچاو خۆیان لە گەل بارودۆخی کۆمەلایەتی وئابووری هەیی هاوئاهەنگ بکەن- هەرچەند ئەم هاوئاهەنگییەش سنووردارە. بونیادی دەروونی ئەندامانی گروپێکی کۆمەلایەتی ئاماژە بە پشتیوانی حاشا هەلنەگر بۆ سەقامگیری کۆمەلگە دەکات. هەلبەت ئەم بونیادە تا کاتێك پشتیوانی لە سەقامگیری دەکات کە ناکۆکییەکانی نێوان بونیادی دەروونی وهەل ومەرجی ئابووری

شاراوە نەبێت، کە لەو حاڵەتەدا هێزە دەروونییەکان یان سیستەمی هەیی سەراو بن دەکەن، یان لە ناوی دەبن. دەبێ لە بیرمان نەچێت کە بونیادە دەروونییەکانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان دەتوانن لە گەڵ یەکدی جیاواز یان تەنانەت لە هەمبەر یەك بن، ئەم جیاوازی یان لە هەمبەر یەك بوونە گرێدراوی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە.

هەر چەند کە تاك، بە بۆنەی ئەزموونەکانی ژیان و ئۆرگانە تایبەتییەکان، لە لایەنی دەروونییەوە لە گەڵ ئەندامانی دیکەی گروپەکەی خۆی جیاوازە – بە تایبەت لە سەردەمانی سەرەتایی ژیاندا– بەڵام بەشێکی گەورە لە بونیادی دەروونی ئەو بەرهەمی هاوئاهەنگی لە گەڵ پێگەی چینی خۆی وکۆمەڵگەیەکە کە تێدا دەژی. زانیاری سەبارەت بەو هۆکارانەی کە بونیادی دەروونی چین یان کۆمەڵگەیەکی تایبەت دیاری دەکەن، وزانیاری ئێمە سەبارەت بە " هێزە بەرهەمهێنەرە" دەروونییەکان کە لە کۆمەڵگایەکدا بە شێوەیەکی دیاری کراو کار دەکەن، لە ئاگاهی وزانیاری ئێمە سەبارەت بە بونیادی ئابووری وکۆمەڵایەتی زیاترە. یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم کارە ئەمەیە کە توێژینەرەکانی ئەم پرسانە خۆیان کەوتونەتە نێو چوارچێوەی بونیادی دەروونی کۆمەڵگەی خۆیان، لەم روەوە تەنها لە شتێك تێ دەگەن کە لە خۆیان دەچێت. ئەوان بە هەڵە بونیادی دەروونی خۆیان وکۆمەڵگەی خۆیان بە " سروشتی مرۆڤ " لە قەڵەم دەدەن، و ئەمە لە بەر چاو ناگرن کە لە ژێر هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی جیاوازدا بونیادەکانی هەڵچوونگەلێکی بە تەواوەتی جیاواز، وەك هێزە بەرهەمهێنەرەکان خەریکی کارکردنن ویاخود دەتوانن کار بکەن.

کۆمەڵی باوکسالار بونیادێکی دەروونییە کە پەیوەندی منداڵ لە گەڵ باوك لە ناوەندی ئەو کۆمەڵەدا جێدەگرێت. فرۆید لە توێژینەوەی خۆی سەبارەت بە گرێی " پوزوتیڤی" ئودیپ یەکێك لە لایەنە جیدییەکانی ئەم بونیادەی ئاشکرا کرد، هەرچەندە لە کامڵبوونیدا زێدەرەوی کرد چوونکە لە گەڵ کۆمەڵگەکەی خۆیدا بە گوێرەی پێویست نزیك نەبوو. نیازی جنسی کوڕێکی منداڵ، کە وەك یەکەمین ژن سەیری دایکی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە وەك رکەبەرێك سەیری باوکی بکات. بەڵام لە بنەماڵەی باوکسالاریدا، باوك بە سەر ژیانی منداڵدا زاڵە. جگە لە نەبوونی دەرفەتی فیزیۆلۆژیکی لە پراکتیزە بوونی داخوازییەکانی منداڵ، رۆڵی دوو پێوەرە بوونی باوك(رکەبەر ودەسەڵاتداری ژیان) هەستێکی دیکەش لە منداڵدا دەوروژێنێت کە فرۆید ئاماژەی پێکردوە: ئارەزۆی منداڵ بۆ جێگری باوك، هەستی یەکسانی لە گەڵ باوك، لە ئەودا دروست دەبێت. منداڵ تایبەتمەندی دەروونی باوك وەردەگرێت تا ئەو شوێنەی کە باوك دەبێتە سەرچاوەی تەلقین وفەرمانە ئاکارییەکان وتایبەتمەندییە وەرگیراوەکان لە باوك دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دروست بوونی وێژدان. بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە تا رادەیەك سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، دەر ئەنجام رکەبەرایەتی کوڕی منداڵ لە گەڵ باوك دوولایەنە بوونی خواستی سۆزداری ئەوی لێدەکەوێتەوە. لە لایەکەوە خوازیاری میهرەبانی باوکە ولە لایەکی ترەوە کەم تا زۆر بە ئاشکرا سەرپێچی دەکات.

کۆمەڵی باوکسالاری بەو پرۆسە دەروونییە دروست دەبێت کە لە باوکدا بوونی هەیە. باوك لە لایەکەوە ئیرەیی بە کوڕەکەی دەبات چوونکە دەبینێت لە بەراورد لە گەڵ کوڕەکەی ژیانی ئەم بەرەو کۆتای دەڕوات، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەم ئیرەیی بردنە مەرجی کۆمەڵایەتییە: بەم واتایە کە ژیانی منداڵ تا ڕادەیەك ناچاری تێدا نییە. ئاشکرایە کە بەر پرسیارەتی باوکێتی، هەر چەندە قورستر بێت ئەم ئیرەیی بردنە زیاترە.

هۆکارە گرنگە کۆمەڵایەتی وئابوورییەکانیش هەڵسوکەوتی کوڕ سەبارەت بە باوك دیاری دەکەن. بە گوێرەی پێگە وهەلومەرج، کوڕ یان میراتگەری سەرمایەی باوکە یان پشتیوانی ئەوە لە کاتی نەخۆشی وسەردەمی پیریدا. کوڕ جۆرە سەرمایەگوزارییەك لە قەڵەم دەدرێت. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئەو پارەیە کە خەرجی پەروەردە وبارهێنانی ئەو دەکرێت بە تەواوەتی لە پارەی بیمە وخانەنشینی بۆ سەردمی پیری دەچێت. دیسان کوڕ ڕۆڵێکی گرنگی لە شەرافەتی کۆمەڵایەتی باوکدا هەیە. بەشداری بە ناوبانگی ئەو لە کۆمەڵگە، حورمەتی باوك بەرز دەکاتەوە وشکستی کۆمەڵایەتی ئەو ئابڕوی باوك کەم دەکاتەوە ویان تەنانەت لە ناویشی دەبات (زەواجی سەرکەوتوانەی کوڕیش هەمان ڕۆڵی هەیە).

بە بۆنەی ئەرکە کۆمەڵایەتی وئابوورییەکانی کوڕەوە، ئامانجی پەروەردە کردنی ئەو بە زۆری بە بێ رازی بوونی ئەو ئەنجام دەدرێت– واتە گەشە وکامڵبوونی تەواوەتی ئەو، بەڵکوو ئەوەی کامڵ دەبێت، ئەوپەڕی لێهاتووی کوڕە سەبارەت بە بەشداری لە پێویستییە

کۆمەڵایــەتی وئابوورییــەکانی باوکــدا. لــەم رووەوە چــەندین جــار رووبـەڕوی نـاکۆکی نێوان رازی بـوون ولێهـاتووی کـوڕ دەبینـەوە، بـەڵام ئـەم ناکۆکییانـە لـە لایـەن باوکـەوە بـە شـێوەیەکی وشـیارانە هەسـتی پێناکرێت. چوونکە ئایـدۆلۆژیای کۆمەڵگـە فێـری کـردوە کـە هـەر دوو ئامانجەکە بە یەکسان سەیر بکات. بارودۆخ کاتێك ئاڵۆزتر دەبێت کە باوك خۆی لە گەڵ کوڕەکەیدا یەکسان لە قەڵەم بدات. ئەو لـە کوڕەکـەی چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە نە تەنها لـە لایـەنی کۆمەڵایەتییـەوە لێهاتوو بێت، بەڵکوو چاوەڕوانە ئارەزۆ دانەمرکاوەکانیشی دابمرکێنێت.

کارە کۆمەڵایەتییەکانی کوڕ رۆڵێکی جیدیان لـە میهرەبانی باوکدا هەیـە: بـاوك بـە مـەرجێك کوڕەکـەی خـۆش دەوێـت کـە ئارەزۆکـانی ئـەو دەسـتەبەر بکـات. ئـەگینا ڕەنگـە خۆشەویسـتی بـاوك بکوژێتـەوە ویـان تەنانەت ببێتە کەمتەر خەمی ونەفرەت.

سروشـتی شــەرتی(مــەرجی) خۆشەویسـتی بــاوك دوو ئــەنجامی لێدەکەوێتەوە: ١) لە دەست دانـی ئاسایشـی دەروونـی کـە دەرئـەنجامی شــارەزا بــوون لــە چــۆنایەتی خۆشەویســتی بــێ قەیــد ومەرجــە.٢) توندبوونەوەی (زیادبوونی) رۆڵی ویژدان- واتـە لـە مرۆڤدا ڕوانگەیـەك دروســت دەبێــت کــە تێیــدا ڕاپەڕانــدنی ئەرکــەکان خــاڵی ناوەنــدی وسـەنتەری ژیانـە، چـوونکە لـەم حاڵەتـەدا لانـی کـەمی خۆشەویسـتی گەرەنتی کراوە. بەڵام تەنانەت جێ بەجێ کردنـی فەرمانـەکانی ویـژدان لـە ئاسـتی هـەرە بەرزیشـدا دەرکـەوتنی هەسـت بـە تـاوان ئاسـتەنگ ناکات، چوونکە کاری تاك سەبارەت بەو ئامانجانەی بۆی دانـراوە کـەم وکورتە.

لە بەرانبەردا، خۆشەویستی دایك بۆمندالّ بە تەواوەتی خاوەن تایبەتمەندییەگەلێکی جیاوازە. گرنگترین ویەکەمین هۆکار ئەمەیە کە خۆشەویستی دایك بۆ مندالّ لە چەند سالّی سەرەتای ژیانی مندالّیدا بێ قەید ومەرجە. بە خێوکردنی مندالّی داماو، گرێدراوی ئەنجامی ئەرکە کۆمەلاّیەتی وئاکارییەکانی مندالّ نییە، تەنانەت چاوەڕوانی میهرەبانی لە ئارادا نییە. سروشتی بێ مەرجی خۆشەویستی دایك پێویستییەکی بیولۆژیکە کە ڕەنگە خواستێك بۆ عەشقی بێ مەرج لە ژنیشدا دروست بەکات. بڕوا بە بێ مەرج بوونی خۆشەویستی دایك ئەم چەمکە دەگەیەنێت کە پێویستییە ئەخلاقییەکان گرنگایەتییەکی ئەوتۆشیان نییە، چوونکە مەرجی خۆشەویست بوون نین.

ئەم تایبەتمەندییانەی کە شرۆڤە کران لە گەلّ روخساری ئەودایکەی کە لە کۆمەلّگای باوك سالاری هەنووکەییدا میهرەبانی در حەق دەکرێت جیاوازییەکی زۆری هەیە. ئەم کۆمەلّگایە، لە بنەڕەتدا، لە پیاودا تەنها دلێری و پالّەوانی دەناسێت (ئەم تایبەتمەندییانە تێکەلاّوی خۆپەرەستی بووە)، ولە دایك وێنەیەی ناشرینی هەستیاری ولاوازی کێشاوە. لە باتی خۆشەویستی بێ قەیدومەرجی دایکانە، کە نە تەنها مندالّەکەی خۆی بەلّکو تێکڕای مندالاّنی دیکەش دەگرێتەوە، روبەروی هەستی بوژوازی خاوەنداریەتی دەبینەوە کە بە سەر دایکدا سەپێنراوە.

گۆڕینی روخساری دایك نیشاندەری لادانێکی کۆمەلاّیەتییە لە پەیوەندی دایك ومندالّدا. یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم لادانە — وهەر وەها نەمایشێك لە گرێ‌ئودیپ — شێوازێکە کە تێدا ئارەزۆی

خۆشەویستی دایك بوون شوێنی خۆی داوەتەوە پارێزگاری کردن وبەخێو کردنی منداڵ. ئیدی دایك ئەرکی پارێزگاری وپشتیوانی نییە، بەڵکو دەبێ خویشی پشتیوانی لێبکرێت تا پاك و بێگەرد بمێنێتەوە. ئەم شێوە پێچەوانەیە (بە لارێدا بردنی پەیوەندی سەرەتایی دایك) لە گەڵ سەمبولەکانی دیکەی دایکدا کێشراوە، وەك وڵات، نەتەوە، نیشتمان، رۆڵێکی گرنگی لە ئایدولۆژییەکانی باوك سالاری هەنووکەییدا هەیە. دایكو هاوسەنگییە مەعنەوییەکانی لەم ئایدولوژییانەدا لە ناو نەچوون بەڵکو رۆڵی ئەوان لە پشتیوانی کردن بۆ پشتیوانی لێکردن گۆرانی بەسەردا هاتووە. بەکورتی دەتوانین بڵێن کە تاك – وکۆمەڵگای – باوك سالاری هەندێك تایبەتمەندییان هەیە کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: منێکی بالای جیدیوسەختگر، هەست بە تاوان، خوشەویستی فەرمانبەرانە لە هێزی باوك ئاسا، خواستوهەست بە خۆشی لە زاڵ بوون بە سەرخەڵکی لاوان، قەبووڵ کردنی رەنج وەك سزای پربەپێست لە هەمبەر تاوان وتوانایەکی کەموکورت بۆ شادی وکامەرانی. لە بەرانبەردا دایك سالاری، لە گەڵ گەش بینی، متمانە لە خۆشەویستی بێمەرجی دایك ، هەست بە تاوانی زۆر کەمتر، منی بالای لاوازتر، توانای زیاتر بۆ شادی وکامەرانی دیاری دەکرێت. هاوکات لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییانەدا ئامانجی میهرەبانی وخۆشەویستی دایکانە بۆ هەژارن پەرە دەستێنێت.

لە حاڵێکدا دەتوانین هەم باوك سالاری وهەم دایك سالاری لە کۆمەڵگادا ببینین – بە پلەی یەکەم گرێدراوی رێکخراوی بنەماڵەومنداڵ – وەك هەر خوویەکی دیکە هەر کامەیان تایبەت بە جۆرێکی تایبەت لە

کۆمەڵگایە. ڕەنگە باوك سالاری لە کۆمەڵگای بورژوا پرۆتستاندا باوبێت، بەڵام دایك سالاری لە چاخەکانی ناوەڕاستدا رۆڵێکی گرنگی هەبووە وهەنووکەش لە باشوری ئەوروپادا برەوی هەیە. ئەم بابەتە ئێمە بۆ باسەکەی " ڤێبر" سەبارەت بە پەیوەندی سەرمایەداری بورژوا لە گەڵ جەوهەری پرۆتستان، لە هەمبەر پەیوەندی کاسۆلیزم لە گەڵ جەوهەری وڵاتە کاسۆلیکەکان ڕێنوینی دەکات .

هەر ناڕەزایەتییەك کە لە هەمبەر تیوری تایبەتی "ڤێبر" دەر ببڕدرێن، ئیدی هەنووکە ئەو پەیوەندییەی کە باسمان کرد بنەمایەکی سەلمێندراوی زانستییە وپرسەکە لە ئاستی وشیارانە وئایدولۆژی دا تۆێژینەوەی لە سەر دەکرێت. تێگەیشتنی تەواو لەو پەیوەندییە بەرانبەرە بە شیکردنەوەی پاڵنەرێك کە وەك بنەڕەتی بورژوا — سەرمایەداری وجەوهەری پرۆتستانە مومکین دەبێت.

لە حاڵێکدا لە کاسۆلیزم دا گەلێك ئاماژەی باوك سالاری بەرچاو دەکەوێت —" خواوەند"ی باوك، زەنجیرە پلەی پیاوانی ئاینی و... . بەڵام ناتوانین لە رۆڵی گرنگی کۆمەڵی دایك سالاری تێیدا نکۆڵی بکەین. مەریەمی پاکیزە وکلێسای خۆی نوێنەری رۆحی " دایکی گەورەن"، دایکێك کە تێکڕای منداڵەکانی لە ئامێزی خۆدا حەواندوەتەوە. لە راستیدا هەندێك تایبەتمەندی دایکانە بۆ خودی خواش دیاری کراوە — هەر چەند کە ناوشیارانەیە: تاك "کوڕی کلێسا" دەتوانێ بە خۆشەویستی"کلێسای دایك" متمانە بکات، مادام کە هێشتا منداڵی ئەوەوە ودەگەڕێتەوە ئامێزی. ئەم پەیوەندی منداڵییە بە ڕێورەسمە ئاینیەکان دادەمەزرێت وبۆدڵنیابوون لە نەریتە ئاکارییەکان رۆڵکی گرنگیان هەیە. بەڵام میکانیزمێکی ئاڵۆز لە ئارادایە بۆ ئەوەی لە

پارێزراوبوونی ئەم نەریتانە دڵنیاببین. دیسان تاکی پابەند دەتوانێ دڵنیا بێت کە بەبێ پشت بەستن بە ئاکار دەکەوێتە بەر میهرەبانی ودلۆڤانی. کاسۆلیزم لە پێوانەیەکی گەورەدا هەستی تاوانباری دەخوڵقێنێت، بەڵام لە هەمان حاڵدا دەرفەتی رزگار بوون لەم هەستەش دەخوڵقێنێت. ئەو نرخەی کە بە ئەم پرسە دەدرێت، گرێدراوی سۆزداری بە کلێساو خزمەتگوزارەکانییە.

لە لایەکی ترەوە پرۆتستانیزم لە پالاوتنی مەسیحییەت لە خوارفاتی دایك سالاری کارێکی گرنگ وبنەڕەتی ئەنجامداوە. جێگرەکانی دایك وەك مریەمی پاکیزە وکلێسا و تایبەتمەندییە دایکانەکانی خواوەند لە ناوچووە. لە سەنتەرو ناوەندی زانستی خودا ناسی لوتر [1]، میهرەبانی نواندن بۆ کەسی تاوانبار جێگای گومانە. بۆ ڕاکێشانی میهربانی تەنها یەك رێگا بوونی هەیە: باوەڕ [2].لە کالڤینیزم

---

[1] لە لایەنی دەروونناسییەوە لوتر باوکسالارێکی توندرەو بوو. ئەو سەبارەت بە باوك تێگەیشتنێکی دوو پێوەری هەبوو ، و ئەم دوو پێوەرە بوونە لەم راستییەدا دەبینرا کە ئەو هەمیشە سەیری دوو سیمای باوکی دەکرد: ئەو سیمایە کە خۆشی دەوێت وئەو سیمایە کە نەفرەتی لێدەکات. لوتر قەت لە ژیاندا چێژوەرگرتنی تاقی نەکردوەتەوە و لە گەڵ ئەو فەرهەنگە کە چێژ دەخولقێنێت بێگانەیە، کە واتە یەکێك لە بێزارە گەورەکانە. لوتر گرێدراوی خەمۆکی دەروونی ناچاری(زۆرەملی)، لە جۆری هاورەگەزبازییە، هەڵبەت لە چەمکە کلینیکییەکەیدا.

[2] واتای تەواوەتی تیۆرییەکە " لێبوردن تەنها لە رێگەی باوەڕوە" تەنها بە گوێری میکانیزمی فیکری خەمۆکی دەروونی زۆرملی ودوو دڵیەکانی بەیان دەکرێت. لێرەدا ناتوانین بە تێر وتەسەلی باسی بکەین:

تەنها نموونە یەکی بەرچاوی پێ زیاد دەکەم. تەنها بە بۆنەی دوو پێوەر بوونی خۆیەوە (نەك سیمای باوك، نەفرەت لە باوك وبەرێوەبەری کلێسای کاسۆلیك وهەڵس وکەوتی دۆستانە سەبارەت بە شازادە نائایینییەکان لە گەڵ نەفرەت لە جوتیارە یاخی بووەکان) لوتر بە هیوای خۆشەویستی بێ مەرجی دایك بوو . وتەنها لەم حاڵەتەدا دەیتوانی هەست بە خۆشەویستی بکات.

ئایینزاکانی دیکەی پرۆتستانەوە سەلمێندرا کە ڕێگە چارەی باوەڕ بەس نییە. لەم ڕووەوە ئەنجامدانی ئەرکی تایبەتی (خەڵوە کێشانی ناوەکی "ناخی") وپێویستی سەرکەوتن لە ژیانی ئەم جیهانەشدا، وەك شایەتی ڕەحمەتی خوا، یەکێك لە مەرجەکانی ڕاکێشانی میهرەبانی ڕۆحانی لە قەڵەم دراوە.

دەرکەوتنی پرۆتستانیزم دەرئەنجامی هەمان هۆکاری ئابووری کۆمەڵایەتییە کە بوو بە هۆی دەرکەوتنی " جەوهەری" سەرمایەداریش وەك هەر ئایینێکی دیکە، ئەرکی ئەم ئایینە دروستکردن وبە هێز کردنی پاڵنەرێکە کە پێویستی کۆمەڵگەیە. کۆمەڵی باوك سالاری کە تێدا ڕاپەڕاندی ئەرك وسەرکەوتن هێزە گرنگەکانی ژیانن- لە حاڵێکدا شادی وچێژ ڕۆڵی پلە دوویان هەیە- نیشاندەری گەلێك لە بە هێزترین هێزە سودبەخشەکانە لە ئەو پەڕی هەوڵدانە گەورەکانی ئابووری وکەلتووری سەرمایەدارییە. تا سەردەمی سەرمایەداری خەڵك(کۆیلە)یان بە زۆر وگوشاری جەستەیی ناچار دەکردکە هەر دڵۆپێك لە هێزی خۆیان بۆ کارێکی سودبەخشی ئابووری تەرخان بکەن. لە ڕێگەی کاریگەری کۆمەڵی باوك سالارییەوە، خەڵك بۆ دەستەبەرکردنی " خواستە ئازادەکان "ی خۆیان دەستیان بە هەوڵدان کرد، چوونکە پەشیمانی دەرەکی لە رابردوو هێشتا ناوەکی نەکرابووەوە. ناوەکی کردنی پەشیمانی بە شێوەیەکی کامڵتر لە نێوان چینی دەسەڵاتداری بورژوا، کە نوێنەری ڕاستە قینەی تایبەتمەندییە ئاکارییەکانی بورژوا بوون پراکتیزە کرا. بە پێچەوانەی هێزە دەرەکییەکان، پرۆسەی ناوەکی کردن دەرئەنجامێکی دیکەی

لێکەوتـەوە. جێ بە جێ کردنـی فەرمانە ویژدانییـەکان رازی بـوونێکی لێکەوتوەتـەوە کـە لـە توکمـە کردنـی بنـەمای باوکسـالاری‌دا بەشـێکی بەرچاوی هەبوو.

بە هـەر حـاڵ دامرکانـدنی خواستەکان زۆر سـنوودار بـوو، چـوونکە ڕاپەڕانـدنی ئـەرك وسـەرکەوتنی ئـابووری جێگرگـەلێکی لاواز بـوون بـۆ ئەو تایبەتمەندیانەی کە ناو چووبوون: توانای کەڵك وەرگرتن لە ژیان ، وئاسایشـی نـاوەکی لـە بـرەوداری وخۆشەویسـتی بـێ مـەرج، دیسـان بارێکی قورسی دەروونی کە بونیادی باوك سالاری وێران دەکات بوو بە هۆی گۆشەگیری ونەبوونی توانای خۆشەویستی نواندن، هەرچەندە کـە بنـەڕەتی هۆکـارە سـەرەکییەکانی ئـەم وێرانگەرییـە لـە گۆڕانکارییـە ئابوورییەکاندا بوو .

بونیـادی باوکسـالاری کـە هێـزی دەروونـی پاڵنەرلـە ئـەو پـەڕی دەستکەوتەکانی کۆمەڵگەی بـورژوا – پرۆتستان بـوو، لـە هەمان حاڵدا هەل‌ومـەرجێکی خولقانـد کـە بـوو بـە هـۆی تێکـدانی ئـەو بونیـادە ورینسانسـی دایکسـالاری لێکەوتـەوە. گەشـە کردنـی توانـای بەرهـەمهێنانی مـرۆڤ بـۆ یەکـەمین جـار لـە مێـژودا سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتی دروست کرد کە لە رابردوودا تەنها لە چیرۆکی فریشتەکان وئەفسانەکاندا باسی لێوە کرابوو، سیستەمێك کـە تێدا خـەڵك خـاوەن ئـامراز وکەرەستەی خۆشـی وشـادومانی راستەقینە بـوون، هەوڵـدانی زۆر بۆ ئەنجامدانی کار پێویست نییە، هێزە مرۆییەکان بە پلەی یەکەم بـۆ کـامڵکردنی تواناکارییـە مرۆییـەکان خـەرج دەکرێـت نـەك بـۆ

بەرهەمهێنانی کالاّ ئابوورییەکان کە تەنها بۆ بەردەوام بوونی شارستانی پێویستە.

پێشڕەوترین فەیلەسوّفەکانی چەرخی رووناک گەری فەرەنسا گریّی سوّزداری وفیکری بونیادی کوّمەلاّیەتی باوك سالاریان بە جیّهیّشت، بەلاّم نویّنەری کامڵ وتەواوی ئەم ئارەزوّ تازە دایکسالارییانە چینێکی تازەی لیّدەرچوو کە پاڵنەری دڵسوّزی ئەولە کاردا زیاتر تێبینییە ئابوورییەکان بوو تا نارەحەتی ویژدان کە لە ناخی خوّیدا هەستی پیّدەکرد: چینی کریّکار. هەر ئەم بونیادە سوّزدارییە یەکیّك لە هەل‌ومەرجەکانی دزە کردنی سوسیالیزمی مارکسیستی لە نیّو چینی کریّکاردا لە بار کرد- کە واتە دزەکردنی سوسیالیزم گریّدراوی چییەتی پاڵنەرەکانی کریّکارەکانە. بنەمای دەروونی بەرنامەی کوّمەلاّیەتی مارکسیستی بە شیّوەیەکی دیاریکراو کوّمەڵی دایکسالاری بوو. مارکسیزم لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر توانای بەرهەمهیّنانی ئابووری بە شیّوەیەکی لوّژیکی ریّك وپیّك بکریّت هەر کەسیّك بە گویّرەی پیّویستی خوّی لە کالاّ وئامرازەکان کەڵك وەردەگریّت- بە بیّ ئەوەی روّڵی سەرەکی ئەو کەسەلە پروّسەی بەرهەمهیّناندا لە بەرچاو بگیردریّت- دیسان دەتوانین ئەم ئامانجە بە کاریّك کەمتر لە ئەوەی هەنووکە پیّویستە پراکتیزە بکەین، لە لایەکی ترەوە هەر کەسیّك بە بیّ هیچ مەرجیّك مافی ئەوەی هەیە ژیانیّکی پڕلە ئاسایش وخوّشی هەبیّت، وئەم ئاسایش وخوّشییە پیّویستی بە کرانەوەی هاوئاهەنگی نهیّنی خەڵك هەیە- تیّکڕای ئەم تیوّرییانە بە گویّرەی لوّژیك وشیکردنەوەی زانستی بوّچوونگەلیّکە کە لە

هەل‌ومەرجی ئابووری رابردوودا تەنها وەك " فانتازیا "لە قەڵەم دەدرا: " زەوی دایك " تێكرای پێویستییەكانی منداڵەكانی دابین دەكات بە بێ ئەوەی لێهاتووی وشایستەیی ئەوان لە بەر چاو بگرێت.

هەر ئەم پەیوەندییە لە نێوان خواستەكانی دایكسالاری وبۆچوونی سوسیالیستەكان بوونی هەیە كە ئاشكرایە بۆ چی دیموكراسی ماتریالیستی كۆمەڵگە دایكسالارەكان بووە هۆی ئەوەی بیرمەندەكانی سوسیالیست بۆ لایەنگری لە تیوری دایكسالاری شت بنوسن.

٨-شێواز ورۆڵی دەروونناسی كۆمەڵایەتی شیكـــردنەوەیی[1] چاوخشاندنێك بە دەروونشیكاری وماتریالیزمی مێژوویی

دەروونشیكاری، دەروونناسییەكی ماتریالیستیكە، كە پێویستە وەك بەشێكی زانستە سروشتییەكان لـە قەڵـەم بدرێت. ئـەم زانسـتە وروژێنـەر وپێویستییە غەریزییـەكان وەك هێـزی پاڵنـەر لـە پشـت هەڵسوكەتەكانی مرۆڤەوە ، لێك دەداتەوە، ئەو پاڵنەرانە كە لە ڕێگەی غـەریزە دەروونییەكانـەوە دروسـت دەبـن وراسـتەو خـۆ نـابینرێن. دەروونشیكاری نیشانی داوە كە چالاكی دەروونـی وشیارانە بەشێكی زۆر كەم لە ژیانی دەروونـی مـرۆڤ پێك دەهێنێت، بەشـی سـەرەكی لـە پشـت هەڵسوكـەوتی دەروونـی وناشـیارانەوەیە. بـە تایبـەت دەروونشـیكاری لـەو ئایـدۆلۆژیا تـاكی وگروپیانـەی كـە شـوێنی دەركەوتنی پێویستی وخواستگەلێكی دیاریكراون ولە غەریزەكانەوە سەرچـاوە دەگـرن پـەردە هەڵـدەماڵێت و نیشـانی داوە كـە پاڵنـەرە

---

[1] ئەم وتارە بۆ یەكەمین جار لە Zeilschrift fiir sozalforechung لاپیزیك لە ١٩٣٢ بەڵاو كراوەتەوە.

(ئاکارییەکان) وئیدەیالیستیکییەکانی ئێمە تا ڕادەیەك پاڵنەری غەریزی ولۆژیکی کراون.

هاوتەریب لە گەڵ ڕیزبەندی گشت پەسەندی غەریزەکان بە دوو غەریزەی برسێتی وخۆشەویستی، فرۆید لەو بڕوایەدا بوو کە دوو گروپی دیکە لە غەریزەکان واتە پاراستنی زات و غەرێزەی جنسی[1] هێزی ڕاستەقینەی پاڵنەرەکانە لە پشت ژیانی دەروونی مرۆڤەوەیە. فرۆید وزەی هەیی وجیانەبووی غەریزەی جنسی بە لیبیدۆ (شەهوەت) وپرۆسە دەروونییەکانی سەرچاوە گرتوو لەم وزەیەوە " بە شەهوەتی[2]" ناو دەبات. لە بواری غەریزە جنسییەکاندا فرۆید بە کار

---

[1] فرۆید کە لە بن کاریگەری تێکەڵاوییەکی لیبیدۆیی لە غەریزەکانی پاراستنی زات وخواست وێرانگەریدا بوو، دواتر تیۆرییە سەرتاییەکی خۆی ڕاست کردەوە . و لە نێو غەریزەی ژیانداCerotik غەریزەی مەرگیشی دانا . ئەم ڕاست کردنەوە بە گرنگی خۆیەوە ، کەمتر لە تیۆرییە کۆنەکەی لە سەر بنەمای ئەزموون دامەزراوە. لە ڕوانگەی منەوە ئەو تیۆرییە تێکەڵاوێکە لە زانیاری بیولۆژیکی وخواستی دەروونی، تێکەڵاوییەك کە فرۆید بە شێوەیەکی دیکە خۆی لێ دوورگرتووە. ئەم تیۆرییە بە ڕادەیەك دژی ڕوانگەی سەرەتایی فرۆیدە کە، غەریزەی وەك ئەو خواست وئارەزۆیانە لە قەڵەم دەدا کە خزمەتی هەوڵدانی مرۆڤی بۆ ژیان دەکرد. لە ڕوانگەی منەوە یەکێك لە کاریگەرییەکانی هەڵوێستی هەمە لایەنەی فرۆید، ئەمەیە کە چالاکی دەروونی پەرە دەستێنێت تا لە گەل پرۆسەی ژیان وپێویستییەکاندا هاوئاهەنگ ببێت، و ئەمە پێچەوانەی ینەچەی مەرگی بیولۆژیکە. وتوویژ سەبارەت بە گریمانەی غەریزەی مەرگ هێشتاش لە دەروونشیکاریدا بەردەوامە.

[2] Libidinous – لە کاتی نوسینی ئەم وتارەدا لە گەڵ تیوری لیبیدۆی فرۆیددا هاوڕا بووم، هەر بەم بۆنەیەوە لە هێزە لیبیدۆییەکان(وزەکان) ویان بونیادی لیبیدۆ(یان بونیادی پاڵنەر) دواوم، بەلام هەنووکە لە سەر لیبیدۆ جەخت ناکەمەوە، بەڵکو لە هێزەجۆراوجۆرە شەهوەتییەکان دەدوێم، و لە لایەنی خاڵە سەرەکییەکانی ئەم وتارەوە ئەم جیاوازیشە شیاو نییە(١٩٧٠).

هێنانی باو وئاسایی ئەم دەستەواژەیەی پەرە پێدا بە شێوەیەك کە تێکرای ورووژێنەرەکانی کە وەك پاڵنەری زاوزێیی لە لایەن فیزیکییەوە شەرتی (مەرجدار) بوەتەوە لە خۆ دەگرت، هەندێك لە بەشەکانی پاڵنەری هەستە جنسییەکان گرێدراوی یەکدین وبە دوای خۆشەویستی سەرچاوە گرتوو لە گرژی دەگەڕێن.

فرۆید گریمانە دەکات کە بنەمای سەرەکی چالاکی دەروونی " بنەچەی خۆشییە"[1] ، واتە خواستی بەتاڵ کردنی گرژییە جنسییەکان بە شێوەیەك کە لانی زۆری خۆشی دەستەبەر ببێت. ئەم بنەچەیە بە " بنەچەی راستی" راست دەکرێتەوە(نەرم دەبێت)[2]: هەژماردنی راستی ناچارمان دەکات کە نکۆڵی لە خۆشی بکەین یان بە ریسوای لە قەڵەم بدەین تا نارەحەتی گەورەتر رووبەرومان نەبێتەوە یان لە داهاتوودا خۆشییەکی زیاتر بە دەست بهێنین.

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە بونیادی تایبەتی غەریزەی تاکی شەرتی کراو لە دوو هۆکارەوە سەرچاوە دەگرێت: بونیادی جەستەیی ژنتیکی وئەزموونەکانی ژیان- بە تایبەت ئەزموونەکانی سەردەمی منداڵی. فرۆید دیسان ئەڵێ پێکهاتەی ژنتیك وئەزموونی ژیان " زەنجیرەیەکی تەواو کەر" دروست دەکات وئەرکی تایبەتی دەروونشیکاری دۆزینەوە وئاشکرا کردنی کاریگەری ئەزموونەکانی ژیان لە سەر بونیادی غەریزەی ژنیتیکە. لەم رووەوە ئەم شێوازەی شیکردنەوە کوت ومت مێژووییە. **ئەم شێوازە بە دوای تێگەیشتن لەبونیادی ورووژێنەر**

---

[1]. Pleasure P rinciple

[2]. Reality Principle

لـە ڕێگـەی تێگەیشـتن لـە مێـژووی ژیانەوەیـە. شـێوازی شـی کردنـەوەیی بۆ ژیـانی دەروونـی تـاکی تەندروسـت ونـەخۆش، دەروون نـەخۆش بـە نرخـە، خـاڵی جیـاوازی کەسـی دەروون نـەخۆش لـە گـەڵ کەسی تەندروست لەمەدایە کە هاوسەنگی پێکهاتەی غەریزی خۆی لە گـەڵ پێداویسـتییە راسـتەقینەکانی ژیـان هـاو ئاهـەنگ کـردوە، بـەڵام بونیـادی غـەریزی کەسـی دەروون نـەخۆش (خـەمۆکی دەروونـی) رووبەڕوی هەندێك ئاستەنگ بوەتەوە کە لە بەردەم پێکەوە گونجان لە گەڵ راستیدا ڕێگرە.

بۆ زیاتر روون کردنـەوەی ئـەوەی کـە دەتـوانین غـەرێزە جنسییەکان هێـور بکەینـەوە و لـە گـەڵ راسـتیدا بیـانگونجێنین، دەبـێ لـەو تایبەتمەندییانـەوە کـە ئـەم غەریزانـە لـە پاراسـتنی زات جیادەکاتـەوە شارەزا بین. بۆ نموونە غەریزە جنسییەکان، بە پێچەوانەی غـەرێزەکانی پاراسـتنی زات، هێـور دەکرێنـەوە، وغـەریزەکانی پاراسـتنی زات زۆر پێویسـتن چـوونکە ئەگـەر بۆ ماوەیـەکی درێژخایـەن دانـەمرکێن، مـرۆڤ رووبـەڕوی مـەرگ دەکاتـەوە، بـە کـورتی دواخسـتنی درێژخایـەنی دامرکانـدنیان لـە لایـەن دەروونییـەوە تەحـەمول ناکرێـت. لـەم رووەوە غـەریزەکانی پاراسـتنی زات لـە غـەریزە جنسـییەکان ئەولەویـەتیان زیـاترە– مەبەسـت ئەمە نییـە کـە رۆڵێکـی گرنگتریـان هەیـە، بەڵکوو لە حاڵەتێکدا کە ناکۆکی دەرکەوت ، ئەولەوییەت هی غەریزەی پاراستنی زاتە.

دیسـان دەتـوانین ئـەو پاڵنەرانـەی کـە لـە ئـارەزۆ جنسـییەکانەوە سەرچـاوە دەگـرن بدەینـە دواوە، بـەڵام نـاتوانین خواسـتە سەرچـاوە

گرتووەکـان لەپاراسـتنی زات لـە هەسـتەوە بگوێزینـەوە بـۆ نەسـت. جیاوازییەکی گرنگی دیکەی نێوان ئەم دو گروپە لە غەریزەکان ئەمەیە کـە دەتـوانین غـەریزە جنسییەکان بپـاڵێوین: بە دەربـڕینێکیتر لـە بـاتی دامرکاندنی راستەو خۆ دەتـوانین ئارەزۆی جنسـی بـەرەو ئـامانجێکی دیکە کە بە تەواوەتی لە گەڵ ئامانجی راستەوخۆیدا جیاوازە ، ببەین. بـەڵام غـەریزەکانی پاراسـتنی زات تاییەتمەندییـەکی وەهایـان نییـە. دیسـان دەبێ پاڵنـەرەکانی پاراسـتنی زات بـە ئـامرازی راسـتەقینە وهەست پێکراو دابمرکێن، لە حاڵێکدا پاڵنەرە جنسییەکان بە زۆری بە فانتزیـای روت دادەمـرکێن. برسـێتی مـرۆڤ تـەنها بـە نـان خـواردن دادەمرکێت، بـەڵام ئارەزۆی خۆشەویست بوون تـەنها بـە فانتزیایـەکی خواوەنـدێکی خۆشەویسـتی نـوێن، وبـە خواسـتە سادیسـتیکەکان بـە دیمەن وفانتزیای سادیستیك دادەمرکێت.

دوایـن جیـاوازی گـرنگ لـە نێـوان ئـەم دوو غەریزەیـەدا ئەمەیـە کـە پاڵنـەرە جنسـییەکان، بـە پێچـەوانەی پاڵنـەرەکانی پاراسـتنی زات، رێگەیەك بۆ خۆ دەرخستن هەیە کە دەتـوانی جێ گۆڕکێیـان پێبکـەیت. ئەگەر پاڵنەرێکی غەریزی دانەمرکێت، دەکرێت پاڵنەرگەلێکی دیکە چە لە لایەنی ناوەکی وچە لـە لایـەنی دەرەکییـەوە مومکینـە هەڵبژێردرێت. جـێ گۆڕکـێ و گواسـتنەوەی پاڵنـەرە جنسـییەکان یـەکێك لـە کلیلـە گرنگـەکانی تێگەیشـتن ودیـاری کردنـی ژیـانی تەندروستو خـەمۆکی دەروونییـە ویـەکێك لـە بنەماکانی دەروونشـیکاری لـە قەڵـەم دەدرێـت. هـەروەها ئـەم پرسـیارە یەکێکلـە راسـتییە گرنگـە کۆمەڵایەتییەکانـە. گواسـتنەوەو جـێ گۆڕکـێ ی پاڵنـەرە جنسـییەکان ئـەو دەرفەتـە

دەرەخسێنێت تا هەمان شێوازی دامرکاندن بخرێتە بەردەمی کۆمەڵانی خەڵکەکە لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە شیاوی بە دەست هێنان بێت ولە روانگەی چینی باڵا دەستی کۆمەڵگەوە قەبووڵ بکرێت[1].

بە کورتی دەتوانین غەریزە جنسیییەکان، کەم وکورت بکەینەوە، سەرکوت بکەین، بپاڵێوین، دوای بخەین یان بیانگۆڕین کە نەرمبووتر لە غەریزەکانی زاتن، غەریزە جنسییەکان گرێدراوی غەریزەکانی پاراستنی زاتن و شوێن کەوتووی ئەوانن[2]. بەڵام نەرمبوون و شیاوی گواستنەوە بوونی غەریزە جنسییەکان بەم واتایە نییە کە دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بە دانەمرکاوی بمێنێنەوە. جیاوازی نێوان ئەم دوو گروپە لە وروژێنەرەکان، بە هەمان شێوە کە لێرە بینیمان، نیشان دەدات کە غەریزەکان دەتوانن بە باشی خۆیان لە گەڵ دەرفەتە راستەقینەکانی دامرکاندا بگونجێنن، واتە لە گەڵ هەلومەرجی هەست پێکراوی ژیان. دەروونشیکاری بە تایبەت ئاماژە بە راست کردنەوەی وروژێنەرە جنسییەکان دەکات. ئەم زانستە رێگای تێگەیشتن و دەرککردنی بونیادیغەریزی بە گوێرەی چۆنایەتی بوونمان پێ فێر دەکات ونیشانی داوە کە غەریزەی جنسی لە بن کاریگەری غەریزەی پاراستنی زات دایە. **پێکەوە گونجانی چالاك وناچالاکی ئورگانی**

---

[1] وروژاندن ودامرکاندی پاڵنەرە سادیستیکەکان رۆڵێکی تایبەت دەگێڕن، ئەم پاڵنەرانە کاتێك گەشە دەکەن وبەڵاو دەبنەوە کە دامرکاندنە غەریزییە پوزوتیڤەکانی دیکە، بە بۆنەی زەمینە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکان بە لاوە نرابن. سادیزم مەخزەنی گەورەی غەریزەیە، و کاتێك رووی تێدەکرێت کە سەرچاوەیەکی دیکە بوونی نەبێت کە بخرێتە بەردەمی جەماوەر، دیسان سادیزم بۆ لە ناو بردنی دوژمنیش سودبەخشە.

[2] "سێ وتار سەبارەت بە ئارەزۆ جنسییەکان" لە نوسینی فرۆید.

بیولۆژیکی و غەریزەکان لە گەڵ راستییە کۆمەڵایەتییەکان ئامانجی سەرەکی دەروونشیکارییە وهەر دۆزینەوەیەك لە دەروونناسی تاك دوای ئەم ئامانجە دەکەوێت.

فرۆید لە سەرەتادا – تەنانەت دواتریش– بایەخی بە دەروونناسی تاك دەدا. بەڵام کە دەرکەوت غەیزەکان هێزی پاڵنەری هەڵس وکەوتە رواڵەتییەکانی مرۆڤن ونەست وەك ئایدۆلۆژیا وخەیاڵی هەڵس وکەوتە، ئیدی دامەزرێنەرانە دەروونشیکاری زیاتر لە پرسی تاك بە پرسی کۆمەڵگە وزیاتر لە دەروونناسی تاك بایەخیان بە دەروونناسی کۆمەڵایەتی دا. ئەوان دەبوایە لە تەکنیکەکانی دەروونشیکاری بە مەبەستی دۆزینەوەی سەرچاوە شاراوەکانی خاڵە نالۆژیکییەکانی هەڵس وکەوت لە ژیانی کۆمەلایەتیدا کەڵکیان وەرگرتبایە– لە ئایین، لە خووەکان، لە سیاسەت وپەروەردە وبارهێناندا. مەبەست رووبەروو بوونەوە لە گەڵ گرفتگەلێك بوو کە بۆ ئەوەی لە هەرێمی دەروونناسی تاکدا بوون دیار نەبوون.

بەڵام ئەم گرفتانە لەم راستییەدا کە توێژینەوە خۆی هۆکاریکی زانستی عاقلانەیە بۆ دەستپێکردنی دەروونشیکاری، گۆڕانکاری دروست ناکەن. ئەگەر ژیانی غەریزی ونەست کلیلی تێگەیشتنی لە هەڵس وکەوتی مرۆڤ بن، دەروونشیکاریش بۆ کەوتنە نێو وتووێژی وروژێنەرەکانی هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتی شیاوە، چوونکە "کۆمەڵگە"ی نەخۆش لە کۆمەڵێك تاك دروست بووە ودەبێ هەمان

یاسایی دەروونناسی بۆ جێ بە جێ بکرێت کە لە دەروونشیکاری تاکدا دۆزراوەتەوە وجێ بەجێ دەکرێت.

لەم رووەوە هەڵەیە ئەگەر کەسێك- بۆ نموونە ویلهلم رایش- دەروونشیکاری بە دەروونناسی سنووردار بکاتەوە وسەبارەت بە جێبەجێ کردنی لە نێو دیاردە کۆمەڵایەتی(سیاسی وزانیاری چینەکان و...)گومانی هەبێت[1].

بە دڵنیاییەوە لێکۆڵینەوە لە سەر دیاردەی کۆمەڵناسی بەم بۆنەیەوە نییە کە ناتوانین ئەو بابەتە لە چوارچێوەی دەروونشیکاریدا لە قەڵەم بدەین.(هەروەها کە توێژینەوە لە تایبەتمەندییە فیزیکییە جەستەییەکان لە بەر دەم توێژینەوە لە سەر تایبەتمەندییە کیمیاییەکانیشدا رێگر نابێت). مەبەست ئەمەیە کە لە هەر دیاردەیەکدا هۆکاری دەروونی رۆڵیان هەیە، دەروونشیکاری پێیەوە سەرقاڵ دەبێت. ئەوەی کە دەگوترێت دەروونناسی تەنها خەریکی تاك دەبێت

---

[1] ئامانجی راستەقینەی دەروونشیکاری ژیانی رۆحی مرۆڤی کۆمەڵایەتی بووە، جەماوەر وکۆمەلانی خەڵك کاتێك بایەخیان پێدەدرێت کە دیاردەگەلێکی گرێدراوی تاکی تێدا هەبێت(بۆ نموونە رێبەر)وهەر وەها کاتێك ئاماژە دەروونییەکانی جەماوەر - دڵەراوکێ ، ترس، فەرمانبەری و....- لە ناسینی ئێمە سەبارەت بە تاك جیا بوویەوە، وادیارە کە دیاردەی ئاگاهی چینایەتی بە دژواری بۆ دەروونشیکاری دەستەبەر دەبێت وپرسەکانی کۆمەڵناسی(بزوتنەوە جەماوەرییەکان، سیاسەت و...) ناتوانن لە نێو شێوازەکانی دەروونشیکاریدا جێ بگرن. (ویلهلم رایش)

بە بۆنەی گرنگی زانستی ئەم پرسە میتۆلۆژیکە، من جەخت لە سەر جیاوازی بۆچوونی خۆم لە گەڵ رایش دەکەمەوە، رایش لە نوسراوەکانیتریدابە شێوەیەکی سودبەخش روانگەی خۆی راست کردوەتەوە. لە لاپەرەکانی داهاتوودا ئاماژە بەو خاڵانە دەکەم کە تێدا لە گەڵ توێژینەوەئەزموونییە بە نرخەکانی لە دەرونناسی کۆمەڵایەتیدا هاورام.

وکۆمەڵناسیش سەرقاڵی کۆمەڵگا، هەڵەیە. چوونکە دەروونناسی هەمیشە سەرقاڵی تاکی کۆمەڵایەتی کراو دەبێت، کە واتە کۆمەڵناسی سەرقاڵی گروپێك لە تاکەکان دەبێت کە پێویستە بونیادی دەروونی ومیکانیزمەکانیان حەسێب بکرێت. دواتر رۆڵی هۆکارە دەروونیەکان لە دیاردە کۆمەلایەتییەکاندا لێك دەدەینەوە وبە کاری **دەروونناسی شیکردنەوەیی کۆمەلایەتییەوە** سەرقاڵ دەبین.

تیوری کۆمەڵگە کە دەروونشیکاری هەم گرێدراویەتی و هەم زۆریش دژایەتی دەکات **ماتریالیزمی مێژووییە.**

دەروونشیکاری و ماتریالیزمی مێژوویی لە گەلێك شوێندا پێکدا دەدەن چوونکە هەردوو زانستەکە ماتریالیستن. خاڵی دەستپێکی ئەوانە ئەندێشە نییە، بەڵکوژیانی دونیاو پێداویستیەکانە. ئەو دوانە لە هەڵسەنگاندی ناخدا لێك نزیکن وهەردوکیان هێزێکی پاڵنەری لاوازتر لە هێزە شاراوەکان لە قەڵەم دەدرێن. بەلام بۆ ئەوەی چییەتی هەندێك هۆکار دێنە ئاراوە کە بە راستی هەستی مرۆڤ شەرتی دەکەنەوە لەم روەوە دەبنە دو جەمسەری دژ بە یەك لە دو تیوری دا. ماتریالیزمی مێژوویی هەست، بە شوێنی دەرکەوتنی بوونی کۆمەلایەتی دەزانێت. دەروونشیکاری، پاڵنەرە غەریزییەکان بە دیاریکەری شێوازی بوونی کۆمەلایەتی لە قەڵەم دەدات. لێرەدا خستنە رووی چەند پرسیارێك پێویستە:

ئایا ئەم دوانە پێکەوە ناکۆکن؟ ئەگەر ناکۆك نین چۆن پێکەوە گرێ دەدرێن؟ ئایا بە کارهێنانی شێوازی دەروونشیکاری دەبێتە هۆی

دەوڵەمەند بوون وبەهێز بوونی ماتریالیزمی مێژوویی؟ ئەگەر وایە چۆن دەبێت؟

بەر لە خەریکبوون بەم باسەوە، پێویستە گریمانە کۆنەکان کە دەروونشیکاری بۆ توێژینەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەیەتی، تاقی بکەینەوە. فرۆید قەت مرۆڤی گۆشەگیرو رزگار لە تێکڕای کۆت وبەندە کۆمەڵایەتییەکانی نەکردە بابەتی دەروون شیکاری.

بە دڵنیاییەوە دەروونناسی تاك گرێدراوی تاکەکانی مرۆوایەتیە، و ئەو رێگایە دەخاتە بەرباس کە مرۆڤ بۆ دامرکاندنی پاڵنەرەکانی دەیگرێتە بەر. تەنها لە هەندێك نموونەی نائاساییدا ئەم زانستە لە پەیوەندی تاك لە گەڵ کەسانی دیکە دور دەکەوێتەوە. لە ژیانی دەروونی تاکدا بە زۆری پێویستە کەسانی دیکە وەك، نموونە، ئامانج، یارمەتی دەر یان دژبەر لە قەڵەم بدرێن. کە واتە دەروونناسی تاك لە هەمان سەرتاوە دەروونناسی کۆمەڵگەشە.

لە لایەکی ترەوە فرۆید تیوری دەروونناسی کۆمەڵایەتی کە بابەتەکەی گروپی وەك" کۆمەڵگە" یان بابەتی کۆمەڵایەتی یان"رۆحی کۆمەلانی خەڵك" یان "رۆحی کۆمەڵایەتی"، بێت رەد کردەوە. ئەو هەمیشە پشتی بەم راستییە دەبەست کەگروپ تەنها لە تاکەکان دروست بووە وتەنها ئەم تاکانە بابەتی باسی دەروونین. فرۆید هەر وەها تیوری غەریزەی کۆمەڵایەتی قەبووڵ نەبوو. ئەو لەم بڕوایەدا بوو کە ئەوەی بە ناوی " غەریزەی کۆمەڵایەتی" ناوی دەبەن " غەریزەییەکی سەرەتایی وسەرەکی" نییە، بەڵکوو لە تەوەری بچوکتری وەك بنەماڵەوە سەری هەڵداوە. بۆچوونەکانی ئەو ئەم دەرئەنجامەی

لێدەکەوێتەوە کە سەرچاوەی زیاد بوون وکەم بوونەوەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چۆنایەتی کاریگەری هەل‌ومەرجەکانی ژیان وپەیوەندی ژینگە لە گەڵ غەریزە دایە.

لە روانگەی فرۆیدەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کۆمەڵایەتی بوو هەمیشە بابەتی دەروونناسییە، لەم رووەوە ژینگە وهەل‌ومەرجی ژیانی مرۆڤ بە هۆکارێك دەزانێت کە رۆڵێکی جیدی لە کامڵبوونی دەروونی مرۆڤ وتێگەیشتنی تیوریکی ئێمە لە ئەستۆ دەگرێت. فرۆید دان بە کاریگەری بیولۆژیکی وفیزیۆلۆژیکی غەریزەکاندا دەنێت. بەڵام لە سەر ئاستی راستکردنەوەی ئەم غەریزانەجەخت دەکاتەوە، وژینگە وراستییە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکاری راست کردنەوە دەزانێت.

لەم رووەوە وادیارە دەروونشیکاری ئەو گریمانەیەش لە خۆ دەگرێت کە شێوازەکانی بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان سودمەند دەکات وهەر جۆرە ناکۆکی ودژایەتییەك لە گەڵ دەروونناسی دا رەد دەکاتەوە. دەروونشیکاری بە دوای تێگەیشتن لە نیشانە دەروونییە هاوبەشەکان لە ئەندامانی گروپێکدا دەگەڕێت و شرۆڤە کردنی ئەم نیشانانە بە گوێرەی ئەزموونە هاوبەشەکانی ژیانە بەڵام ئەو ئەزموونانەی ژیان لە هەرێمی تاك یاخود سروشتدا نین، بەڵکوو هاوسەنگ ویەکسانە لە گەڵ رەوشی کۆمەڵایەتی –ئابووری گروپەکە.

لەم رووەوە دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکردنەوەیی لە گروپێکدا بە دوای دۆزینەوەی ئورگانی غەریزی وهەڵس و

کەوتی لیبیدۆیی وناوشیارانە دەگەڕێت کە بە گوێرەی بونیادی کۆمەڵایەتی- ئابووری ئەوە.

لێرەدا شیاوە ئەم نارەزایەتییە دەربڕدرێت: دەروونشیکاری، کامڵبوونی غەریزی بە گوێرەی ئەزموونەکانی ژیانی سەردەمانی سەرەتای منداڵی بەیان دەکات، واتە سەردەمێك کە مرۆڤ تا ڕادەیەك کاری بە کۆمەڵگەوە نییە. بەڵکوو بە تایبەت لە نێو بنەماڵەی خۆیدا دەژی. کە واتە چۆن بە گوێرەی تیوری دەروونشیکاری پەیوەندی کۆمەڵایەتی وئابووری دەتوانێ گرنگایەتییەکی بەم شێوەیە بە دەست بهێنێت؟

لەو بارەیەوە بە هیچ شێوەیەك گرفت لە ئارادا نییە. هەڵبەت کاریگەری قەیرانی سەرەتایی لە سەر منداڵی لە حاڵی گەشە لە لایەن بنەماڵەوەیە. بەڵام بنەماڵە، تێکڕای پەیوەندییە ناوخۆیی وسۆزداری وپەروەردەییەکانی ئەوی، بە گوێرەی پێشینەی کۆمەڵایەتی وچینایەتی کۆمەڵگە خۆی شەرتی کردوەتەوە. بە کورتی تێکڕای ئەوانە لە ڕێگەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە کە ریشەی بنەماڵەشی تێدایە شەرتی کراوەتەوە.(بۆ نموونە: پەیوەندی سۆزداری نێوان باوك وکوڕ لە بنەماڵەی بورژوازی باوکسالاری‌دا لە گەڵ پەیوندی هەمان بنەماڵە لە ژینگەیەکی دایکسالاری‌دا بە تەواوەتی لێك جیاوازە). بنەماڵە ئامرازێکە کە لە ڕێگەی ئەوەوە کۆمەڵگە یان چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری خۆی لە سەر منداڵ – وبە ناچاری کەسانی پێگەیشتوو – دادەنێت. **بنەماڵە ئاژانسی دەروونی کۆمەڵگەیە.**

تــا ئیســتا زۆربــەی ئــەو دەروونشــیکارانەی، کــە هــەوڵیان داوە دەروونشــیکاریش لــە پرســە کۆمەڵایەتییەکانــدا بــە کــار بهێــنن، نەیانتوانیوە پێویستییە گرێداوەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شی کردنــەوەیی دابــین بکــەن. ســەرنەکەوتنی ئــەوان لــە هەڵســەنگاندنی خۆیاندا لە ئەرك وکاری بنەماڵەوە دەست پێدەکات. ئەوان بە روونی بۆیان دەرکەوتووە تەنها دەتوانن تاك بە بوونەوەرێکی شەرتی کراو لە قەڵـەم بـدەن. هـەروەها ئـەم بابەتەشـیان بـۆ روون بوویـەوە کـە تـەنها پەیوەندی منداڵ لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵە کاریگەرییەکی جیدی لە سەر کامڵبوونی ئەو هەیە، بەڵام ئەو دەروونشیکارانە بە تەواوەتی ئەم راستییەیان لە بەرچاو نەگرت کە بنەماڵە لە لایەنی دەروونی وبونیادی کۆمەڵایەتییــەوە، لــە گــەڵ تێکــڕای ئامانجــە پــەروەردەیی وشــێوازە سۆزدارییەکاندا، خۆی دەستکەوتێکی بونیادی کۆمەڵایەتی چینایەتی دیاریکراوە و لە راستیدا تەنها ئاژانسی دەروونی کۆمەڵگە یان چینێك تێــدا جــێ دەگرێــت. ئــەوان خــاڵێکی دەســتپێکردنی دروســتیان بــۆ بەیانکردنی کاریگەری دەروونی کۆمەڵگە لە سەر منداڵ دۆزیوەتەوە، بەڵام پێیان نەزانیوە.

چە دەرفەتگەلێك بوونی هەیە؟ توێژینەرەوانی دەروونشیکاری بە جۆرە پێش داوەرییەك هەڵخەڵەتێنران کە لە گەڵ تێکڕای توێژینەرە بورژوا و تەنانەت پێشکەوتن خوازەکانیش تێیدا بەشدار بوون .ئەوان کۆمەڵگەی بورژوا– سەرمایەداری بۆ دیکتاتۆری گەڕاندبووەوە وکەم تــا زۆر وشــیارانە لــەو بڕوایــەدا بــوون کــە ئــەو کۆمەڵگــە" ئاســایی"

وهاوسەنگ بووە وهەلومەرج وهۆکارە دەروونییەکانی بە گشتی نموونەیەکی راستەقینەیە بۆ "کۆمەڵگە".

هۆکارێکی دیکە بۆ هەڵەی ئەم توێژنەرانە بوونی هەیە. ئامانجی توێژینەوەکانی ئەوان بەر لە هەر شتێك توێژینەوە لە سەر ئەندامانی نەخۆش وتەندروستی کۆمەڵگەی ئیدەئاڵ بە تایبەت چینی ناوەراست بوو، بە کورتی تاکەکانی چینی بورژوا پێشینەیەکی لێکچوویان هەیە. لەم رووەوە ئەوەی بنەمای جیاوازی ژیانی تایبەتی ئەوان دروست دەکات کەسایەتی تاك ولە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە ئەزموونە لە ناکاوەکانە کە بنەماگەلێکی هاوبەشیان هەیە. تێکڕای ئەو کەسانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە خاوەن هەمان تایبەتمەندی جیاکەرەوە بوون وئەم تایبەتمەندییانە بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی دەسەڵاتخواز بوو کە لە سەر بنەمای بونیادی چینایەتی ولانی زۆری (قازانج) رێکخرابوو.[1] جیاوازی ئەوان لە لایەن تایبەتمەندییەکانەوە تا ئاستێك بوو کە بۆ نموونە کەسێك باوکێکی هەبێت کە لە منداڵیدا ترساندبێتی،

---

[1] لە لایەنی دەروونناسییەوە، دەبێت ئاماژەگەلێك لە تاکدا کە نموونەی تێکڕای کۆمەڵگەیەلە گەڵ ئەو ئاماژانە کە تایبەتمەندی ئەم چینەیە لێك جیا بکەینەوە. بەلام بۆ ئەوەی بونیادی دەروونی گشتی کۆمەلچگەلە لایەن هەندێك نیشانەی تایبەت لە سەر چینەکان دانراوە، لەم رووەوە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی تایبەت بە چینێك، سەرەڕای گرنگییەکەی ، لە هەمبەر تێکڕای کۆمەڵگە لە پلەی دووهەمی گرنگیدایە. لە راستیدا یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی ، لە بن ناوی ئایدۆلۆژیادا شاردراوەتەوە، ناکۆکی نێوان یەکسانی رێژەیی بونیادی دەروونی چینە جۆراوجۆرەکان وقازانجی مادی ناکۆکی ئەوانە. هەرچەندە کۆمەڵگە لە لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی ودەروونییەوە لاواز ببێت، هێزە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگە یان چینی دەسەڵات دار زیاتر ون دەبن وجیاوازی دەروونی لە نێوان چینە جۆراوجۆرەکاندا زیاد دەبێت.

ئەوی دیكە خۆشكێكی گەورەی هەبوو كە سەنتەری خۆشەویستی ئەو بوو، سێهەمینیان، بە شێوەیەك شەیدای دایكی بوو كە نەیدەتوانی پەیوەندییە لیبیدۆییەكانی لە گەل ئەودا بپچڕێنێت.

بە دڵنیاییەوە ئەو ئەزموونە تایبەتیانە گرنگترین هۆكاری كامڵبوونی هەركامەیان بوو. بە چارە سەر كردنی پرسە دەروونییەكان كە لە ئەزموونە باسكراوەكانەوە سەرچاوەیان گرتبوو دەروونشیكاری ئەركی تەواوەتی خۆی ئەنجامدا، ونەخۆش توانی خۆی لە گەڵ دیسپلینی كۆمەڵگەدا هاوئاهەنگ بكات. ئامانجی چارە سەری لەم قۆناغە زیاتر پێش نەكەوت. بە داخەوە تێگەیشتنی تیوریكی ئێمەش لە تێكڕای پێگەكە زیاتر پێش نەكەوت. بەڵام ئەم بابەتە لە دەروونناسیدا هەستپێكراو نییە. بەڵام بۆ ئەوەی سەرەی توێژینەوە لە دەروونناسی كۆمەڵایەتی هات ئەوەی هەڵەیەكی نادیار وشاراوە بوو، بوو بە سەرچاوەی هەڵەیەك كە لە سەر تێكڕای كۆششەكان كاریگەری دانا[1].

سرنجی سەرەكی دەروونشیكارە لە سەر بونیادی كۆمەڵگەی بورژوا وبنەماڵەی باوكسالاری، نیشاندەری ئەم بڕوایەیە كە كۆمەڵگەو بنەماڵە باردۆخێكی ئاسایی و ناوەندیكراویان هەیە. دوای دەروونناسی تاك، دەروونشیكاریش جیاوازییەكانی تاكی بە گوێرەی

---

[1] من ئیدی لەم بڕوایەدا نیم كە تەنها هەڵەی شاراوە دەبێتە هۆی تێگەیشتن لە تایبەتمەندییە جیاكەرەوە شەرتی بووەكان لە لایەن كۆمەڵگەی نەخۆشەوە،بە پێچەوانەوە بە بێ تێگەیشتن لەم بابەتە هۆكارە سەرەكییەكان لە بونیادی كاراكتەری نەخۆشدا شاراوە دەمێنێتەوە,

ئـازارە دەروونییـەكان كـە تـاك رووبـەڕوی دەبێتـەوە، دۆزییـەوە. لـە سـەرتادا دەروونشـیكاركان دیـاردە دەروونـی و كۆمەڵایەتییـەكانیان بـە شێوەیەكی لێكچوو بەیان كرد: ئەوان ئەم دیاردانەیان بە گوێرەی ئازارە دەروونییـەكانی سەرچـاوەگرتوو لـە روداوە كۆمەڵایەتییـەكان لـە قەڵـەم دەدا. ئـەم بۆچوونە لـە شێوازی شـیكردنەوەیی بـرەودار دا ئاستـەنگی دروسـت كـرد. چـوونكە سـرنجیان نەدایـە جۆراوجـۆری ئەزموونـەكانی ژیـان- وجۆرەكـانی دیكـەی بونیـادی ئابووری، كۆمەڵایـەتی كۆمەڵگـە- لـەم رووەوە بونیـادی دەروونییـان بـە گـوێرەی ئـەوەی بونیـادی كۆمەڵایـەتی دیاریدەكـات لـە بەرچـاو نـەگرت، ولـە بـاتی شـیكردنەوە، شـێوازی بـەراورد كـردن وشـوبهاندنیان گرتـە بـەر. دەروونشـیكارەكان، مرۆڤ وكۆمەڵگەیان بە تاك لـە قەڵـەم داووميكـانيزمی تایبـەتی هـەیی لە كەسـانی هاوچـەرخیان بـۆ هـەر جـۆرە كۆمەڵگـەیـەك بـە راسـت دەزانـی ودیسـان بونیـادی دەروونـی ئـەم كۆمەڵگەیـەیان بـە بـەراورد لـە گـەڵ هەندێك لـە دیاردەكـان(بـە زۆری لـە جـۆری خـەمۆكی دەروونـی) كـە لـە تاكەكانی كۆمەڵگەی خۆیاندا باو بوو پێناسە كرد.

بەم شـێوەیە ئـەوان ئـەو روانگـەیـەیان كـە تەنانـەت بـۆ دەروونناسـی تاكیش لە لایەن دەروونشیكارییەوە لە قەڵەم دەدرا، لە بەرچاو نـەگرت. وئـەم راستییەیان لـە بیر كـرد كەخـەمۆكی دەروونـی- لـە نەخۆشـییەوە بگـرە تـا كاراكتـەر- لــە هاوئاهــەنگی نــەگونجاوی ورووژێنــەرە غەریزییـەكانی تـاكی نائاسایی[1] (ناهاوسـەنگ) لـە گـەڵ راسـتییەكانی ژینگـەی خـۆی سەرچـاوە دەگرێـت، بـە دەربڕینێكـی دیكـە كەسـانی''

---

[1] Abnormal

تەندروست" توانای ئەم هاوئاهەنگییەیان هەیە. کە واتە دیاردەی سەرچاوەگرتوو لە توێژینەوەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی(یان جەماوەری)ناتوانێت لە گەڵ دیاردەی خەمۆکی دەروونیدا بەراورد بکرێت. بەڵکوو دەبێ وەك هاوئاهەنگی ئورگانی غەریزی لە گەڵ راستینەی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێت.

نموونەی بەرچاو وسەرسوڕهێنەری ئەم شێوازەی رەها کردن، گرێی ئودیپە کە بوەتەمیکانیزمی گشتی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەی کە توێژینەوە کۆمەڵایەتی وئاکارییەکان نیشانی داوە کە ئەم پەیوەندییە سۆزدارییە رەنگە تەنها تایبەت بە بنەماڵە باوکسالارییەکان بێت. رەها کردنی گرێی ئودیپ فرۆیدی ناچار کرد تا تێکڕای کامڵبوونی مرۆوایەتی لە سەر میکانیزمی نەفرەت لە باوك و پەرچەکردارە سەرچاوەگرتووەکانیدا دابمەرزێنێت.[1] بە بێ ئەوەی سرنجێك بداتە هەلومەرجی ژیانی دایکسالاری ئەو گروپەی کە توێژینەوەی لە سەر دەکرێت.

بەڵام بلیمەتێکی وەك فرۆید، هەرچەندە لە روانگەی درۆینەی دەروونناسییەوە دەستی بە کارەکەی کردوتوانی هەندێك دۆزینەوەی بەنرخ ودیار ئەنجام بدات،[2] بەڵام لە کاری دەروونشیکارەکانی دیکەدا

---

[1] . Totem and Taboo

[2] فرۆید لە کتێبی " داهاتووی بیرکردنەوەییەك" دا ئەو تیۆرییەی کە راستی گۆڕانکارییەکانی لە بەرچاو نەدەگرت راست کردەوە. بە دانان بە گرنگی هەلومەرجی ئابووری ئەو لە روانگەی دەروونناسی تاکەوەو ئەوەی کە چۆن ئایین لە لایەنی دەرونی تاکەوە پاساو دەدرێت(دوپات بوونەوەی هەڵسوکەوتی منداڵسەبارەت بە باوك) هەروەها بە پرسی دەروونناسی کۆمەڵایەتی کە بۆچی ئایین لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە گونجاو

ئـەم خاڵـە درۆینـەی دەسـتپێکردنە هەنـدێك ئـەنجامی لێکەوتـەوە کـە دەروونشـیکاری لــە روانگــەی کۆمەڵناسـی وتیـوری کۆمەڵایەتییـەوە دەتوانێت لە گەڵ مارکسیستی دا سازش بکات.

بەهــەر حـاڵ، رەخنـە گـرتن لـە دەروونشـیکاری لێـرەدا کۆتـایی پێنایەت. لە راستیدا شێوازی کلاسیکی دەروونناسی شی کردنـەوەیی تاك دەبێ لە گەڵ شێوازی لۆژیکی لە دەروونناسی کۆمەڵگـەدا بە کار ببرێت، تا دەر ئەنجامێك بە دەست بخات کە ناڕەزایـەتی لێنەکەوێتـەوە.

وپێویستە، سەرقاڵ دەبێت. وڵامی فرۆیـد ئەمەیـە کە تا کاتێك مرۆڤ پێویستی بـە فیکری ئایینی هەبوو، ئایین بۆ گرنگ نیشان دانی ئەوانە لە هەمبەر سروشت پێویست بوو. بە گەشە کردنی تـەکنۆلۆژی وپێگەیشتنی مرۆڤ ئایین زیادە وزیانبـەخش لە قەڵەم درا. لـەم کتێبەدا فرۆید سرنجی داوەتەئەرکە کۆمەڵایەتییـەکانی ئایین. بە تایبـەت پەیوەندی نێوان ئایینـە جۆراوجۆرەکـان وبونیـادی کۆمەڵگـەی لـە بـەر چـاو نـەگرتووە. بـەلام لـە شـێواز وناوەڕۆکدا ئەم کتێبە زۆر لـە دەروونناسی کۆمەڵایەتی ماتریالیستیك نیزیکە. رەستەیەك لـە نـاوەڕۆکی ئـەم کتێبـە دەهێنمـەوە:" پێویسـتی بـە ووتـن نییـە کـە ئـەو کـەلتوورەی کـە ژمارەیەکی زۆر لـە ئەندامەکانی نارازی هێشتوەتەوە، بۆ مانـەوە ، داهاتوویـەکی روونـاکی نییە، وسەبارەت بە دامرکاندنی ئەندامەکانی خۆیشی کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نادات."
کتێبەکـەی فرۆیـد کـە لـە گـەڵ بۆچـوونەکانی سـەردەمی گـەنجێتی مارکسـدا کۆکەکـە وەك دروشـم دەیـووت:"هەڵپێچـاندی ئـایین کـە ئـامرازی هەڵـەی بەختـەوەری پرۆلەتەریایـە، بەختـەوەری راستەقینەی ئەم چینەی لێکەوتوەتـەوە. بۆ لـە ناو بردنـی وەهمـەکانی چینـی پرۆلـە تـەر، سـەبارەت بـە بارودۆخـی خـۆ، دەبێـت ئـەو هەڵومەرجانـەی کـە ئـەم وەهمانـەی دروسـت کـردوە لـە نـاو ببرێـت. لـە راسـتیدا رەخنـە گـرتن لـە ئـایین، رەخنـە لـەو شوێنەفرمێسکانەیە کە دین وەك هەورێك بە دەوریدا تەنراوە ."
فرۆیـد لــە نوسـینەکانی دیکـەی خۆیـدا، سـەبارەت بـە پرسـەکانی دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی(شارستانی وناخۆشییەکانی) ئیدی بە دوای فیکرە کۆنەکـەدا چە لـە لایـەنی شێوازەوە وچە لە لایەنی ناوەڕۆکەوە ناڕوات، بەڵکوو دەتوانین ئەم کتێبـەوەك ئانتی تێزێك ە هەمبەر داهاتووی بیرکردنەوەیەك لە قەڵەم بدەین.

کـــەم وکوڕییەکـــە لێرەدایەکـــە دامەزرێنـــەرانی دەروونشـــیکاری لـــە گواستنەوەی ئەم شێوازە لە تاکەوە بۆ گروپ ودیاردەکان بە باشی کاریان نەکردوە.

لێرەدا شیکردنەوەیەکی دیکە پێویستە . ئێمە لە سەر توانای راست کردنەوەی (نەرمبوون) ئورگانی غەریزی لە ڕێگەی دزەکردنی هۆکارە دەرەکییەکانەوە(وکۆمەڵایەتی) جەختمان کردەوە. بەڵام نابێ ئەم راستییەمان لە بیر بچێت کە ئورگانی غەریزی، لە لایەن چەندایەتی وچـــۆنایەتییەوە، بۆنـــەرمکردن وراســـت کردنـــەوەی بیولـــۆژیکی وفیزیۆلۆژیکی سنوورێکی هەیە، وهۆکارە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لە چوارچێوەی ئەم سنوورەدا دەتوانن کاریگەری لە سەر دابنێن. بە بۆنەی هێزی سەرچاوەگرتوو لەو راست کردنەوە، وبە سرنجدان بەوەی کــە ئورگــانی غــەریزی خــۆی هێزێکــی چــالاکی تونــدە، لــەم رووەوە خواســتی گۆڕانکــاری هەل‌ومــەرجی ژیــان لــە زاتــی ئــەو ئورگانــەدا وئورگانی خزمەتگوزاری دابین کردنی ئامانجە غەریزییەکاندایە.

لـــە رووبـــەروو بوونـــەوەی بونیـــادی غەریزییـــەکان و هەل‌ومـــەرجی ئـــابووری، بونیـــادە غەریزییـــەکان بـــە ســـەرهەل‌ومەرجی ئابووریـــد ائەولەویـــەتیان هەیـــە. نـــە بـــەم واتایـــە کـــە ئـــەوان وروژێنگـــەلێکی بـــە" هێـــز"تـــرن، بـــەڵکوو بـــەم بۆنەیـــەوە کـــە دامرکانـــدنی پاراســـتنی زات گرێـدراوی بەرهـەمهێنـانی مـادی، واتـە هـەمان هەل‌ومـەرجی ئابوورییـە، ودەفەتی راستکردنەوەی راستی ئابووری سنووردارترلە توانای راست کردنەوەی ئورگانی غەریزەیە- بە تایبەت غەریزەی جنسی.

لە بەکار هێنانی دەروونناسی شیکردنەوەیی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە **دیاردە دەروونناسییە کۆمەلایەتییەکان دەبێت پرۆسەگەلێك لە قەڵەم بدرێن کە هاوئاهەنگییە چالاك وفەرمانبەرەکانی ئورگانی غەریزی لە گەڵ هەل‌ومەرجی کۆمەڵایەتی وئابوورییە. رۆڵی هۆکارە سەرەتاییە چاککرەکان گرێدراوی هەل‌ومەرجی ئابوورییە. بنەماڵە ئامرازێکی سەرەکییە کە بارودۆخی ئابووری لە رێگەی ئەوەوەکاریگەری چاککەری خۆی لە هەل‌ومەرجی رۆحی تاکدا بە دەست دەهێنێت. ئەرکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی شیکردنەوەی شێوازە هاوبەش وئایدۆلۆژیکەکانە – بە تایبەت ریشە ناوشیارەکانیان – بە گوێرەی دزەکردنی هەل‌ومەرجی ئابووری لە سەر هەوڵدانە لیبیدۆییەکان.**

کە واتە، تا ئێرە وادیار کە شێوازی شیکردنەوەیی دەروونناسی کۆمەڵایەتی کەگەڵ شێوازی دەروونناسی تاکی فرۆید ولە گەڵ پێویستییەکانی ماتریالیزمی مێژوویدا هاو ئاهەنگە. بەڵام بە شرۆڤەیەکی هەڵە کە لە تیوری مارکس کراوە هەندێك گرفتی تازە سەریان هەڵداوە: ئەم بڕوایە کە ماتریالیزمی مێژوویی، تیورییەکی دەروونناسی، یان باشتر بڵێن دەروونناسییەکی ئابوورییە.

ئەگەر بەهەمان شێوە کە"برترندراسل[1]"ئەڵێ: ئەمە راستە کەمارکس" پارە" وفرۆید" خۆشەویستی" بە وروژێنەری سەرەکی هەڵس وکەوتی مرۆڤ دەزانن لەم رووەوە بە گوێرەی بڕواکەی راسل نەدەبوایە ئەم دوانە ئاشتیان کردبایە. نموونەی مێش لە تیۆرییەکەی راسل لە بەرچاو بگرن. گریمان ئەم گیانلەبەرە بتوانێ بیر بکاتەوە، بڕوا ناکەم هەمان ئەو شتە بڵێ کە راسل گوتوویەتی، بەڵکوو ئەو مێشە ئەڵێت کە راسل هەم دەروونشیکاری وهەم مارکسیزمیشی خراپ راڤە کردوە. چوونکە دەروونشیکاری بە خۆ گونجاندنی هۆکارە بیولۆژیکییەکان(غەریزەکان) لە گەڵ راستییە کۆمەڵایەتییەکان سەرقاڵ دەبێت، مارکسیزم لە بنەڕەتدا تیوری دەروونناسی نییە.

---

[1] راسل لە پێشەکی کتێبەکەی خویدا بە ناوی " بۆ چی هەمووان بایەخ بە دەروونشیکاری دەدەن؟" کە لە ساڵی ١٩٢٧دا بەڵاو کراوەتەوە دەنوسێت: هەڵبەت دەروونشیکاری لە گەڵ مارکسیزمدا ناکۆکە، چوونکە مارکس پشت بە خواستی ئابووری دەبەستێت ، ئەگەر گەشبین بین، پەیوەندی تەواوی لە گەل پاراستنی زات هەیە، بەڵام دەروونشیکاری لە سەر خواستی بیولۆژیکی و پاراستن زات لە رێگەی زاوزێوە جەخت دەکاتەوە. ئاشکرایە کە هەر دوو روانگەکە یەك لایەنەن ورۆلێکیان هەیە. دەتوانین بەم نموونەیە تیورییەکەی راسل روونتر بکەینەوە: مێش لە قۆناغی "لارۆ" دا تەنها ئەندامی خواردنی هەیەولە قۆناغی پێگەیشتن تەنها ئەندامی جووتگیری. ئەم گیانلەبەرە ئەگەر بیتوانیبا بیر بکاتەوە چی دەلێت؟ راسل ئەلی"ئەم مێشە لە قۆناغی لارۆ دا مارکسیستە ولە قۆناغی پێگەیشتندا فرۆیدیست". راسل دواتر دەلێ" کرمی کتێبی مۆزەی بەریتانیا " نوێنەری فەلسەفەی لارۆیە. ئەو خۆی بە فرۆید نزیکتر دەزانێ، چوونکە فرۆید لە هەمبەر خۆشەویستی نواندن بێ هەست نییە وپرسەکان بە دەستەواژە وبە گوێرەی " پارە پەیدا کردن" بەیان ناکات، واتە بە گوێرەی ئابووری ئەرزەدۆکس دارێژراوە لە لایەن پیرە پیاوانەوە سیساوە!!!

راسل تەنها کەس نییە کە ئەو دوو تیورییە بە هەڵە لێك دەداتەوە، گەلێك لە تیوریسێنەکان لە تیورییەکەی ئەودا هاوبەشن.

ئەم بڕوایە کە ماتریالیزمی مێژوویی، دەروونناسی ئابوورییە، لە لایەن "هندریك دومەن"ەوە پشتیوانی لێکراوە:

"هە روەها کە دەزانن، مارکس خۆی قەت تیوری وروژاندنی مرۆڤی دانەرێژا. لە راستیدا ئەو قەت نەیگوت کە واتای چین چییە؟ وکاتێك ئەم بابەتە سرنجی ڕاکێشا کە مەرگ مەجالی پێنەدا. بەڵام گریمانە سەرەکییەکان کە خاڵی دەستپێکردنی ئەون، گومانیان تێدا نییە. تەنانەت گریمانە ناڕاستەوخۆکانی مارکس لە چالاکییە سیاسی وزانستییەکانی ئەودا بەر چاو دەکەوێت. هەر تیورییەکی ئابووری وهەر بۆچوونێکی سیاسی مارکس پشت بەم گریمانە دەبەستێت خواستە ویستیارییەکان کە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییان بە دوادا دێت، لە لایەنی بەرژەوەندی ئابوورییەوە سەپێنراوە. دەروونناسی کۆمەڵایەتی هەنووکەیی هەمان ئەندێشە بە گوێرەی کاریگەریپاڵنەری وەرگیراو لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بەیان دەکات. ئەگەر مارکس خۆی ئەم فورمۆل بەندیانەی بە زیادە لە قەڵەم دەدا، بەم بۆنەیەوە بوو کە بە ئامانجی ئابووری سیاسی سەردەمی خۆی لە قەڵەم دەدا."

هەنووکە ئەم " گریمانە ناراستەوخۆ" یانە دەتوانێ مەبەستی تێکڕای ئابووری ناسەکانی هاوچەرخی(بورژوا) لە خۆ بگرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە خودی مارکس ناگرێتەوە چوونکە ئەو لە زۆربەی خاڵەکاندا لە گەڵ تیوریسێنەکانی سەردەمی خۆیدا هاوڕا نەبوو.

برنشتاین لە بەرگری کردن لە گرنگی ماتریالیزمی مێژوویی بە بێ پەردەییەکی کەمترەوە لەم لێکدانەوە دەروونشیکاریانەی ئەو لایەنگری دەکات:

" لێکدانەوەی ئابووری مێژوو بە ناچاری بەم واتایە نییە کە تەنها دەبێ هێز ووروژێنەرە ئابوورییەکان سرنجیان پێبدرێت، بەڵکوو دەبێ بزانین کە ئابووری هەمیشە هۆکارێکی دیاریکەرە وبەردی بناغەی بزوتنەوە گەورەکانی مێژوو بووە.".

لە پشت ئەم تیورییەوە ئەم بۆچوونەش بوونی هەیە کە مارکسیزم دەروونناسییەکی ئابوورییە کە لە لایەن برنشتاینەوە پالاوتە کراوە وکامڵبووە.[1]

ئەم تیورییە کە"پاڵنەری موڵکداریەتی" ووروژێنەری سەرەکی یان بێ وێنەی مرۆڤە، بەرهەمی خەیاڵەکانی بورژوا– لیبرالیزمە، کە وەك باسێکی دەروونناسی سەبارەت بە دەرفەتی دەستەبەر بوونی سوسیالیزم بە کار دێت.[2] شرۆڤەکەرانی وردە بورژوازی مارکس تیورییەکەی ئەویان بە دەروونناسی ئابووری لێکداوەتەوە. لە راستیدا ماتریالیزمی مێژوویی لە تیوری دەروونناسی بوون دورە، گریمانە

---

[1] Kautsky لە سەرتای نوسینەکەی خۆی بە ناوی" ماتریالیزمی مێژوویی" لێکدانەوەی دەروونناسی بە توندی رەت دەکاتەوە، بەلام دواتر ماتریالیزمی مێژوویی لە گەڵ دەروونناسییەکی ئیدەیالیزم، بەو گریمانەی کە پاڵنەری کۆمەلایەتی سەرەتاییی بوونی هەیە، کامڵ دەبێت.

[2] لە راستیدا لە دژی بەکار هێنانی ماتریالیزمی مێژوویی لە بورژوازیدا کە لە لایەن دژبەرانەوە هاتوەتە نێو تیورییەکەوە گەلێك ناڕەزایەتی بەرز بوەتەوە.

دەروو‌ناسییەکانی کەمەو هەمووی لەم چەند رەستەیەدا کورت دەبێتەوە: **مرۆڤەکان خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن، پێداویستییەکانی** کار وهەستەکانی مرۆڤ" برسێتی وخۆشەویستی" دەوروژێنن، [1] ئەم پێداویستیانە بە درێژایی کاملبوونی مێژوویی، زیاد دەبن ودەرئەنجام دەبێتە هۆی توندبوونەوە وزیاد بوونی چالاکی ئابووری. [2]

هۆکاری ئابووری لە پەیوەندی لە گەڵ دەروونناسیدا تەنها تا ئاستی پێداویستییەکانی مرۆڤ رۆڵی ماتریالیزمی مێژوویی دەگێرێت- بە پلەی یەکەم پێداویستی پاراستنی زات- بە شێوەیەك کە ئەم پێداویستیانە لە رێگەی بەرهەمهێنانی کالاوە تا ئاستێکی بەرز دابین دەبن، بە دربڕینێکیتر پێداویستییەکان ئامرازی وروژێنەری بەرهەمهێنانن. هەڵبەت مارکس وئەنگلس جەختیان کردوەتەوە کە پاڵنەری پاراستنی زات لە پێشی پێداویستییەکانی دیکەوەیە، بەلام وردەکاری پاڵنەرەکان وپێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان شرۆڤە

---

[1] ئاشکرایە کە مەبەستی من لەخۆشەویستی فورمۆل بەندی سەرەتای فرۆیدە.
خۆشەویستی لە واتای گشت پەسەندیدا هاوواتای ئارەزۆ جنسییەکانی وەك بەر لە سەردەمی زاوزێیە: ئەگەر "پاراستنی زات وئارەزۆ جنسییەکان" م دەنوسی روونتر دەبوەوە ١٩٧٠.

[2] بە هەمان شێوە کە ئاژەڵ دەبێ لە سروشت کە پێداویستییەکانی دابین دەکات، رازی بێت وژیان وپرۆسەی منداڵبوون وزاوزێ ی خۆی بپارێزێت، مرۆڤی پێشکەوتووش دەبێ لە تێکرای شێوەکانی کۆمەڵگە ولە گەڵ تێکرای ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دا هەمان شێوازی هەبێت. هەرچەندە مرۆڤ زیاتر کامل بێت وگەشە بکات، گۆرەپانی پێداویستییە سروشتییەکانی فراوانتر دەبێت، وبە ناچاری توانای بەرهەمهێنانیش کە ئەم پێداویستیانە دابین دەکات فراوان دەبێت(کتێبی کاپیتاڵ لە نوسینی مارکس)

نەكرد.[1] ئەوان قەت لافی ئەوەیان لێ نەدا كە " پاڵنەری موڵكداریەتی" یان شەهوەتی بە دەست هێنان(كۆكردنەوە) وەك ئامانج، تەنها پێداویستی سەرەكییە. گشت گیر كردنی ئەم پاڵنەرە بە واتای رەها كردنی گەمژانەی تایبەتمەندییەكی دەروونییە كەهێزێكی نەناسراوە لە كۆمەڵگەی سەرمایەداریدا.

ماركس وئەنگلس داوین كەسانێكن كە دەتوانین فیكری گۆڕینی روخساری بورژوازی وتایبەتمەندییە جیاكەرە سەرمایەدارییەكان بەتایبەتمەندییە رەهاكان، بەئەوان پەیوند بدەین. ئەو دوانە بە باشی شارەزای ئەو پێگەیە بوون كە دەروونناسی لە كۆمەڵناسیدا هەیبوو، بەلاّم دەروونناس نەبوون ونەیاندەویست ببنە دەروونناس. دیسان جگە لەم بەڵگانە لە ئەدەبیاتی چەرخی رووناكگەری فەرەنسا" بە تایبەت هلڤتیوس"[2] كە نابێ كەمبایەخ لە قەڵەم بدرێن، ئەوان لە دەروونناسی ماتریالیست شتێكیان لە بەردەستدا نەبوو. دەروونشیكاری یەكەمین سەرچاوە بوو كە دەیتوانی ئەم دەروونناسییە دابین بكات. دەروونشیكاری نیشانی دا كە "پاڵنەری موڵكداریەتی" هەرچەند گرنگە ، بەلاّم لە بەراورد لە گەڵ پێداویستییەكانی دیكەدا(زاوزێیی، سادیستیك وخۆپەرەستی) رۆڵێكی بەرچاوی لە چۆنایەتییە دەروونییەكانی مرۆڤدا نییە. لە پێوەرێكی فراواندا

---

[1] لە وتاری " بەشداری ماركس لە ناسینی مرۆڤ" دا ئەم تیورییەم راست كردوەتەوە ونیشانم داوە كە ماركس، زۆر لەوە زیاتر كە لە نوسینەكانیدا دیارە لە دەروونناسیدا پسپۆڕ بووە.

[2] Claud Helvetius (١٧١٥-١٧٧١).فەیلەسوفی فرەنسی

"پاڵنەری موڵکداریەتی" هۆکارێکی گرنگی دامرکاندنی پێداویستی بە دەستهێنان یان خاوەنداریەتی شتەکان نییە، بەڵکوو نیشان دەری خۆپەرەستییە تا تاك خۆی بە کەسانی دیکە بناسێنێت. کۆمەڵگەیەك کە رێز لە دەوڵەمەندەکان دەگرێت وپێیاندا هەڵدەڵێت، پێداویستی خۆپەرەستی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو خاوەنداریەتییەکی زیاتر وبێوێنە رادەکێشێت. لە لایەکی ترەوەلە کۆمەڵگەیەکدا کەخزمەتگوزارییەکان تایبەت بە چینێکی تایبەتە نەك هەمووان، وئەم تایبەتمەندییە خۆی بناغەی رێزی کۆمەلایەتییە، هەمان خواستی خۆپەرەستی لە بن پەردەی "پاڵنەر"دا ئاشکرا دەبێت. بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی خۆپەرەستی کە لە سەرەتاییترین وبە هێزترین هەوڵدانە دەروونییەکانە، لەم روەوە ئامانج(و ناوەڕۆکی هەست پێکراوی ئەوان) گرێدراوی بونیادی تایبەتی کۆمەڵگەیە. کە واتە رۆڵی سەپێنراوی" پاڵنەریخاوەنداریەتی" بە پێوانەیەکی زۆر خاوەن برەوی دارایی وسامانە لە کۆمەڵگەی بورژوازیدا.

کاتێك لە روانگەی دایکسالاری مێژووییەوە لە هۆکارە ئابوورییە کان دەدوێن-جگە لەو واتایە کە لە سەرەوە باسمان کرد- مەبەستی ئابووری لە چالاکی مرۆڤ ، وروژێنەرێکی دەروونی وزەینی نییە. تێکڕای چالاکییەکانی مرۆڤ ودامرکاندنی تێکڕای پێداویستییەکان، گرێدراوی چییەتی تایبەتی هەلومەرجی سروشتی وئابووری ژینگەیە، وهەر ئەم هەلومەرجەیە کە شێوازی ژیانی مرۆڤ دیاری دەکات. لە روانگەی مارکسەوە ئاگاهی مرۆڤ بە گوێرەی چۆنایەتی

کۆمەڵگە، بە گوێرەی ژیانی راستەقینەی دونیایی کە بە پلەیەکی لە توانای سود بەخشی دیاراکراوە شەرتی کراوە، هەڵدەسەنگێندرێت[١].

"بەرهەم هێنانی ئەندێشەکان، بیرکردنەوە وئاگاهییەکان، راستە وخۆ لە گەڵ چالاکییە مادییەکانی مرۆڤ گرێدراو وتێکەڵاوە، وچالاکی مادی نیشاندەری ژیانی راستەقینەی مرۆڤە. بیرکردنەوە وئەندێشەی عاقڵانەی مرۆڤ سەرریژی راستەوخۆی چالاکی مادییە. ئەم رەوتە لە سیاسەت، یاسا، ئاکار، ئایین، میتافیزیك و....یشدا راستە. مرۆڤەکان بیرکردنەوە وبیروبڕواکانی خۆیان بەرهەمدەهێنن، بەڵام ئێمە لەسەر مرۆڤە راستەقینە ونائەبستراکتەکان دەدوێن، کە بە شێوازێکی تایبەت شەرتی کراون بە شێوەیەك کە توانا بەرهەمهێنانیان ودەرئەنجام گرێدراوەکانیان گەشە دەکەن وکامڵ دەبن. ئاگاهی جگە لە ژیانی وشیارانە هیچێکیتر نییە و بوونی مرۆڤ ژیانی راستەقینە وهەست پێکراوی ئەوە"[٢]

ماتریالیزمی مێژوویی، مێژوو بە پرۆسەی پێکەوە گونجانی چالاك وفەرمانبەری مرۆڤ لە گەڵ هەل ومەرجی سروشتی ژینگەی خۆی

---

[١] " نوسراوە وئابوورییە"کان لە کاتی نوسینی ئەم وتارەدا هێشتا چاپ وبەڵاو نەکرابووەوە، مارکس بە باشی ئەم خاڵە روون دەکاتەوە. ئەو دەنوسێت".... تەنها ئەو تایانەی کە ئابووری سیاسی دەیانجوڵێنێت، رق و چاو چنۆکییە.... تەنانەت R. Tucker کە بیرمەندێکی گەشبین بوو و لە بن کاریگەری ئەم بۆچوونەدا بوو کە مارکس رق و چاوچنۆکی وەك وروژێنەری سەرەتاییی لە قەڵەم دەدات، ئەو لەم قسەی مارکسە کە بە زمانی ئەڵمانییە پێچەوانە تێگەیشتوە واتە:" تەنها ئەو تایانەی کە ئابووری سیاسی دەجوڵێنێت رق وچاوچنۆکییە."

[٢] Part Of Deutschen لە نوسینی مارکس وئەنگلس

دەزانێت." كار بە پلەی یەكەم پرۆسەیەكە لە نێوان مرۆڤ وسروشتدا، پرۆسەیەكە كە تێدا مرۆڤ كاری بەرانبەری خۆی لە گەڵ سروشت لە رێگەی كارەكانی خۆیەوە رێك وپێك وكونترۆڵ دەكات. بەم شێوەیە مرۆڤ لە هەمبەر توخمەكانی سروشت هێزێكی سروشتی لە قەڵەم دەدرێت."[(1)]

مرۆڤ وسروشت دوو جەمسەرن كە بە شێوەیەكی بەرانبەر كاردەكەن، یەكدی شەرتی و نەرم دەكەن ویاخود یەكدی دەگۆڕن. پرۆسەی مێژوویی هەمیشە لە گەڵ سروشتی مرۆڤ وهەل‌ومەرجی سروشتی ژینگەی دەرەوەدا پەیوەندی هەیە. هەرچەند ماركس جەختی لە سەر ئەم راستییە كردوەتەوە كە مرۆڤ بە درێژایی مێژوو خۆی وسروشتی گۆڕیوە، بەلام هەمیشەش دووپاتی دەكاتەوە كە ئەو گۆڕانكاریانە گرێدراوی هەل‌ومەرجی سروشتی بووە. ئەمە كوت ومت هەمان خاڵە كە روانگەی ئەو لە هەندێك ئیدەیالیست كە بڕوایان بە هێزی بێ سنووری ویستی مرۆڤ هەیە، جیا دەكاتەوە. بە شێوەیەك كە ماركس وئەنگلس گوتویانە:

" ئەو پێش وەهمانەی كە خاڵی دەستپێكی ئێمەن دوگمی رەها نین. بەڵكوو راستی گەلێكن كە تەنها لە دونیای خەیاڵدا دەتوانی چاوپۆشیان لێ بكەیت. ئەوان كەسانی راستەقینە وزیندو، كارەكانیان وهەڵومەرجی ژیانی مادی كە دەتوانن، یان دەبێت، پێكی بهێنن، لە خۆدەگرن. لەم روەوە پێش وەهمە باسكراوەكان لە رێگەی ئەزموونەوە دەتوانین توێژینەوەیان لە سەر بكەین."

---

(1) كاپیتاڵ لە نوسینی ماركس

"یەکەمین برگەی مێژووی مرۆڤ ، بوونی مرۆڤی زیندوە . کە واتە یەکەمین راستیەك کە دەبێ سرنجی پێبدرێت ئورگانی جەستەی ئەم کەسانە ودەرئەنجامە سەرچاوە گرتوەکانە لە پەیوەندی ئەوان لە گەڵ سروشت. لێرەدا ناتوانین لە سەر سروشتی جەستەیی مرۆڤ ویان هەل‌ومەرجی لە حاڵی گۆڕانی (ژیولۆژێکی، هەرێمی وهتد) ژینگەی سروشتی ژیانی مرۆڤ بیر بکەینەوە. هەرشرۆڤەیەکی مێژوویی دەبێ بەم ئاستەنگە سروشتیانە، وگۆڕانکارییەکانیان لە سەردەمی مێژووی چالاکی مرۆڤەوە دەست پێبکات[1]"

دوای چارە سەر کردنی توند ترین لێك تێنەگەیشتنی لە پەیوەندی دەروونشیکاری و ماتریالیزمی مێژوویی چە شتێکی دیکە رودەدات؟

دەروونشیکاری دەتوانێت لە نمونەیەکی تایبەتدا چەمکی ماتریالیزمی مێژووی دەوڵەمەند بکات. **دەتوانێ زانیارییەکی تێروتەسەل سەبارەت بە یەکێك لەو هۆکارانەی کە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا چالاکن بەدەستەوە بدات: سروشتی مرۆڤ** .دەروون شیکاری ئورگانی غەریزەی مرۆڤ لە نێوان هۆکارە سروشتیەکان کە پرۆسەی کۆمەڵایەتی نەرم دەکەن ودەیانگۆڕن جێگیر دەکات. هەرچەند کە ئەم نەرم کردن وگۆرانکاریەش سنورێکی هەیە. ئورگانی غەریزەی مرۆڤ یەکێك لە هەل‌ومەرجە "سروشتیەکانە" کە بەشێك لە ژێرخانی پرۆسەی کۆمەڵایەتییە. بەڵام ئێمە سەبارەت بە ئورگانی غەریزە ی "گشتی" یان شێوەی دەستکاری نەکراوای قسە ناکەین، چوونکە ئەم

---

[1] مارکس وئینگلس هەمان کتێب

ئورگانە تەنها لە شێوەیەکی "تایبەت" دا ئاشکرا دەبێت کە لە ڕێگەی کۆمەڵایەتییەوە شەرتی کراوە. دەروونی مرۆڤ _ یان هێزە لیبیدۆییەکان وەك ڕیشەکانی _ بەشێك لەم ژێرخانەن، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوانەی کە لە هەندێك لێك دانەوەی دەروون ناسیدا گوتراوە تێکڕای ژێرخان نین. دەروونی مرۆڤ هەمیشە وەك دەروونێك دەمێنێتەوە کە لە ڕێگەی پرۆسەی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ماتریالیزمی مێژوویی پێویستی بە دەروون ناسی (زانستی بونیادی دەروونی مرۆڤ) هەیە. ودەروون شیکاری یەکەمین سیستەمەکە دەتوانێ دەروونناسی پێویست بۆ ماتریالیزمی مێژوویی دابین بکات.

بەم هۆکارانەی خوارەوە بەشداری دەروون شیکاری لە ماتریالیزمی مێژوویدا گرنگییەکی زۆری هەیە: مارکس وئەنگلس گرێدانی تێکڕای پرۆسە ئایدۆلۆژیکەکانیان بە بونیادی ئابوورییەوە بە پێویست دەزانی. ئەوان داهێنانە دەروونی وزەنییەکانیان بە" بناغەی مادی عەکس کراو لە مێشکی مرۆڤ " دا لە قەڵەم دەدا. بە دڵنیاییەوە لە گەلێك نمونەدا ماتریالیزمی مێژوویی دەتوانێ بە بێ پێویستی بە گریمانە دەروونناسییەکان، خۆی ولاّمدەرەوەبێت، بەڵام تەنها لە نمونە گەلێکدا کە ئایدۆلۆژیاکان دواین دەربڕی بەرژەوەندییە ئابوورییەکان بن، ویان لە شوێنێکدا کە هەوڵ دەدرێت پەیوەندی بەرانبەرلە نێوان ژێرخانی ئابووری سەرخانی ئایدولوژی گرێ بدرێت. بە بۆنەی نەبوونی دەروونناسییەکی تێروتەسەل ورازی کەر، مارکس وئەنگلس نەیانتوانی

ئەوە شرۆڤە بکەن کە چۆن بنەمای مادی لە مێشك ودڵی مرۆڤدا ڕەنگدەداتەوە.

دەروونشیکاری نیشان دەدات کە ئایدۆلوژییەکانی مرۆڤ بەرهەمی هەندێك لە خواست،پاڵنەری غەریزی، بەرژەوەندی وپێویستییەکانە. هەروەها دەروونشیکاری نیشان دەدات لە حاڵێکدا کە پاڵنەرە غەریزییەکان کە لە سەر بنەمای ئەو غەریزانەی کە بەشێوەی بیولۆژیکی دروست دەبن، کامڵ دەبن، بەڵام چەندایەتی وناوەڕۆکەکەیان بە توندی لە بن کاریگەری پێگە یان چینی کۆمەڵایەتی تاکدایە. مارکس دەڵێ کە مرۆڤەکان خۆیان ئایدۆلۆژیای خۆیان دەخولقێنن، دەروونناسی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێ بە شێوەی ئەزموونی پرۆسەی دروست کردنی ئایدولۆژیاکان وپەیوەندی بەرانبەری هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بسەلمێنێت. لەم ڕووەوە دەروونشیکاری نیشان دەدات کە چۆن بارودۆخی ئابووری لە ڕێگەی پاڵنەرەکانی مرۆڤەوە دەبێتە ئایدۆلۆژیا.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ سەرنجی پێ بدرێت ئەمەیە کە کاری بەرانبەری نێوان غەریزەکان وژینگە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ناخی خودی مرۆڤدا، بەهەمان شێوە کە کاریگەری ژینگەی دەرەکی، مرۆڤ توشی گۆڕان دەکات. بە شێوەیەك کە فرۆید بە جاران جەختی کردوەتەوە کە ئەم خاڵە ڕێکخراوی "خۆ"ی مرۆڤ و گەشەی توانایی وبڵندگەرایی مرۆڤە. لەم ڕووەوە دەروونشیکاری ڕێگەمان پێدەدات کە دروست بوونی ئایدۆلوژی وەك جۆرە (پرۆسەیەکی بەرهەمهێنان" چاو لێبکەین، بە هەمان شێوە کە متابولیزم(کاری سوتاندن وهەزمکردنی

خواردن لە نێوجەستەدا.–و–) لە جەستەدا پرۆسەیەکی دیکەیە لە نێو مرۆڤ وسروشتدا . بابەتی روون وبەرچاو ئەمەیە کە" سروشت لە ناخی مرۆڤدایە نەك لە دەوروبەری ئەودا".

دیسان دەروونشیکاری شێوازەکانی دروست بوونی کۆمەڵگە لە رێگەی ئەندێشە وئایدۆلۆژیاکانەوە بە ئێمە نیشان دەدات. ئەم زانستە دەتوانێت نیشان بدات کە چۆنایەتی رووبەروو بوونەوە لە گەڵ ئەندێشەیەك لە بنەڕەتدا گرێدراوی ناوەڕۆکی ناوشیاری ئەوە، کە گرێدراوی هەندێك پاڵنەرە ، بەم واتایە کە گۆیا چۆنایەتی توندی بونیادی لیبیدۆی کۆمەڵگەیە کە کارێگەری کۆمەلایەتی ئایدۆلۆژیەك دیاری دەکات.

ئاشکرایە کە دەروونناسی شیکردنەوەیی کۆمەلایەتی پلەیەکی بە نرخی لە ماتریالیزمی مێژووییدا هەیە، بەم شێوەیە دەتوانم بە بێ پەردە لافی ئەوە لێبدەم کە چارەسەر کەری خێرای ئەو گرفتانەیە کە رووبەرووی ماتریالیزمی مێژوویی دەبێتەوە.

هەنووکە ماتریالیزمی مێژوویی بۆ هەندێك لە ناڕەزایەتییەکان وەڵامێکی باشتری پێیە. بۆ نموونە هەندێك لە دژبەران ئاماژە بەو رۆڵە دەکەن کە ئامانجەکان–خۆشەویستی بۆ هاوچەشن وئارەزۆی ئازادی– هەیانە. هەڵبەت ماتریالیزمی مێژوویی دەتوانێ ئەم جۆرە پرسانە وەك ئەوەی لە هەرێمی دەروونناسیدان رەد بکاتەوە وخۆی بە شیکردنەوەی هەلومەرجی بابەتی ئابووری کە لە سەر رووداوە مێژووییەکان کاریگەری هەیە سنووردار بکاتەوە. بەلام لە هەلومەرجێکدا نەبوو کە بە روونی چییەتی وسەرچاوەی ئەم هێزە راستەقینەو کاریگەرانەی

مرۆڤ شرۆڤە بکات یان بتوانێت ئەو رۆڵەی کە ئەم هێزانە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕن وەسف بکات. دەروونشیکاری دەتوانێ نیشان بدات کە وروژێنەرە بە رواڵەت ئامانجییەکان، ئاشکراکەری پێداویستییە لیبیدۆییە لۆژیکی کراوەکانە وناوەڕۆك وسنووری پێداویستییە زاڵەکان لە سەردەمی دیاریکراودا بە گوێرەی کاریگەری بار ودۆخی کۆمەڵایەتی – ئابووری لە سەر بونیادی غەریزی گروپی کە خولقێنەری ئایدۆلۆژیایە وەسف بکات. کە واتە دەروونشیکاری دەتوانێت بالاترین خواست ووروژێنەری ئیدەیالیستی تا ئاستی لیبیدۆیی نزم بکاتەوە بە بێ ئەوەی پێداویستییە ئابوورییەکان بە تەنها پێداویستی گرنگ لە قەڵەم بدات.[1]

---

[1] نەبوونی دەروونناسی بە گوێرەی پێویست هەندێك لە لایەنگرانی ماتریالیزمی مێژوویی ناچار کرد دەروونناسییەکی تایبەتی و ئیدەیالیستیکی روتلە شوێنی بەتاڵی ئەودا دابنێن. نموونەیەك" کاتسکییە Kautsky" کە هەڵبەت نە بە بێ پەردەیی وشەفافی برنشتاین وکەسانی دیکە، گریمانە دەکات کە مرۆڤ" غەریزەییەکی کۆمەڵایەتی" هەیە، وپەیوەندی نێوان غەریزەی کۆمەڵایەتیوپەیوەندی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە وەسف دەکات:" مرۆڤ بە گوێرەی توندی ولاوازی غەریزەی کۆمەڵایەتی خۆی بەرو لای "چاکە وخراپە" دەڕوات، بەڵام گرنگی هەل ومەرخی کۆمەڵایەتی ژیان کەمتر لە هەل ومەرجە باسکراوەکان لە هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو خواستەیە." ئاشکرایە کە غەریزەی کۆمەڵایەتی کاتسکی جگە لە بنەچەی ئاکاری زاتی هیچێکی تر نییە. بۆچوونی ئەو لەو شێوازەی بەیانی دەکات لە گەڵ ئاکاری ئیدەیالیستیدا جیاوازە.

" بوخارین" لە " تیوری ماتریالیزمی مێژوویی"دا بڕگەیەکی تەواوەی بۆ پرسی دەروونناسی تەرخان کردوە. ئەو دوپاتی دەکاتەوە کە دەروونناسی چینێك لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکێکە- ومەبەستی ئەو لە "بەرژەوەندییەکان" بەرژەوەندی گەلێکی راستەقینەی ئابوورییە. بەڵام دەروونناسی توێژێك دەبێت بە گوێرەی رۆڵی کۆمەڵایەتی

بە کورتی:

١- پاڵنەرەکانی مرۆڤ هێزێکی سروشتین ووەك هێزە سروشتیەکانی دیکە(بە پیت بوونی خاك ، ئاوەدانی و....) یەکێك لە بەشە حاشاهەڵنەگرەکانی پرۆسەی کۆمەلایەتییە. کە واتە شارەزا بوون لەم هێزە پێویستە تا تێگەیشتنێکی تەواوەتی لە پرۆسەی کۆمەلایەتی مومکین ببێت.

٢- ئەو شێوازە کە ئایدۆلۆژیاکان لە ڕێگەیەوە دروست بوون وکار دەکەن تەنها کاتێك بە باشی دەناسرێن کە لە چۆنییەتی شێوازی کارکردنی سیستەمی پاڵنەرەکان شارەزا بین.٣- کاتێك کە هۆکارە شەرتی کراوە ئابوورییەکان لە گەڵ هەرێمی پاڵنەرەکاندا تێکەڵ ببێت هەندێك گۆڕانکاری ڕوودەدات، پرۆسەی کۆمەلایەتی بە پشت بەستن بە کاریگەری پاڵنەرەکان بە ڕەوتێکی خێراتر یان هێدی تر لەوەی

ئابووری هەمان توێژ بێت. ئەو بۆ نموونە چۆنییەتی نائومێدی گروپ یان کۆمەڵانێك دوای بن کەوتن لە خەباتی چینایەتیدا شرۆڤە دەکات:" شەڕ وململانێ لە لایەن وروژێنەری شاراوەی لایەنەکانی ململانێوە بەرێوە دچێت، وهەنووکە خەباتکارەکان بن کەوتوون.ئەم بار ودۆخە سەرلێشێوان ونائومێدی لێکەوتووەتەوە وخەڵك چاوەڕوانی موعجیزەیەك(پەرجوو) دەکەن." بوخارین بەردەوام دەبێت:" بە سەیرکردنی دەروونناسی چینایەتی، دڵنیاین کە ئێمەرووبەرووی دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆز بووینەتەوە کە ناتوانین لە سەر بنەمای بەرژەوەندی روت وەسفی بکەین، بەڵکوو دەبێ بە گوێرەی بارودۆخی هەستپێکراو وکەڵەکە بووی چینەکە وەسف بکرێت".

بوخارین دیسان ئەڵێ :" پرۆسەکانی ئایدۆلۆژی جۆرێکی تایبەتە لە کاری کۆمەلایەتی. بەلام بۆ ئەوەی دەروونناسییە کی گونجاومان لە بەر دەستدا نییە ناتوانین چییەتی پرۆسەی کارە شرۆڤەبکەین .

چاوەڕوان دەکرێ کار دەکات، ئەگەر تێبینییە تیوریکییەکان سەبارەت بەهۆکارە دەروونییەکان راست نەبێت.

لەم رووەوە بە کار هێنانی دەروونشیکاری لە ماتریالیزمی مێژوویی بوەتە هۆی ئەوەی کە زانیارییەکی فراوانتر لەو هێزانەی کە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا کار دەکەن ، بە دەست بێت، ودڵنیاییەکی زیاتر لە تێگەیشتنی سوڕی مێژوویی وپێشبینی داهاتووەکەی بە دەست دێت. بە تایبەت ئەم کارە زانیارییەکی تەواوی لە چۆنیەتی دروست بوونی ئایدۆلوژیاکان بە دەستەوە داوە.

هەڵبەت، سودمەندبوونی دەروونناسی شیکردنەوەیی کۆمەڵایەتی گرێدراوی گرنگی لیبیدۆییە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی‌دا. بۆ ئەوەی لەم بڕگەیەدا ناتوانین بە تێروتەسەلی باسی ئەم بوارە بکەین لەم رووەوە تەنها ئامازە بە چەند خاڵێك دەکەم.

گریمان ئەم پرسیارەمان لێدەکرێت: چە هێزێك کۆمەڵگە دەپارێزێت وچە هێزێك دەبێتە هۆی هەژان وویرانی؟ دەزانین کە گەشەی ئابووری دەبێتە هۆی سەقامگیری وناکۆکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵگە. بەڵام هۆکارێکی وەها کە، لە سەر بنەمای ئەو دوو مەرجە، گرنگترین توخمی بونیادی کۆمەڵایەتی، خواستە لیبیدۆییەکانە کە لە مرۆڤدا بوونی هەیە. سەرەتا کۆمەڵگەیەکی تا رادەیەك سەقامگیر لە بەر چاو بگرن. هۆکاری یەکبوون وپەیوەندی خەڵك لە گەڵ یەکدی چییە؟ چە شتێك دەرفەتی ئەوەیان پێدەدا کە هەست بە یەکبوون بکەن وخۆیان لە گەڵ رۆڵی دەسەڵاتدار وبێ دەسەڵاتدا هاوئاهەنگ بکەن؟ بە دڵنیاییەوە ئورگانی دەسەڵاتی دەرەکی(پۆلیس، یاسا، دادگە، سوپاو....) رێگە نادات کۆمەڵگایەك

لێكبترازێت. و بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندی لۆژیكی و خودگەرایی لە سەقامگیری بونیادیدا خاوەن رۆڵە. بەڵام ئەگەر كۆششە لیبیدۆییەكانی خەڵك بوونی نەبوو، نە هێزە دەرەكییەكان و نە بەرژەوەندی لۆژیكی نەیاندەتوانی كاری كۆمەڵگە گەرەنتی بكەن. ئەم هەوڵدانە وەك چیمەنتۆیە كە بە بێ ئەوە كۆمەڵگە ناتوانێت یەكبوونی خۆی بپارێزێت. دیسان ئەو هەوڵدانە لە دروست بوونی ئایدۆلۆژیای كۆمەلایەتی گرنگ لە هەر كەلتوورێكدا بەشداری هەیە.

هەنووكە ئەم بنەمایە سەبارەت بە تایبەتمەندییەكی كۆمەڵگە بە كار ببەین: پەیوەندی چینایەتی. هەر وەها كە دەزانین لە مێژوودا كەمینەیەك بە سەر زۆرینەی كۆمەڵگەدا حوكمیان كردوە. ئەم حكومەتە چینایەتییە، دەرئەنجامی فێڵ وزیرەكی نەبووە، بەڵكوو دەرئەنجامی پێویستی بارودۆخی گشتی ئابووری كۆمەڵگە وهێزە بەرهەمهێنەرەكانی بووە. بە شێوەیەك كە " نیكر"[1] نوسیویەتی :"بە گوێرەی یاسای موڵكداریەتی، چینی پرۆلە تەرمەحكومە لانی كەمی بەرهەمی كارەكەی خۆی وەربگرێت ". یان بە گوتەی لینگە [2]" تا ئاستێك وەك پلانگێڕییەك لە دژی مرۆوایەتی بوون بەلام نەیانتوانی هیچ بە هیچ بكەن."

بیرمەندانی" سەردەمی رووناك گەری"[3] ئەم پەیوەندییە گرێداراوەیان شرۆڤە كردوە ورەخنەیان لێگرتووە، بەڵام نەیانزانی كە ئەو گرێدراوییە بەرهەمی ئابوورییە. لە راستیدا دەسەلاتی كەمینە

[1] .Neker

[2] .Linguet

[3] Enlghtenmant

راستییەکی مێژووییە. بەڵام چە هۆکارێك بوەتە هۆی سەقامگیری ئەم پەیوەندیە گرێدراوییە؟

هەڵبەت، لە سەرەتادا کەڵك وەرگرتن لە هێزی جەستە ودەرفەتی بە کار هێنانی لە لایەن هەندێك لە گروپەکانەوە هۆکارێکی ئەو گرێدراوییە بوو، بەڵام هۆکارێکی گرنگی دیکەش بوونی هەبوو: گرێدانە لیبیدۆییەکان- دڵەراوکێ، خۆشەویستی، - متمانە- کە رۆحی زۆرینەی لە پەیوەندی لە گەڵ چینی دەسەڵاتدا پڕکردبوو. هەنووکە هەڵسوکەوتی دەروونی بەرهەمی ئارەزۆیان رووداو نییە، بەڵکوو نیشان دەری پێکەوە گونجانی لیبیدۆی خەڵك لە گەڵ هەلومەرجی داسەپاوی ژیان لە لایەن پێویستی ئابوورییە . تا کاتێك کە ئەم هەلومەرجە حکومەتی کەمینە بە سەر زۆرینەدا مسۆگەر دەکات، لیبیدۆ لە گەڵ بونیادی ئابووری هاو ئاهەنگ بووە و یەکێك لە هۆکارە کانی سەقامگیری پەیوەندی چینایەتییە.

زیاتر لە قەبووڵ کردنی **هەلومەرجی ئابووری**، بونیادی لیبیدۆیی، دەروونناسی کۆمەڵایەتی نابێ لە توێژینەوە سەبارەت بە بنەڕەتی دەروونی ئەم بونیادە کەمتەرخەم بێت. ونەتەنها هۆکاری پێویستی هەبوونی لیبیدۆیە بدۆزیتەوە، بەڵکوو دەبێ روونی بکاتەوە کە لە لایەنی دەروونناسی لیبیدۆ چە دەرفەتێك بوونی هەیە ولە رێگەی چە میکانیزمگەلێکەوە کار دەکات. هاوکات لە گەڵ گەڕان بە دوای ریشەی پەیوەندییە لیبیدۆییەکانی زۆرینە لە گەڵ کەمینەی دەسەڵات، دەبێت دەروونناسی کۆمەڵایەتی پەی بەوە ببات کە بۆ چی

ئـەم پەیوەندییـە تیكـرار یـان بـەردەوامی شـێوازی دەروونـی منـداڵ سـەبارەت بـە دایـك وباوكی خـۆی، بـە تایبـەت بـە بـاوك، لـە بنەماڵـەی بورژوایـە[1]؟ ئێمـە لـە توانـایی و عـەقڵی باوكـدا تێكەڵاوییـەك لـە پێـدا هەڵدان، تـرس، بـاوەڕ، ومتمانـە دەبینین. بـە كـورتی ڕەنگدانەوەیـەك لـە چۆنایەتییە ئاكارییە عەقڵییەكانی ئەوە كە بە شێوەی چالاك شەرتی كراوە. وهەر ئەم تایبەتمەندییە كە لە كەسانی پێگەیشتوی كۆمەڵگەی باوكسالاری لە هەمبەر ئەندامانی چینی دەسەڵاتدار بەرچاو دەكەون. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەم چۆنایەتییانە، چەند بنەمایەكی ئاكاری بوونی هەیـە كـە هـەژارەكان ڕازی دەكـات تـا ئـازار ورەنـج لـە كـاری خـراپ بـە چاكتر بزانن، وئەم بڕوایەیان تێدا پەروەردە دەكەن كە ئامانجی ژیانیـان فەرمانبەری لە دەسـەڵاتداران وڕاپەڕانـدنی ئەركەكانیانـە. تەنانـەت بـڕوا ئاكارییـەش، كـە بـۆ سـەقامگیری كۆمـەڵگا پێویسـتە، بەرهـەمی هەنـدێك پەیوەنـدی سـۆزداری یـان كەسـانێكە كـە ئـەم نەریتانـە دروسـت دەكـەن ودەیانخەنە ڕوو.

بە دڵنیاییەوە دروست بوونی ئەم نەریتانـە كـوت وپـڕ ولـە نـاكـاو نین. یـەكێك لـە بەشـە سـەرەكییەكانی ئورگـانی كـەلتووری لـە خزمـەتی دروسـتكردنی هەڵسوكـەوتی پێویسـتی كۆمەڵایـەتی بـە شـێوازێكی سیستەماتیك وموتۆدیكدایە. یەكێك لە ئەركە گرنگەكانی دەروونناسی

---

[1] دەبێ بە بیری بهێنمەوەكە پەیوەندی باوك ومنداڵ خۆی لە لایەن كۆمەڵگەوە شەرتی كراوە.

شـــرۆڤە کردنـــی کارەکـــانی تێکـــڕای سیســـتەمە پـــەروەردە وسیستەمەکانی(وەك سزادان)لەم پرۆسە دایە.[1]

ئێمـە سـرنجی خۆمانمـان لـە سـەر پەیوەنـدی لیبیـدۆیی نێـوان کەمینەی دەسـەڵاتدار وزۆرینەی بێ دەسەڵات چڕ کردوەتوە، چوونکە ئـەم هۆکـارە ناوەنـد وسـەنتەری کۆمەڵایـەتی ودەروونـی هـەر کۆمەڵگەیـەکی چـینایەتییە. بـەڵام هەنـدێك پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی دیکـەشمان هەیـە کـە رەنگـی لیبیـدۆیان پێوەیـە. پەیوەنـدی نێـوان ئەندامانی چینێك خاوەن رەنگێکی دەروونـی جیاوازە لـە گـەڵ چینی ناوەڕاسـتی خوارەوەدا کە لـە چینی کرێکاردا بەر چاو ناکەوێت. یان پەیوەنـدی رێبـەری سیاسـی کـە رێگـەی چینەکەی خۆی یـەوە دیـاری دەبێت ولە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دایە، تەنانەت کاتێك دەسـەڵاتی چینەکەشـی بـە دەسـتەوەیە، لـە پەیوەندییەکەیـدا کـە ئـەو لـە پۆسـتی کەسـێکی بـە هێـزدا رووبـەرووی چـینی خـۆی دەبێتـەوەو وەك بـاوە گەورەیەك کە بە دەسەلاتی رەها حوکمیان بە سەردا دەکات، جیاوازە.[2]

---

[1] ئورگانی کەلتووری نەتەنها هێزە لیبیدۆییەکان(بە تایبەت پاڵنەرەکانی خۆشەویستی وپێش زاوزێیی) بۆ ئاراستەی کۆمەڵایـەتی مەبەسـتی خۆیـدا رێنـوێنی دەکـات، بەڵکوو دەبێتـە هـۆی لاواز بـوونی هێزەکـانی لیبیـدۆ تـا رادەیـەك کـە بـۆ سـەقامگیری کۆمەڵایـەتی هەڕەشە لە قەڵەم نەدرێت. ئەم هەڵگەڕانەوەی هێزە لیبیدۆییەکان بۆ بەر لە زاوزێیی یـەکێك لە خواستەکانی رەوشتی جنسی لە کۆمەڵگەدایە.

[2] فرۆید لە دەروونناسی جەماوەر وشرۆڤەی "خۆ" لە پەیوەندی لە گەڵ سەرۆکدا پشت بە هۆکاری لیبیدۆ دەبەستێت. بەڵام "رێبەر" و"جەماوەر" لە واتای ئینتیزاعی بە کار دەبات، و بـارو دۆخـی هەسـتی ژینگـە لـە سـەر ئـەوان لـە بەرچـاو ناگرێـت. دەرئـەنجام بـۆ پرۆسـە دەروونییـەکان لایـەنی گشـتی لـە بەرچـاو دەگرێـت کـە لـە گـەڵ راسـتیدا نایەتـەوە. بـە دەربڕینێکی دیکە ئەو پەیوەندییەکی تایبەت لە گەڵ سەرۆك دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەندی گشـتی. یـەکێکی دیکـە لـە پرسـەکانی دەروونناسـی کۆمەڵایـەتی، ئەمەیـە کـە پەیوەنـدی چینایەتی، شوێنی خۆی داوەتە پرسێکی دیکە:پەیوەندی دەسەڵاتدار وکۆمەڵانی خەڵك.

جۆراو جۆری پەیوەندی لیبیدۆیی لە گەڵ جۆراوجۆری فراوانی پەیوەندی لە نێو كۆمەڵگەدا هاوسەنگە. لێرەدا تەنانەت ناتوانین ئاماژەیەكی كورتیشی پێبكەین، چوونكە خۆی پێویستی بە وتارێكی جیاواز سەبارەت بە دەروونناسی شیكردنەوەیی كۆمەڵایەتی هەیە. بە بیرتانی دەهێنمەوە كە هەر كۆمەڵگەیەك خاوەن بونیادی لیبیدۆی خۆیەتی، تەنانەت ئەگەر بونیادی كەلتووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی وئابووری تایبەتیشی هەبێت. ئەم بونیادە لیبیدۆییە بەرهەمی كاریگەری هەل‌ومەرجی كۆمەڵایەتی– ئابووری لە سەر ورووژێنەرەكانی مرۆڤە، هەروەها ئەم بونیادە هۆكاری گرنگی شەرتی كردنی كاملبوونی سۆزداری لە ئاستە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگە وناوەڕۆكی سەرخانی ئایدۆلۆژیكییە. بونیادی كۆمەڵگەیەك هۆكارێكە كە لە ڕێگەی ئەوەوە ئابووری كاریگەری خۆی لە سەر ئەزموونە عەقڵی وزەینییەكانی مرۆڤ دادەنێت.[1]

بەهەمان شێوە كە بونیادی ئابووری وكۆمەڵایەتی جێگیر نییە بونیادی لیبیدۆی كۆمەڵگاش، نەگۆڕو هەتایی نامێنێتەوە. بەڵام مادام كە بونیادی كۆمەڵایەتی لە ئاستی هاوسەنگ دا بێت، بونیادی لیبیدۆیش تارادەیەك جێگیرە – بە دەربڕینێكی دیكە بە درێژایی قۆناغی سەقامگیری لە كامڵ بوونی كۆمەڵگا. بە گەشە كردنی ناكۆكی ودەستدرێژییە بابەتییەكانی نێو كۆمەڵگە، بەخێرا بوونی پرۆسەی هەوڵدان، لە بونیادی لیبیدۆی كۆمەڵگەشدا هەندێك گۆڕانكاری دێتە

بەڵام جێگای سرنجە كە فرۆید لەم نوسراوەی خۆدا، خواستی گشتی دەروونناسی بورژوازی كە دەیەوێت جەماوەر بێ كەڵك ومتمانە نیشان بدات، لە ەر چاو دەگرێت.

[1] ئەوەی من لێرەدا بە" بونیادی لیبیدۆیی" كۆمەڵگە ناوزەدم كردوە ،دەستەواژەی فرۆیدە. لە نوسینەكانی دیكەدا من دەستەواژەی، كاراكتەری كۆمەڵایەتیم بە كار هێناوە، سەرەڕای گۆڕانكاری لە تیوری لیبیدۆ چەمكەكان نەگۆڕ دەگێنێنەوە. ١٩٧٠.

ئاراوە. روو لە كز بوونى پەيوەندييە نەرييتەكان كە پارێزگارى سەقامگيرى كۆمەڵگايە دەبينين، لە شێوازە سۆزدارييە نەريتەكاندا گۆڕانكارى پێك دێت. هێزە ليبيدۆييەكان ئازاد دەبن تاكارێكى تازە دەست پێ بكەن ودەرئەنجام كارى خۆيان بگۆڕن. ئيدى لە خزمەتى پاراستنى كۆمەڵگەدا نين، بەڵكو لە دروست بوونى كۆمەڵگاى تازەدا بە شدارى دەكەن. ئيدە وەك "چيمەنتۆ" نين بەڵكو تايبەتمەندى "ديناميتيان" هەيە.

هەنووكە دەگەڕێينەوە بۆ ئەوپرسە كە سەرەتا باسمان لێوە كرد: واتە بەهەل ومەرجە بابەتييەكانى ژيان. بينيمان كە دەروونناسى شيكردنەوەى تاك كامڵ بوونى غەريزى بە دەرئەنجامى پێكەوە گونجانى چالاك وفەرمانبەرى ئورگانى غەريزى لە گەڵ هەل ومەرجى راستەقينەى ژيان لە قەڵەم دەدات. لە لايەنى بنەماييەوە هەمان پەيوەندى نێوان بونيادى ليبيدۆيى كۆمەڵگا و هەل ومەرجى ئابووريش راستە. مرۆڤ كە لە بن گوشارى پاڵنەرە ليبيدۆييەكانى خۆيان دان، هەل ومەرجە ئابوورييەكان سەراوبن دەكەن . هەل ومەرجى ئابوورى سەراوبن بوو دەبێتە هۆى دروست بوونى ئامانجگەلێكى تازەى ليبيدۆى كە دەبێ دابمركێن. خاڵى جيدى ئەمەيە كە تێكڕاى ئەم گۆڕانكارييانە لە كۆتايى دا لە هەل ومەرجى ئابوورييەوە سەرچاوە دەگرن، پاڵنەر و پێداويستيەكان گۆڕانكارييان بە سەردا هاتووە وخۆيان لە گەڵ هەل ومەرجى ئابوورى دەگونجێنن.

هەڵبەت دەروونناسى شيكردنەوەيى لە چوارچێوەى ماترياليزمى مێژووييدا خاوەن پێگەيە وچاودێرى پەيوەندييەكى نێوان

کۆمەڵگا وسروشت دەکات. هەرێمی پاڵنەرەکانی مرۆڤ، ورۆڵی چالاك وناچالاك کە ئەم پاڵنەرانە لە چوار چێوەی پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا لە ئەستۆی دەگرن. لەم روەوە دەروونناسی شیکردنەوەیی چاودێری هۆکارێك دەکات کە رۆڵی نابژیوانێکی جێدی لە نێوان بنەمای ئابووری وریزبەندی ئایدولۆژیاکان دەگێرێت. کەواتە دەروون ناسی شیکردنەوەیی کۆمەڵایەتی ئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێت کە بە باشی لە سەرخانی ئایدۆلۆژی بە گوێرەی ئەو پرۆسەیەی کە لە نێوان کۆمەڵگا وسروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە تێبگەین.

هەنووکە دەتوانین بە ئاسانی زانیارییە بە دەست هاتوەکان لە توێژینەوەکەمان سەبارەت بە شێواز و کاری دەروونناسی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی کورت بکەینەوە. شێوازەکە هەمان دەروونشیکاری کلاسیکی فرۆیدە کە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بە کارهاتووە. ئەم شێوازە خواستە دەروونییە هاوبەش وگونجاوە کۆمەڵایەتییەکان بە گوێرەی پرۆسەی پێکەوە گونجانی چالاك وناچالاکی وروژێنەرەکان لە گەڵ هەل‌ومەرجی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵگایە.

ئەرکی دەروون ناسی شیکردنەوەیی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم شیکردنەوەی هەوڵدانە لیبیدوییەکانی کۆمەڵگایە، واتە وەسف کردنی بونیادی لیبیدۆی کۆمەڵگا، شوێنی دەرکەوتنی ئەم بونیادە و کارکەی لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی. کەواتە یەکێك لە توخمە گرنگەکانی ئەم کارە تیورییەکە نیشان دەدات چۆن ئایدۆلۆژیاکان لە دەرئەنجامی کاری بەرانبەری ئورگانی دەروونی و هەل‌ومەرجی ئابووری _ کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن.

٩- دەروونشيكارى لە خزمەتى كاراكتەر ناسى وپەيوەندى لە گەڵ دەروونناسى كۆمەڵايەتى[١]

خاڵى دەستپێكى دەروونشيكارى لايەنە چارەسەرييەكەى بوو. پەشێوييە دەروونييەكان بە گوێرەى كونترۆڵ كردنى وزەى جينسى و گۆڕينى لە روانگەى خەسار ناسييەوە لە هەندێك لە نيشانەكانى نەخۆشيدا وەسف كرا، يان بەرگرييەك لە هەمبەر بيركردنەوە لێوانلێو لە ليبيدۆكان لە قەڵەم دەدرا كە نەيدەتوانى بكەوێتە نێو هەستى وشيارى تاكەوە. بەردەوامبوونى ليبيدۆ بەرگرى لە رێگەى سەركوت كردنەوە دەركەوتنى نيشانەى نەخۆشى، باڵى " ئاريادنى"[٢] لە

---

[١] ئەم وتارە يەكەمين جار لە ساڵى ١٩٣٢ لە بەڵاكراوەى Zeitschrift fur sozial for schung Hischfeld لە چاپ دراوە

[٢] Ariadneناوى كچێكە لە ميتۆلۆژى يۆنان كە پەتێكى دا بە خۆشەويستەكەى Therseusكە يەكێك لە پاڵەوانەكانى يۆنان بو تا بەو پەتە بتوانێت لە تونێلە پێچ وپلۆچەكانى كريت هەڵبێت.و.

توێژینــەوەیی شــیکردنەوەیی ســەرەتایی بــوو. بــارودۆخی کەســانی نــەخۆش- وزۆربــەیان بــە نیشــانەکانی نەخۆشــی جەســتەیی- کــە توێژینــەوەی شــیکردنەوەییان لــە ســەر دەکراپەیوەنــدییان هەیــە بــەو بەردەوامییە کە لە سەرەوە باسمان کرد.

بۆ ئەوەی دەروونشیکاری پەڕەی سەند وکامڵ بوو پرسیارێکی دیکە بۆ لێکۆڵینەوە خرایە روو: شوێنی دەر کەوتن وچەمکی هەندێك لە تایبەتمەندییە دەروونییەکان کە لە خەڵکی تەندروست ونەخۆشدا بەرچـاو دەکــەوێت کوێیــە وچــییە؟ وەك توێژینــەوە ســەرەتاییەکان، لێکۆڵینــەوە لــە ســەر ئــەم پرسیارەش دەیەویسـت لـە ریشــەی غــەریزە لیبیدۆییەکان پەردە هەڵماڵێت. بەلام هەنووکە بەردەوامییەکەی سەرەوە لە سەرکوت کردنەوە بۆ نیشانەی نەخۆشی بەردەوام نابێت، بەڵکوولە بالابوونــەوە[1] " یــان ریزبەنــدی پەرچــەکرداری[2]" بــۆ تایبەتمەنــدی رەوشت[3] بەردەوام دەبێت. ئەم توێژینەوانە سودمەندبوونی خۆیانیان لە تێگەیشتنی ئێمە لە کەسانی نەخۆش و تەندروست سەلماندوە، لەم رووەوە پرســی توێژینــەوە کــراو لــە دەروونناســی کۆمەلایەتیــدا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردوە.

بناغــەی گشــتی کاراکتــەر ناســی لــە رێگــای دەروونشــیکارییەوە ســـرنجدانە بــە هەنــدێك تایبەتمەنــدی وەك بــ لابوون وریزبەنــدی پەرچەکرداری و هەندێك پاڵنەری سێکسی لە واتایەکدا بە کار هاتووە کــە فرۆیــد پێــی داوە. ئــەم کۆپیکردنــە ژنتیکــە دیــاردەی دەروونــی لــە

---

[1] .Sublimation
[2] .Reaction formation
[3] . Character Trait

سەرچاوە لیبیدۆیی وئەزموونەکانی سەرەتای سەردەمی منداڵی بنەچەیەکی تایبەتی شیکردنەوەیە کە کاراکتەر ناسی لە ڕێگەی دەروونشیکارییەوە تێدا لە گەڵ تیوری خەمۆکی دەروونیدا هاوبەشە. بەلام لە حاڵێکدا تایبەتمەندییەکانی خەمۆکی دەروونی(یان کاراکتەری دەروون خەمۆك) دەرئەنجامی پێکەوە گونجانی نیوە وناچڵی غەریزەکان لە گەڵ راستی کۆمەلایەتییە، ئەگەر پالنەرە لیبیدۆییەکان لە گەڵ چۆنایەتی گونجاوی کۆمەلایەتی وتارادەیەك بەردەوام حالەتەکەیان گۆڕانی بەسەر دا بێت دەتوانین لە کارەکتەرێك بدوێن کە تووشی خەمۆکی دەروونی نەبووە. لە هەر حالەتێکدا دیاری کردنی جیاوازی نێوان کەسی هاوسەنگ ودەروون خەمۆك(ناهاوسەنگ) بە تەواوەتی لە گۆڕاندایە، و بە پلەی یەکەم گرێدراوی ڕادەی کەم وکۆڕی پێکەوە گونجانی کۆمەلایەتییە.

پێویستە بە بیری بهێنینەوە کە فرۆید پرسی بالابوونی بە پالنەرە جنسییەکانی" بەر لە زاوزێ [1]" گرێداوە. ئارەزۆ جنسییە دەمی، پاشی وسادیزمییەکان[2]. جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان ریزبەندی پەرچەکرداری وبالابوون ئەمەیە کە یەکەمینیان هەمیشە خۆڕاگری دەکات ولە بەر دەم پالنەری سەرکوتکراوکە هێزی لێوەر دەگیرێت

---

[1] .Pre- genital

[2] (Orel, Anal, Sadism) لەم رووە وە دەتوانین روانگەی فرۆید لە هەمبەر زانینی بالابوون خراپ وهەلە لێك بدەینەوە، بە هەمان شێوە لە Schler لە کێبەکەی خۆیدا ئاماژەی پێکردوە.

ڕێگرە، بەلاّم دوهەمینیان نوێنەری گۆڕانکارییەکی ڕاستە وخۆیە - " کانالیزە کردنی" پاڵنەرە غەریزییەکان.

یەکەم جار فرۆید لە کتێبی " سی وتار سەبارەت بە تیوری سێکسی " ئاماژەی بە ئارەزۆ پێش زاوزێییەکان کردوە. تیوری لەم بڕوایەوە دەست پێدەکات کە بەر لەوەی ئەندامی زاوزێ لە منداڵدا رۆڵی خۆی بە دەستەوە بگرێت، ناوچەکانی دەم وپاش-وەك ناوچەی وروژێنەری ئارەزۆ جنسییەکان-[1] سەنتەری هەندێك هەستی چێژبەخشن کە لە گەڵ ناوچەی ئەندامی زاوزێدا شیاوی بەراورد کردنە. لە سوڕی گەشە وکامڵبوونی منداڵدا، ئەم ناوچانەی وروژێنەری ئارەزۆ جنسییەکان بەشێك لە هێزی خۆیان دەدەنە ئەندامی زاوزێ ، بەلاّم بەشێکی کەم لە شێوەی ڕەسەنی خۆی یان بە شێوەی بلّندکراو(بالاّبوو) وریزبەندی پەرچەکرداری لە ناخی "خۆ"دا دەهێلّێتەوە.

بە گوێرەی ئەم لێکۆلّینانە سەبارەت بە ئارەزۆ جنسییە بەر لە زاوزێ کان، فرۆید لە سالّی ١٩٠٨وتارێکی کورتی بە ناوی "کاراکتەر وئارەزۆی سێکسی پاشی" بەلاّو کردەوە کە بوو بە بناغەی " کاراکتەرناسی لە ڕێگەی دەروونشیکارییەوە" . فرۆید لەم لێکولّینەوەوە دەست پێدەکات کە لە دەروونشیکاریدا بە بەر دەوامی ڕووبەڕوی کەسێك دەبێنەوە کە "خاوەن تێکەلاّوییەکی تایبەت لە کاراکتەرەکانە، هەندێك کاری جەستەیی وئەندامەکانی ئەم هۆکارە، شەیدای سەردەمی منداڵین".

[1] .Erogenous Zones

لە کەسانێکدا کە هەستی چێژ وەرگرتن لە بەتاڵ کردنی ریخۆڵە لە سەردەمی منداڵی ئەواندا رۆڵێکی سەرکی هەبووە، فرۆید سێ تایبەتمەندی کاراکتەر دەبینێت: گوێڕایەڵی، رەزیلی وخۆپەرەستی. ئەو زۆر لە سەر هاوسەنگی پارە وپیسایی کە لە کەسانی دەروون خەمۆك، ئەفسانەکان، خورافات، خەیاڵ و چیرۆکی فریشتەکاندا دەبینرێت، جەخت دەکاتەوە. لە سەر بنەمای توێژینەوەی بنەڕەتی فرۆید هەندێك لە دامەزرێنەرانی دەروونشیکاری لە کاراکتەر ناسی لە رێگەی دەروونشیکارییەوە بەشداریان کردوە[1].

بەڵام لە زۆربەی نوسینەکانی خۆیاندا خاڵێکیان روون نەکردوەتەوە، ئەم خاڵە بۆ تێگەیشتنی گەلێك پرس یارمەتیمان دەدات. مەبەستم جیاوازی نێوان ئامانجی جنسی وبابەتی جنسییە. یان جیاوازی نێوان" چێژی ئەندامی وپەیوەندی بابەتی[2]".

لە روانگەی فرۆیدەوە لە نێوان هەڵچوونە جنسییەکان وناوچەکانی پاڵنەری ئارەزۆ جنسییەکان پیوەندییەکی نزیك بوونی هەیە،[3] ئەو لەم

---

[1] نوسینە بەنرخەکەی Otto Fenichel بخوێنەوە

[2]. Orgon Pleasure And object relatoniship

[3] بە ئاسانی دەتوانین تێبگەین کە بۆچی فرۆید بۆ ناوچەی وروژێنەرەکانی ئارەزۆی جنسی رۆڵێکی ئەوەندە گرنگ دادەنێت. ئەم کارە نەتەنها دەرئەنجامی ئەزموونەکانی ئەوە، بەڵکوو لە گریمانە تیۆرییەکانی ئەو، کە روانگەیەکی میکانیکی ودەروونناسانەیان هەیە، سەرچاوە دەگرێت. ئەو گریمانانە کاریگەرییەکی جیدیان لە دروستبوونی دەروونشیکاریدا هەبوو. هەر باسێکی سودمەند سەبارەت بە تێزەکانی دەروونشیکاری بە رەخنەیەك لە رۆڵی سەرەکی پێدراو بە ناوچە وروژێنەرە جنسییەکانەوە دەست پێدەکات ئێمە لێرەدا رەخنە ناگرین، چوونکە ئامانجی ئێمە خستنەرووی دەستکەوتەکانی دەروونشیکارییە. بەلام بە هەر حاڵ ئەمە پرسێکی گرنگە.

بڕوایەدایە کە هەڵچوونە جنسییەکان بە وروژاندنی ئەم ناوچانە دەکەونە جوڵە. لە قۆناغی یەکەمی ژیان ناوچەی دەم وکارەکانی- مژین وقەپ گرتن- ناوەندی ئارەزۆی جنسییە. بەڵام دوای قۆناغی شیرخواردن ئەم ئارەزۆیە دەگوێزرێتەوە بۆ پاش وکارەکانی- بەتاڵ کردنی پیسایی یان ڕاگرتنی پیسایی، ولە تەمەنی ٣-٥ساڵی بە دواوە ئەندامی زاوزێ گرنگی خۆی بە دەست دەهێنێت. فرۆید ئەم یەکەمین بزیسکەی ئارەزۆی جنسی زاوزێیە بە "قۆناغی فالیك[1]" ناو دەبات چوونکە لە ڕوانگەی ئەوەوە لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە تەنها ئەندامی زاوزێ(یان بەشی دەرەوەی ئەندامی زاوزێی ژنانە[2]) کە لەم قۆناغەدا خاوەن گرنگییە، وهاوتەریب لە گەڵ ئەوە دا خواستی هەڵچوون وویرانگەری. دوای سەردەمێکی "خۆشاردنەوە" کە بە زۆری تا سەردەمی پێگەیشتن درێژەی دەبێت، ئارەزۆی جنسی زاوزێیی، لە گەڵ پێگەیشتنی جەستەییدا کامڵ دەبێت وڕاکێشانە جنسییە بەر لە زاوزێکان شوێنی خۆی بۆ ئارەزۆی جنسی زاوزێیی چۆڵ دەکات.[3]

دەبێ لە نێوان ئەم شەهوەتە جنسییە وپەیوەندی تاك لە گەڵ بابەتی مەبەستی ئەو جیاوازی دابنێن. دووهەمینیان خواستی تاك بەرەو خۆیان وکەسانی دیکەیە، بە دەربڕینێکی تر، هەست وسۆزەکان

---

[1].Phallic phase

[2]. Clitoris

[3] ئەم وتارەش وەك دوو وتارەکەی دیکە هی ساڵەکانی١٩٣٢و١٩٣٦ە ، کە لەم کتێبەدا هاتووە، لە ڕوانگەی قەبووڵکردنی تیوری لیبیدۆیی فرۆیدوە نوسراوە. لەم ڕووەوە لە گەڵ بۆچوونەکانی ئێستای من نایەتەوە. بەم حاڵەشەوە لە پارەگرافەکانی سەرەوەدا هەندێك ڕەخنە هاتووە کە بنەڕەتی پێداچوونەوەکانی منە لە تیوری کلاسیکدا.١٩٧٠.

وخواستەکان بەرەو جیهانی دەرەوە ئاراستە کراوان. ئەم پەیوەندییە بابەتییە، سوڕێکی کامڵ بوونی رێك وپێکیشی هەیە. لە روانگەی فرۆیدەوە منداڵی شیرە خۆرە شەیدای خۆیە(خۆپەرەستە) و تەنها لە دامرکاندنی پێداویستی وخواستەکانی خۆی دەگەرێت. لە سەرەتای سەردەمی شیرەخۆرییەوە قۆناغێکی دوهەم سەرهەڵدەدات کە تێدا خواستی سادیستیك و دوژمنکارانە لە هەمبەر شت وەك زیاد دەکات، هەر وەها ئەم خواستانە رۆڵێکی گرنگیان لە قۆناغی فالیکدا هەیە. تەنها بە فراوان بوونی ئارەزۆی جنسی زاوزێیی لە قۆناغی پێگەیشتندا خواستە ئەویندارى ودۆستانەکان دەکەونە پێش شت وئامانجەکانەوە.

ئەم پەیوەندییە بابەتییانە پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان لە گەڵ ناوچەکانی ورووژێنەری ئارەزۆی جنسی هەیە. کاتێك پەی بەم پەیوەندییە دەبرێت کە سرنج بدەینە ئەم راستییە کە پەیوەندییە بابەتییەکان سەرەتا لە پەیوەندی لە گەڵ ناوچەکانی ورووژێنەری ئارەزۆ جنسیدا فراوان دەبن و کوت وپڕ ولە ناکاو نین. نامەوێت ئەم پرسیارە بخەمە روو کە ئایا نزیکی ئەم پەیوەندییە باس کراوە بە راستی بە هەمان رادەیە کە لە نوسراوە دەروونشیکارییەکاندا دەبینرێت، یان نا؟ هەر وەها نامەوێت لە سەر رادەی فراوان بوون وکامڵبوونی پەیوەندییە بابەتییەکان بدوێم. تەنها دەبێ لە سەر گرنگی نێوان چێژی ئەندامی وپەیوەندی بابەتی جەخت بکەمەوە.

لە قۆناغی سەرەتایی ژیاندا پاڵنەرە سەرەکی جنسی، وروژاندنی دەمییە. منداڵ لە مژین چێژێکی زۆر دەبینێت، دواتر ئەم چێژە لە قەپ

گرتن ،جووتن، وبە دەمدا بردنی شتو ئارەزۆی قووتدانیش بە دەست دیتن لێکۆڵینەوەی تازەتر نیشانی داوە کە ئەم کارانە قەت نیشانەی برسێتی نین، بەڵکوو چالاکییەکانی مژین، قەپ گرتن، وقووتدان خۆیان چێژبەخشن. دەتوانین لەم نیشانانە بە مژینی پەنجەی گەورەی دەست، جووتنی نینۆك، ماچ کردن وجگەرەکێشان ئاماژە بکەین.

بۆ ئەوەی وروژاندنی دەمی لە شێوە رەسەنەکەی خۆیدا نامێنێتەوە ویا خود هەندێك پاڵنەری دیکەی جنسی شوێنەکەی دەگرنەوە، لەم رووەوە ئەم وروژاندنە بە شێوەی بڵند بوون یان ریزبەندی پەرچەکرداری دەردەکەوێت. لێرەدا نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بڵند بوونە دەهێنمەوە: گواستنەوەی چێژی مژین بۆ هەرێمی عەقڵ. زانست شوێنی شیری دایك دەگرێتەوە،(لە زمانی ئینگلیزیدا) ئەم پەندەمان هەیە:" مژین لە مەمکی عەقڵ". ئەم هاوسەنگییە سەمبۆلیکەی خواردنەوە و وەرگرتن لە رێگەی عەقڵەوە لە زمان وچیرۆکی فریشتەکانی نێو کولتووورە جۆراوجۆرەکان وخەون ، لە گەڕانەوەی نەخۆشەکانی دەروونشیکاریدا بەر چاو دەکەوێت.

ریزبەندی پەرچەکرداری دەتوانێ بڵند نەبوو بمێنێتەوە(واتە بڵند نەبێت) وەك خۆدور گرتن لە خواردن، رێگرتن لە فێر بوون، کار کردن یان وردبینی.

پەیوەندییە بابەتییەکان کە لە قۆناغی سەرەتای ژیانی منداڵیدا دەردەکەون زۆر ئاڵۆزن. لە سەرەتادا منداڵ لە رادەبەدەر خۆپەرەستە.- ئەم توندییە لە ٣ مانگی سەرەتای ژیاندا زیاترە، وردە وردە میهرەبانیو خواستی دۆستانە سەبارەت بە شتەکان هاوتەریب لەگەڵ

خۆپەرستیدا پەرەدەسێنێت[1]. شێوازی منداڵ سەبارەت بەدایك (یان جێگری دایك) دۆستانەو دلۆڤانانە، منداڵ چاوەڕوانی خۆشەویستی وپشتیوانییە. دایك ژیانی ئەو گەرەنتی دەكاتو خۆشەویستی ئەو (دایك) هەستی بە ئاسایش دەخولقێنێت. بەدڵنیاییەوە دایك لەپێوانەیەكی فراواندا ئامرازی دامركانی پێداویستییەكانی منداڵەو میهرەبانی منداڵ تێكەڵاوێكە لەداخوازیو وەرگرتن نەك پێدان. سەرەڕای ئەمەش ئامارژەكانی میهرەبانی منداڵو بایەخدانی بەشتەكانی دیكە لەقۆناغی سەرەتای ژیاندا گرنگن[2].

پەیوەندییە بابەتییەكانی منداڵ وردەوردە گۆڕانكارییان بەسەردا دێت. داخوازییەكانی هاوتەریب لەگەڵ گەشەی جەستەیی زیاد دەبێت. هەر بەم بۆنەیەوە بە بۆنەی هەندێك هۆكاری دیكەی ژینگەی، ئەو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە نێو جیهانی دەوربەری خۆیدا ڕووبەڕووی شكست دەبێتەوە. منداڵ لەبەرامبەر ئەم شكستانە بەتوڕەییەوە پەرچەكردار نیشاندەدات و گەشەی جەستەیی ئەو هەل ومەرجێك دەخولقێنێت تا ئەم پەرچەكردانە ئاسان بكات. هاوتەریب و لەباتی هەڵوێستی دۆستانە سەبارەت بە شتەكانی دیكە، هەستی دوژمنكارانەی ڕوو لەزیادبوون دێتە ئاراوە. منداڵ كە خۆی بە هێزتر دەبینێت لەبەرامبەر شكستەكان

---

[1] لەنوسراوە دەروون شیكارییەكاندا پشت بە خواستی خۆپەرستی منداڵ بەستراوە، بەڵام بە شێوازی دۆستانەی ئەو بایەخ نەدراوە، لێرەدا ناكەومە نێو ئەم پرسە گرنگەوە تەنها بە هەبوونی ئەم نیشانەی هاورێیەتی لەگەڵ خواستی نەفرەتو سادیستك ئامارژە دەكەم.

[2] ئاشكرایە كە لەپرۆسەی كامڵبوونی مرۆڤدا دەتوانین لەزیادبوونو كەمبوونەوەی خواستە جۆراوجۆرەكان بدوێین، نەك گۆڕانكاری ڕێكوپێكی بونیادە جۆراوجۆرەكان.

تورە دەبێت و ئیدی بڕوا بە دامرکاندنی میهرەبانەی خواستەکانی خۆی ناکات، ئەو داخوازیانەی کە هێشتا چۆنایەتی زارەکییان (دەمی) هەیە. ئیدی چاوەڕوانی دامرکاندنێکی وەها ناکات، بەڵکو هەوڵدەدات ئەوەی لێی بیٚ بەشکراوە بە زۆر بەدەستی بهێنێتەوە. دەم و ددان دەبنە چەکی ئە وو خواستێکی توندوتیژئامێز پەیدا دەکاتو بە چاوی دوژمنایەتی سەیری شتەکان دەکات، دەیەوێت هێرش بکاتە سەریان و تێك وپێکیان بدات. ناکۆکیوپاڵنەرە سادیستکەکانی دەستدرێژی، شوێنی هاوئاهەنگی رێژەیی کە نیشاندەری پەیوەندی منداڵ لەگەڵ ژینگە بوو، دەگرێتەوە.

کەواتە کۆی ئەوەی لەسەرەوە باسکرا ئاماژەکانی هەڵسوکەوتی دەمی کەسانی پێگەیشتووە. لەلایەکەوە خواستی، متمانەو دۆستی لەگەڵ کەسانی دیکە، ئارەزووی میهرەبانی، خۆشەویستیو نازپەروەردەییو، لەلایەکی ترەوە هەڵچوونو توندوتیژی.

((ئابراهام)) هەڵوێستی جیاوازی لەکاراکتەر ناسی منداڵ بەدەستهێناوە. لە یەکەمین هەڵوێستدا دامرکاندنی دەمی منداڵ دابینکراوە و هیچ گیروگرفتێکی تێدا نەبووە. لەهەڵوێستی دووهەمدا ئەم دامرکاندنە تووشی گیروگرفت و شکست بووە. واتە لە شیر وەرگرتنی کتوپڕ، یان بەگوێرەی پەیوەندییە بابەتییەکان، تەنها میهرەبانی لەلایەن دایك یان جێگرەکەی. ئەوانەی کە بە هەڵوێستی یەکەمی منداڵی گرێدراون، بەزۆری لەو بڕوایەدان کە دەبیٚ هەمیشە هەلومەرج بەدڵیان بێت. هەمیشە بەگەشبینییەکی سەقامگیرەوە رووبەرووی ژیان دەبنەوە، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی بگەنە ئامانجە

کرداریيەکانی خۆیان. بەلام بۆ ئەوانیش ئەگەری شکست بوونی هەیە. زۆربەی خەڵکی ئەم چینە دەیانەوێت رووبەرووی خەڵکی باش‌و میهرەبان ببنەوە، بەدەربڕێنێکی دیکە جێگیرێك بۆ دایك، تا تێکڕای پێداویستییەکانی ژیان لەئەوەوە بەدەستبهێنین, ئەم گەشبینیی‌و ئومێدە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چالاك نەبن. لەم چینەدا خەڵکێکی نازپەروەردە لەمنداڵیدا دەبینرێن، کە هەڵس‌وکەوتەکانیان نیشاندەدات دەیانەوێت هەمیشە لەسینگی دایك شت بخۆن‌و هەرگیز خۆیان هەوڵنادەن‌و، لەگەلێك نموونەدا هەوڵدانی تایبەتی بەعەیب دەزانن.

لەخەڵکی چینی گرێدراوی هەڵوێستی یەکەم بەزۆری نیشانەی جوامێری‌و گەورەیی بەدیدەکرێت. ئامانج‌و ئیدەئاڵی ئەوان دایکە کە فیداکاریی دەکات‌و هەمیشە بەم ئامانجەوە دەژین.

ئەو کەسانەی کە گرێدراوی هەڵوێستی دووهەمن بە قووڵی گیرۆدەی پەشێوی زەینی دەبن. لەقۆناغەکانی دواتری ژیاندا نیشانەی دزی یان دادۆشینی خەڵکی دیکەیان تێدا دەبینرێت. ئەم گروپە خەڵکە هەمیشە ((دەمیان)) ئامادەیە تا هەرچییەکیان بینی هەڵیلووشن. ئەگەر کاراکتەری ئەوان سادیزمیشی تێدا بێت دەبنە ئاژەڵێك کە دەیەوێت نێچرەکەی پارچە پارچە بکات.

ئەوان هەمیشە لەهەڵس‌وکەوتی کۆمەلایەتیدا داخوازی شت دەکەن، یان بەداواکاری یان بە زۆرەملی. شێوازی داواکردنیان حاڵەتی دۆشینی هەیە. راستی‌و ناڕەزایەتییەکان پەشیمانیان ناکاتەوە. بەپێچەوانەوە پێداگری خۆیان بەردەوام دەکەن. وەك گەنە بەکەسانی دیکەوە دەنوسێن. حەز لەتەنیایی ناکەن‌و بەرامبەری پەرچەکردار

نیشاندەدەن، هەرچەند تانیاییەکەیان بۆماوەیەکی کورتیش بێت. ناشوکری‌و بیٚ سەبری لەم گروپەدا ئاشکرایە. لەهەندێکیاندا ئەم تایبەتمەندیانە توندترە. هەڵس‌وکەوتیان لەگەڵ خەڵك وەك هەڵس‌وکەوتی رۆح پیسەکانە[1](ارواح خبیثة).

ئەو خەڵکانەی کە لەگروپی یەکەمدا جیدەگرن، خەڵکی شەریف، شەرمن، قسە خۆش ، کۆمەڵایەتی‌وخۆشحاڵن. هەڵس‌وکەوتی گروپی دووهەم دوژمنکارانەیە و تانە وتەشەری تێدایە. ئەگەر داخوازییەکانیان دابین نەبێت تورە دەبن و بەئەوانەی کە بارودۆخیان باشترە ئێرەیی دەبەن. راستییەکی دیکە کە لەلایەن ئابراهامەوە، بایەخی پێدراوە لەروانگەی کۆمەڵناسانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە: ئەو کەسانەی کە خاوەن کاراکتەری دەمین، بۆ قبووڵکردنی بابەتی تازە ئامادەن، بەڵام ئەوانەی کە کاراکتەری پاشییان هەیە محافیزەکارن و دژایەتی هەموو جۆرە داهێنانێك دەکەن.

رۆڵی‌و وروژاندنی پاشی(کۆم) دوای سەردەمی وروژاندنی دەمی دەستپێدەکات. لەهەمان سەرەتاوە بەتاڵکردنی ئازادانەی پیسایی جەستەی منداڵ لەگەڵ وروژندانی کۆمدایە. هەروەها پیسایی بەتاڵبوو- دەرکەوتنیان، بۆنەکەیان، بەرکەوتنی لەگەڵ سیفۆنی W.C و بەدەستەوەگرتنی. سەرچاوەی بەهێزی هەستپێکردنی چێژە. منداڵ شانازی بە پیسایی خۆی دەکات، ئەوە یەکەمین خاوەنداریێتی‌و یەکەمین نیشانەی بەرهەمهێنەربوونی ئەوە.

---

[1] لەنوسینی ئابرهام.

بەفێركردنی چۆنیەتی بەكارهێنانی W.C كە پێویستی بە كامڵبوون و كۆنترۆڵی كاری میزڵدان و، ماسولكە خڕەكانی شوێنی دانیشتن هەیە، گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی لەمنداڵدا پێكدێت. كە منداڵ خۆی لەگەڵ ناچارییە تازەكانی پەروەردە بگونجێنێت، و فێر بوو كە چۆن پیسایی خۆی رابگرێت و لەكاتی پێویستدا بەتاڵی بكات، راگرتنی پیسایی و پرۆسە فیزیۆلۆژیكییەكانی دەبنە سەرچاوەی تازەی چێژ. خۆشەویستی سەرەتایی منداڵ بۆ پیسایی شوێنی خۆی دەداتە نەفرەت، بەڵام هەست بە لەخۆبایی بوونی سەرەتایی بۆ پیسایی زیادیكردوەو دەبێتە شانازی سەبارەت بە بەتاڵكردن لەكاتی گونجاودا.

بەشێك پاڵنەرە پاشیەكانیش (كۆمییەكان)، وەك پاڵنەرە دەمییەكان، تا سەردەمی پێگەیشتن دەمێنێتەوە. دەتوانین ئەم راستییە بەو پەرچەكردارە توندانەی كە زۆربەی خەڵك بەبێ حورمەتی یان گاڵتە سەبارەت بە (كۆم) نیشانی دەدەن، ببینین. كاریگەری ورووژێنەرە پاشییەكانی سەرەتا لە كەسانێك كە حەز لەپیسایی خۆیان دەكەن و لەكاتی هەر جۆرە پاساودانێكدا دەردەكەوێت دەبینرێن. بەڵام بەشێوەی ئاسایی بەشێكی سەرەكی لەئارەزووی جنسی پاشی لە گەڵ بڵندبوون و ریزبەندی پەرچەكرداری تێكەڵ دەبێت.

كامڵبوونی جنسی ئارەزووی پاش منداڵ لەدوولایەندا بەرهەمدێت:

١. لەبەردەوامی كارە سەرەتاییەكان كە هەست بەخۆشی یان نەبوونی توانای راگرتن، كۆكردنەوە یان بەرهەمیهێنانی لێدەكەوێتەوە و، یان گرنگتر لەوە جێبەجێكردنی دیسپیلین، كات ناسی ورەزیلی لێدەكەوێتەوە.

٢. لەبەردەوامی خۆشەویستی سەرەتایی بۆ پیسایی کە دەرکەوتنی خۆشەویستی مولْکدارێتییە. بەتایبەتی هەست بە ئەرك و بەرپرسیارێتی لەم قۆناغەدا فراوان دەبێت.

پەیوەندی بابەتی گرێدراوی قۆناغی پاشی، لە ناکۆکی روو لە زیادبوون لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا دیاری دەبێت. هەنووکە بۆ یەکەمین جار منداڵ لەرێگەی پێویستییەکانەوە رووبەڕووی ژینگە دەبێتەوە، ئەو پێویستییانەی کە بەدەستخۆشی لێکردن یان سزادان ناچاردەبێت ئەنجامی بدات. کاتیك دایك داوای ئەنجامدانی کارێك لەمنداڵ دەکات، ئیدی ئەو بوونەوەرە باش و فیداکارە نییە کە خۆشی و متمانەی پێ دەبەخشێت. بەڵکو کەسێکە کە رێگردەبێت و سزا دەدات. منداڵ بەگوێرەی خواستی دایکی پەرچەکردار نیشان دەدات، بەڵام لەخۆپەرستبوونی خۆیدا پێداگری دەکات: کەمتەرخەمی. لەهەمان حاڵدا زیادبوونێکی ئاشکرا لەخۆپەرستی و سادیستکی دوژمنکارانە لەبەرامبەر کەسانی دیکە بەرچاو دەکەوێت. دیسان توڕەیی منداڵ بەنیشانەی بەرگری لەدەستدرێژی بۆ هەرێمی ژیانی ئەو یەکێکی دیکەیە لەئاماژەکانی خۆپەرستی.

بالابوون و ریزبەندییە پەرچەکردارییەکانی وروژانە پاشییەکان و، بەردەوامبوونی پەیوەندییە بابەتییەکان کە لەم قۆناغەدا تێکەڵ بەیەکدەبن تا تایبەتمەندی کاراکتەرێك کە لە نوسراوە دەروونشیکارییەکاندا نیشانەی تەندروستبوون یان نەخۆش ئاسا وەسفکراوە، دروست بکەن. لێرەدا ئاماژە بە چەند نیشانەیەك دەکەم کە لەدەروونناسیدا گرنگن.

پێشتر یەکەمین دۆزینەوەکانی کاراکتەرناسی فرۆیدم باسکرد: خۆشویستنی دیسپلین کە جێبەجێکردنی یاسا تیورییەکانی لێدەکەوێتەوە، خەرجنەکردن کە لەرژدو تەماع نزیك دەبێتەوەو خۆپەرستی کە تا ئاستی بێ شەرمی پێشدەکەوێت. هەندێك لە دامەزرێنەرانی دەروونشیکاری، بەتایبەت جونز و ئابراهام، گەلێك تایبەتمەندی دیکەیان بەم نیشانانە زیاد کردووە. ئابراهام بە چەندین شێوازی قەرەبووکردنەوە و نەرمکردن و سەرپێچی سەرەتای ئاماژە دەکات:

((بەو قەرەبوو کردنانە پاراستنی یاخیگەرانەی خۆپەرستی دەشاردرێتەوە، بەلام هەندێك جار ئەم پەردەیە ل ادەچێت, بیر لە هەندێك لە منداڵان و کەسانی پێگەیشتوو دەکەمەوە کە چاکە، راستگۆیی، گوێڕایەڵییەکی تایبەت لەخۆیان نیشاندەدەن، بەلام لەوپەڕی ئەم چۆنایەتییە باش‌و گونجاوانە، خرۆشان و یاخی بوون شاراوەیە، کە لە سەرەتای ژیاندا سەرکوتکرابوو))[1].

ئەم گروپە لە خەڵك شەیدای ئەوەن شانازی بە خۆ بکەن ووەك دیکتاتۆر هەڵس‌وکەوت بکەن و بەگوتەی ((سادجر)) لەوبڕوایەدان کە ((جگە لەمن کەس بەکەڵك نایەت))ماوەیەك لەو خاوەندارێتییە چێژ وەردەگرن کە کەسانی دیکە لەو شتانەیان نەبێت کە ئەوان هەیانە. ئەوان هەموو شتێکی ژیان بە چاوی موڵك و دارایی خۆیان سەیر دەکەن و هەموو شتێك لە دەستدرێژی دەرەکی کە پارێزراو و ((تایبەتییە))

---

[1] لەکتێبی ئابراهام.

دەپارێزن. ئەم شێوازە تەنها سەبارەت بە پارە و دارایی راست نییە، بەڵکو تاك، هەستەکان، بیرەوەری و ئەزموونەکانیش لەخۆدەگرێت. هێزی خواستی لیبیدۆیی شاراوە کە گرێدراوی خولقێنەری دارایی یان چوارچێوەیە دەتوانین بەرادەی ئەو توڕەییە کە لە ئەنجامی دەستدرێژی بۆ ژیانی تایبەتی ئەوان (ئازادی) دەردەکەوێت. هەڵبسەنگێنین.

لەم بارەیەشەوە نیشانەیەك هەیە کە ئابراهام ئاماژەی پێکردووە:

هەستیاریی کەسی خاوەن کاراکتەری پاشی لەبەرامبەر هەر دەستدرێژییەکی دەرەکی: نابێ کەس ((دەست وەربداتە کارەکانیان)).

لەم پەیوەندییەدا، ئاماژەیەکی دیکە بوونی هەیە کە سەرنجی جۆنزی راکێشاوە: جێبەجێکردنی بەرنامەی خواردنی دەستکرد و سەپاندنی بەسەر کەسەکانی دیکەدا[1]. ئەم گروپە لەخەڵك لەبەرامبەر دارشتنی بەرنامەی راقی یان کاتی خۆشحاڵی نیشاندەدەن. گرنگترین بابەت (کە ئابراهام جەختی لەسەر دەکاتەوە) ئەمەیە کە خاوەن کاراکتەری پاشی بەشێوەیەکی ناوشیار کاری پاش وەك چالاکییەکی بەرهەمهێنەری گرنگ و باڵاتر لەکاری ئۆرگانیی زاوزێی لە قەڵەم دەدات.

---

[1] دایکێك بەزمانێکی وردو رێكوپێك بۆ کچەکەی دەنوسێت: بۆ نموونە بەرنامەی بەیانی بەم شێوەیەیە:

أ- هەستان لەجێگەی نوستن.

ب- رۆیشتن بۆ W.C.

ج- شوشتنی دەمو چاو..... هەندێك جار دێتەر بەر دەرگای ژووری کچەکەو پێی دەڵێ ((لەکوێی بەرنامەکەدایت، وا چاوەروان دەکات کچە بچوکەکە بڵێ ((بەشی نۆهەم یان پانزەهەم جێبەجێدەکەم)) بەم شێوەیە دایك زۆر بەتوندی جێبەجێکردنی بەرنامەی رۆژانەی کچەکەی کۆنترۆڵ دەکات)).

پارە پەیداکردن، سامان پێکەوەنان، کۆکردنەوەی زانیاری پارچەپارچە (هەر چەپکێك لەیالێك –وەرگێڕ–) بەبێ ئەوەی بۆ باشترکردنی بەرهەمهێنەر کاری پێبکرێت –تێکڕای ئەمانە نیشاندەری ئەو شێوازەیە–[1].

ئابراهام سەبارەت بە سامان پێکەوەنانی ئەم گروپە لەخەڵك دەڵێ:

((لەهەندێك نموونەی ریزبەندی کاراکتەری پاشی بەزۆری تێکڕای پەیوەندییەکانی ژیان وەك دەست پێوەگرتن و بەخشین لەقەڵەم دەدرێت، واتە بەگوێرەی سامان. قسەی نەستەقی ئەوان ئەمەیە: ((کەسێك کە شتێکم دەداتێ دۆستی منەو ئەوەی شتێکم لێدەخوازێت دوژمنی منە)). پەیوەندی خۆشەویستی ئەوان لەگەڵ ئەوانەی سەرەوەدا جیاوازییەکی ئەو تۆی نییە. لە کەسانی خاوەن کاراکتەری کۆمیدا پێداویستی و دامرکاندنی ئارەزووی سێکسی یان لە ئاستێکی بەرزدایە یاخود لە ئاستێکی نزم. رێژەکەی گرێدراوی بیانووی ئاکاری یان دڵەڕاوکێکانە. خۆشەویستی لەم جۆرە کەسانەدا شێوەیەکی تایبەتی هەیە. ژن خۆشەویست نییە بەڵکو ((دارایییە)). هەستی سۆزدارییان

---

[1] ئەم گروپە لەخەڵك پارە بەخشین و هەدیە دانانیان پێخۆشە. گەلێك لەوانە رۆڵی خێرخواز دەگێڕن، بەڵام لیبیدۆی ئەوان کەم تا زۆرلە ئامانجەکانیان دوورە، لەم رووەوە کارەکەیان بەرهەمهێنەر نییە. بەدڵنیاییەوە ئەمانە بێ سەبرو توانانین – کە نیشانەی هاوبەشی کەسانی خاوەن کاراکتەری پاشییە– بەڵام لەکارە نا بەرهەمهێنەرەکاندا بەکاریدێنن. بۆ نموونە رەنگە بەپێداگری رێکخراوی نابەرهەمهێن دروست بکەن. ئەگەر لەئەنجامی رووداوێکی ناخۆشدا تێکڕای قازانجەکەیان لەناو بچێت بەو دیسپلینە دڵ خۆشدەبن کە لەنێو رێکخراوەکەدا دروستیان کردووە.

سەبارەت بە خۆشەویست وەك ئەو هەستەیە کە سەبارەت بە داراییەکانی دیکەی خۆیان هەیانە، واتە دەیانەوێت زیاتر خاوەنی کەسی خۆشەویستی خۆیان بن.

خواستی یەکەم (موڵکدارێتی تا ئەو پەڕی توانا) لەکەسێکدا بەرچاو دەکەوێت کە خاوەن تواناى خۆشویستنی تەواوە (کامڵە). بەڵام خۆشەویستییەکەی جۆرێکی دیکە لەشەهوەت وروژاندنە، یەکێك لەنەخۆشەکانی من ئەم خواستەی تێدا بوو. جانتایەکی هەبوو کە تێکڕای بیرەوەرییەکانی چاوپێکەوتنەکانی ژیانی تێدا دەپاراست. ژمارەشیان زۆر بوو: بەرنامەکانی شانۆ، بلیتی بەکارهاتوو، نامەو....هتد. خواستی دووهەم ((خاوەندارێتی لەئەوپەڕی ئاستی توانا)) لەکەسێکدا دەبینرێت کە زۆر (غیرەتییە)و چاوەڕوانی وەفادارییە.

لە گەڵ ئەم خواستەدا، ئەو کەسانەی کە خاوەن کاراکتەری پاشین زۆر حەسوودن، هێزی خۆیان بۆ چالاکی بەرهەمهێن بەکارناهێنن، بەڵکو بۆ حەسوودی بە کەسانی دیکە بەکاری دێنن و لەسەرووی هەموویانەوە حەسوودی بە دارایی خەڵك دەبەن. ئەم کاراکتەرە ئیمە بۆ یەکێکی دیکە لەتایبەتبەنمەندییەکانی دیکەی پاشی رێنوێنی دەکات کە لە روانگەی کلینکیو کۆمەڵایەتییەوە زۆر گرنگە: پەیوەندی تایبەتی ئەوان لەگەڵ پارە، زیاتر لەوانە رەزیلی چاوچنۆکی. ئەم

تایبەتمەندییە تایبەتە بە ئەزموونە دەروون شیکارییەکان کە سەلمێندراوەو لەکتێبو نوسراوەکای گرێدراوی ئەم بابەتەدا هاتووە[1].

[1] لێرەدا هەندێك لەگوتەکانی ئابراهام دەهێنمەوە: لەهەندێك نموونەدا پەیوەندی نێوان راگرتنی پیسایی‌و رەزیلی سیستەماتیك زۆر بەرچاوە. بانکدارییەکی دەوڵەمەند دەناسم کە هەمیشە منداڵەکانی ناچاردەکات تا دەتوانن پیسایی خۆیان رابگرن تا لەو خواردنەی کە خواردوویانە زیاتر بچێتە نێو جەستەیانەوە.

هەروەها ئەم خاڵە جێگای سەرنجە کە گەلێك لەو کەسانەی گیرۆدەی خەمۆکی دەروونین رەزیلی خۆیان بەجۆرێکی تایبەت لەخەرجکردن سنوردار دەکەنەوەو، لەنموونەکانی دیکەدا دەستکراوەن. بۆ نموونە هەندێك نەخۆش هەن کە پارە بۆ کاڵای نابەردەوام خەرج ناکەن. سەیری کۆنسێرت یان سەفرە پێویستی بەخەرجکردنی پارە هەیە بەڵام لەبەرانبەردا نابینە خاوەن شتێك. کەسێك دەناسم کە هەر بەم بۆنەیەوە نەدەچووە ئوپرا بەڵام لەکڕینی شریتی مۆزیك درێخی نەدەکرد، چونکە شریت کاڵایەکی هەمیشەییە. هەندێك لەوانەی دەروون خەمۆکن لەخەرجکردنی پارە بۆ خۆراك خۆ دووردەگرن چونکە خواردن کاڵایەك نییە بمێنێتەوە. هەندێکی دیکە بە پێچەوانەوە بە ئاسانی بۆ خۆراك پارە خەرجدەکەن. ئەم کەسانە گرنگی بە پاراستنی جەستەو کێشی خۆیان دەدەن‌و حەزدەکەن بزانن لەوەی کە دەیخۆن چەندە وەك دارایی بۆیان دەمێنێتەوە. ئاشکرایە کە ئەمانە ناوەڕۆکی جەستە لەگەڵ پارەدا بەهاوسەنگ دەزانن.

لەهەندێك نموونەدا رەزیلی ئەم گروپە لەخەڵك تێکڕای شێوازەکانی ژیان لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەك کە سەبارەت بە کەمترین رووبەڕوو بوونەوەی مادی نارەحەت‌و تورە دەبن. کەسێك دەناسم کە لەماڵدا دوگمەکانی پانتۆڵەکەی نەدەبەست تا شوێنی دوگمەکان کەمتر خراپ ببێت. دەتوانین بڵێین کە هەندێك پاڵنەری دیکەش بوونیان هەیە کە لەبن پەرەی کاراکتەری پاشیدا شاردراونەتەوە.

لەگەڵێك نەخۆشیدا جۆرێکی تایبەت لە رەزیل بوونی هەیە: لەW.C دا زۆر دەسماڵ (کلینیکس) بەکارناهێنن. لەم نموونەیەدا هۆکاری سەرەکی خۆ دوورگرتنە لەپیسکردنی شتێکی پاك.

(٢)

ڕەزیلیو ڕەق تەنها بە پارە یان بەها پارەییەکان سنوردار نابێتەوە. کاتو وزەش دەکەوێتە نێو ئەم شێوازەوە، ئەم کەسانە نایانەوێت بەفیڕۆی بدەن[1]. لەجێگای خۆیدایە ئەگەر بەبیرتان بهێنمەوە کە خواستە پاشییەکان بیانووهێنانەوەی زۆر لەخۆدەگرێتو هەڵبەت تێبینییە ئابوورییەکان لەپلەی یەکەمی گرنگیدایە.هەروەها هاوتەریب لەگەڵ حەزی زۆر بۆ پاكوخاوێنی، ڕەزیلی، دیسپلینو کاتناسی، بەجاران روبەروی دەرکەوتنی کتوپڕی تایبەتمەندی دژیش دەبینەوە کە بەڕیزبەندی پەرچەکرداری شاردراوەتەوە. بە بۆنەی گرێدراوی ئەم بابەتە لەگەڵ دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەبێ بە پێداویستی تایبەتی کاراکتەری پاش بەنزیکیو (هاوسەنگی گونجاو) کە ئابراهم ئاماژەی پێکردووە، بایەخبدەین.

ئارەزووی **سێکسی زاوزێیی** لەبنەڕەتدا تایبەتمەندییەکی جیاوازی لەلایەن ریزبەندی کاراکتەر لەگەڵ ئارەزووە جنیسیە دەمیو پاشییەکان هەیە. لەحاڵێکدا لەئارەزووەکانی دوایی تەنها ڕێژەیەکی کەم لەشێوەی ڕەسەنو ڕاستەوخۆ دوای سەردەمی منداڵی دەمێنێتەوەو بەشی زۆری لەبڵندبوونو ریزبەندی پەرچەکرداری لەقۆناغەکانی دیکەی ژیاندا بەکاردێت. ئارەزووی جنسی زاوزێیی بەپلەی یەکەم لەڕێگەی بەتاڵکردنی ڕاستەوخۆی جەستەییەوە کاردەکات. بەهەمان

---

[1] زۆربەی کەسانی دەروون خەمۆك بەتوندی نیگەرانیی بەفیڕۆچوونی کاتن. لەڕوانگەی ئەوانەوە تەنها کاتێك کە بۆ کارتەرخانکراوە بەنرخە. هەر وەستانێك لەکاردا پەرێشانیان دەکات. لەناچالاکبوونو سەیران بێزارن. فرنجی بەناوی ((دەروون خەمۆکەکانی یەك شەممە)) ناویان دەبات. ئەم نەخۆشانە لەکارە بچووکەکاندا کات بەفیڕۆ نادەن و لەکارە گرنگەکاندا بەفیڕۆی دەدەن.

ئەندازە کە وەسفکردنی ئامانجی جنسی ئارەزووی زاوزێی ئاسانە، پێناسەکردنی ئاماژەکانی کاراکتەری زاوزێیی دژوارە. بەدڵنیاییەوە ئەمە راستە کە پەیوەندی بابەتی گرێدراوی ئارەزووی جنسی زاوزێیی، هاوڕێیەتیو رزگاری رێژەییە لەدوو پێوەرە بوون. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە پەیوەندی جنسی ئاسایی لەلایەنی دەروونییەوە بەناچاری خواستی دەروونی خۆشەویستی بەیان ناکات. لەروانگەی دەروونناسییەوە ئەو پەیوەندییە رەنگە لەشێوەی خۆپەرستی یان سادیستێکدا تاقیبکرێتەوە.

لەلایەنی کاراکتەناسییەوە، لەریزبەندی بڵندبوونەکانی ئارەزووی جنسی زاوزێ، دروستبوونی ویستی یەکەمین ریزبەندی پەرچەکرداری گرنگە. سەبارەت بە بڵندبوونەکان لەو بڕوایەدام کە دەبێ لە نێوان ئارەزووە جنسییەکانی ژنو پیاودا جیاوازی دابنێین (بەڵام نابێ لە بیرمان بچێت کە هەموو کەسێك خاوەن هەردوو پاڵنەری نێرو مێیە)[1].

زانیاری ئێمە سەبارەت بە بڵندبوونی ئارەزووە جنسییەکانی ژنو پیاو زۆر کەمە. رەنگە پێشبینی بکەین کە ئاەزووی جنسی نێر زیاتر بەرەو هەوڵدانی فیکری دەڕواتو سەنتێرو ئارەزووەی جنسی مێ بەرەو وەك یەکی، پشتیوانی، بەرهەمهێنان، خۆشەویستی بێ مەرجی دایکانە ئاڕاستە دەبێت.

ئێمە بەکورتی بیلانچۆیەکمان لەتیۆری دەروون شیکاری سەبارەت بە فراوانبوونو کامڵبوونی ئارەزووی جنسیو پەیوەندییە بابەتییەکان

---

[1] (٣ وتار سەبارەت بە ئارەزووە جنسییەکان) لەنوسینی فرۆید بخوێنەوە.

نیشاندا. بەڵام ئەوەی خرایە روو کەموکورتو لەزۆر لایەنەوە گریمانەییە. توێژنەوەی شیکردنەوەیی زیاتر دەبێ هەندێك خاڵی گرنگ چاك بکاتەوەو زانیاری زیاتریشی پێ زیاد بکات. بەهەر حاڵ بیلانچۆی نیشاندراو خاڵێکی دەستپێکە وئەو دەرفەتەمان بۆ دەرەخسێنێت کە بنەڕەتی غەریزی تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری بناسینو لەچۆنیەتی **کامڵبوونی** کاراکتەر تێبگەین.

ئەم کامڵبوونە بە دوو هۆکار، مەرجی (شەرتی)کراوە کە هەر کامەیان لە ئاراستەیەکی جیاوازدا کاردەکەن. هۆکاری یەکەم پێگەیشتنی جنسی تاکە کە مەبەست لێی گەشەی ئارەزووی جنسی زاوزێیی و کەمبوونەوەی رۆڵی فیزیۆلۆژیکی ئارەزووە دەمیو پاشییەکانە، هەروەها ئەم هۆکارە بەواتای پێگەیشتنی تێکڕای کەسایەتیو کەمبوونەوەی گرێدراویو دابینکردنی دەرفەتی کامڵبوونو فراوانبوونی هاوڕێیەتیو خۆشەویستیو میهرەبانی لەهەمبەر کەسانی دیکەیە. هۆکاری دووهەم کە لەپرۆسەی کامڵبووندا بەشدارە، هۆکاری دەرەکییە، کە تێکەڵاوێکە لەیاسا کۆمەڵایەتییەکان کە لەرێگەی پرۆسەی پەروەردەوە، کە پێویستی بە چەپاندنی ئارەزووی جنسی بەر لە زاوزێیی لەپێوانەیەکی بەربڵاودا هەیەو دەرئەنجام رێگای بەرەوپێشچوونی ئارەزووی جنسی زاوزێیی دەکاتەوەو کار دەکات.

بەڵام هەندێکجار بەرەوپێشچوونی ئارەزووی جنسی زاوزێ کامڵ نییە، دەرئەنجام ئارەزووی جنسی بەر لەزاووزێ بەهەمان شێوەی خۆیان بڵند بووو زۆر بەهێز دەمێنێتەوە. دوو هۆکار بۆ بەهێزبوونی

ئارەزووی جنسی بەر لەزاووزێ بوونی هەیە:١. جێگیربوون[1]:– بە بۆنەی دامرکاندن یان دوورخستنەوەی توند لەسەردەمی منداڵیدا، ئارەزووی بەر لەزاوزێ بەرامبەر پرۆسەی پێگەیشتن خۆڕاگری دەکات و هێزی خۆی دەپارێزێت. ٢. گەڕانەوە بۆ رابردوو[2]:– دوای ئەوەی پرۆسەی ئاسایی کامڵبوون کۆتایی هات، هۆکارێکی بێ کاریگەرکەری ناوەکی یان دەرەکی تایبەت تاك لە خۆشەویستیو ئامادەیی زاوزێ بۆ قۆناغی بەر لە زاوزێ دەگەڕێنێتەوە. لەراستیدا جێگیربوون و گەڕانەوە بۆ رابردوو هاوکات و پێکەوەن. جێگیربوون نیشاندەری خواستێکە کە لەپێگە گونجاوەکاندا بەئاسانی دەبێتە هۆی گەڕانەوە.

بەسەرنجدان بەبنەڕەیی لیبیدۆیی تایبەتمەندییەکانی کاراکتەر، کاراکتەرناسی لە رێگای دەروون شیکارییەوە دەتوانێت ئێمە بۆ پەیبردن بەکاری دینامێکی ئەو تایبەتمەندیانە وەك هێزی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگا یارمەتی بدات. لە لایەکی ترەوە ئەوان دەتوانن خاڵی دەستپێکی دەروونناسییەکی کۆمەڵایەتی بن کە نیشاندەدات چۆن تایبەتمەندییەکانی کاراکتەر کە لە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگادا هاوبەشە، بە تایبەتمەندی کۆمەڵگا شەرتی (مەرجی) کراوە.

کاریگەری کۆمەڵگا کە دروستبوونی کاراکتەر بە پلەی یەکەم و لەرێگەی بنەماڵەوە جێبەجێ دەبێت. بنەماڵە ناوبژیوانی سەرەکی ئاڕاستە وەرگرتنی دەروونی منداڵ بەرەو کۆمەڵگایە. رێژە و چۆنایەتی

---

[1]. Fixation

[2]. Regression

سەركوتكردن یان توندبونەوەی راكێشانی بەر لەزاوزێی منداڵ و شێوازی ورووژاندنی بڵندگەرایی یان ریزبەندی پەرچەكرداری لەبنەڕەتدا گرێدراوی پڕۆسەی پەروەردەیە. كە نیشاندەری بونیادی گشتی دەروونی كۆمەڵگایە.

دیسان كاریگەریی كۆمەڵگا لەدروستبوونی كاراكتەر بۆ ئەو پەڕی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە. هەندێك: لەتایبەتمەندییەكانی كاراكتەر لەچوارچێوەی بونیادی چینایەتی یان كۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر سوود بەخشن و لەپێشكەوتنی تاكدا رۆڵێكی گرنگیان هەیە. ئەم تایبەتمەندییانە خاوەن شتێكن كە ئێمە بەناوی ((پاداشتی كۆمەڵایەتی))[1] ناوی دەبەین. كاری ئەم پاداشتە پێكەوە گونجانی كاراكتەر لەگەڵ ئەوەی كە لەبونیادی كۆمەڵگادا بە ((ئاسایی و تەندروست))[2] ناوی دەبەین دابین دەكات. لەم رووەوە كامڵبوونی كاراكتەر پێكەوە گونجانی بونیادی لیبیدۆیی لە گەڵ كۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت. سەرەتا لەرێگەی بنەماڵەوەو دواتر لەرێگای رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ لە گەڵ ژیانی كۆمەڵایەتی.

لێرەدا ئاكاری جنسی كۆمەڵگا رۆڵێكی زۆر بەرچاوی هەیە. بەهەمان شێوە كە گوتمان بەشی سەرەكی راكێشانە بەر لەزاوزێیەكانی

---

[1]. Social reward

[2] جیاوازی نێوان تایبەتمەندییە كاراكتەرییەكانی (تەندروست) (ئاسایی)و خەمۆكی دەروونی لەپێوانەیەكی بەربڵاودا لەرێگەی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانەوە شەرتی دەبنەوەن، دەبێت لەكۆمەڵگایەكی دیاریكراودا توێژینەوەیان لەسەر بكرێت: هەر بونیادی كاراكتەرێك كە لەگەڵ كۆمەڵگای خۆی نەگونجێت ((نەخۆشە)). كاراكتەری بازرگانەكانی سەرمایەداری سەدەی ١٩ لەروانگەی كۆمەڵگایەكی فیوداڵەوە نەخۆش بوو و بەپێچەوانەوە.

تاك شوێنی خۆی بۆ ئارەزووی جنسی زاوزێیی چۆڵدەکات. تا ئاستێك کە رەوشتی جنسی کۆمەڵگا دامرکاندنی جنسی سنوردار دەکاتەوە، دەبێ بۆ پاڵنەرە بەر لە زاوزێییەکان یان تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری ئەوانیش سنورێك بوونی هەبێت. ئەگەر لەسەر بەرگرتن لەدامرکاندنی زاوزێیی پێداگری بکرێت، لیبیدۆ بۆ دواوەو بۆ ناوچەی بەر لەزاوزێ دەگەڕێتەوە و لەژیانی کۆمەڵگا کاریگەری کاراکتەرە دەمیو پاشییەکان دەردەکەوێت.

بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی کاراکتەر گرێدراوی بونیادی لیبیدۆییە، لەم رووەوە بەشێوەیەکی رێژەیی سەقامگیر و جێگیر دەمێنێتەوە. ئەم تایبەتمەندییانە خۆیان لەگەڵ بونیادی ئابووریو کۆمەلایەتی دەگونجێنن بەلام هاوتەریب لە گەڵ گۆڕانکارییەکان ون نابن. بونیادی لیبیدۆیی کە تایبەتمەندییە کاراکتەرییەکان لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە، چەندین پێوەری هەیە، گۆڕانکاری لە بونیادی لیبیدۆییو تایبەتمەندییە کاراکتەرییەکانی گرێدراوی، پێویستی بە پێکەوە گونجانێکی درێژخایەن لەگەڵ هەلو مەرجی ئابووری تازە هەیە. هەر بەم بۆنەیەوە سەرخانی ئایدۆلۆژیکی کە لەسەر تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری کۆمەڵگا دامەزراوە هێدیتر لەسەر خانی ئابووری گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لێرەدا هەوڵدەدەم دۆزینەوەکانی کاراکتەرناسی لەرێگای دەروون شیکارییەوە لەپرسێکی کۆمەلایەتی بابەتیدا بەکاربهێنم. بابەتەکانی من تەنها بە مەبەستی نیشاندانی رێگایەکی هەڵەیە کە گیراوەتە بەر، نەك وەلامێکی جدیو مسۆگەر بۆ پرسێك کە بۆ یەکەمین جار دەخرێتە ڕوو.

پرسی رۆح[1] –یان بنەمای دەروونی– سەرمایەداری بە دوو هۆکار نموونەیەکی گەنجاوە. هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە کاراکتەرناسی لەرێگای دەروونشکارییەوە بۆ پەیبردن بە رۆحی بۆرژوازی – تیوری کاراکتەری پاشی– کاملترین شێوازە. دووهەم، گەلێك نوسراوی کۆمەڵناسی کە نیشاندەری روانگەیەکی تازەن لەبەردەستدایە.

مەبەستی من لەرۆحی سەرمایەداری (یان کۆمەڵگای بۆرژوازی) چییە؟ مەبەستم کۆمەڵێك تایبەتمەندی کاراکتەرێکە کە تایبەت بە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە– جەختکردنەوە لەسەر کاری دینامیکی کاراکتەر. من لێرەدا وشەی ((کاراکتەر)) لەواتایەکی بەربلاودا بەکاردەهێنم و، لەسیستەمی ئابووری بۆ پێناسە ((سومبارت)) لە((رۆح)) کەڵك وەردەگرم. ئەو بەم شێوەیە رۆح پێناسە دەکات: ((کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دەروونییە کە چالاکی ئابووریشی تیدایە. تێکرای نیشانەکانی ژیانی فیکریو تێکرای تایبەتمەندییەکانی کاراکتەرێك کە هەڵس‌وکەوتی ئەو خەڵکەی کە لەچالاکی ئابووریدا بەشدارن، لەخۆدەگرێت و ئەو چالاکییانە رێك‌وپێك دەکات)).

بەڵام ئەو مەبەستەی کە من لەرۆحی کۆمەڵگا یان چین هەمە پێناسەکەی بۆ سەرەوەی پێناسەی رۆحی چالاکی ئابووری فراوان دەبێتو تایبەتمەندییە دەروونییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت. دیسان بەپێچەوانەی سومبارت من سەرەتا بایەخ بە "بنەما"و "حوکمە بەهاییەکان" نادەم، بەڵکو ئەو کاراکتەرە پلەی یەکەمی گرنگی لای من هەیە کە سەرچاوەی ئەم دوانەیە.

---

[1]. Spirit

ئێمە بەپرسی پەیوەندی نێوان رۆحی بۆرژوازی و پرۆتستانیزمو ئایینزای پرۆتستان سەرقاڵ نابین. ئەم پرسە ئەوەندە ئاڵۆزە کە تەنانەت چاوپێداخشاندێکی خێرا لە بابەتەکە دوورمان دەخاتەوە. هەر بەم بۆنەیەوە بەدوای دۆزینەوەی ریشە (ئابوورییەکانی) کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ناگەڕێم. ئەم بڕیارەی ئێمە لە روانگەی میتۆدیکەوە رێگەی پێدراوە، چونکە لێرەدا تەنها دەمانەوێت کاراکتەری تایبەتی کۆمەڵگا شیبکەینەوە و ئەم پرسە لێکدەدەینەوە کە چۆن ئەم کاراکتەرە نیشانەی بونیادی لیبیدۆیی تایبەتی- هێزێکی بەرهەمهێنەرە کە لەکامڵبوونی کۆمەڵگادا بەشدارە. توێژینەوەیەکی تەواوی کۆمەڵناسی- دەروونناسی دەبێ بەکەڵك وەرگرتن لە راستییە ئابوورییەکانەوە دەستپێبکات و نیشانی بدات کە چۆن بونیادی لیبیدۆیی خۆی لەگەڵ ئەم راستییانەدا دەگونجێنێت.

دیسان لەپرسێکی ئاڵۆزی دیکە کە بابەتی چییەتی مێژووییە چاو پۆشی دەکەم: واتە لە چ شوێنێك لەمێژووەوە دەتوانین سەبارەت بە رۆحی سەرمایەداریو بۆرژوا- سەرمایەداری قسە بکەین. ئێمە بەم گریمانەیە دەست پێدەکەین کە رۆحێکی وەها بوونی هەیە و تایبەتمەندیەکی جێگیر و یەك چەشنی هەیە- ئەگەرچی لەسەدەی (١٥) لە فلۆرانس بێت (بەگوێرەی گوتەی سومبارت) یان لەسەدەی (١٧) لەبەریتانیا بەگوێرەی قسەی دفۆ، بنیامین فرانکلین یان ئەندریۆ کارینج و یان بازرگانەکانی سەدەی (١٩).

دەتوانین چییەتی تایبەتی رۆحی بۆرژوا- سەرمایەداری، بەئاسانی لەهەل‌ومەرجی نێگەتیڤ‌و دژ، بەسەرنجدان بە رۆحی سەردەمی بەر

لەسەرمایەداری (بۆ نموونە چاخەکانی ناوەڕاست) کە هەنووکە ناوچووە، وەسف بکەین. بەهرەمەندی لەشادیو چێژ لەژیان ئیدی ئامانجێکی مسۆگەری بۆرژوازی نییەو، ئیدی مەبەستێك بوونی نییە کە چالاکییەکانی دژ، بە تایبەت ئابووری، خزمەتی پێبکات. ئەم نموونەیە لەگفتوگۆ سەبارەت بە خۆشگوزەرانیو رابواردنەکانی چینی فیودالْ، ئەو بەختەوەریو خێروبێرەی کە کڵێسا بەشوێنکەوتوانی بەڵێنی داوە، یان چێژێك کە لەفیستیڤاڵە پڕ خەرجەکان، شێوەکارییە جوانەکان، کۆشکە رازاوەکانو رۆژانی جەژنو شادی هەستی پێ دەکرێت، راستە. ئاشکرایە کە مرۆڤ مافێکی زاتیی بۆ شادی، بەختەوەریو خۆشگوزەرانی هەیەو، ئەم مافە ئامانجی گونجاو دروستی چالاکی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت، چ ئابووری بن چ نەبن.

رۆحی بۆرژوازی گۆڕانکارییەکی جدی لەم چۆنایەتییەدا دروستکرد: ئیدی شادیو بەختەوەری ئامانجی بێ قەیدو مەرجی ژیان نەبوو و بەهایەکی دیکە شوێنەکەی پڕکردەوە: ئەرك. "کراوس"[1] ئەم کارە بەیەکێك لەجیاوازییە دیارییەکانی نێوان خواستی سکولاستیك و کالڤینیزم[2] دەزانێ. ((ئەوەی کاری کالڤین لە سەردەمی سکۆلاستیك جیادەکاتەوە، هەڵگرتنی شێوازێکە کە بەگوێرەی ئەوە راستەوخۆ بەرو ئامانج دەڕۆیو دیسان جەختکردنەوە لەسەر فەرمانبەری ئاشکرا لەپێویستییەکانی ژیان ئامرازی ئەو بوو. ئیدی خودی ئەو کارەی کە

---

[1]. Kraws

[2] سکۆلاستیك بەواتای رێبازو قوتابخانەیەکە کە گرێدراوی مامۆستاکانی چاخەکانی ناوەڕاست یان لۆژیکی ئەوانە. و.

ئەنجام دەدرا گرنگ نەبوو. دیسپلینی ئاسنین پێویست بوو تا كار بەگوێرەی هەستی قووڵی فەرمانبەری و ئەرك بێت)). كراوس سەرەڕای ناكۆكی زۆری لەگەڵ ((ماكس ڤیبر)) لەم خاڵەدا لەگەڵ ئەو هاوڕایە: ((ڤێبر بە دڵنیاییەوە لەم گوتەیەی خۆدا كە لەكڵێسای سەرەتایی و چاخەكانی ناوەڕاستدا هەرگیز ئەم بڕوایە پەیدا نەبووبوو كە راپەڕاندنی ئەرك لەكارو پیشەی دونیاییدا بەرزترین شێوەی خۆڕێكخەری ئاكارییە، راستگۆبوو)). ئەرك (لە باتی شادی و بەختەوەری) وەك بەرزترین بەها لەكالڤینیزمەوە بۆ تێكڕای هەرێمی بیری بۆرژواری بڵاوبوویەوە- لەزانستی خواناسی یان لۆژیك.

ئیدی گۆڕانكاری كاتێك روودەدات كە ئەرك وەك سەنتەرو ناوەند لەقەڵەم بدرێت. ئیدی ئامانجی خەڵك لەچالاكییە ئابوورییەكان بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی گونجاوی نەریتی نەبوو، بەڵكو موڵكدارێتی و كۆكردنەوە بووبوە نەریتێكی ئاكاری، بەبێ سەرنجدان بەوەی كە ئایا لەم داراییە كەڵك وەردەگیرێت یان نا؟ جگە لە باسكردنی چەند نمونەیەكی دیكە، شیكردنەوەیەكی دیكە بەپێویست نازانم.

سومبارت ((دەفتەری حساباتی)) بنەماڵەی ئالبرتی وەك نموونەیەكی هەژێنەر لەبەهایەك كە بەكۆكردنەوە و كەم خەرجكردن درابووناوزەد دەكات. چەند دێڕێك لەو دەفتەرە دەهێنمەوە: لەزۆر خەرجكردن خۆ دوور بگرە بەهەمان شێوە لەتاعون خۆ دوور دەگریت.

خەرجكردنێك كە پێویستییەكی رەهای نەبێت، شێتیەتییە.

هەرچەندە کەم خەرجکردن‌و خەرج نەکردن شتێکی باشە، خەرجکردنی بێهودە، ناشیرین، نەفرەتبارە.

خەرجنەکردن زیان بە کەس ناگەیەنێت‌و یارمەتی بنەماڵە دەدات.

عەقڵ موچەی بەرەکەتە.

ئایا دەزانن زیاتر چ کەسانێکم خۆشدەوێت؟ ئەو کەسانەی کە تەنها بۆ پێویستی رەها خەرجدەکەن‌و پاشماوەکەی پاشەکەوت دەکەن، من ئەوانە بەکەسانێك دەزانم کە خاوەن عەقڵی مووچەن.

ئالبرتی هەروەها خەرجنەکردنی وزەی تاکیش دووپات دەکاتەوە: ((لەبەکارهێنانی سێ شت کە هی ئێمەیە دەبێ وردبینبین: ١- رۆحمان. ٢- جەستەمان. ٣- لەهەمووی گرنگتر کاتمان.))

((بەمەبەستی خۆ دوورگرتن لەبەفیڕۆدانی کاتی بەنرخ ئەم یاسایەی خوارەوە جێبەجێدەکەین: هەرگیز تەسلیمی تەمبەڵی نابین، تا ماندوویی هیلاکم نەکات ناخەوم... لەم رووەوە بەدانانی هەندێك ئەرك بۆ خۆم خۆم لەتەمبەڵی‌و خەو رزگار دەکەم. کە لەجێگەی نوستن دەرکەوتم بەرنامەی کاتی کارە پێویستەکانی رۆژ دادەڕێژم. بۆ هەر کارێك کاتێك تەرخاندەکەم‌و بۆ بەیانی‌و عەسرو شەو بەرنامە دادەڕێژم. بەم شێوەیە بەبێ هیچ گرفتێك کارەکانم رێك‌وپێکە. شەو بەر لەنوستن، ئەوەی بەدرێژایی رۆژ ئەنجاممداوە لەزەیندا دووبارەی دەکەمە. ئامادەم خەو لەخۆم حەرام بکەم بەڵام کاتم بەفیڕو نەدەم)).

هەر ئەم رۆحی ئاکاری ((پیورتین))[1]، قسە نەستەقەکانی بنیامین فرانکلین‌و هەڵس‌وکەوتی شارنشینەکانی سەدەی نۆزدەیەمیشی پڕکردووە.

لەگەڵ ئەم خواستی موڵکداریتییە، تایبەتمەندییەکی دیکەش لەرۆحی بۆرژوازییدا بوونی هەیە: گرنگی گرێدراوی بەناوچەی تایبەتی. بە چاوپۆشی لەناوەڕۆکەکەی کە رەنگە ماددی یان مەعنەوی بێت نارچەی تایبەت شتێکی پیرۆزە، هەر جۆرە دەستدرێژییەك بۆ سەر ئەم ناوچەیە تاوان‌و بێ حورمەتییەکی گەورەیە (پەرچەکردارە کاریگەرە بەهێزەکان لەهەمبەر سۆسیالیزم، تەنانەت لەلایەن ئەو کەسانەشەوە کە هیچیان نییە، دەتوانی لەپێوەرێکی فراواندا ئەم راستییە جێبەجێ بکات کە سوسیالیزم هەڕەشەیە بۆ سەر ناوچەی تایبەتی).

چ جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ کەسانی دیکە لەتایبەتمەندییەکانی ((رۆحی)) سەرمایەداری بۆرژوایە؟ سنووردارکردنەوەی توندی چێژی جنسی کە ئاکاری جنسی بۆرژوای داسەپاند. ئاکاری کاسۆلیکیش لەگەڵ چێژێکی وەهادا نییە، بەڵام بێگومان لەکرداردا هەڵس‌وکەوتی جیهانی بۆرژوا- پرۆتستان بەتەواوەتی لەگەڵ ئاکاری دونیای بەر لەبۆرژوازی‌دا جیاوازە. بەڵگەکانی پیاوێك وەك بنیامین فرانکلین نە تەنها رەنگدانەوەی

---

[1] Puritan باڵێکی ئاینزای پرۆتستانە.

نەریتێکی ئاکاری، بەڵکو رەنگدانەوەی کرداری بۆرژوازیشە. ئەو لەپێناسەکەی خۆی سەبارەت بە بالأبوون، داوێن پاکیو پاكوخاوێنی وەها دەڵێ: ((تەنها بەمەبەستی تەندروستیو زاوزێ لەچێژی جنسی خۆتان دووربگرن. لەکارێکی جنسی کە لاوازی خۆتی لێبکەوێتەوە یان ئاسایشو ئۆقرەیی هەر کەسێکی دیکە تێکبدات خۆ دوور بگرن))[1].

بێ قەدرو قیمەتکردنی چێژی جنسی بە تجسد (جەستەیی کردن) گرێدراوی تێکڕای پەیوەندییە مرۆییەکانی کۆمەڵگە بۆرژوازییە. بەتایبەت پەیوەندی خۆشەویستی کە ملکەچی تێبینییە ئابوورییەکان بوو. لەگەڵ ئەم جەستەییکردنەدا، کەمتەرخەمی بۆ چارەنووسی هاوڕەگەز بووبەیەکێك لەتایبەتمەندییەکانی پەیوەندی لەجیهانی بۆرژوازیدا. هەڵبەت مەبەست ئەمە نییە کە لەسەردەمی سەرمایەداریدا کەمتەرخەمیێکی وەها بوونی نەبووە یان توندوتیژنەبوو. خاڵەکە لێرەدایە کە کەمتەرخەمی بۆرژوازی تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە: لەم ڕێبازەدا بەرپرسیارێتی سەبارەت بە چارەنووسی کەسانی دیکەو تۆزقاڵێك خۆشەویستی بێ مەرج بەرچاوناکەوێت[2].

---

[1] بنیامین فرانکلین- ئۆتوبیوگرافی.

[2] فرانکلین ئەم کارە باشوبالأیانە گرنگتر لە قەڵەم دەدات: کەم گوتن، دیسپلین، ریزبەندی، کۆڵنەدان، عەقڵی مووچە، سەبر، گەرموگوڕی، بێ کینەیی، بێ لایەنی، سەقامگیربوون، داوین پاکیو خاکی بوون. بەشێوەیەك کە دەبینن یارمەتی، خۆشەویستیو میهرەبانی باسی لێوە نەکراوە.

((دەفۆ)) پێناسەیەکی کلاسیکی لەم کەمتەرخەمی بۆرژوازییە هەیە، ئەو هەژاران بە جەماوەرێکی هاوارکەر دەزانێت کە قەت کارێکی باش ئەنجام نادەنو بارێکی نەگونجاون لەسەر شانی کۆمەڵگا، یاسایەکی تایبەتیان پێویستە. هەروەها کە دەبینن سەرمایەداری ئەم ئایدۆلۆژیایەی جێبەجێکرد، بەتایبەت لەسەدەی (١٨-١٩)دا. تەنانەت تا ساڵی ١٩١١ تراستی توتونی ئەمریکا بە هەبوونی هەمان شێوزا تاوانبار دەکرا. بەگوتەی سومبارت: ((لەهەرێمی رکەبەرایەتیدا مرۆڤ بێ بەزەییانە بەلاوەنرا بوو)). ژیانی زۆربەی رێبەرانی پیشەسازی ئەمریکا بەڵگەی ئەم لافەن.

لەهەستی بۆرژوادا ئەم نەبوونی گشتیی دڵسۆزیو بەزەییە، قەت بەشتێکی بەدرەوشتی لەقەڵەم نەدەدرا. بەپێچەوانەوە، ئەم کارە تەنانەت پشتی بە چەمکە ئاینییەکان دەبەست. لەباتی بەختەوەری گەرەنتی کراو بۆ ئەو کەسانەی کە منداڵانی باوەڕمەندی کڵێسا بوون، لەروانگەی بۆرژوازییەوە شادومانیی پاداشتی راپەڕاندنی ئەرك لەقەڵەم دەدراو، ئەم تیۆرییە کە لەسیستەمی سەرمایەداریدا سەرکەوتن سنوور ناناسێت، بیروبڕوای ناو هاتووی بەهێز دەکرد.

ئەم بەتاڵبوونەی بۆرژوازی لەبەزەیی، نیشاندەری پێکەوە گونجانێکی پێویست لەگەڵ بونیادی ئابووری سیستەمی سەرمایەداری بوو. بنەچەی کێبەرکێی ئازادو بیروبڕوای پێویست بەوە سەبارەت بە مانەوەی گونجاوتر پێویستی بە کەسانێك بوو کە لەکاروکاسبی

خۆیاندا پابەندی بەزەیی‌و هاوڕەگەز دۆستی نەبن، هەرچەندە بەزەیی کەمتر بێت سەرکەوتن زیاترە.

لەکۆتاییدا دەبێ ئاماژە بە تایبەتمەندیەکی دیکەش بکەم کە گەلێك نووسەر لەسەر گرنگی ئەوە جەختیان کردۆتەوە: ئاوڕدانەوە لەخۆ، بنەچەی حەسابگەری‌و ئامانج گەری. لەڕوانگەی منەوە ئەم عەقڵگەرایی بۆرژوازییە، کە هیچ پەیوەندییەکی بەشێوەکانی دیکەی چالاکی عەقڵییەوە نییە، لەگەڵ چەمکی دەروونی دیسپلین کە پێشتر شرۆڤەمانکرد پەیوەندی هەیە.

ئۆتۆبیۆگرافی فرانکلین کە گەلێك نموونەی کامڵی لەم ((دیسپلینی‌و عەقڵگەراییە))ی بۆرژوازی تێدایە[1].

---

[1]نموونەیەکی بەرچاو لەم دیسپلینە بەرنامەی رۆژانە فرانکلینە کە لەئۆتۆبیۆگرافییەکەیدا هاتووە: دیسپلین وا دەخوازێت کە هەر بەشێك لەچالاکی من کات‌و شوێنی گونجاوی خۆی هەبێت. لەم رووەوە ئەم بەرنامەیەی خوارەوەم بۆ سەرانسەری رۆژ داڕێژاوە.

سەعات (٥) هەستان لەخەو، خۆشوشتن، رێوڕەسمی نوێژ، بەرنامەڕێژیی.

سەرەتای بەیانی دەبێ چ کارێکی باش ئەنجامبدەم؟ . (٦) چاوخشاندنەوە بەکارەکان، خواردنی نانی بەیانی‌و.....

(٧)

(٨)

کار تا

(١٢)

خوێندنەوە، چککردنی حسابەکان‌و خواردنی نانی نیوەڕ تا کاتژمێر (١).

کار تا عەسر

(٥)

بەکورتی: تایبەتمەندی سەرەکی سەرمایەداری بۆژوازی کە پێی ئاشنابووین بریتین لە:

١. سنورداری رۆڵی چێژ وەك ئامانج و مەبەست. (بەتایبەت چێژی جنسی).

٢. هەڵگەڕانەوە لەخۆشەویستی و گرنگیدان بە بەدەستێهنانی، موڵكداریێتی و كۆكردنەوە وەك مەبەست و ئامانج.

٣. ئەركی تایبەتی وەك بەرزترین بەها.

٤. جەختكردنەوە لەسەر (دیسپلین)و گوێنەدان بە بەزەیی و هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ هاورەگەز.

ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ نیشان تایبەتمەندییەكانی پاشی كە پێشتر باسمانكردووە بەراورد بكەین، بەئاسانی بۆمان دەردەكەوێت كە گەلێك لێكچوون و لەهەڤهاتن لەنێوانیاندا بوونی هەیە. ئەگەر ئەم لەهەڤهاتنە راستبێت، كەواتە مافی ئەوەمان هەیە بڵێین كە بونیادی لیبیدۆی كەسی بۆرژوا خاوەن لیبیدۆی پاشی توندبووە. توێژینەوەیەكی تەواو وەسفكردنێكی كامڵی و دەروون شیكارانەی لە تایبەتمەندییەكانی كاراكتەری بۆرژوا سەرمایەداری ئاشكرا كردووە و

سەرەتای شەوە، چ كارێكی باشم ئەنجامداوە (٦) تا (٩) هەموو شتێك لەشوێنی خۆی دابنێمەوە، شێو بخۆم، گوێ لەمۆزك بگرم بحەسێمەوە، قسەبكەم، چاوێك بە بەرنامەكەی رۆژدا بخشێنمەوە.

(١٠) شەو تا (٤) بەیانی خەو

فرانكلین هەروەها لیستێكی (١٣) كاری باش و باڵای ئامادەكردووە كە خاوەن هەمان دیسپلینی مەبەستی ئەوە.

نیشاندەدات کە چۆن و تا چ ئاستێك ئەم تایبەتمەندییانە لەگەڵ پێویستە ئابوورییەکانی سەرمایەداریدا دەگونجێت، لەلایەکی ترەوە وروژێنەرە پاشییەکانی دیکە خۆیان وەك هێزێکی بەرهەمهێنین لە کامڵبوونی ئابووری سەرمایەداریدا[1].

بەهەمان شێوە کە پێشتر گوتمان لەم وتارەدا باس لەمێژووی دەستپێکردنی سەرمایەداری و رۆحی سەرمایەداری ناکەم. بەڵام بۆ دورکەوتنەوە لەهەندێك نادیاریی و لێڵی دەبێ بەفراوانبوونی سەرمایەداری پاوانخوازانە بایەخێك بدەین. ئاشکرایە کە تایبەتمەندی کاراکتەری بۆرژوازی سەدەی (١٩) وردە وردە لەناوچوو، هەروەها سەمایەداری خۆ پێگەیشتووی کلاسیك کە هەم بەرپرس و هەم خاوەن و هەم بەرێوەبەری رێکخراوەکەی خۆی بوو لەحاڵەتی لەناوچووندایە. تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری مامەڵەچی پێشوو زیاتر لەبەردەم سەرمایەداری تازەدا ئاستەنگە نەك یارمەتیدەر. شرۆڤەکردن و شیکردنەوەی رۆحی سەرمایەداری نوێ لەسەرمایەداری هەنووکەییدا لەناوچەی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و دەروونشیکاریدایە.

---

[1] پێشتر گوتمان کە لەلایەنی تیزی سەرەکییەوە ئەم وتارە گرنگییەکی ئەو تۆی نییە، کە بەگوێرەی تیۆری لیبیدۆ قسە بکرێت یان بەهەمان شێوە کە من لەساڵەکانی دواتردا ئەنجامدا، دەستەواژەی جۆش و خرۆشەکانی لێوانلێو لەوزە بەکاربرێت. دەبێ دوپاتی بکەمەوە کە وەك من پێناسەی کاراکتەری پاشیم لەفرۆیدو نوسەرەکانی دیکەوە وەرگرتووەو بە توێژینەوەی کلینیکی سەلمێنراوە. پێداچوونەوەی من لەکتێبی، "مرۆڤ بۆ خودێتی خۆی" کە تێیدا دەستەواژەی (Hoarding)م لەباتی کاراکتەری پاشی داناوە تەنها ئاماژەکانی نەخۆش وەسف دەکات نەك لەناوچەی ئارەزووە پاشییەکاندا ریشەی داکوتابێت............١٩٧٠.

بەڵام لەچینێکی کۆمەڵگادا تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری پێشوو ماوەتەوە: لەچینی ناوەڕاستی خوارەوەدا. لەوڵاتە پێشکەوتووە سەرمایەدارییەکاندا، وەك ئەڵمانیا، ئەم توێژە هێزی سیاسیو ئابووری خۆی لەدەستداوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەرکە ئابوورییەکانی خۆی لەشێوەی لەبرەوکەوتووی سەرمایەدارە کۆنەکان (لەسەدەی ١٨-١٩) رادەپەڕێنن. لەوردە بۆرژوازیی هەنووکەیدا هەمان تایبەتمەندی کاراکتەری پاشی کە دەگوترێت تایبەتی رۆحی سەرمایەدارییە دەبینرێت[١].

وا دیارە چینی کرێکار کەمتر لەچینی ناوەڕاستو خواروو خاوەن ئەم تایبەتمەندییە پاشیانە بن یان کەمتر نیشانی دەدەن. ئەم جیاوازییە بەباشی هەستی پێ دەکرێت، بەو مەرجەی کە وا گریمانە بکەین کە پێگەی کرێکار لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا ئەم تایبەتمەندییانە رەتدەکاتەوە. دژوارترین پرسیار ئەمەیە: بۆچی ئەندامانی پڕۆلیتاریا و

---

[١] شیکردنەوە کاراکتەری چینی ناوەڕاستی خواروو لەئەرکە گرنگە دەروونناسیو کۆمەڵایەتییەکانە. خواستی شۆڕشگەرانەی ئەم چینەش شایستەی توێژینەوەیە. ئەم خواستی یاخیبوونو حورمەت بەکەسانی پلەوپایەداری باوك ئاساو دیسپلین لەتایبەتمەندییەکانی کاراکتەری پاشییە. یاخیبوون لەهەمبەر پلەی باوکی نییە کە سەرەڕای هەموو شتێك وەك خۆی ماوەتەوە. ئەم خواستە دوو پێوەرەییە بابەتەکانی دامرکاندن دەکاتە دوو بەشەوە. بایەخدان بە سەرچاوەی دەسەڵات بەرەو رێبەری بەهێز ئاڕاستە دەبێتو، بەشەکەی دی سیمای باوکی رووبەڕووی یاخی بوون دەبێتەوە.
جیاوازی نێوان چینی خوارووی بۆرژوازیو چینی سەرەوە لەنوکتەکانی ئەم دوو چینەدا بەرچاو دەکەوێت کە یەکەمینیان لەمەیخانەکاندا نوکتەی گرێدراوی پاش دەڵێنەوەو دووهەمینیان لەهۆڵەکانی خواردنەوەدا نوکتەی زاوزێی دەگێڕنەوە.

چینی ناوەڕاستی خواروو، کە نە سەرمایەیەکیان هەیە و نە پاشەکەوتێك، هێشتا نیشانەی پاشییەکان لەخۆیان نیشان دەدەن و بەئایدۆژیاکەی پابەندن[1]؟ بەبڕوای من هۆکاری رازیکەر ئەمەیە کە بونیادی لیبیدۆیی لەبن ئەم نیشانانەدا لەرێگەی بنەماڵەو هۆکارە فەرهەنگییەکانی دیکەوە شەرتی (مەرجیکراوە)[2] و لەم رووەوە خاوەن کێش‌و قورساییەو هێدی تر لەهەل‌و مەرجی ئابووری ئاماژە پێکراو گۆڕانی بەسەردا دێت.

گرنگی‌و واتای ئەم جۆرە دەروونناسییە کۆمەڵایەتییە بۆ کۆمەڵناسی چییە؟ یەکەمین بەها لەم راستییەدا شاراوەیە کە دەرفەتی

(1) پرسیارێکی گرنگی دیکە ئەمەیە کە تا چ ئاستێك دەتوانین سەبارەت بە زیادبوونی تایبەتمەندییەکانی کاراکتەری زاوزێیی لەنێو چینی ناوەڕاستی سەرەوە قسە بکەین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دژوارە چونکە کاراکتەری زاووزێیی لەدەروونناسی تایبەتی‌و کلینیکی بەگوێرەی پێویست توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

(2) ئاشکرایە کە شیکردنەوەیەك لەتایبەتمەندییە جیاکەرەوەکان کاراکتەری پرۆلیتاریا بۆ تێگەیشتن لەهۆکارەکانی سەرکەوتن یان بن کەوتنی سۆسیالیزم لەنێو ئەم چینەدا گرنگە. لێرەدا تەنها بەناکۆکی نێوان بۆچوونەکانی مارکس (کە بالابوونی ئازادی مرۆڤ لەسەرووی چالاکی ئابوورییەوە دەبینێت‌و، مافی بێ شەرت‌و مەرجی شادی‌و خۆشحالی مرۆڤ! دەگەیەنێت‌و لەپەیوەندییە مادیکراوەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەرمایەداریدا رەخنە دەگرێت)و تایبەتمەندییە پاشییەکانی رۆحی بۆرژوازی کە بەهەڵە مارکسیزم بەرژێمێك بۆ دابەشکردنی یەکسانی داهات دەزانێ ئاماژە دەکەم.

پرسیارێکی دیکە لەپەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا بوونی هەیەو ئەویش سەبارەت بە پاشەکشەی هێزی باوك ئاسا لەئاستی دەروونی‌و دەرکەوتنی نیشانەکانی دایك سالارییە. بۆ نموونە زەوی دایکی خێرخوازو فێرکارە بۆ مندالان. لەحاڵێکدا کە ئازادی ژن خراوەتەڕوو، تایبەتمەندییە فاشیستییەکانی چینی ناوەڕاستی خواروو هێشتا پشت بە دەسەڵاتی پیاو بندەستی ژن دەبەستێت. پەیوەندی ناسیۆنالیزم لەگەڵ بونیادێکی باوك سالاری فاشیزمیش بۆ خۆی جێگای پرسیارە.

ئەوەمان پێدەدات تا بەهێزە لیبیدۆییەکان لەکاراکتەرو رۆڵی ئەوان وەك هۆکارگەلێك کە کامڵبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و هێزە بەرهەمهێنەرەکانی بەرەو پێش دەبات (یان ئاستەنگ دەکات) تێبگەین. لەم رووەوە دەرفەتێك دەرەخسێت تا واتایەکی هەستپێکراو لەلایەنی زانستییەوە کوت‌ومت بۆ واتای "رۆح" سەردەمێك تەرخان بکەم. ئەگەر چەمکی رۆحی کۆمەڵگا بەم شێوەیە دەرك بکرێت گەلێك ناکۆکی کە لەنوسراوە دەرونناسییەکاندا بوونیان هەیە لەناو دەچن. چونکە زۆربەی ئەم ناکۆکییانە لەم راستییەوە سەرچاوە دەگرن کە چەمکی "رۆح" ئاماژە بە ئایدۆلۆژی دەکات نەك تایبەتمەندییەکانی کاراکتەر کە دەتوانیٚ بەجۆراوجۆرییەکی زۆرەوە لەئایدۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانداو تەنانەت دژە واتایەك پەیدابکات. بەکارهێنانی دەروون شیکاریی گەلێك روانگەی سودبەخش لەتوێژینەوە پرسەکاندا پێش بە کۆمەڵناسان دەکات‌و، هەروەها لەبەردەم بەکارهێنانی نارەخنەگرانەی بابەتە دەرونناسییە درۆینەکان ئاستەنگ دروست دەکات[1].

---

[1] کاری بابەتە دەرونناسییە درۆیینەکان‌و ئاستێك کە سومبارت دیایکردووە. ئەو باسی مرۆڤی سەردەمی بەر لەسەرمایەداری دەکات: ((ئەو مرۆڤێکی سروشتییە، هەمان ئەو مرۆڤەی کە خوا خەلقیکردووە....شێوازە ئابوورییەکەی لەپێش چاوی ئێمەیە، کە لەسروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە)).

ئەم رووەکی بوونە لەشیکردنەوەکەی ئەو لەرۆحی سەرمایەداری رژێمی سەرمایەداری کە بەگوتەی ئەو وەك منداڵە، بەرچاودەکەوێت: ((بەهای کۆتایی ئەم جۆرە کەسانە نیشاندەری کەمبوونەوەی پرۆسەی شیکردنەوەیی تا سادەترین توخمەکانە.... گەرانەوەیەك بۆ قۆناغی سادەی رۆحی منداڵی. رێگەم بدەن ئەم بابەتە بسەلمێنم. چوار کۆمەڵ بەهای سەرەتایی بەسە ر ژیانی منداڵدا زاڵە: (١) بەژن‌و باڵا. (٢) جموجۆڵی خێرا. (٣) نوێبوون. (٤) هەستکردن بەهێز. ئەم بەهایانە، دووپاتی دەکەمەوە تەنها ئەم بەهایانە، لەسیستەمی بەهای مرۆڤی هەنوکەییشدا بەرچاو دەکەوێت)).

دوایین وتە

لەم کتێبەدا باسی قەیرانی دەروونشیکاریمان کرد. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم قەیرانە خۆی لەقەیرانێکی گەورەترەوە سەرچاوەی گرتووە. ئایا ئەم قەیرانە گەورەیە لەکۆمەڵگەی هەنووکەییدایە؟ ئایا لەمرۆڤ دایە؟

سەرەڕای ئەوەی وەڵامی هەردوو پرسیارەکە پۆزەتیڤە، بەڵام قەیرانی راستەقینەی هەنووکەیی قەیرانێکە کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنەیە: **ئەویش قەیرانی خودی ژیانە**. هەڵبەت ئەوانەی کە دەزانن و بایەخدەدەن دەیانەوێت تێگەیشتنەکانی خۆیان روونتر بەیان بکەن. ئێمە رووبەڕووی ئەم ئەگەرە بووینەتەوە کە لەماوەی (٥٠) ساڵ و- یان رەنگە زووتر- ژیان لەنێو ئەم هەسارەیەدا لەناوبچێت، نەك تەنها بەشەرێکی ناوەکی، کیمیایی، بیولۆژیکی (پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیکی کە هەر ساڵێك چەکی کوشندەترو روخێنەرتر دروست دەکات) بەڵکو: پێشکەوتنی پیشەسازی خاك، ئاو و هەوای پیس کردووە و، پاراستنی ژیان لەرێگەی ئەم سێ توخمەوە ناومکین دەکات.

ئایا دەروونشیکاری بەم قەیرانەی ژیانەوە پەیوەندی هەیە؟

رەنگە نا! و رەنگە چارەنووسی حاشاهەڵنەگر، ئەمە بێت کە رێبەرانی جیهان و شوێنکەوتووەکانیان لەکاریگەری رق، بەرزەفڕی، نا

وردبینیو دۆگمایی فکری خۆیان بەرەو کارەساتێك دەڕۆن کە کەمینە، کەدەبینین چارەنووسێکی رەش بەرێگەوەیە، لەبەرامبەر ئەوانە وەك گۆرانیبێژەکانی درامی یۆنانی: دەتوانن مەترسییەکە رابگەیەنن بەلاّم توانای گۆڕینیان نییە.

بەلاّم تا کاتێك ژیان بوونی هەیە کێ دەتوانێت نائومێد ببێت؟ مادام ملیۆنان مرۆڤ دەژین، هەناسە دەدەنو پێدەکەنن، دەگرین و هیوادارن، کێ دەتوانێ بێدەنگ بمێنێت؟ زیندەوەرناسان، کیمیا ناسان، دەروندسان، جیل ناسان[1]، ئابووری ناسان، پزیشکان، فەیلەسووفەکان، کۆمەڵناسانو فیزیۆلۆژیستەکان سەبارەت بەو هەڕەشەیە دواونو، دیسان دەدوێن، بەلاّم نەزۆربەیان، بەڵکو هەندێکیان. دەروونشیکار دەبێ لەروانگەی خۆیەوە قسەبکات، ئەویش، وەك کەسانی دیکە دەزانێ کە کات کورتەو دەبێ پرسە سەرەکییەکان بخاتەڕوو.

لەم بارەدا من تەنها دەتوانم پشت بەوە ببەستم کە لەڕوانگەی فیکری خۆمەوە گرنگەو، هەوڵمداوە بۆچوونەکانی خۆم لەم وتارانەدا بخەمە ڕوو. رەنگە باسکردنی کورتەیەکیان لەکۆتایی ئەم وتارانەدا سودبەخش بێت: یەکەم ئەوەی کە دەرونشیکاریی سەرقاڵی زانیاری قەیران دەبێت، لەخەیاڵە کوشندە و لۆژیکیکردنەکان کە هێزی کار ئیفلیج دەکەن پەردە هەڵدەماڵن. دیسان لەم بڕوایەدام گرنگترین بابەتێك کە دەرونشیکاریی دەتوانێ تێیدا بەشداربێت پرسی تێگەیشتن

---

[1] .Geneticist

لەخودی ژیان و شێوازەکانییەتی. لێرەدا دەبێ دەرونشیکاریی لەفرۆید جیاببێتەوە، ئەو لەنیوەی دووهەمی ژیانی خۆیدا لەو بڕوایەدابوو کە جۆش‌وخرۆشی مەرگ و وێرانکەری وەك هەوڵدان بۆ ژیان بەشێکی بنەڕەتی و نەگۆڕی کاراکتەری مرۆڤە. ئەوانی دیکە وەك "لورتز" لانی ئەوەیان لێداوە، کە هەرچەند لەڕوانگەی تیۆرێکی جیاوازەوە، توندوتیژی و دەستدرێژی مرۆڤ زاتییەو کۆنترۆڵکردنی دژوارە.

لەم حەزو سەرنج و دۆزینەوەی تایبەتمەندی زاتی وێرانگەری (کە بۆ لۆژیکیکردنی ریکۆردو کەمتەرخەمی سەبارەت بە مەترسی شەڕ زۆر گونجاوبوو) هیچ کارێك بۆ جیاکردنەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی ئەنجام نەدراوە. توندوتیژی پەرچەکردایی لەخزمەتی ژیان و وەك بەرگرییەکە لەهەمبەر هەڕەشە راستەقینە – یان ئەگەری لەسەر بەرژەوەندییە ژیانییەکان، **سادیزم**، ئارەزووی دەسەڵاتی رەها و کۆنترۆڵی تەواوەتی مرۆڤ، **وێرانگەریی**، نەفرەت لەژیان و ئارەزووی لەناوبردنی. بۆچی کەسێك ناتوانێ لەنێوان جۆرە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژیدا جیاوازی دابنێت؟ هەڵبەت ناتوانێ تەنانەت هەل‌ومەرجی دەرکەوتن و توندبوونی هەر کامەیان لێکبداتەوەو رێگای کەمکردنەوەی توندییەکەیان بدۆزێتەوە.

لەڕوانگەی منەوە، بنەڕەتی ترین پرس، ناکۆکی نێوان جۆش و خرۆشی ژیان و جۆش‌وخرۆشی مەرگە. ئەم دوانە خواستی هاوتەریبی بیۆلۆژیکی نین، بەڵکو یەکدەکی (علی البدل) یەکەین. (جۆش‌وخرۆشی مەرگ پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کاراکتەری پاشی بەدخویی فرۆید هەیە). هەردوو خواستەکە بەزۆری لەکاتێکدا کۆدەبنەوە، ئەوەی

گرنگ‌و شایانی سەرنجدانە توندی هەر کام لە جۆشانەیە. زۆربەی خەڵك جۆش‌وخرۆشی مەرگییان نییە[1]. بەڵام لەکاتی قەیراندا دەکەونە ژێر کاریگەری جۆشی مەرگەوە، ئەوانەی کە جۆش‌وخرۆشی مەرگیان هەیە، هەمیشە نائومێدن. رەنگە خەڵك بکەونە ژێر کاریگەری دروشم‌و ئایدۆلۆژیاکانی خۆیان، هەڵبەت ئامانجی راستەقینە واتە وێرانگەری شاردراوەیەو عاقڵانە دەرکەوتوون. شەیدایانی مەرگ بەناوی شانازی، دیسپلین، دارایی‌و، رابردوو دەدوێن. بەڵام هەندێك جاریش بیانوویان داهات‌و، ئازادی‌و دادپەروەرییە. دەروونشیکاری فێرماندەکات کە گومان لەقسەکانی خەڵك بکەین، چونکە قسەکانی ئەوان تەنها ناوەڕۆکی هەستی ئەوان لەخۆدەگرێت. هەروەها فێرمان دەکات کە چۆن ئەوەی لەنێوان دێڕەکاندا نوسراوە بخوێنینەوە، چۆن بەگوێچکەی "سێهەم" ببیستین، چۆن لەئاماژەکانی سەرو دەست‌و شوێنەکانی دیکەی جەستە لە ناخی خەڵك ئاگاداربببینەوە.

دەروونشیکاری دەتوانێت یارمەتی خەڵك بدات تا شەیدایانی مەرگ لەپشت دەمامکە ئایدۆلۆژیکەکانی ئەوانەوە بوەستێنن‌و، چییەتییەکەیان ببینن نەك تەنها قسەکانیان ببیسن، دیسان با شەیدایانی ژیان، نەبەقسەکانیان، بەڵکو بەبوون‌و چییەتییەکەیانەوە پەی ببەن گرنگتر ئەمەیە کە دەروونشیکاری یارمەتیمان دەدات تا

---

[1] مایکڵ ماکۆبی نیشانی داوەکە نزیکەی ١٠٪ خەڵکی ئەمریکاو مەکسیك جۆش‌و خرۆشی مەرگیان هەیە.

جۆش‌وخرۆشی ژیان‌و جۆش‌وخرۆشی مەرگ لەبوونی خۆماندا بدۆزینەوە، ململانێی نێوان ئەو دووانە ببینین‌و خوازیاری سەرکەوتنی جۆشی ژیان، بە سەر دوژمنەکەیدا واتە جۆشی مەرگ بین. قسەکردن بەدروشم گەلێك بە ناوی ویژدان، ئاشتی، مرۆڤایەتی نادیارو بێ کاریگەرن، مەگەر بەدروشمێك کە قسەکردن بەوەدەست پێ بکات‌و کۆتایی پێبێت: **"بەناوی ژیان"**.